رووداو
RÛDAW
خوێنەری رووداو زۆرتر دەزانێت
ژمارە (424) دووشەممە 2016/9/19 – 28ی گەلاوێژ 2716 (750) دینار

نووسراوەکانی وەزارەتی پێشمەرگەی ساختە کردووە

# فەرمانبەرێک یەک ملیۆن دۆلاری خەڵک دەدزێت

**رووداو- هەولێر**

لەرێگەی ساختەکردنی نووسراوەکانی وەزارەتی پێشمەرگەوە، نزیکەی ملیۆنێک دۆلار لە چەند بازرگان و کۆمپانیایەک وەردەگیرێت. ئەو کەسەی ئەو کارەی کردووە بۆ شوێنێکی نادیار هەڵهاتووە.

(ت.ر) کە فەرمانبەر بووە و وەک (نووسەر) لە بەشی گەیاندنی وەزارەتی پێشمەرگە کاریکردووە، بەگوێرەی لێدوانی بەرپرسی بەشەکەی، لەرێگەی نووسراوی ساختەوە توانیویەتی چەند بازرگان و خاوەن کۆمپانیایەک فریوبدات.

محەممەد تەنەرچی، خاوەن پێشانگای ئۆتۆمبێل لە شاری کەرکووک، بە (رووداو)ی راگەیاند "چەند مانگێک لەمەوبەر (ت.ر) لەرێگەی کورە پوورێکیەوە، کە هاورێم بوو، پەیوەندیی پێوەکردم. ئەو داوای لێکردم بۆ تەندەر پارەی پێبدەم و مانگانە پارەکەم بە قیست بۆ بگەرێنێتەوە. لە قازانجی تەندەرەکانیش پشکم هەبێت. منیش لەسەر متمانەی هاورێکەم مامەڵەم کرد لەگەڵی". عەمید کازم لەزگین، بەرپرسی بەشی گەیاندن لە وەزارەتی پێشمەرگە، بە (رووداو)ی گوت "ئەو کەسە نووسەر بوو لە بەشی گەیاندن، ئەوەش هۆکار بووە بۆئەوەی بەئاسانی دەستی بە نووسراو و کۆمپیوتەرەکان بگات و توانیویەتی نووسراو بەناوی بەشی گواستنەوە و گەیاندنی میرەی وەزارەتی پێشمەرگەوە بکات، دوای ئەوەی چەندین کەسی فریوداوە، لە شەوی 2016/9/9 کە ئێشکگر بووە نەهاتووەتەوە دەوام و هەڵاتووە".

« 2

## حیزبەکان جارێ لە حکومەت ناکشێنەوە

3

## قادر عەزیز لە 80 پۆست تەنیا 6 پۆستی وەرگرتووە

4

## 51% ی تەماتەی خۆماڵی کەمیکردووە

8



# "هێرۆ خان ناهێڵێ ئەمریکییەکان کۆسرەت رەسوڵ و بەرهەم ساڵح ببینن"

فوئاد مەعسووم بە ئەمریکییەکانی گوتووە: لەگەڵ هیچ باڵێکی یەکێتی دامەنیشن

## مەکگورگ داوای لێبووردن لە بەرهەم ساڵح و مەلا بەختیار دەکات

« 3

ئەندامێکی داعش دەیگێڕێتەوە:

## "شەڕی جەرابلوس شەڕ نەبوو، تەنیا ریشتاشین بوو"

« 17

راپۆرتە هەواڵ 2

### تووشبوویەکی شێرپەنجە بە چەقچەقچاکدەبێتەوە



هەڤپەیڤین 5

بەرپرسێکی حکومەتی سووریا:

### YPG هێزێکی کاتییە

کۆمەڵایەتی 15

### لە هەولێر 3 کوڕ باوکەکانیان دەکوژن



هونەری 12

### چیرۆکی ئەو 3 کوردەی نەیانویست مێسی ببینن



ڕاپۆرتە هەواڵ
ڕووداو
ژمارە (424) - دووشەممە 2016/9/19



## لە زیندان هەڵات لە ماڵی براکەی دەستگیر کرایەوە

**ڕاوچی حەسەن/ ڕووداو- هەولێر**

زیندانییەک لە بنکەی پۆلیسی شارۆچکەی خەلەکان دوای ئەوەی بۆ ماوەی چەند کاژێرێک لە زیندان هەڵهات، لەلایەن تیمەکانی پۆلیس دەستگیرکرایەوە.
عەمید سەروەر، بەڕێوەبەری بەشی پۆلیسی قەزای دوکان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "زیندانییەک دوانیوەڕۆی ڕۆژی 2016/9/18 لە بنکەی پۆلیسی شارۆچکەی خەلەکان ڕایکرد، بەڵام دوای هەشت کاژێر لە ماڵی براکەی لە شارۆچکەی چوارقوڕنە لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیرکرایەوە". گوتەبێژی پۆلیسی دوکان گوتیشی، ئەو کەسە خەڵکی شارۆچکەی بازیانی سەر بە پارێزگای سلێمانییە و ناوی (ئە.ب) و تەمەنی 22 ساڵە، لە بنکەی پۆلیسی خەلەکان بەبیانوی چوون بۆ توالێت ڕایکردووە.

### تووشبووێک خواردوویەتی و دەڵێ چاکبووەتەوە

# گیایەکی کوردستان "شێرپەنجە لەنێودەبات"



**دیمەن بورهان**
**ڕووداو – ژاراوە**

## تووشبووەکە: بە 46 دەرزی کیمیایی و 6 نەشتەرگەری چاک نەبوومەوە

## پزیشکی تووشبووەکە: تەنیا بە گیاکە چاکنەبووەتەوە

هاووڵاتییەکی خەڵکی پشدەر، کە زیاتر لە 3 ساڵ بەدەست نەخۆشیی شێرپەنجەوە ناڵاندوویەتی، دەڵێت بە جۆرە گیایەک چارەسەری خۆی کردووە. پزیشکەکەشی ڕێنمایی کردووە ئەو گیایە بەکاربهێنێ.

حوسێن محەممەد مستەفا، 46 ساڵ، کە 3 ساڵ بەدەست نەخۆشیی شێرپەنجەی میزەڕۆوە ناڵاندوویەتی، دەڵێت بەهۆی سوودوەرگرتن لە (گوڵە پەپوولە پایزە)، کە لەنێو خەڵکدا بە "چەق چەق" ناسراوە، توانیویەتی چارەسەری نەخۆشییەکەی بکات.

حوسێن دانیشتووی ناحیەی ژاراوەی سەر بە قەزای پشدەرە. وەک خۆی دەڵێت پشتی بە توێژینەوەی یەکێک لە هاوڕێکانی براکەی لە بەریتانیا بەستووە کە لەسەر جۆرە گیایەکی کوردستان بەناوی "گوڵە پەپولە پایزە" کردوویەتی. ئەمەش دوای بێهیوابوونی لە وەرگرتنی چارەسەری کیمیایی بۆ نەخۆشییەکەی. حوسێن گوتی "بەهۆی ئەو گیایەوە لەو ئازار وناڵینەی بەدەست شێرپەنجەی میزەڕۆ هەمبوو، ڕزگارم بوو".

بەگوتەی خۆی، حوسێن 30 ملیۆن دیناری بۆ چارەسەرکردن خەرجکردووە و ئێستاش 12 ملیۆن دینار قەرزدارە. ئەو بە (ڕووداو)ی گوت "46 دەرزی کیمیاییم بەکارهێناوە و شەش جاریش نەشتەرگەریم بۆ کراوە، بەڵام تەندروستیم ڕۆژ بە ڕۆژ خراپتر دەبوو. دواجار ئەو پزیشکەی چارەسەرم لەلا وەردەگرت بڕیاریدا نەشتەرگەریی حەوتەمم بۆ بکات، بەڵام دەبووایە ڕابوەستم تاوەکو لە سەفەرەکەی دەگەڕێتەوە. لەو ماوەیەشدا زۆر بێهیوا بووم. بۆیە بڕیارمدا ئەو جۆرە گیایە بەکاربهێنم".

دوای بەکارهێنانی ئەو گیایە، حوسێن سەردانی پزیشکەکەی دەکات. کاتێک پشکنینی بۆ دەکات، لێیدەپرسێ: ئەوە چیت خواردووە؟ ئەویش پێیدەڵێت، ئەو گیایەی خواردووە کە هاوڕێی براکەی لە بەریتانیا پێشنیازی بۆکردووە: "پزیشکەکەم پێیگوتم، بڕۆ بەردەوامبە لەسەری، چونکە تەندروستیت زۆر باش بووە".

حوسێن دوای 40 ڕۆژ و پێش مانگی ڕەمەزانی ئەمساڵ پشکنینێک دەکات، وەک خۆی دەڵێت "پزیشکەکە پێیگوتم بە تەواوی چاک بوویتەوە". حوسێن لەڕێگەی فەیسبووکەوە ئەم هەواڵەی بڵاوکردووەتەوە، بەوهۆیەشەوە زیاتر لە 2000 کەس سەردانیانکردووە "لە ئەمریکا و سوید و بەریتانیا خەڵک هاتوونەتە لام".

سەبارەت بە چۆنیەتی ئامادەکردن و بەکارهێنانی ئەو گیایە، حوسێن گوتی "دەسکێک لە گیاکە بە ئەندازەی دەسکێک سڵق دەخرێتە 4 لیتر ئاوەوە و بۆ ماوەی 4 کاژێر دەکوڵێنرێ و دوو لیتری لێ دەمێنێتەوە، ئینجا دەخرێتە بەفرگرەوە و سارد دەکرێتەوە، ئەو کەسەی بەکاریشی دەهێنێت دەبێت بەیانیان پێش نانخواردن یەک پیاڵە بخواتەوە و تا 40 ڕۆژ بەردەوام بێت". گوتیشی "ئەوانەی بەکاریانهێناوە، هێشتا 40 ڕۆژەکەیان تەواو نەکردووە، بەڵام دەڵێن هەستدەکەن ڕۆژ بەڕۆژیش تەندروستییان باشتر دەبێ". حوسێن ڕەتیکردەوە بۆ چارەسەری نەخۆشەکان پارە وەربگرێ، بەڵام گوتی "کەسێک لە قەڵادزێ بە ناوی نەخۆشییەوە هاتە لام و زانیاری لێوەرگرتم، بەڵام ئێستا بازرگانی بەو دەرمانەوە دەکات و بە 100 هەزار دینار دەیفرۆشێت، پێمگوتووە ئەگەر لەسەر ئەو کارەی بەردەوام بێت، سکاڵای لەسەر تۆماردەکەم".

ڕێزان یەکێکە لەو کەسانەی لە نەخۆشخانەی ئازادی کەرکووک چارەسەری کیمیایی وەردەگرێ، هەروەها ئێستا لەپاڵ دەرمانە کیمیاییەکە ئەم گیایە بەکاردەهێنێ و دەڵێت "ماوەی 13 ڕۆژە ئەم گیایە بەکاردەهێنم، سوپاس بۆ خوا هەستدەکەم ڕۆژ بە ڕۆژ باشتر دەبم"، بەڵام ڕێزان ئەمەی لەلای پزیشکەکانی نەخۆشخانەکە باسنەکردووە "چونکە ئەوان بڕوایان پێی نییە و دەترسم چارەسەرم نەکەن".

هەر لەوبارەیەوە دکتۆر محەممەد شوانی، ڕاوێژکاری نەشتەرگەری میزەڕۆ، کە حوسێن چارەسەری لەلای ئەو وەرگرتووە دەڵێت "450 تا 500 نەخۆشم هەیە، کاک حوسێنیش یەکێکە لەوان و پیاوێکی بەڕێزە. ئێمە بەپێی ڕێژە و جۆری شێرپەنجەی نەخۆشەکە چارەسەری کیمیایی بە چەند کۆرسێک بۆ دەکەین و شێرپەنجەکەی دەبڕین، بەڵام هەندێکجار سەرهەڵدەداتەوە و دووبارە چارەسەری بۆ دەکەینەوە، بەڵام 75%ی ئەوانەی شێرپەنجەی میزەڕۆیان هەیە، لە قۆناخی سەرەتاییدان و دوای ئەوەی چارەسەری کیمیاییان بۆ دەکەین، شێرپەنجەکەی بۆ ناگەڕێتەوە. بۆنموونە نەخۆش هەبووە لە 2004ـەوە چارەسەرم کردووە و تائێستا شێرپەنجەکەی بۆ نەگەڕاوەتەوە".

سەبارەت بە حاڵەتی حوسێن محەممەدیش، دکتۆر محەممەد دەڵێت "3 بۆ 4 کۆرسی چارەسەری وەرگرتووە، بەڵام دواییںجار کە پشکنین (نازوور) م بۆ کرد، میزڵدانی زۆر پاک بوو، خۆشی گوتی کە ئەو جۆرە گیایە بەکاردێنێ، بەڵام چارەسەرە کیمیاییەکانیش بەکاردەهێنێ".

لەبارەی ئەو گیایەی حوسێن بەکاریدێنێ دکتۆر محەممەد گوتی "ئەو دەرمانە کیمیاییەی بەکاریدەهێنن بەشێکیان ئەسڵەکەیان لە ڕووەکەوەیە، بەڵام ئەو گیایەی کە کاک حوسێن بەکاریدەهێنێ، هیچ بنەمایەکی زانستیی نییە و تاقیکردنەوەی لەسەر نەکراوە کە ئایا بۆ چارەسەری شێرپەنجە سوودی هەیە یان نا؟ بۆیە ئێمە ناتوانین لەخۆمانەوە مەلا عەلی کەڵەکێکی دیکە دروست بکەین و بە خەڵک بڵێین بڕۆن بۆ لای و چارەسەر وەربگرن".

دکتۆر سامی ئەحمەد، بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی نانەکەلی بۆ نەخۆشییەکانی خوێن و شێرپەنجە، لەوبارەیەوە بە (ڕووداو)ی گوت "هیچ دەرمانێکی گیایی بۆ چارەسەری تووشبووانی شێرپەنجە لە نەخۆشخانەکەمان بەکارناهێنین، بەڵکو چارەسەرەکان بەپێی پرۆتۆکۆڵە جیهانییەکان بەکاردەهێنین، کە تەنیا دەرمانی کیمیایی و دەرمانی هۆرمۆنین".

سەبارەت بە دەرمانی گیاییش کە وەک دەرمانی شێرپەنجە لەلایەن حوسێن محەممەدەوە، گوتی "هیچ قسەیەکم لەسەری نییە، بەرپرسیاریش نیم لە کەسێک کە دەرمانی گیایی بەکاردەهێنێ بۆ چارەسەری شێرپەنجە، بەڵکو ئەوە کاری وەزارەتی تەندروستییە".

### نووسراوەکانی وەزارەتی پێشمەرگەی ساختە کردووە

# فەرمانبەرێک یەک ملیۆن دۆلاری خەڵک دەدزێت

**سیروان عەباس**
**ڕووداو- هەولێر**



لەڕێگەی ساختەکردنی نووسراوەکانی وەزارەتی پێشمەرگەوە، نزیکەی ملیۆنێک دۆلار لە چەند بازرگان و کۆمپانیایەک وەردەگیرێت. ئەو کەسەی ئەو کارەی کردووە بۆ شوێنێکی نادیار هەڵهاتووە. کەسێکی نزیکیشی دەڵێت "تەنانەت ماڵباتەکەشی نازانن لەکوێیە".

(ت.ر) کە فەرمانبەر بووە و وەک (نووسەر) لە بەشی گەیاندنی وەزارەتی پێشمەرگە کاریکردووە، بەگوێرەی لێدوانی بەرپرسی بەشەکەی بۆ (ڕووداو)، لەڕێگەی نووسراوی ساختەوە توانیویەتی چەند بازرگان و خاوەن کۆمپانیایەک فریوبدات و بڕێکی زۆر پارەیان لێوەربگرێت.

محەممەد تەنەرچی، خاوەن پێشانگای ئۆتۆمبێل لە شاری کەرکووک، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "چەند مانگێک لەمەوبەر (ت.ر) لەڕێگەی کوڕە پوورێکیەوە، کە هاوڕێم بوو، پەیوەندیی پێوەکردم. ئەو داوای لێکردم بۆ تەندەر پارەی پێبدەم و مانگانە پارەکەم بە قیست بۆ بگەڕێنێتەوە. لە قازانجی تەندەرەکانیش پشکم هەبێت. منیش لەسەر متمانەی هاوڕێکەم مامەڵەم کرد لەگەڵی و سەرکەوتوو بووین. دواتر بەبێ گەڕانەوە بۆ هاوڕێکەم، خۆم متمانەم پێیکرد و کارم لەگەڵکرد".

تەنەرچی باسی دوایین مامەڵەی نێوان خۆی و (ت.ر) دەکات، کە نزیکەی 50 ڕۆژ لەمەوبەر بووە: "(ت.ر) داوای لێکردم چەند ئۆتۆمبێلێکی تێکچووی وەزارەتی پێشمەرگە بکڕمەوە، بەڵام من داوای نووسراوی وەزارەتم لێکرد. ئەویش بۆیهێنام، لەسەر بنەمای ئەو نووسراوە 11 هەزار و 500 دۆلارم پێدا بۆ کڕینی ئەو ئۆتۆمبێلانە، بەڵام تاوەکو ئێستا نەمبینیوەتەوە و مۆبایلیشی داخراوە".

ئەو خاوەن پێشانگایە ئاماژە بەوە دەکات کە لەڕێگەی چەند کەسایەتییەکەوە توانیویانە سکاڵاکەیان بگەیەننە نووسینگەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و چاوەڕێی وەڵامن.

سەبارەت بە (ت.ر) و چۆنیەتیی هەڵاتن و خۆشاردنەوەی، عەمید کازم لەزگین، بەرپرسی بەشی گەیاندن لە وەزارەتی پێشمەرگە، بە (ڕووداو)ی گوت "ئەو نووسەر بوو لە بەشی گەیاندن، ئەوەش هۆکار بووە بۆئەوەی بەئاسانی دەستی بە نووسراو و کۆمپیوتەرەکان بگات و توانیویەتی نووسراو بەناوی بەشی گواستنەوە و گەیاندنی میرەی وەزارەتی پێشمەرگەوە بکات، بۆ کڕین و فرۆشتنی ئۆتۆمبێل. دوای ئەوەی چەندین کەسی فریوداوە، لە شەوی 2016/9/9 کە ئێشکگر بووە نەهاتووەتەوە دەوام و هەڵاتووە".

عەمید کازم لەزگین دەشڵێت "(ت.ر) ماوەیەکی کەمە لە یەکەی 70وە گواستراوەتەوە دیوانی وەزارەتی پێشمەرگە. ئێستا لای ئێمە بە هەڵاتوو لەقەڵەمدراوە و بە نووسراو سەرووی خۆمان ئاگادارکردووەتەوە، بەڵام هیچ زانیارییەکمان لەسەر شوێنی ئێستای دەستنەکەوتووە".

## خزمێکی فەرمانبەرەکە: کێشەیەکی کۆمەڵایەتییە و چارەسەری دەکەین

بەگوێرەی زانیارییەکانی (ڕووداو) ماڵی (ت.ر) لە ناحیەی دارەتووی نزیک شاری هەولێرە و نزیکەی یەک ملیۆن دۆلاری لە بازرگان و خاوەن کۆمپانیاکان بە شێوازی جیاواز وەرگرتووە. لەنێویشیاندا بەرپرسێکی حیزبی هەیە. کەسێکی نزیک لە (ت.ر)، کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، بە (ڕووداو)ی گوت "ئەوەی کە ڕوویداوە کێشەیەکی کۆمەڵایەتییە و هەوڵی چارەسەرکردنی دەدەین"، سەبارەت بە شوێنی فەرمانبەرە هەڵاتووەکەش ئەو خزمەی دەڵێت "تەنانەت خێزانەکەشی نازانن بۆ کوێ هەڵهاتووە"، بەڵام عەمید کازم لەزگین دەڵێت "ڕەنگە چووبێتە دەرەوەی هەرێمی کوردستان".



### بێزاریان کردوون و گازدەگرن

# مشک 128 سەنگەری پێشمەرگەی تەنیوە

**ڕاوچی حەسەن**
**ڕووداو – داقوق**

ژمارەیەکی زۆر مشک لە ناوچەی داقوق بە سەنگەرەکانی پێشمەرگەدا بڵاودەبنەوە، بەرپرسانی پێشمەرگەش دەڵێن ئەو مشکانە لە 128 سەنگەری پێشمەرگە لە میحوەری داقووق بڵاوبوونەتەوە و پێشمەرگەیان هەراسانکردووە.

بەپێی زانیارییەکانی پێشمەرگەکانی ئەو میحوەرە، ئەو مشکانە ماوەی سێ هەفتەیە بڵاوبوونەتەوە و فەرماندەیەکی پێشمەرگەش دەڵێت ئەو مشکانە زیانیان بە پێشمەرگە گەیاندووە.

محەممەد حاجی قادر، بەرپرسی میحوەری داقوقی پێشمەرگە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "نزیکەی 24 ڕۆژە مشک لە تەواوی ناوچەکانی داقوق بڵاوبوونەتەوە و بەتەواوەتی پێشمەرگەیان هەراسانکردووە. ئەو شوێنانەش کە پێشمەرگەی تێدا جێگیرکراوە بە مشک داپۆشراوە و بەهیچ شێوەیەک توانای کۆنترۆڵکردنی ئەو مشکانەمان نییە، چونکە ژمارەیان ئێجگار زۆرە. تەنانەت هیچ کەسێک ناتوانێت مەزەندەی زۆرییەکەی بکات".

سەبارەت بە کاریگەری ئەو مشکانە لەسەر پێشمەرگەکان، بەرپرسی میحوەری داقوق گوتی "ئەو مشکانە شەو و ڕۆژ ئازاری پێشمەرگە لە سەنگەرەکان دەدەن. شەوانە کاتێک پێشمەرگەکان دەخەون و بەسەر سنگیانەوە دێن و دەچن، گاز لە پێشمەرگەکان دەگرن و هەندێکجار بەسووکی بریندراریان دەکەن".

پێشمەرگەیەکی ئەو میحوەرە کە بە مۆڵەت گەڕاوەتەوە ماڵەوە، باسی گرفتاربوونی پێشمەرگەکان بەدەست ئەو مشکانەوە دەکات و دەڵێت "زۆر ناخۆشە، بەردەوام مشک لەگەڵمان هاتوچۆ دەکات. شەوانە بەسەر سنگ و دەموچاوماندا دێن و دەچن و دەچنە نێو جلوبەرگەکانمان". ئەو پێشمەرگەیە گوتیشی "شەوێک خەوتبووم و بە ئازاری پەنجەکانم بەئاگاهاتمەوە، بینیم مشکێک بە هەموو هێزی خۆی گازی لە پەنجەم گرتووە. مشک جلوبەرگ و کەلوپەلی نەهێشتووین، هەمووی دڕیوە".

بەگوتەی خەڵکی ناوچەکە هەموو ساڵێک لە مانگی گەلاوێژدا، بۆ ماوەی 45 ڕۆژ مشک ڕوو لە ناوچەکانی داقوق دەکەن، بەڵام هیچ ساڵێک وەک ئەمساڵ ئەو ژمارە زۆرە مشکە لە ناوچەکە نەبینراوە.

بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو مشکانە تیمی پزیشکی لە ناوچەکە و لە سەنگەرەکانی هێزی پێشمەرگە دەرمانی لەناوچوونی تایبەت بە مشکەکانیان ڕشتووە و ڕۆژانە بەهۆی ئەو دەرمانە مشکێکی زۆر لەناودەچێت، بەڵام تاوەکو ئێستا نەتوانراوە بە تەواوی مشکەکان لە نێوببرێن.



بەگوتەی محەممەدی حاجی قادر، بەرپرسی میحوەری داقوقی هێزی پێشمەرگە، 128 سەنگەری پێشمەرگە لە سنووری داقوق هەیە، مشک لە سەرجەم سەنگەرەکان بڵاوبووەتەوە.

محەممەدی حاجی قادر گوتی "بەڵێنمان پێدراوە ڕۆژانی دوای جەژن تیمە پزیشکییەکانی ڤێتێرنەری بەهانامانەوە بێن و مشکەکان لەڕێگەی دەرمانەوە لەناوببەن".

# سوپاسنامە

بەناوی خۆمان و بنەماڵەکەمانەوە سوپاسی هەریەکە لە بەڕێزان سەرۆکی هەرێمی کوردستان و جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان، سەرۆکی حکومەتی کوردستان و جێگری سەرۆکی حکومەتی کوردستان، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان، تەواوی وەزیران و پەرلەمانتارانی کوردستانی لە بەغدا و هەولێر، سەرۆک و ئەمیر و سکرتێر و جێگرانی سکرتێر، ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی هەریەکە لە پارتی دیموکراتی کوردستان، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بزووتنەوەی گۆڕان، کۆمەڵی ئیسلامی و حیزبی سۆسیالیست-دیموکراتی کوردستان و بزووتنەوەی ئیسلامی، هەروەها تەواوی فەرماندە و پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان و ڕۆژنامەڤانان و ڕۆشنبیران و کەسایەتییە ناسراوەکانی سەرتاسەری کوردستان و نووسینگەی بەڕێز سەرۆککۆماری عێراق، دەکەین کە چ بە تەلەفۆن یان بەئامادەبوون بەشدارییانکرد لە پرسەی دایکی کۆچکردوومان (ئاسیا حوسێن سلێمان).

سەرمان بڵندە خزمەتی نیشتمانێک دەکەین کە ئەو هەموو مرۆڤە دڵسۆز و وەفادارەی تێدابێت. هیواداریشین کوردستانەکەمان بە یەکڕیزی و سەرفرازی و شکۆمەندی کۆسپەکانی سەر ڕێگەی تێپەڕێنێت و بەزوویی بگاتە کەناری سەربەخۆیی و بەختەوەری و ئارامی.

**هیڤیدار ئەحمەد**
**لەجیاتی بنەماڵەی کۆچکردوو**

کۆبوونەوەکە هەڵوەشایەوە یان کات نەبوو؟

# "هێرۆخان بۆ ئەمریکییەکان:
# کۆسرەت ڕەسووڵ و بەرهەم ساڵح مەبینن"

## فوئاد مەعسووم پێشنیازیکرد لەگەڵ هیچ باڵێک کۆنەبنەوە

مەحموود یاسین کوردی
ڕووداو- هەولێر

هێرۆئیبراهیم ئەحمەدلەپشت هەڵوەشاندنەوەی کۆبوونەوەی ئەمریکییەکان و جێگرانی تاڵەبانی بووە. ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتیش دەڵێت "لایەنە نێوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان نایانەوێ ببەنە بەشێک لە کێشەکانی نێو یەکێتی".

بۆ چارەسەرکردنی کێشە نێوخۆییەکانی یەکێتی و نزیکردنەوەی باڵە ناکۆکەکان، د.فوئاد مەعسووم، سەرۆککۆماری عێراق، کە یەکێکە لە دامەزرێنەرانی ئەو حیزبە، گەڕایەوە هەرێمی کوردستان. دوای 3 کۆبوونەوە لەگەڵ کۆسرەت ڕەسوڵ و بەرهەم ساڵح، جێگرانی سکرتێری گشتی و دوو کۆبوونەوەش لەگەڵ هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد، ئەندامی مەکتەبی سیاسی بۆ هێورکردنەوەی دۆخەکە، هەوڵیدا کۆبوونەوەیەکی نێوان هەردوو باڵەکە ڕێکبخات، بەڵام باڵە ناکۆکەکان ڕەتیانکردەوە کۆببنەوە.

فەرید ئەسەسەرد، ئەندامی سەرکردایەتیی یەکێتی، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "دەستەی کارگێڕیی مەکتەبی سیاسی سەرقاڵی دیاریکردنی کات و شوێن و بەرنامەی کاری کۆبوونەوەی کۆمیتەی سەرکردایەتیی یەکێتییە. هەوڵەکان بۆ ئەنجامدانی کۆبوونەوەی سێقۆڵی سەرکەوتوو نەبوون. بۆیە هەوڵدەدرێت لە کۆبوونەوەی سەرکردایەتیدا چارەسەرێک تاوەکو کاتی بەستنی کۆنگرەی چوارەم بدۆزرێتەوە".

ڕۆژی 2016/9/8 ژمارەیەک لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی، سەرکردایەتی و ئەنجوومەنی ناوەندی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان سەردانی جەلال تاڵەبانی، سکرتێری حیزبەکەیان کرد، بەڵام کۆسرەت ڕەسوڵ، بەرهەم ساڵح و هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد لە نێو سەردانیکەرانی تاڵەبانیدا نەبوون.

### بلینکن بۆچی یەکێتییەکانی نەبینی؟

ڕۆژی 2016/9/15 شاندێکی باڵای ئەمریکی بە سەرۆکایەتی ئەنتۆنی بلینکن، جێگری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، لە هەولێر لەگەڵ هەریەک لە مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان و نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و فوئاد مەعسووم، سەرۆککۆماری عێراق کۆبووەوە. شاندەکەی ئەمریکا بڕیاربوو لەگەڵ یەکێتیش کۆببنەوە، بەڵام بەهۆی ئامادەنەبوونی باڵە ناکۆکەکانی یەکێتی لە یەک شاندی هاوبەشدا، کۆبوونەوەکە هەڵوەشایەوە.

(ڕووداو) لە سەرچاوەیەکی ئاگادارەوە زانیویەتی کە د.فوئاد مەعسووم پێشنیازی بۆ ئەمریکییەکان کردووە کە بۆئەوەی نەبنە لایەنگری لایەنە ناکۆکەکان، لەگەڵ هیچ باڵێک کۆنەبنەوە. دواتر برێت مەکگۆرک، نوێنەری سەرۆکی ئەمریکا لە شەڕی دژی داعش، بە تەلەفۆن پەیوەندیی بە د. بەرهەم ساڵح و مەلا بەختیارەوە کردووە و داوای لێبوردنی لێکردوون، کە بەهۆی نەبوونی کاتەوە نەیانتوانیوە لەگەڵ یەکێتی کۆببنەوە.

سەرکردەیەکی ناوەندی بڕیار، کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، لەوبارەیەوە بە (ڕووداو)ی گوت "هێرۆخان لەپشت هەڵوەشاندنەوەی کۆبوونەوەی جێگرانی سکرتێری گشتی لەگەڵ ئەمریکییەکان بوو. چونکە پەیامێکی بە سەرۆککۆماردا بۆ ئەمریکییەکان ناردبوو. نوێنەری خۆشیان، کە قوباد تاڵەبانییە، لە کۆبوونەوەی حکومەت و شاندە ئەمریکییەدا بەشداربوو".

د.عەبدوڵڵا عەلیاوەیی، ڕاوێژکاری سەرۆککۆماری عێراق، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەمریکییەکان لە کۆبوونەوەیاندا لەگەڵ سەرۆککۆمار جەختیان لەسەر یەکڕیزیی کورد و یەکگرتوویی پارتە سیاسییەکان کردەوە، بەتایبەتی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان. چونکە ئەولەویەتی ئەمریکا و هاوپەیمانان لەم قۆناخەدا شەڕی داعش و ئازادکردنی موسڵە. بۆیە بەلایانەوە گرنگە هەموو هێزە کوردستانییەکان یەکگرتووبن و ناکۆکییەکانیان چارەسەربکەن".

فەرید ئەسەسەرد پێیوایە هیچ لایەنێکی سیاسی لە باشووری کوردستان و لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش نایەوێ لە کێشە نێوخۆییەکانی یەکێتی ببێتە لایەنگر و دەڵێ "لە کۆبوونەوەی سیاسی و دیپلۆماسیدا لایەنەکان کێشەیان لەگەڵ هەردوو لایەنەکەی نێو یەکێتی نییە، بەڵکو بۆ ڕێککەوتن و بڕیاری سیاسی کێشەیان هەیە. چونکە هەردوولا شەرعیەتی کۆنگرەیان هەیە و دەتوانن بەناوی یەکێتییەوە لەگەڵ لایەنەکان کۆببنەوە، بەڵام لایەنەکانی دیکە نایانەوێ ببنە بەشێک لەو کێشانە".

ئەگەر دانوستاندنەکان بۆ ئاساییکردنەوەی ڕەوشی سیاسیی هەرێمی کوردستان دەستپێبکەنەوە، ڕەنگە گرفتی گەورە یەکێتی بێت کە لەگەڵ کام لایەن قسە بکرێ. فەرید ئەسەسەرد دەڵێت "پارتی بۆ مەسەلەی کاراکردنەوەی پەرلەمان و حکومەت ناتوانێت لەگەڵ باڵی جێگرانی سکرتێر یان باڵی هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد ڕێکبکەوێ. پارتی خۆی تووشی گرفت و کێشە ناکات، چونکە قورسە لەگەڵ لایەنێک ڕێککەوتن بکات بەبێ لایەنەکەی دیکە". بەڵام ناوەندی بڕیاری یەکێتی دەستیان بە جموجۆڵی سیاسی کردووە. سەرەتا کۆسرەت ڕەسوڵ و بەرهەم ساڵح لەگەڵ عەلی باپیر، ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی و سەلاحەدین بەهائەدین ئەمینداری یەکگرتووی ئیسلامی کۆبوونەوە. بەگوتەی سەرکردەیەکی ناوەندی بڕیار بۆ (ڕووداو) "هەوڵدەدەین لەگەڵ باڵی هێرۆخان لەگەڵ پارتی کۆببینەوە، چونکە یەکێتی بەرپرسیارییێتی گەورەی لەسەر شانە، بۆ یەکێتی ئاسان نییە لە حکومەت بکشێتەوە، ئەگەر نەشکرا ئێمە لەگەڵ پارتی دادەنیشین و برادەرانی مەکتەبی سیاسی پارتیش لە دوایین کۆبوونەوەی خۆیان باسی ئەو بابەتەیان کردووە".



(فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان)

### پڕۆژەیەکی نوێ بۆ بەڕێوەبردنی یەکێتی شکستیهێنا

دوای شکستهێنانی ڕێککەوتنی نێوان باڵەکانی کە بە چاودێری ئێرانییەکان لە تاران لەنێوان (کۆسرەت ڕەسوڵ، بەرهەم ساڵح و هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد بەڕێوەچوو)، پڕۆژەیەکی دیکە بۆ دروستکردنی کۆمیتەیەکی 6 کەسی پێشکەشی هەردوو باڵەکە دەکرێت.

فەرید ئەسەسەرد لەو بارەیەوە گوتی "دوای پڕۆژەی ئێرانییەکان، ژمارەیەک هەڤاڵی سەرکردایەتی پڕۆژەیەکمان بۆ دروستکردنی کۆمیتەیەکی 6 کەسی بۆ بەڕێوەبردنی یەکێتی تاوەکو بەستنی کۆنگرە پێشنیازکرد، بەڵام پڕۆژەکەی ئێمە و ئێرانییەکانیش شکستیهێنا".

ئەسەسەرد زانیاری زیاتری دا و گوتی "کۆمیتەکە لە کۆسرەت ڕەسوڵ، بەرهەم ساڵح جێگرانی سکرتێری گشتی، هێرۆخان، ئەندامی مەکتەبی سیاسی، مەلا بەختیار، بەرپرسی دەستەی کارگێڕی مەکتەبی سیاسی، حاکم قادر حەمەجان و عومەر فەتاح ئەندامانی دەستەی کارگێڕی پێکهاتبوون، کە تاوەکو بەستنی کۆنگرە یەکێتی بەڕێوەببەن، بەڵام پڕۆژەکە شکستی هێنا".

### کۆنگرە چی دەگۆڕێت؟

مستەفا چاوڕەش، ئەندامی سەرکردایەتیی یەکێتی ڕەتیدەکاتەوە ئەوانەی داوای چاکسازی لەنێو یەکێتی دەکەن لە کۆنگرە بترسێن و داوای دابەشکردنی کورسییەکانی سەرکردایەتیان کردبێت "ئەمە کۆنگرەیە، خۆ مەزادخانە نییە. ئێمە داوای کۆنگرەیەکی شەفاف و دوور لە تەکەتول دەکەین کە یەکێتیی نێو یەکێتی بەهێزبکات". مستەفا چاوڕەش دەشڵێت "ئێستا زەمینەی بەستنی کۆنگرە لەبارنییە، کێشە نێوخۆییەکان بە هەڵپەسێردراوی ماونەتەوە، ئێمە کۆنگرە بۆ پێشخستنی یەکێتی دەبەستین، نەک لایەنێک بەلاوە بندرێت". بەبڕوای فەرید ئەسەسەرد هەردوو باڵە ناکۆکەکە ڕازی دەبن ئەگەر لایەنی سێیەم وەکو دادوەر چاودێری کۆنگرە بکات و دەڵێت "تەنیا کۆنگرەیەک بە هەڵبژاردن و دوور لە دابەشکردن و تەعینات چارەسەری بنچینەی کێشەکانی یەکێتی دەکات".

دەڵێن هێشتا بڕیاریان لەسەر نەداوە

# حیزبەکان بەتەمای کشانەوە نین لە حکومەت

نەوزاد مەحموود
ڕووداو- سلێمانی

کشانەوە لە کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەنێو ئەو حیزبانەی پێشتر ئۆپۆزیسیۆن بوون، قسەی زۆری لەسەر دەکرێ، بەڵام تاوەکو ئێستا جگە لە بزووتنەوەی گۆڕان، کە وەزیرەکانی لە کارەکانیان دوورخراونەتەوە، هەریەکە لە یەکگرتووی ئیسلامی و کۆمەڵی ئیسلامی ساخ نەبوونەتەوە لەوەی ماڵئاوایی لەو کابینەیە دەکەن یان دەمێننەوە.

پێشتر ئەوە بڵاوکرایەوە کە وەزیرەکانی گۆڕان دەستلەکارکێشانەوەیان نووسیوە و داویانەتە بزووتنەوەکەیان بۆئەوەی ڕادەستی حکومەتی بکات بۆ کشانەوەی بزووتنەوەکە لە حکومەت، بەڵام دانا عەبدولکەریم، بەرپرسی بەشی حکومەت لە ژووری حکومەت و پەرلەمانی بزووتنەوەی گۆڕان، ئەو زانیارییەی ڕەتکردەوە و گوتی "تاوەکو ئێستا بزووتنەوەی گۆڕان دەستی بە ئامادەکاری نەکردووە بۆ کشانەوەی وەزیرەکانی لە حکومەت. لەو ماوەیەشدا کە چاوەڕێ بووین و مامەڵەمان لەگەڵ ئەو کابینە نایاساییەی حکومەت و کارە نایاساییەکانی پارتی کردووە، لەبەر ئەوە بووە کە پێمان وابووە هەوڵێکی جددی بدرێ یان دەستپێشخەری نوێ بێتەئاراوە بۆئەوەی ئەو قەیرانە سیاسییە لە هەرێمی کوردستان بە گفتوگۆ چارەسەر بکرێ".

### گۆڕان سوورە لەسەر گەڕانەوەی یوسف محەممەد

دانا عەبدولکەریم دەڵێ ئەوان کاتێک دەتوانن مامەڵەی یاسایی لەگەڵ حکومەتی ئێستادا بکەن کە "پەرلەمان کارا بێت، نەک مەکتەبی سیاسی پارتی بە بڕیارێک و پێش سەرۆکوەزیران بڕیاری دەرکردنی وەزیرەکانی گۆڕانی دابێت".

ئەگەر ئەو سێ حیزبە لە حکومەت بکشێنەوە، حکومەت هێزی یاسایی دەمێنێ؟ دانا عەبدولکەریم لەوەڵامی ئەو پرسیارەدا دەڵێت "حکومەتێک یاسایی نەبێ و مامەڵە لەگەڵ یاسا نەکات، تۆ چۆن دەتوانی ئەوە لێکبدەیتەوە کە دوای کشانەوەی وەزیرەکانی گۆڕان و کۆمەڵ و یەکگرتوو، حکومەت پاساوی مانەوەی یاسایی دەمێنێ یان نا".

بێستوون فایەق، پەرلەمانتاری بزووتنەوەی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان، پێیوایە بەبێ کشانەوەی یەکێتی، کشانەوەی حیزبەکانی دیکە ناتوانێ حکومەت هەڵوەشێنێتەوە و پێشنیازدەکات یەکێتی ئەو کارە بکات.

بەڵام دانا عەبدولکەریم دەڵێ پارتی دوای کشانەوەی وەزیرەکانی گۆڕان و لایەنەکانی دیکەش وەکچۆن ئێستا بە وەزیرێک دوو وەزارەت بەڕێوەدەبات، ئەوکاتیش ئاساییە بەلایەوە بە وەزیرێک چەند وەزارەتێک بەڕێوەبباتن". گوتیشی "ئاساییبوونەوەی دۆخی سیاسیی هەرێمی کوردستان لای ئێمە، کە بریتییە لە گەڕانەوەی سەرۆکی پەرلەمان و وەزیرەکانی گۆڕان".

### کۆمەڵ: بەتەنیا تاوتوێی دەکەین

لەنێو کۆمەڵی ئیسلامیدا، ئەو حیزبەی بە وەزیری کشتوکاڵ و دەستەیەک بەنێوی کاروباری پاراستن و چاککردنی ژینگە، بەشدارە لە حکومەت، باسی کشانەوە لە حکومەت بەردەوام دەخرێتە نێو میدیاکانیان.

شوان ڕابەر، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی کۆمەڵی ئیسلامی، ڕەتیدەکاتەوە هیچ ڕێککەوتنێکیان لەگەڵ گۆڕان و یەکگرتووی ئیسلامی هەبێ بۆ کشانەوە لە حکومەت "ئەگەر تاوتوێی بکەین ئەوە بێگومان خۆمان وەک کۆمەڵ تاوتوێی دەکەین، خۆ ئەگەر پێویستیش بوو لەگەڵ ئەوان تاوتوێی دەکەین".

شوان ڕابەر دەڵێت حیزبەکەی پەیوەست نییە بەوەی کە ئەو بابەتە لەگەڵ لایەنەکان تاوتوێ بکات، چونکە وەک ئەو دەڵێت، ئەوە بابەتێکە پەیوەندی بە هەڵوێستی خۆیانەوە هەیە: "پەیڕەوی پەرلەمان باسی ئەوە دەکات کە هۆکار و ڕێگە یاساییەکان چین کە بەهۆیانەوە حکومەت لەکاردەکەوێ یان شەرعییەتی نامێنێ. ئەم کابینەیە بە تەوافوق لەنێوان ئەو پێنج لایەنەدا دروستبووە و لەسەر بەرنامەیەک ڕێککەوتبووین، بەڵام ئەو بەرنامەیە بەپێی پێویست جێبەجێ نەکراوە و ئەوەش جێگای نیگەرانیی لایەنەکانە".

شوان پێیوایە بە کشانەوەی ئەو سێ لایەنە، حکومەت گرفتی سیاسی و یاسایی بۆ دروست دەبێ "ئەگەر ئەو سێ لایەنە بکشێنەوە، بێگومان ئەوکات حکومەت گرفتی یاسایی و سیاسی بۆ دروست دەبێت، چونکە لە پێنج لایەن سێ لایەن بێنە دەرەوە، بە ژمارە و کورسی زۆرن و ئەوکات حکومەت کێشەی زۆری بۆ دروستدەبێ".

ئەو کابینەیەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، دوای گفتوگۆ و دانوستاندنێکی زۆری نێوان لایەنەکان پێکهێندرا، لایەنەکان کات و کۆبوونەوەی زۆریان ویست تا بگەنە سازان تاوەکو 5 حیزبەکە (پارتی، گۆڕان، یەکێتی، یەکگرتوو و کۆمەڵ) پێکەوە کابینەکە پێکبهێنن و پۆستەکان لەنێو خۆیاندا دابەشبکەن.

شوان ڕابەر دەڵێ کۆمەڵ وەک بڕیاری یەکلاکەرەوە بڕیارینەداوە لە حکومەت بکشێتەوە، "بەڵام ویستێک لەنێو بەشێک لە کادیرانی کۆمەڵدا هەیە کە کشانەوە لە حکومەت تاوتوێ بکرێ".

ئەندامێکی مەکتەبی سیاسیی یەکگرتووی ئیسلامی دەڵێت یادداشتێکیان داوەتە حکومەت و داوایانکردووە دەستکاریی پاشەکەوتی موچە بکرێ، موچە دوانەکەوێ، چاکسازیی ئیداری بکرێ، ڕوونکردنەوەی بەردەوام لەسەر داهاتەکان بدرێ، چەقبەستوویی سیاسی باشووری کوردستان چارەسەر بکرێ "چونکە نارەحەتی خەڵک لە تەقینەوەدایە".

ڕۆژی 2013/09/21 هەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان بە سیستمی نیمچەکراوە ئەنجامدرا و 31 لیست بەشداریی پرۆسەکە بوون. دواتر 17 لیست گەیشتنە پەرلەمان. دوای دوو مانگ گفتوگۆ لەنێوان پارتی و یەکێتی و گۆڕان و یەکگرتوو و کۆمەڵ، کابینەی هەشتی حکومەتی کوردستان پێکهێندرا.

### گۆڕان: کۆمەڵ و یەکگرتووش بکشێنەوە، پارتی بەوەکالەت پۆستەکانیان پڕدەکاتەوە

### کۆمەڵ: ئەو 3 حیزبە بکشێنەوە حکومەت گرفتی سیاسی و یاسایی بۆ دروستدەبێ

### یەکگرتوو: پێش کشانەوە کۆبوونەوەیەک لەگەڵ حکومەت دەکەین

### یەکگرتوو دەکشێتەوە؟

عومەر محەممەد، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکگرتووی ئیسلامی ڕەتیدەکاتەوە یەکگرتوو لە حکومەت بکشێتەوە، ئەگەر حکومەت وەڵامیان بداتەوە "ئەگەر حکومەت بێتە پێشەوە، ئێمە پشتیوانی لێدەکەین". بەڵام ئەی ئەگەر یەکگرتوو وەڵامێکی ئەرێنی لە حکومەت وەرنەگرتەوە؟ عومەر محەممەد، باسی شێوازی کشانەوەیان لە حکومەت بۆ (ڕووداو) دەکات و دەڵێ "ئەوکات لەگەڵ حکومەت کۆبوونەوەیەک دەکەین و گفتوگۆیەکی ڕاشکاوانە دەکەین و پێیاندەڵێین بۆچی داوای ئەوەمانکردووە، پاشان لەگەڵ مەڵبەند و کادیرە پێشکەوتووەکانمان بەشێوەی دەنگدان یەکلایی دەکەینەوە کە یەکگرتوو دەکشێتەوە یان دەمێنێتەوە لەنێو حکومەت، پاشتر کۆبوونەوەیەکی سەرکردایەتی یەکگرتوو سازدەکەین و لەوێ بڕیاری کۆتایی دەدەین".

راپۆرت
ڕووداو
ژمارە (424) - دووشەممە 2016/9/19



## عێراق 40 باڵیۆزی نوێی پێویستە

**ڕووداو– سلێمانی**

د.موسەننا ئەمین، ئەندامی لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوە لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، بەپێی ئەو خەمڵاندنەی لەلایەن وەزارەتی دەرەوەی عێراقەوە کراوە، نزیکەی 40 باڵیۆزی نوێ بۆ نێو بەشە جیاوازەکانی وەزارەت و باڵیۆزخانەکان لە دەرەوەی وڵات پێویستن، چونکە هەندێک لە باڵیۆزەکان خانەنشین دەکرێن. موسەننا ئەمین گوتیشی "کاتێک وەزارەت ئەو کەسانە دیاری دەکات، دەبێت بێنە لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوە بۆ هەڵسەنگاندنیان و تاقیکردنەوەیەکیان پێدەکرێت و دوای دەرچوونیان، لەلایەن پەرلەمانەوە متمانەیان پێبدرێت، چونکە باڵیۆز پلەی بریکاری وەزیرە".

## یەکێتی داوای هاوسەرۆکی دەکات و گۆڕان ڕازی نییە

# فراکسیۆنی یەکێتی و گۆڕان لەسەر سەرۆک ڕێکناکەون

### ڕەفعەت عەبدوڵڵا، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی:
### لەمڕۆژانەدا هاوپەیمانێتی فراکسیۆنی گۆڕان و یەکێتی لە پەرلەمانی کوردستان ڕادەگەیەنن

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو– سلێمانی**

پەرلەمانتاران و ئەندامانی ئەنجوومەنی پارێزگاکان لە فراکسیۆنەکانی یەکێتی و گۆڕان دەڵێن زۆر درەنگە بۆ ڕاگەیاندنی هاوپەیمانێتیی فراکسیۆنەکانی یەکێتی و گۆڕان. ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکێتیش ئاشکرایدەکات کە لەمڕۆژانەدا هاوپەیمانێتییەکان ڕادەگەیەندرێن.

لە نێوەڕاستی مانگی ئایاری ئەمساڵ، بزووتنەوەی گۆڕان و یەکێتیی نیشتمانی کوردستان، لەماڵی جەلال تاڵەبانی، سکرتێری گشتیی یەکێتی و بە ئامادەبوونی نەوشیروان مستەفا، ڕێکخەری گشتیی گۆڕان و کۆسرەت ڕەسوڵ و بەرهەم ساڵح، جێگرانی سکرتێری گشتیی یەکێتی، دەقی ڕێککەوتنی سیاسیی نێوانیان واژۆکرد. یەکێک لە ماددەکانیش هاوپەیمانیی فراکسیۆنەکانیانە لە پەرلەمانی کوردستان و عێراق و ئەنجوومەنی پارێزگاکان.

#### هاوپەیمانێتیی عێراقییەکە یەکەم کۆبوونەوەی کرد

فراکسیۆنەکانی یەکێتی و گۆڕان لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق 29 کورسین و لە ماڵی تاڵەبانی لە دەباشان هاوپەیمانێتی نێوانیان بەناوی هاوبەندی کوردستانی ڕاگەیاند، ڕۆژی 2016/9/17یش لە شاری کەرکووک یەکەمین کۆبوونەوەیان بۆ تاوتوێکردنی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان کرد.

بەپێی ڕێککەوتنی نێوانیان، سەرۆکی هاوپەیمانێتییەکە بۆ یەکێتییە و ئالا تاڵەبانی، کە سەرۆکی فراکسیۆنی یەکێتییە، دەبێتە سەرۆکی فراکسیۆنی هاوبەندیی کوردستانی، هوشیار عەبدوڵڵا، کە سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕانە، دەبێتە جێگر، بەرپرسی پەیوەندییەکان بۆ گۆڕان و سکرتێری فراکسیۆنەکەش بۆ یەکێتی دەبێ.

د.بەختیار شاوێس، پەرلەمانتاری یەکێتی لە پەرلەمانی عێراق بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئێمە وەڵامی سەرکردایەتیمان وەرگرتەوە و پەیڕەوەکەمان قبوڵکراوە. لەم هەفتەیەشدا جارێکی دیکە کۆدەبینەوە بۆ پەسندکردنی ناوی کاندیدەکانی هاوپەیمانییەکە و ڕایدەگەیەنین"، گوتیشی "لە بەغدا فراکسیۆنەکان هەر دەمێنن، بەڵام لە پرسەکاندا یەکدەنگ دەبین".

#### هاوپەیمانییە کوردستانییەکە کێشەی هەیە

فراکسیۆنی یەکێتی لە پەرلەمانی کوردستان 18 کورسی و گۆڕان 24 کورسییان هەیە. ئەوان تاوەکو ئێستا لەسەر چۆنیەتیی سەرۆکایەتیکردنی هاوپەیمانێتییەکە یەکلایی نەبوونەتەوە و چاوەڕێن سەرکردایەتیی هاوبەش بۆیان یەکلایی بکاتەوە.

گۆران ئازاد، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی یەکێتی، بە (ڕووداو)ی گوت "90%ی ئەندامانمان کۆکن سەبارەت بە هاوپەیمانێتییەکەیان، بەڵام لەسەر سەرکردایەتیی هاوپەیمانێتییەکە جیاوازی هەبوو. ئێستا پەیڕەوەکە دراوەتە سەرکردایەتیی هاوبەش بۆئەوەی بڕیار لەسەر سەرکردایەتییەکەش بدەن".

عەبدولڕەحمان عەلی، بڕیاردەری فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان جیاوازی بۆچوونەکانیانی لەبارەی سەرۆکایەتیی هاوپەیمانییەتەکە بۆ (ڕووداو) ئاشکراکرد و گوتی "ئێمە پێمانوایە پێویستە هاوپەیمانێتییەکە سەرۆک و جێگر و بڕیاردەر و گوتەبێژی هەبێت، لەبەرئەوەی سەرۆکایەتیی هاوپەیمانێتییەکە لە پەرلەمانی عێراق بۆ یەکێتی بووە، ئێمەش لەبەرئەوەی زۆرینەین، پێویستە سەرۆکایەتییەکە لە کوردستان بۆ گۆڕان بێت".

سەبارەت بە بۆچوونی یەکێتی، عەبدولڕەحمان عەلی گوتی "ئەوان چەند ڕایەکیان هەیە، لەوانە هاوسەرۆکی، یان دەڵێن بەپێی خولی گرێدانی پەرلەمان سەرۆک بگۆڕدرێت یان ئەگەر سەرۆکی پەرلەمان لە گۆڕان بوو سەرۆکی هاوپەیمانێتییەکە لە یەکێتی بێت، ئێمەش چاوەڕێی سەرکردایەتیی هاوبەشین بۆئەوەی بڕیاری کۆتایی لەوبارەیەوە بدەن".

#### "بەهۆی کێشە نێوخۆییەکانی یەکێتییەوە دواکەوتوون"

شەوی 2016/9/1 کۆسرەت ڕەسوڵ و د.بەرهەم ساڵح جێگرانی سکرتێری گشتی یەکێتی، ناوەندی بڕیاریان لە نێو یەکێتیدا ڕاگەیاند، ئەوەش لە کاتێکدایە کە زیاتر لە مانگێکە فراکسیۆنەکان پەیڕەوی نێوخۆی هاوپەیمانێتییەکانیان بۆ سەرکردایەتیی هاوبەش بەرزکردووەتەوە، بەڵام تاوەکو ئێستا وەڵامیان نەدراوەتەوە.

بارزان شێخ محەممەد، ئەندامی فراکسیۆنی گۆڕان لە ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "کاتەکە درەنگە و پێدەچێ هۆکاری دواکەوتنی وەڵامدانەوەشمان بۆ کێشە نێوخۆییەکانی ئەمدواییەی یەکێتی بگەڕێتەوە".

هەروەها عەبدولڕەحمان موهەندیس، سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان لە ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر بە (ڕووداو)ی گوت "وا تێدەگەم کێشە نێوخۆییەکانی یەکێتی کاریگەریی لەسەر هاوپەیمانێتییەکان دروستکردووە. ئەگەر ئەو کێشەیە نەبووایە دەمێک بوو سەرکردایەتیی هاوبەش کۆببووەوە".

بەڵام نیار عوزێری، ئەندامی فراکسیۆنی یەکێتی لە ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر ڕەتیکردەوە دواکەوتنەکە بەهۆی کێشە نێوخۆییەکانی حیزبەکەیەوە بێت و گوتی "دواکەوتنەکە پەیوەندی بە کێشە نێوخۆییەکانەوە نییە، چونکە لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا فراکسیۆنەکانی بەغدا ڕاگەیەندرا".

عوزێری گوتی "وەڵامدانەوەکان بە قۆناخە، قۆناخی یەکەم تایبەت بووە بە پەرلەمانی عێراق، دووەم بۆ کوردستان و سێیەمیش ئەنجوومەنی پارێزگاکان، چاوەڕوان دەکرێت لە ڕۆژانی داهاتوودا هاوپەیمانێتی پەرلەمانی کوردستانیش جێبەجێ بکرێ".

هەروەها ڕەفعەت عەبدوڵڵا، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان کە ئەندامی سەرکردایەتی هاوبەشی یەکێتی و گۆڕانیشە بۆ هاوپەیمانێتییەکان، چاوەڕوانیی فراکسیۆنەکانی کۆتایی پێهێنا و بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "کارەکانی هاوپەیمانێتیی فراکسیۆنەکانی پەرلەمانی کوردستان و ئەنجوومەنی پارێزگاکانیش لای ئێمە کۆتاییان هاتووە و لەمڕۆژانەدا داوا لە لیژنەکانی فراکسیۆنەکان دەکەین کۆبوونەوەی هاوبەش بکەن و هاوپەیمانێتییەکان ڕابگەیەنن". هەروەها گوتی "دواکەوتنی ڕاگەیاندنەکە پەیوەندیی بە کێشە نێوخۆییەکانی یەکێتییەوە نەبووە".



(فۆتۆ: سیروان عەزیز)

#### هەولێر کێشەی ناوی نییە

لە ماوەی ڕابردوودا فراکسیۆنەکانی یەکێتی و گۆڕان لە ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی، فراکسیۆنە هاوبەشەکەیان بەناوی "هیوا" ڕاگەیاند. ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگای هەولێریش هەرچەندە هیچ ناوێکیان بۆ هاوپەیمانێتییەکەیان دیاری نەکردووە، بەڵام پێشنیازەکەن هەموو فراکسیۆنەکان یەک ناویان هەبێ. عەبدولڕەحمان موهەندیس گوتی "دیاریکردنی ناومان بۆ سەرکردایەتیی هاوبەش جێهێشتووە، بەڵام پێشنیازمان کردووە بۆ هەر سێ پارێزگاکە یەک ناو هەبێت".

سەبارەت بە مانەوەی فراکسیۆنەکانیان لە ئەنجوومەنی پارێزگاکان، دوای ڕاگەیاندنی هاوپەیمانێتییەکان. بارزان شێخ محەممەد گوتی "ئێمە لە پەیڕەودا نووسیومانە هاوپەیمانێتییەکە یەک تیم بن، واتە فراکسیۆنەکان نەمێنن". بەڵام عەبدولڕەحمان موهەندیس دەڵێت "بە گشتی فراکسیۆنەکان دەمێنن، بەڵام هاوپەیمانییەک دروست دەبێت کە سەرۆک و جێگر و بڕیاردەری دەبێت".

#### "پەرلەمانیان پێ کارا ناکرێتەوە"

بەهۆی تێکچوونی پەیوەندییە سیاسییەکانی پارتی و گۆڕانەوە، نزیکەی ساڵێکە پەرلەمانی کوردستان هیچ کۆبوونەوەیەکی نەکردووە. بزووتنەوەی گۆڕانیش ئومێدی خۆی لەسەر ئەو هاوپەیمانێتییە هەڵچنیووە.

پەرلەمانتارەکەی گۆڕان دەڵێت "70%ی جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکەی یەکێتی و گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستانە، بەدڵنیاییشەوە کات درەنگە و خەڵک چاوەڕێی ئەنجامەکانی ڕێککەوتنەکەن، بەڵام هەتا پەرلەمانی کوردستان کارا نەکرێتەوە ناتوانرێت ماددە و بڕگەکانی ڕێککەوتنەکە جێبەجێ بکرێن". عەبدولڕەحمان عەلی یەکەم کاری هاوپەیمانێتییەکەیانی ئاشکرا کرد و گوتی "هەوڵی کاراکردنەوەی پەرلەمان دەدەین بەبێ مەرج بە هەمان سەرۆکایەتی ئێستا". بەڵام گۆران ئازاد دەڵێت "ئەگەر هاوپەیمانێتییەکە هەبێت یان نا، پەرلەمان کار ناکات، خۆ ڕێککەوتنی یەکێتی و گۆڕانیش بۆ کاراکردنەوەی پەرلەمان هەیە، بەڵام ئایا کارا دەکرێتەوە؟"

## بەڵێنی 80 پۆستیان پێدابوو

# یەکێتی تەنیا 6 پۆستی داوەتە قادر عەزیز

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو – سلێمانی**

یەکێتیی نیشتیمانی کوردستان بەڵێنی نزیکەی 80 پۆستی بە قادرعەزیز، سکرتێری پێشووی حیزبی ئایندەی کوردستان، داوە، بەڵام دوای تێپەڕبوونی نزیکەی دوو مانگ بەسەر چوونی ئایندە بۆ نێو یەکێتی، تەنیا 6 پۆستیان وەرگرتووە.

حیزبی ئایندەی کوردستان، کە سکرتێرەکەی قادرعەزیز بوو، ڕۆژی 2016/8/10 لە شاری سلێمانی لە ڕێورەسمێکدا چووە نێو یەکێتی. پێشتر لە پلینیۆمێکدا کە 320 ئەندامی ئەو حیزبە تێیدا بەشداربوون، ئەو حیزبە خۆی هەڵوەشاندەوە و بڕیاریدا بچێتە نێو یەکێتی.

#### بەڵێنی 80 پۆستیان پێدراوە

حیزبی ئایندەی کوردستان دوای چوونیان بۆ نێو یەکێتی شەش پۆستی باڵایان پێدراوە. قادر عەزیز کرایە ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی، لەگەڵ 2 ئەندامی سەرکردایەتی و 3 ئەندامی ئەنجوومەنی ناوەندی یەکێتی. نەسروڵڵا سوورچی، کە پێشتر بەرپرسی مەکتەبی سیاسیی حیزبی ئایندەی کوردستان بوو و ئێستا کراوەتە ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "بە مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی و ئەنجوومەنی ناوەند و پۆستەکانی خوارەوە، بەڵێنی نزیکەی 70 – 80 پۆستمان پێدراوە".

نەسروڵڵا سوورچی ئاماژەی بەو پۆستانە کرد کە تاوەکو ئێستا وەریانگرتوون و گوتی "جگە لە بەندە، یاسین نێروەییش ئەندامی سەرکردایەتییە. هەریەک لە عەدنان عەزیز خانەقینی، هێرش سەعدی گچکە، ئارام عیسا عەبدوڵڵا، بوونەتە ئەندامی ئەنجوومەنی ناوەند، پۆستەکانی دیکەش ئەندام مەکتەب و ئەندام و کارگێڕ مەڵبەند و ئەندام و کارگێڕ کۆمیتەن، بەڵام تاوەکو ئێستا ئەو پۆستانە پڕنەکراونەتەوە".

سوورچی وەرگرتنی ئەو پۆستانەی بەلاوە باشە و گوتی "ئەو پۆستانەش ژمارەیەکی باشن و هەموویان کەسیان بۆ دادەنێین، ئەگەر کەسێکیش پۆستەکەی پێشووی لە ئایندە هەیبووە پێی نەدرێت، ئیمتیازی پۆستەکەی دەبێت، بۆ نموونە ئەوەی لای ئێمە ئەندامی لق بووە ئێستا دەبێتە ئەندام مەڵبەند، بەڵام ئەگەر لەمکاتەشدا هەموویان ئەو پۆستانە وەرنەگرن، ئیمتیازی پۆستەکانیان وەردەگرن".

بەرپرسانی پێشووی ئایندە ناوی ئەو کەسانەیان یەکلایی کردووەتەوە کە لە یەکێتیدا پۆستەکان وەردەگرن و ناوەکانیش ڕادەستی قادرعەزیز کراون بۆئەوەی بیانداتە مەکتەبی ڕێکخستنی یەکێتی. نەسروڵڵا سوورچی گوتی "چەند پێوەرێکمان بۆ ئەو کەسانە دانابوو کە پۆستەکان وەردەگرن، لەوانە مێژووی پەیوەندیکردنی بە حیزبەوە و چالاکییەکانی، بۆنموونە کاتێک جیابوونەوە لەنێوماندا ڕوویدا، ئەندام هەیە بەبێ مووچە لەگەڵمان مایەوە، بۆ ئەو پێوەرانەش چەند خاڵێکمان بۆ پۆستەکان داناوە".

دوای مەراسیمی ڕاگەیاندنی چوونی ئایندە بۆ نێو یەکێتی، وا بڵاوکرایەوە کە قادر عەزیز دەکرێتە بەرپرسی مەڵبەندی سێی یەکێتی لە هەولێر، بەڵام نەسروڵڵا سوورچی گوتی "تاوەکو ئێستا هیچ شتێکی فەرمی باسنەکراوە کە چ پۆستێکی دیکەی پێدەدرێت".

ئەگەر ئەو پۆستە بدرێتە قادر عەزیز، ئامادەیە وەریبگرێ؟ سوورچی لەوەڵامی ئەو پرسیارەدا گوتی "کاتێک کەسێک لە حیزبدا کاردەکات، بۆ هەر شوێنێک دابنرێ ئامادەیە بیکات، نەک کاک قادر، هەموومان بەوشێوەیەین".

ساڵانی ڕابردوو کاتێک قادر عەزیز، سکرتێری حیزبی زەحمەتکێشان بوو، دەگوترا لە شاری هەولێر لەگەڵ پارتی کێشەی هەبووە، بۆیە هاتووەتە سلێمانی، بۆیە ئێستا پرسیاری ئەوە هەیە کە ئەگەر پۆستی بەرپرسی مەڵبەندی هەولێری یەکێتیی بدرێتێ، تووشی کێشە نابێت لەگەڵ پارتی؟ سوورچی لەوەڵامدا دەڵێت "لە حاڵەتی وەرگرتنی ئەو پۆستەدا، وەک بەرپرسێکی یەکێتی لەوێ دەبێت و سیاسەتی یەکێتی پەیڕەودەکات. هیچ کێشەیەکی شەخسیی لەگەڵ پارتی نییە. کاتی خۆیشی تەنیا ڕای جیاوازی لەگەڵ پارتیدا هەبووە".

ڕەفعەت عەبدوڵڵا، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانی کوردستانیش کە ئەندامی شاندی یەکێتی بوو لەکاتی دانوستاندنەکانی چوونی ئایندە بۆ نێو یەکێتی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "هیچ قسەیەک نەکراوە کە قادر عەزیز بکرێتە بەرپرسی مەڵبەندی هەولێر".

سەبارەت بە پۆستی داهاتووی قادر عەزیزیش لەنێو یەکێتیدا، ڕەفعەت عەبدوڵڵا گوتی "ئێستا لە مەکتەبی سیاسی دەوام دەکات و پۆستی داهاتووشی یەکلایی نەکراوەتەوە".

#### "پەشیمان نین"

دوای ماوەیەکی کەم لە چوونی ئایندە بۆ نێو یەکێتی، ڕۆژی 2016/9/1 باڵی جێگرانی سکرتێری گشتی یەکێتی لە ڕاگەیەندراوێکدا "ناوەندی بڕیار"یان ڕاگەیاند و جارێکی دیکە کێشەکانی ئەو حیزبە تەقینەوە، نەسروڵڵا سوورچی ڕەتیکردەوە لە چوونیان بۆ نێو ئەو حیزبە پەشیمان بن و گوتی "نەخێر پەشیمان نین، لەبەرئەوەی بەدرێژایی مێژووی یەکێتی، ڕای جیاواز هەبووە و ئێستاش ڕەنگە ڕایەکان تۆختر بووبنەوە، بەڵام ئەوەش چارەسەر دەبێت، چونکە هیچ لایەکیان دەستبەرداری یەکێتی نابن".

نەسروڵڵا سوورچی بەدووری زانی کێشە نێوخۆییەکانی یەکێتی کاریگەرییان لەسەر وەرگرتنی پۆستەکانی ئەوان هەبێت و گوتی "لەو باوەڕەدا نیم کاریگەریی هەبێت، چونکە پێشتریش ئەو کێشانەی یەکێتی هەر هەبوون، پاشان ئایندە بەپێی ڕێککەوتنێک چووەتە نێو یەکێتی و هەردوولامان واژۆمان کردووە".



#### قادر عەزیز لەگەڵ کام باڵە؟

نەسرولڵلا سوورچی، ئەندامی پێشووی مەکتەبی سیاسیی ئایندە، ڕەتیکردەوە قادر عەزیز لایەنگری بۆ هیچ باڵێکی یەکێتی پیشانبدات و گوتی "لای هیچ لایەکیان ناگرێت، بەڵکو هەوڵی نێوەندگیرییان لەنێواندا دەدات".

سەبارەت بەوەش کە دەگوترێت زیاتر لە باڵی هێرۆ ئیبراهیمەوە نزیکە، بە تایبەتی دوای ئەوەی ڕۆژی 2016/9/2 بەشداری لە کۆبوونەوەی "زۆرینە"ی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی کرد، سوورچی گوتی "لەو ڕۆژەی بەفەرمی چووینە نێو یەکێتی، لە کۆنگرەی ڕۆژنامەڤانیدا کاک قادر گوتی هاتووین بۆ پتەوترکردنی یەکێتیی نێو یەکێتی، لەبەرئەوەی ئەندامی مەکتەبی سیاسیشە لە هەر شوێنێک کۆبوونەوە بکرێت بەشداردەبێت و ڕۆڵی نێوەندگیر دەبینێ". گوتیشی "ڕاستە کاک قادر بەشداری کۆبوونەوەی زۆرینەی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی بوو، بەڵام ئەگەر بەشدارنەبووایە ڕەنگە بەیاننامەیەکی توندتریان دەرکردبووایە، بۆیە ئامادەبوونی کاک قادر لەو کۆبوونەوەیەدا هۆکارێک بوو بۆئەوەی بەیاننامەکە بەو شێوەیە بێت".

## میهراج ئۆراڵ، بەرپرسی گرووپی مقاوەمەی سووری-ی سەر بە حکومەتی سووریا، بۆ (رووداو):

# یەپەگە هێزێکی لۆکاڵی و کاتییە

بەرپرسی گرووپێکی چەکداری سەر بە حکومەتی سووریایە بەناوی (مقاوەمەی سووری)، کە کەناراوەکانی سووریا دەپارێزن، بەڵام خۆی حەزدەکات بە "میلیتان" ناوی بهێنن. میهراج ئۆراڵ تاوەکو ئێستا زیاتر لە جارێک هەواڵی کوژرانی لە میدیاکانی تورکیا بڵاوکراوەتەوە. ئەو کە تەمەنی 60 ساڵە، لەنێو چەپەکانی تورکیدا ناوێکی ناسراوە. لە تەمەنی 16 ساڵیدا بەهۆی کوشتنی ماهیر چایان، سەرکردەی چەپی تورک، بەشداری لە هەڵمەتێکی مانگرتندا دەکات. ئۆراڵ بەشی فەلسەفەی لە زانکۆی ئیستانبوڵ خوێندووە. لەڕێگەی رێکخراوە چەپەکانیشەوە لە ناوچە شاخاوییەکانی تورکیا بەشداری لە چەند خولێکی سەربازیدا کردووە. ئۆراڵ لە مانگی ئاداری 1978 لە ئەنقەرە دەستگیردەکرێت، بەڵام لە تەمموزی 1980 لەگەڵ 30 زیندانیی دیکەدا، کە زۆربەیان ئەندامی پەکەکە بوون، لەڕێگەی لێدانی تونێلەوە لە زیندانی ئەدەنە هەڵدێن. لەو ماوەیەدا عەبدوڵڵا ئۆجەلان، رێبەری پەکەکە، دەناسێت. ئۆراڵ هێشتاش بە "سەرۆک" ناوی ئۆجەلان دەهێنێ و دەڵێت "لە سووریا 18 ساڵ بەیەکەوە بووین".

میهراج لە ساڵی 2011دا گرووپی (مقاوەمەی سووری)ی دروستکردووە و لە ناوچە شاخاوییەکان و کەناراوەکانی سووریا، دژی گرووپە ئیسلامییەکانی سووریا شەردەکات. لەم هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ (رووداو)، ئۆراڵ پێداگیری دەکات کە هیچ چارەسەرێک بۆ کێشەی سووریا بەبێ بەشداریی کورد ئەنجامی نابێت.

رووداو - هەولێر



**یەکەمین ئۆپەراسیۆنی سەربازیی رووسیا لە سووریا لەسەر پێشنیازی من بوو**

**رووداو: دەڵێن زۆری نەماوە ئەمریکا و رووسیا لەبارەی ئایندەی سووریاوە بگەنە رێککەوتن. پێتوایە ئەمە رووبدات؟**

**میهراج ئۆراڵ:** پێموانییە رووبدات. کاتێک لەدەرەوە تەماشا دەکەیت، تابلۆیەک دەبینی کە وەکو ئەوە وایە ئەو دوو زلهێزە لەسەر دابەشکردنی دەستکەوتەکانی شەڕ لێک نزیک بووبنەتەوە، بەڵام راستییەکەی بەوشێوەیە نییە. من لێرە، وەکو فەرماندەی مقاوەمەی سوری کە لەنێو شەڕەکەدام، تابلۆیەکەی پێشچاوم زۆر جیاوازە. لە سووریا نزیکەی 2600 زۆنی گەرمی شەڕ هەن. هەریەکێک لەو زۆنانە لایەنی تایبەتی خۆی هەیە، لەکاتێکدا تۆڕی تیرۆر، کە 80 وڵات پشتگیریی دەکات، بەردەوامە لەسەر هاندانی سوورییەکان بۆ خوێنڕشتن و درێژەدان بە هێرشەکانیان لەدژی هێزە یاساییەکان، مومکین نییە رووسیا و ئەمریکا بتوانن ئەو پرۆسەیە بەڕێوەببەن. ئەو لایەنانە چارەنووسی ئەو شەڕە دیاریدەکەن کە لە مەیدانەکەدا شەڕدەکەن. خۆی هەوڵی سوپای قارەمانی سووریا و هێزە نیشتمانپەروەرەکان چارەنووسسازە لەوبارەیەوە. دۆستانی رووسیا لە هێزی زەمینی زیاتر بە زانیاری دەربارەی دوژمن و ئۆپەراسیۆنی ئاسمانی پشتگیریمان دەکەن. ئەوەی چارەنووسی ئەو شەڕە یەکلایی دەکاتەوە هێزی زەمینییە. لەمبارەیەوە هێزە نیشتمانپەروەرەکانی سووریا، حیزبوڵڵا و هەندێک هێزی ئێرانی و عێراقی پشتگیریمان دەکەن. بۆیە بەهەڵەدا ناچین ئەگەر بڵێین یەکلاییکردنەوەی ئەو شەڕە لەدەستی سوپای سووریادایە. گفتوگۆی رووسەکان و ئەمریکییەکان ئەگەر زۆر گرنگیش بن، لە مەسەلەی هاوکاریی مرۆیی، ئاگربەستی کاتی و گەڕانەوەی ئاوارەکان بۆ نیشتمان زیاترنین. بڕیار دەربارەی دوارۆژی سووریا تەنیا و تەنیا لەدەستی بەشار ئەسەد و ئیدارەی دیمەشقدایە.

سووریا بۆ رووسیا پێگەیەکی جیۆستراتیژیی هەیە. زنجیرە رووداوەکان و شەڕی نێوخۆیی سووریا، دەرگای کاریگەربوونی رووسیای لەنێو سیاسەتی جیهانیدا کردووەتەوە. هەوڵی مێژوویی رووسەکان بۆ هاتنە ناو ئاوە گەرمەکان لەم رێگەیەوە جێبەجێ کرا. سەرمایە، پیشەسازی، مارکە و کولتووری رووسەکان لە سووریا کاریگەریی خۆی هەیە. دەردی ئەمریکا و هێزە شەڕاوییەکانی دیکە دەستبەسەرداگرتنی بازاڕە. واتای جیاوازیی نێوان ئەو دوو وڵاتە لە هەڵوێستی جیاوازیان دایە دەربارەی سووریا. لەمبارەیەوە رێککەوتنی هەردوو وڵات (رووسیا – ئەمریکا) پەیوەستە بە رەزامەندیی حکومەتی سووریا. رووسیا هیچ شتێک بەسەر سووریادا ناسەپێنێت. نە فڕۆکەخانەی تەرتووس و نە بنکەی ئاسمانیی حمەیمیم بنکەی رووسی نین، بەپێچەوانەوە ئەو دوو بنکەیە بنکەی هاوکاریی سووریان لەلایەن دۆستەکانیەوە.

**رووداو: رووسیا بەر لە ساڵێک هاتە نێو قەیرانی سووریا. دوای هاتنی رووسیا بۆ نێو سووریا چ گۆڕانێک روویدا؟**

**میهراج ئۆراڵ:** وەکو شایەتێکی راستەوخۆی گۆڕەپانی شەڕ، کاریگەریی رووسیا لە رۆژی 19ی تشرینی دووەمی 2015 دەستیپێکرد. ئەویش دوای ئەوەی لەسەر پێشنیازی من وەکو فەرماندەی موقاوەمەی سووریا، ئۆپەراسیۆنێکی بۆ سەر شاخی عەلەوی (چیای کورمانج) دەستپێکرد.

هاوسەنگییە چەقبەستووەکان لەنێو تەواوی سووریادا بەو هەنگاوە وەرچەرخان و بەگشتی لە بەرژەوەندی سووریادا شکانەوە. بەم هەنگاوە هەموو هاوسەنگییەکان کە تەمەنیان 500 ساڵ بوو لە شەڕی مرج دابق لە ساڵی 1516 سەپێندرابوو، بەتەواوەتی گۆڕان. یەکە بە یەکەی ئەو ناوچە گرنگانەی عوسمانییەکان داگیریان کردبوون، جارێکی دیکە کەوتنەوە دەست سوپای سووریا و هێزەکانی موقاوەمەی سووری. دوای هاتنی رووسیا، (تەدموور) ئازادکرا. بەوشێوەیە سایکۆلۆژیی شەڕ لە بەرژەوەندیی سووریا شکایەوە. ئەم پرۆسەیە لەگەڵ خۆی سەرکەوتنی رێژەیی لە حەلەبیش بەدەستهێنا. لەهەمانکاتدا ناوچەکانی ساحل بەتەواوەتی پاککرانەوە. ئارامی بۆ رێگای سەرەکیی لازقیە – دیمەشق گەڕایەوە. ناوەندی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر لە رۆژئاوا بەرەو رۆژهەڵات دەستیپێکرد. پێویستە بڵێین کە پشتگیریی دۆستانی رووسیا لەڕێگەی ئۆپەراسیۆنی ئاسمانی، گرنگیی خۆی هەیە. ئەو پشتگیرییەش لە مەیدانەکاندا بە هەوڵی سوپای قارەمانی سووریا ئەنجامی هەبووە.

پێویستە پشتگیریی رووسیا بەوپەڕی بەهێزییەوە درێژەی هەبێت و بۆ ئاشتی و ئاگربەست زەمینە دروست بکات. بۆ بەرقەرارکردنی ئاشتی، راگەیاندنی ئاگربەست بووەتە تایبەتمەندییەکی گرنگی ئەو پرۆسەیە، بەڵام لەبەرئەوەی ئاگربەست دەرفەتی زیاتر بە بۆڕی هەناسەی تۆڕی تیرۆر دەدات زیاتر تەمەنی درێژنابێت. تا ئەوکاتەی حکومەتی سووریا پەیوەست بێ بە ئاگربەست هێرشە خۆکوژییەکانی تۆڕەکانی تیرۆر زیاتردەبن. بۆیە دەبێ بەتووندی وەڵامی تیرۆریستان بداتەوە. لەم قۆناخەدا هێندەی داعش پێویستە بەرەی ئەلنوسرە بکرێتە ئامانج و لەنێو تۆڕەکانی تیرۆردا هەژمار بکرێت. پێویستە رووسیا لەنێو سووریا لەگەڵ هیچ تۆڕێکی تیرۆر نەرم و نیان نەبێ.

ئێستا هەموو هاوسەنگییەکان لە بەرژەوەندیی سووریادان. لەو نێوەدا ئاڵۆزیی نێوخۆی (حکومەتی سووریا – کورد) کە وەک کێشەیەک ئاماژەی پێدەکرێت، وەکو هەر کاتێکی دیکەی رابردوو، وەک دوو هێزی دۆستی مێژوویی لەڕێگەی ئاشتی و گفتوگۆوە تێپەڕێندراوە. داگیرکردنی جەرابلوس لەلایەن تورکیاوە پیشانیدا کە حکومەتی ئەردۆغان لە تورکیا، دوژمنی (کورد – حکومەتی سووریا)یە لە ناوچەکەدا.

بەهەموو شێوەیەک دەرکەوت کە دیکتاتۆر ئەردۆغان، بە هیچ شێوەیەک لەدژی داعش شەڕناکات، کە دروستکراوی خۆیەتی. چوونی بۆ جەرابلوس وەک گۆڕینی ئێشکگر وایە. سوپای سووریای ئازاد، کە جمکی ئەردۆغانە، جێگەی داعشی گرتووەتەوە. لێرەدا دووبارە دەرکەوت کە تاکە دۆستی کورد سووریایە. دوژمنی هاوبەشیشیان سوپای تورکیایە.

**رووداو: بەڵام پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ رووسیا و ئێران خەریکە گەرموگوڕ دەبنەوە؟ پێتوایە ئەو لێکنزیکبوونەوەیە بکاتە سووریاش؟**

**میهراج ئۆراڵ: ئەو سێ وڵاتە دراوسێیە زوو یان درەنگ** پەیوەندیی باش لەگەڵ یەکتر دادەنێن. ئەمە یاسای سروشتە. هەموو ئەو هۆکارە تێدەپەڕێنن کە بووەتە هۆی دروستکردنی ئاڵۆزی لەنێوانیان و ئاشتدەبنەوە. حکومەتی تورکیا، جگە لە سەردەمی ئەتاتورک، پەیوەندیی ئاشتیانەی لەگەڵ دراوسێکانی نەبووە. ئەو سەردەمەی بە سەردەمی کۆمار ناودەبرێ، سەردەمی چاکبوونەوە بوو لە نێوخۆی تورکیا، لە دەرەوە کاریگەریی نەبوو بەڵام "پیاوی نەخۆش" ئەوکاتەی هەستی بە چاکبوونەوە کرد، لە هێزە دەرەکییەکان یاخی بوو و دەستی بە هێرش کرد. لەوکاتەی سوپای تورکیا بووە بەشێک لە ناتۆ، تورکیا دەستتێوەردانەکانی دەرەوەی بە کۆریا دەستپێکرد و بە داگیرکردنی قوبرس بەردەوام بوو. بە رەوانەکردنی سوپا بۆ ئەفغانستان و سودان، دەستتێوەردان لە کاروباری باکووری عێراق و داگیرکردنی جەرابلوس درێژەی هەبووە. نەوەکانی عوسمانی ئەمجارە بێ ئابڕووانەتر هەوڵدەدەن تورکیا لە ناوەوە و دەرەوە بەرەو رێککەوتنی دووەمی سیڤەر ئاراستەبکەن. لە چوارچێوەی ئەو ئاماژانەدا پێویستە بڵێین تورکیا لەچوارچێوەی ئەو حوکمە و ئەو دەسەڵاتەدا هیچکاتێک ناتوانێ ئارامی و دۆست بدۆزێتەوە. ئەو سیاسەتە ئابڕووبەرەی لەسەر بنەمای دوژمنایەتی، سەودا، هەرەسپێهێنانی ئابووریی دراوسێکان دامەزراوە، دەرفەتی پەیداکردنی دراوسێیەتی باش نائافرێنێ.

ئەگەر هەرەسهێنانی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ رووسیا، ئەوەندە بەسادەیی دەبێتە رۆژەڤ و دەخوێندرێتەوە، کەواتە ئەو دەسەڵاتە ئامادەیە هەمان هەڵە هەزاران جاری دیکە دووبارەبکاتەوە. دیکتاتۆر بەپەرۆشەوە چاوی بە پوتین کەوت. بەوشێوەیە تاوانەکە دەخاتە ئەستۆی گیولەنییەکان، بەڵام وەک پوتینیش باسیکرد ئەو پەیوەندییانە یەکسەر راست نابنەوە. ئەگەر دەوڵەتی تورکیا پێکهاتە و جیهانبینیی خۆی لە ریشەوە نەگۆڕێت، بەبێ ڕێزگرتن لەو گەلانەی کە هەزاران ساڵە بەرلەوەی تورکیا ئەو خاکە بکاتە وڵاتی خۆی لەو ناوچەیە دەژین، تا دان بە مافەکانی ئەواندا نەنێت، تورکیا ناچارە بە چرای دزان لەو ناوچەیەدا بسوورێتەوە. تاوەکو ئاڵۆزییەکانی نێوخۆی بە ئازادی و دیموکراسی چارەسەرنەکات، ناتوانێ لە دەرەوە لەگەڵ دراوسێکانی سیاسەتێکی دوور لە ئاڵۆزی و بە ئاشتیانە بئافرێنێت.

تورکیا ناتوانێ لەگەڵ هیچ یەکێک لە دراوسێکانی بە ئاشتیانە بژی. لەوانەیە لەگەڵ هەندێکیان بۆ ئامانجی هاوبەش رێککەوتنی کاتی بکات، بەڵام ئەوانە درێژە ناکێشن.

لەم ماوەیەدا ئەو هەوڵانەی بۆ لەناوبردنی کورد دەدرێن کاتیان بەسەرچووە. ئەو سیاسەتەی پەیڕەو دەکرێت تا ئاستی بێڕەوشتی بێ مانایە. هەروەها لەپشت نزیکبوونەوەی رووسیا و ئێران لە تورکیا هەرچییەک هەبێت، ئەو هەڵوێستە سووریا ناگرێتەوە. درێژبوونەوەی سیاسەتی بێڕەوشتانەی تورکیا لەدژی کورد لە سووریا دژایەتییەکی توندی دەکرێت.

**رووداو: دەگوترێ راوێژکاری میت بەنهێنی سەردانی سووریای کردووە و پێنج رۆژ لەوێ ماوەتەوە. دوای ئەو سەردانە لە حەسەکە ئاڵۆزی دروستبوو. دواتریش تورکیا چووە نێو جەرابلوس. هەموو ئەمانە بە واتای رێککەوتنێکی ناوچەیی لەدژی کورد نایەت؟**

**میهراج ئۆراڵ:** هێشتا سەردانی راوێژکاری میت بەشێوەیەکی نهێنی بۆ سووریا وەکو خەیاڵێکی هەڵبەستراوی میدیا وایە. گریمان خەیاڵ نییە و راستە. چی لەمە پەیدادەبێت؟ دیکتاتۆرێک ئەوەندە خوێنی رشتبێ و کاولکاریی کردبێ، لە گۆڕینی سیاسەتی سووریادا جگە لە هاوار و ناڵە چیی دیکە بەدەستدەهێنێ. ئەگەر مەسەلەکە لەسەر لەناوبردنی کورد دروستکرابێ، سووریا ئەوکاتەی پەیوەندی هەرە باشیشی لەگەڵ ئەو دیکتاتۆرە بێڕەوشتە هەبوو، دەستی خۆی بەپێچەوانەوە بۆ درێژکردبوو و پێیگوتبوو "بڕۆ لەگەڵ کوردی خۆت ئاشتببەوە".

ئەوەی ئێستاش پێیدەڵێ هەر ئەمەیە.

بەستنەوەی رووداوەکانی حەسەکە بەو مەسەلەیە، شتێکی سادە و دواکەوتووانەیە. رووداوی حەسەکە رووداوێکی لۆکاڵییە. لەدوای رووداوەکانی قامیشلۆ، ئاسایش و هێزەکانی بەرگری نیشتمانی بەهۆی تایبەتمەندییەکانیان هەموو کاتێک زەمینەی دروستبوونی ئاڵۆزییان تێدا هەیە. هەردوولا خەتابار بوون. یەکەمجارە ئەو دوو دۆستە لەدژی یەکتر فڕۆکە بەکاردەهێنن و سەنگەرەکانی یەکدی بۆردوومان دەکەن. کێ ئەو ئاڵۆزییەی دروستکردووە، دەبێ بە زمانێکی توند ئاگادار بکرێتەوە.

هەردوولا ناهەقن، بەڵام لە شوێنێک کە دەوڵەتێک هەبێ، هەوڵبدەی دەزگاکانی دەوڵەت کارەکانیان نەکەن، بەبێ رەچاوکردنی هاوسەنگییەکان، هەوڵبدەی سیاسەت بکەی، ئەوە لە بەرژەوەندیی کورددا نییە. دووبارەیدەکەمەوە سووریا بەشداری لە هیچ پیلانێک لەدژی کورد ناکات. وەک کەسێک کە لەنزیکەوە ئاشنام بە کاریگەریی کورد لەنێو حکومەتی سووریا و سەنگیان لەنێو دەوڵەتدا، هەرکەسێک لەدژی کورد یەکبگرێ، سووریا لەنێو ئەو پێکهاتە بۆگەنەدا نابێت.

**رووداو: ئامانجی تورکیا لە جەرابلوس داعشە یان یەپەگەیە؟ کاتێک تورکیا چووە نێو جەرابلوس، بۆچی سووریا بێدەنگ بوو؟**

**میهراج ئۆراڵ:** ئۆپەراسیۆنی جەرابلوس هەوڵی داگیرکردنی خاکی وڵاتێکی دراوسێیە و دەستدرێژییە. جووڵانەوەیەکی نایاسایییە لەدژی وڵاتێکی سەربەخۆی ئەندام لە نەتەوە یەکگرتووەکان. ئەو جووڵانەوەیە هەوڵی سیاسەتێکی مایەپووچی دیکتاتۆرێکە کە دەخوازێ لە ناوچەکەدا پرۆسەیەکی سەوداکردن دەست پێبکات. هاتنی بۆ نێو سووریا بۆ رێگەگرتنە لە بەرەوپێشچوونی کورد. چونکە هەر دەستکەوت و سەرکەوتنێکی کورد لە سووریا رەنگدانەوەی زیاتری بۆ سەر تورکیا هەیە.

**رووداو: ئەگەر تورکیا هێرش بکاتە سەر ئەلباب، هەڵوێستی سوپای سووریا چی دەبێت؟ ئەگەری شەڕ لەنێوان تورکیا و سووریا هەیە؟**

**میهراج ئۆراڵ:** هاتنی سوپای تورکیا بۆ نێو خاکی سووریا ئەگەر هەنگاوی یەکەمی بێ یان دوا هەنگاوی بێ پەسندنەکراوە و پەسندیش ناکرێت. ئەو دەستدرێژییە بەرهەمی حوکمی عوسمانییە نوێیەکان و دوژمنایەتیی کوردە. هەوڵی تێپەڕاندنی سیاسەتێکی مایەپووچە بە گرتنەبەری توندوتیژی.

ئامانجی گرتنی ئەلباب، زیاتر لە چەند ئامانجێکی گڵاوی لەپشتە. ئەگەر لەم روانگەیەوە سەیری بکەین سووریا لە هەموو بارودۆخێکدا لەدژی ئامانجە گڵاوەکانی تورکیا دەوەستێتەوە. بەڵام هاوکێشەکانی ئێستا ئەو رووبەڕووبوونەوەیە درەنگ دەخات یان پەکدەخات. لە داهاتوویەکی نزیکدا هەموومان ئەوە دەبینین.

**رووداو: پەیوەندیی ئەمریکا و یەپەگە چۆن دەخوێننەوە؟ هاوکێشەیەک کە کورد بەشداری تێدانەکات، مەترسیی داعش دەڕەوێنێتەوە؟**

**میهراج ئۆراڵ:** لەڕووی مەبدەئییەوە رووبەڕووبوونەوەی راستەوخۆ لەگەڵ ئەمریکا خزمەت بە بەرژەوەندیی هیچ میللەتێک ناکات. ئەمریکا دوژمنی هەرە گەورە و ریشەیی کوردە. مێژووی هاوچەرخی کورد مێژووی خیانەتی ئەمریکایە. لەمبارەیەوە هەڵوێستی پراگماتیستانەی یەپەگە کە دەڵێت "هەموو جۆرە هاوکارییەک لەکاتی شەڕدا قبوڵ دەکەین"، کۆتاییەکەی دۆڕاندنە. راستە گەلی کورد بەهۆی گوشاری دەوڵەتانی ناوچەکەوە فەرامۆشکراوە. بەرپرسیارێتییەکەشی لەئەستۆی بێڕەوشتیی ئەو دەوڵەتانەیە. بەڵام بەکارهێنانی ئەو دەستەواژەیە بۆ سووریا واقیعی نییە. پەیوەندیی سووریا لەگەڵ کورد لە سەردەمی شەڕ و ئاشتیدا برایانە بووە. لەوبارەیەوە پەیوەندیی یەپەگە و ئەمریکا بەتایبەتی لە مەسەلەی دروستکردنی بنکەی سەربازی لە هیچ روویەکەوە قبوڵناکرێت.

ئەمریکا دوژمنی کوردە. سووریاش دۆستی کوردە. ئەگەر ئەو هاوسەنگییە بەڕاستی نەخوێندرێتەوە، بەرژەوەندییە ستراتیژییەکان بە قوربانی بەرژەوەندییە کاتییەکان دەکرێن.

هەڵبەت هەر هاوسەنگییەک کوردی تێدانەبێ کەموکوڕیی دەبێ، بەڵام دەبێ ئەوەش بزانین کە هەر سەرکەوتنێک ئەگەر سووریا بەشداریی تێدانەکات سەرکەوتنێکی بەردەوام نابێ. نابێ بە هەستی سەرشەقام و بە دەستەواژەی نەتەوەپەرستانە رووداوەکان بخوێنینەوە. ئەوەی تیرۆریش لەنێودەبات ئەو هێزە لۆکاڵییانەن، نە ئەمریکا نە دۆستەکانی دیکە ناتوانن ئەوە بکەن.

**رووداو: چۆن سەیری یەپەگە دەکەیت؟ دامەزراندنی هەرێمێکی فیدراڵی لە رۆژئاوا مومکینە؟**

**میهراج ئۆراڵ:** یەپەگە هێزی هەرە رەوای پاراستنی کوردە. تا ئەوکاتەی مەترسییەکان لە ناوچەکەدا و لە سووریا لەئارادابن، پێویستە یەپەگە بەهێزتر بێ و خەڵک زیاتر پشتگیریی بکات. وەک هەر رێکخراوێکی دیکەی سەربازی، یەپەگە بە باشی و هەڵەکانیەوە بەردەوامە. یەپەگە هێزێکی لۆکاڵی و کاتییە. بۆیە دەبێ لە ناوچەکەمان بەبایەخەوە سەیری یەپەگە بکرێت. یەپەگە دژە ئیمپریالیستە، خۆسەپێنەر نییە، هێزێکی شۆڕشگێڕی خۆڕاگرە. لەنێو هاوکێشەکانی ناوچەکەدا شوێنێکی گرنگی گرتووە.

لەبارەی فیدراسیۆنی رۆژئاواش بە کورتی دەڵێم، هەموو پێشنیازێک رەوایە کە گەلی کورد لە بەرژەوەندیی خۆی ببینێت. دامەزراندنی کوردستانێک بەنێوی خۆی زوو یان درەنگ دێتەئاراوە. ئەمە مافی کوردە. نیشاندانی ئیرادە لەوبارەیەوە رەوایە، بەڵام ئەو ئیرادە سیاسییەی بەناوی کوردەوە ئەو بڕیارە دەدات پێویستە هاوکێشەکان باش بخوێنێتەوە.

> **دەبێ هەوڵی بەهێزکردنی یەپەگە بدرێت**
>
> **رووداوەکانی قامشلۆ و حەسەکە خەتای یەپەگە و حکومەتیشی تێدابوو**
>
> **ئەمریکا دوژمنی کوردە و سووریا تاکە دۆستی کوردە**
>
> **دەبێ کوردی سووریا هاوکێشەکان باش بخوێننەوە**
>
> **دامەزراندنی بنکەی سەربازیی ئەمریکی بەهاوکاریی یەپەگە قبوڵکراو نییە**
>
> **ئەمریکا و رووسیا لەسەر دوارۆژی سووریا ناگەنە رێککەوتن**
>
> **تورکیا ئامادەکاری بۆ رێککەوتننامەی سیڤەری دووەم دەکات**
>
> **کیانێک بەناوی کوردستانەوە درەنگ یان زوو هەر دادەمەزرێت**

کوردستانی
ڕووداو
ژمارە ( 424 ) - دووشەممە 2016/9/19




## کانتۆنی جزیرە سەرژمێری دەکات

**ڕووداو- هەولێر**

بڕیارە ئەمڕۆ دووشـەممە 2016/9/19 سـەرژمێری لە سـنووری کانتۆنی جزیرەی ڕۆژئاوای کوردسـتان بەڕێوەدەچێت. سـەرژمێرییەکە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی خۆسـەری دیموکراتی ڕۆژئاوای کوردسـتان ئامادەکاری بۆ کراوە. بەرپرسانی کانتۆنەکەش دەڵێن ئامانج لە سەرژمێرییەکە دەرخستنی ژمارەی ڕاستەقینەی دانیشتووانی ڕۆژئاوای کوردستانە. جیهاد عومەر، ئەندامی دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی سووریای دیموکرات ڕایگەیاندووە "ژمارەی ئەو کەسانەی لە شارەکانی سووریا بەرەو ڕۆژئاوای کوردستان کۆچیان کردووە، لەزیادبووندایە. گرنگە سەرژمێری بەڕێوەبچێت بۆ ئەوەی ژمارەی دانیشتووانی ناوچەکان بە تەواوی بزانرێت". سنووری کانتۆنی جزیرە نۆ شار، نۆ شارۆچکە و سەتان گوند دەگرێتەوە.

# ئەمریکا و تورکیا لەسەر باکووری کوردستان ناکۆکن



**ڕووداو- هەولێر**

چاودێرانی سیاسـی پێیانوایـە ئەمریکا بۆ چارەسـەری کێشەی کورد و گەڕانەوە بۆ سەر مێزی گفتوگۆ گوشارەکانی لەسەر تورکیا زیاتر دەکات. پەرلەمانتارێکـی پێشـووی ئاکپارتی دەڵێت "پێموانییە جارێکی دیکە دەوڵەت لەگەڵ پەکەکە لەسـەر مێـزی گفتوگۆ دابنیشـێت". پەرلەمانتارێکی کوردیش دەڵێ "ئەگەر ئەمریکا بیەوێـت دەتوانـێ بـە ڕۆژێـک ئەو کێشـەیە چارەسەر بکات".

دوای زیاتر لە سـاڵێک و پێنج مانگ، ڕۆژی 11ی ئەم مانگە، محەممەد ئۆجەلان، سەردانی عەبدوڵـڵا ئۆجەلانـی بـرای کـرد لـە زیندانی ئیمراڵی. هەر لە هەمان ڕۆژدا وەزارەتی ناوخۆی تورکیا بڕیاریدا سـتافی 28 شارەوانی بگۆڕێت کە 24یان بەرپرسەکانیان کورد بوون و سەر بە پارتـی هەرێمە دیموکراتەکان (دەبەپە) بوون. ئێسـتا پرسـیار ئەوەیە کە ئـەو دوو ڕووداوە پەیوەندییان بەیەکەوە هەبووە یان بە ڕێکەوت ڕوویانداوە؟

### دەستپێکردنەوەی "پرۆسەی چارەسەری"

لـەدوای هەوڵـی کودەتـای 15ی تەمووزی ڕابـردوو، پەکەکـە و ڕێکخسـتنەکانی لـە باکـووری کوردسـتان، نیگەرانییـان لەبارەی بارودۆخـی ئۆجەلان لـە ئیمرالی پیشـاندا. بۆیەش 50 کەسـایەتیی ناسراوی کورد، ڕۆژی 2016/9/5، بـۆ زانینـی بارودۆخـی ئۆجەلان، مانگرتنێکیان ڕاگەیاند.

پرۆفیسـۆر مەزهـەر باغڵـی، پەرلەمانتـاری پێشـووی ئاکپارتـی، لەوبارەیەوە بـە (ڕووداو)ی گـوت "هیـچ پەیامێک لەودیـوی ڕێگەدان بە سـەردانی ئۆجەلان نییە. هەدەپە و پەکەکە ئەو مەسـەلەیەیان کردە ئامرازی پڕوپاگەندە لەدژی تورکیا، بۆ بێدەنگکردنی ئەوان، حکومەت ڕێگەیدا کەسوکاری ئۆجەلان سەردانی ئیمڕالی بکەن".

سـەبارەت بـە دەسـتپێکردنەوەی پرۆسـەی چارەسـەری، باغڵـی گوتـی "پێموانییـە بەهیچ جۆرێـک جارێکی دیکە تورکیا لەگـەڵ پەکەکە لەسەر مێزی گفتوگۆ دابنیشێ".

بـەڵام ئاتیـلا کارت، پەرلەمانتاری پێشـووی جەهەپـە، پێیوایـە تێگەیشـتنی ئاکپارتـی بۆ کارکردنی دامودەزگاکانی بەڕێوەبردن و کارکردنی سیسـتمی دیموکراسـی، وایکـردووە "پرۆسـەی چارەسـەری" پەکیبکەوێـت. ئاتیـلا کارت، بـە (ڕووداو)ی گـوت "چارەسـەری کێشـەی کـورد دەوڵەت لێی بەرپرسـیارە نەک حکومەت. ئەمڕۆ کار و ڕۆڵـی هەموو دەزگاکانـی دەوڵەتی تورکیا ڕاگیراون، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی، میدیا، زانکـۆ کارەکانیان هەڵپەسـێردراون. ئەم تابلۆیە تابلۆیـەک نییـە ئەمڕۆ نەخشـێندرابێ یان دوای 15ی تەممـوز وا گۆڕابێـت، بەڵکـو پێشـتریش هەر بەوشـێوەیە بووە. لەنێو تابلۆیەکی وەهادا، چارەسـەری کێشـەی کورد مەحاڵە. چارەسـەر لەگـەڵ واقیعی ئێسـتای تورکیـا یەکناگرێتەوە. دەبێت ڕای گشـتی و کورد ئەو ڕاستییە ببینێت. بۆ چارەسەری کێشەی کورد پێویستە کۆمەڵگەی تورکیا بەشداری پێبکرێت و بە عەقڵێکی هاوبەش، جێبەجێ بکرێ".

ئەو پەرلەمانتارە بـەدووری نازانێت ئاکپارتی بەناوی پرۆسەی چارەسەرییەوە هەنگاوێکی نوێ بنێـت، بەڵام پێیوایـە ئەو هەنـگاوەی ئاکپارتی بۆ چارەسـەری ڕیشـەیی نییە "ئاکپارتی بەدوای چارەسـەری ڕیشـەییدا ناگەڕێـت. پێویسـتە لەئێستاوە ئەو ڕاستییە ببینین".

شارەوانییەکانی کورد و گوشارەکانی ئەمریکا

لادانی سەرۆک و ئەنجوومەنی شارەوانییەکان، کـە زۆربەیان کـورد بوون، چەندیـن کاردانەوەی نێوخۆیـی و دەرەکیـی بـەدوای خۆیـدا هێنـا. دیارترینیـان کاردانـەوەی جۆن بـاس، باڵیۆزی ئەمریکا لە ئەنقەرە بوو، کاتێک گوتی "نیگەرانین لە دەستبەسەرداگرتنی شارەوانییەکان بەبیانووی پشـتگیریکردنی تیرۆر. هیواداریـن لەو ناوچەیەدا هەڵبژاردنێکی نوێ بکرێت".

کاردانـەوەی لایەنـی تورکیـش بەرامبـەر قسـەکانی باڵیـۆزی ئەمریـکا زۆر وەدرەنـگ نەکـەوت. سـلێمان سـۆیلو، وەزیـری ناوخۆی تورکیا، لە یەکەم ڕۆژی جەژندا لە شاری مووش گوتـی "ئەوەی ئێمـەی نیگەرانکرد، قسـەکانی باڵیۆز بوو. ئێمە ئەو قسـانە بە دەستوەردان لە کاروباری تورکیا دەزانین. ئەمەش لە کەس قبوڵ ناکەین". وەڵامی دەوڵەتی باخچەلی، سـەرۆکی مەهەپەش لە وەڵامی وەزیری ناوخۆ توندتربوو و گوتی "باڵیۆز سنووری خۆی دەبەزێنێ".

ئەمریـکا هـەر بەوە نەوەسـتا. ڕۆژی هەینیی ڕابـردوو، مـارک تۆنـەر، گوتەبێـژی وەزارەتـی دەرەوەی ئەمریـکا، ڕایگەیاند "جۆن باس بەناوی حکومەتـی ئەمریـکاوە ئەو قسـانەی کـردووە، نیگەرانین لە بارودۆخی دیموکراسـی و مافەکانی مرۆڤ لە تورکیا".

مەزهـەر باغڵی لەبارەی ئـەو کاردانەوەیەی ئەمریکاوە دەڵێت "ئەمریکا لەڕووی دیپلۆماسی، سیاسـی و لۆبییـە جۆراوجۆرەکانەوە گوشـار دەخاتە سەر تورکیا، بەڵام تورکیا ئەو گوشارانە وەک هەڕەشە بۆ سەر خۆی دەبینێ و هیچکات ملکەچی ئەو گوشارانە نابێت".

سـەرەڕای دەمەقاڵـەی نێـوان تورکیـا و ئەمریکا لەسـەر کـورد، لایەنی کوردی ڕەخنە لـە ئەمریـکا و ڕۆژئـاوا دەگرێـت و پێیوایـە پەنجـەی ئەوان لەنێو شـەڕی کێشـەی کورد هەیە. دیلەک ئۆجەلان، پەرلەمانتاری هەدەپە کە بـرازای ئۆجەلانە لە کاتی بەشـداریکردنی لـە بەرنامەیەکـی دەنگی ئەمریـکا گوتی "لە چارەسەرنەبوونی کێشەی کورددا تەنیا تورکیا نا، بەڵکـو وڵاتانی دیکەش ڕۆڵیـان هەیە. وا سـەیرمەکەن کە ئێسـتا هیـچ دەنگیان نییە، چونکە دەسـتی ئەوان لەنێو شەڕەکەدا هەیە. ئەگـەر ئەمریـکا بیـەوێ دەتوانێ بـە ڕۆژێک کێشەکە چارەسەربکات، بەڵام نایەوێت".

زۆر کـەس پێیوایـە وەدەنگهاتنـی باڵیۆزی ئەمریکا لە ئەنقەرە، مەسـەلەیەکی وا سـادە و بێ پلان نییە. ئەسلی ئایدنتاش، گۆشەنووسی تـورک کە لـە ئەمریکا دەژیت، لە گۆشـەکەی خۆیـدا کـە ڕۆژی 2016/9/16 بڵاوکراوەتەوە، دەڵێـت "باڵیۆزێکی گـەورەی ئەمریکا لەخۆوە لە مەسەلەیەکی وا هەستیاردا قسە ناکات. ئەو باسی نیگەرانیی بەڕێوەبەرایەتیی ئۆباما دەکات لەبـارەی ڕووداوەکانی تورکیـا. وەڵامە توند و نادیپلۆماسییەکەی وەزیری ناوخۆی تورکیاش، هەرچەندە مینبەرەکانی ناوخۆ ئاسوودە دەکات، بـەڵام بۆ واشـنتن هیچ نرخێکی نییـە". بەڵام ئەسلی پێیوایە دەنگی باڵیۆزی ئەمریکا لەدژی ئەنقەرە دەنگێکی بەرزنییە "ئاگادارکردنەوەیەکی شـەرمنانەیە. ئەگەر دەنگێکی بەرز بووایە، لە واشنتن زیاتر دەنگیدەدایەوە".

ئەسـڵی هـۆکاری قسـەکانی جـۆن بـاس پوختدەکاتـەوە و دەڵێـت "ئیـدارەی ئەمریکا نیگەرانـە لـە پێداگیریـی تورکیـا لەسـەر چارەسەری سەربازی بۆ کێشەی کورد و وەڵامی چەکدارییانەی پەکەکە. بەشـێوەیەکی گشـتی پێیوایـە تورکیا گوللە لە قاچـی خۆی دەدات. هەموو کەس دەزانێ مەسەلەکە لەنێو سنووری تورکیادا نییە بەتەنیا و لە یاخیبوونێک تێپەڕیوە کە سەرکوت بکرێت".

### پەرلەمانتارێکی پێشووی ئاکپارتی:
## سەردانی محەممەد ئۆجەلان بۆ ئیمرالی تەنیا بۆ بێدەنگکردنی هەدەپە و پەکەکە بوو

### پەرلەمانتارێکی پێشووی جەهەپە:
## پرۆسەی چارەسەری لەگەڵ واقیعی ئێستای تورکیا یەکناگرێتەوە

### برازای ئۆجەلان:
## ئەگەر ئەمریکا مەبەستی بێت دەتوانێ بە ڕۆژێک کێشەی کورد چارەسەر بکات

### "ئینجەرلیک کارتی گوشار نەماوە"

سـەمیح ئیدیز، چاودێری سیاسـی لە تورکیا دەڵێت "دوورنییە کەللەڕەقیی تورکیا، ئەمریکا ناچـاری ڕێگەچارەی دیکە بکات. دەبێ تورکیا بزانێت کە کارتی بەکارهێنانی ئینجەرلیک وەکو ڕابردوو بایەخی نەماوە. ئەمریکا دەخوازێ کورد و تورک لە یەک نزیکبکاتەوە، بەڵام تورکیا گوێ بۆ ئەمە شـل ناکات. دوورنییە ئەو هەڵوێستەی تورکیا بە گران لەسەری بشکێتەوە".

## زۆرترین مامۆستا لە ئامەد دوورخراونەتەوە

# تورکیا بەشێک لە مامۆستا دوورخراوەکان دەگێڕێتەوە سەر کارەکانیان

### جەهەپە: ژیانی هەزاران کەس سەرەوبن کراوە

ئەو مامۆسـتایانەی لە باکووری کوردسـتان لـە کارەکانیـان دوورخراونەتـەوە، پێیانوایـە بڕیاری دوورخسـتنەوەیان بڕیارێکی "سیاسی" و نایاسایی"یە. دەشڵێن دەوڵەت بە دوورخستنەوەی ئەوان دەیەوێ "سیستمێکی پەروەردە بەگوێرەی ئایدیۆلۆژیای حکومەت دروست بکات". بەرپرسی سەندیکایەکی مامۆستایانیش دەڵێت: "بڕیاروایە حکومەت هەندێک لەو مامۆستایانە بگەڕێنێتەوە سـەر کارەکانیان، مەبەستیشـی لەمە تێکدانی یەکڕیزیی مامۆستایانە".

وەزارەتی پەروەردەی نیشتمانیی تورکیا ڕۆژی 2016/9/8 بڕیاری دوورخستنەوەی 11 هەزار و 285 مامۆسـتای دەرکرد، کـە زۆربەیان کوردن و لـە شـارەکانی باکووری کوردسـتان دەژین و کاردەکەن. لە ڕوونکردنەوەیەکی ئەو وەزارەتەدا هاتـووە کە "پاش هەماهەنگـی و لێکۆڵینەوەی ورد لەگەڵ والیی شارەکان" ئەو بڕیارەیان داوە.

ڕۆژی 2016/9/4، بینالـی یڵـدرم، سـەرۆکوەزیرانی تورکیا، سەردانی ئامەدی کرد و لـە قسـەکانیدا ئاماژەی بە دوورخسـتنەوەی ئـەو مامۆسـتایانە کردبـوو کـە وەک "ئەندامی پەکەکـە" نـاوی هێنابـوون. سـەرۆکوەزیرانی تورکیا لەمبارەیەوە گوتی: "پێشـبینی دەکەین لەم ناوچەیە 14 هەزار مامۆستا بەشێوەیەک لە شـێوەکان لە تیرۆرەوە گلابـن، بەڵام چەند لەو ژمارەیە ڕاسـتەوخۆ لەگەڵ تیـرۆر پەیوەندییان هەبـووە و چەندیان پەیوەندییـان نەبووە، ئەوە لێکۆڵینەوە ئاشکرایدەکات". یڵدرم بەردەوام بوو و گوتی: "دوای جەژن قوتابخانەکان دەکرێنەوە، لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە قسـەمانکردووە، ئەو مامۆسـتایانەی گومانیان لێدەکرێت، ڕێوشوێنی پێویسـتیان بەرامبـەر دەگیرێتەبـەر و لـە کارەکانیان دووردەخرێنەوە. واتە لە وانەگوتنەوە دووردەخرێنەوە. مامۆسـتای دیکـەش ڕەوانەی شـوێنی ئەوان دەکەیـن". ئەو قسـانەی یڵدرم کاردانەوەی سـەندیکاکانی تایبەت بە پەروەردە و پارتە سیاسییەکانی لێکەوتەوە.

ڕۆژنامەنووس مەحموود بۆزئەرسەلان پێیوایە مەسـەلەی ئەندامێتیی ئەو مامۆسـتایانە لەنێو پەکەکـەدا "شـتێکی دوورە لـە ڕاسـتییەوە". ئەرسـەلان لەوبارەیـەوە بـە (ڕووداو) دەڵێت: "بەشـێک لەو مامۆسـتایانەی دوورخراونەتەوە دەناسم. تەنیا ئەندامی سەندیکان و پەیوەستن بە ڕێسا و بنەماکانی پیشەییان".

بڕیارەکەی وەزارەتی پـەروەردە کاردانەوەی توونـدی سـەندیکای ئەیتم-سەن، کە گەورەترین سـەندیکای مامۆسـتایانەی لێکەوتـەوە. لـە بەیاننامەیەکیدا سـەندیکای ناوبـراو بڕیارەکەی وەزارەتـی پـەروردە بـە "ئەنجامدانـی تـاوان" دەناسێنێ و تێیدا هاتووە: "حکومەت و میدیای سـێبەر و سـەندیکای سـێبەر، بەهەماهەنگـی تۆمەتێـک هەڵدەبەسـتن و کارمەندانـی بواری پـەروەردە دەکەنـە ئامانج. ئەمەش بەئاشـکرا جۆرێکە لە لەسێدارەدان بەبێ دادگا. ئەو بڕیارە هیچ پاڵپشتییەکی یاسایی و دەستووریی نییە".

### جەهەپە و هەدەپە دژی بڕیارەکەن

زەینەب ئاکاتاڵ، جێگری سـەرۆکی گشـتیی جەهەپـە، پێیوایـە بـەو بڕیـارە، بەبێئـەوەی پرۆسـەی دادگاییکـردن هەبێ، "ژیانـی هەزاران کەس سـەراوبن دەبێـت". ئـەو لەوبارەیەوە بۆ (ڕووداو) دەڵێـت: "دوای هەوڵـی کودەتـا، ئەو دەرفەتەیـان بۆ ڕەخسـا، ئـەو دەرفەتـە وەکو دەرفەتـی ڕاوەدوونانی سـیحربازەکان وایە. ئەو سیاسـەتەی ئەمڕۆ ئاکپارتی پەیـڕەوی دەکات، نەک بەتەنیا کاریگەریی خراپ لەسـەر پرۆسەی پەروەردە جێدەهێڵێت، بەڵکو گەیشتۆتە ئاستێک کە پەروەردەکاران سزادەدات".

ئیبراهیـم ئایهـان، پەرلەمانتـاری هەدەپە و ئەندامـی کۆمسـیۆنی پـەروەردەی نیشـتمانی لـە پەرلەمانـی تورکیـا، دەڵێـت: "بڕیـاری دوورخسـتنەوەی مامۆسـتایان سیاسـییە، بـە لۆژیکـی کودەتـا جێبەجـێ کـراوە. بەهـۆی هەڵوێستی سیاسیی مامۆستایانەوە بەشێوەیەکی نایاسـایی لە کارەکانیـان دوورخراونەتەوە. بۆیە دژی پاکتاوکردنی مامۆستایان دەوەستین".

### هەندێکیان دەگەڕێندرێنەوە

ڕۆژی 2016/9/17 ئاژانسـی ئانادۆڵی تورکی بڵاویکـردەوە کە وەزارەتی پـەروەردە بڕیاریداوە 500 مامۆسـتا لـە دێرسـم بگەڕێنێتەوە سـەر کارەکانیـان. هولیا ئۆزەڤین، هاوژینی سـەدات ئۆزەڤین، سـەرۆکی پێشـووی ژووری پارێزەرانی باتمان، کە ساڵی 2010 لەگەڵ 3 سیاسەتمەداری دیکەی کورد بەهۆی تەقینەوەی ئۆتۆمبێلەکەیان بـە مینێکـی چێنـدراوی پەکەکـە گیانیـان لەدەسـتدابوو، یەکێکـە لـەو 11 هـەزار و 301 مامۆستایەی لە کارەکەی دوورخراوەتەوە. ئەو بۆ (ڕووداو) دەڵێت: "لە ساڵی 1991ەوە مامۆستام. پشتگیری لە پەروەردەیەکی دیموکراتی و عەلمانی بە زمانی دایک دەکەم. تاکە تاوانی ئێمە داواکردنی کۆتاییهێنانە بە شەڕ. لەبەرئەوەی لەئەنجامی شەڕ زۆر زیانمان پێگەیشتووە، بەردەوام داوامانکردووە شەڕ نەمێنێ. بۆیە تاوانبارکردنمان بە تیرۆریست بوختانێکی زۆر نابەجێیە".

هولیـا دوای ئـەوەی هاوسـەرەکەی بـە مین گیان لەدەسـتدەدات، دەبێتە ئەندامی ڕێکخراوی (دەستپێشـخەری تورکیایەکـی بـێ میـن) و نوێنەری باتمان. ئەو پێیوایە بانگەشەی حکومەت لەبارەی گەڕاندنەوەی ئەو مامۆستایانەی تاوانیان نەکـردووە، مەترسـیدارە، چونکـە "هەموومـان ئەندامـی سـەندیکاین و پێکەوە بەشداریمان لە چالاکییەکاندا کـردووە. هەروەها بەشـێوەیەکی دیموکراتییانە کارمانکردووە".



### "بەرگری لە مافی منداڵ"

زۆرترین مامۆستا لە ئامەد دوورخراونەتەوە. بەگوێرەی ئەو لیسـتەی والیی ئامەد لەبارەی مامۆسـتا دوورخراوەکانەوە بڵاویکردووەتەوە، 4 هـەزار و 313 مامۆسـتا لـە ئامـەد دوورخراونەتـەوە. ئیکرام ئاتابای، سـەرۆکی ئەیتم-سـەن، لقـی ئامـەد، تۆمەتبارکردنـی ئەوان بـە ئەندامێتیی پەکەکە بە "چیرۆکێکی هەڵبەسـتراو" دەزانێ و دەڵێـت: "ئێمە تەنیا بەرگـری لـە دیموکراسـی دەکەیـن، بەرگری لـە مافی منـداڵان دەکەیـن. تەنیـا بۆئەوەی بمانشـکێنن دەیانـەوێ کردەوەکانمـان بـە پەکەکـەوە ببەسـتنەوە. ئەوانـە قسـەی حکومەتـن، بۆ شـاردنەوەی زوڵمی خۆی ئەو قسانە هەڵدەبەستێ".

گۆڕان و کۆمەڵ ڕەتیدەکەنەوە و یەکێتی و یەکگرتووش بڕیاریاننەداوە

# 4 حیزبەکە بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ حکومەت هاوڕا نین



## گۆڕان: ئەمە کاری پەرلەمانە نەک حکومەت

## کۆمەڵ: حکومەت دەیەوێ بمانکاتە هاوبەشی شکستەکانی

## یەکگرتوو: لە کۆبوونەوەی حیزبدا بڕیاری لێدەدەین

نەوزاد مەحموود و سیروان عەباس
ڕووداو- سلێمانی

حیزبە بەشداربووەکانی حکومەتی کوردستان، مەیلی بەشداریکردنیان لەو کۆبوونەوەیەدا نییە کە ئەنجوومەنی وەزیران داوایکردووە بۆ خستنەڕووی داتا و زانیارییەکان لەبارەی داهات و قەیرانی دارایی و قسەکردن لەسەر شێوازی چارەسەرکردنی. ئەوەی هەر زوو وەڵامی حکومەتی بە "نەخێر" دایەوە بزووتنەوەی گۆڕان بوو، کە گوتەبێژەکەی دەڵێت "ئەو جۆرە کۆبوونەوانە کاری پەرلەمانە نەک حکومەت".

لە مانگی شوباتی 2016، ئەنجوومەنی وەزیران بڕیاریدا سیستمی پاشەکەوتکردنی مووچە پەیڕەو بکات. ئەوەش لەپێناو ئەوەی بتوانێ مانگانە مووچەی فەرمانبەران بدات، بەڵام بە جێبەجێکردنی ئەو سیستمەش دواکەوتنی مووچەی فەرمانبەران چارەسەرنەکرا. دواکەوتنی مووچە ناڕەزایەتیی خەڵکی لێ کەوتووەتەوە، حیزبەکانیش، بەوانەشەوە کە بەشدارن لە حکومەتدا، بەردەوام ڕەخنە لە حکومەت و مامەڵەکردنی لەگەڵ داهاتەکان دەگرن.

ئێوارەی 2016/9/17 ئەنجوومەنی وەزیران ڕاگەیێندراوێکی بڵاوکردەوە و داوای لە لایەنە سیاسییەکانی بەشدار لە حکومەت و پەرلەمانی کوردستاندا کرد، لەگەڵ حکومەت کۆببنەوە، بۆئەوەی ڕوونکردنەوەیان پێبدرێ لەبارەی داهاتەکان و مووچەوە. شۆڕش حاجی، گوتەبێژی بزووتنەوەی گۆڕان، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئێمە وەک بزووتنەوەی گۆڕان بەشداری لەو جۆرە کۆبوونەوانە ناکەین. پێمانوایە کۆبوونەوەیەکی لەو جۆرە لەسەر شەفافیەتی داهات و خەرجی، دەبێ پەرلەمان کاری لەسەر بکات و کاری پەرلەمانە کە چاودێریی ئەدای حکومەت بکات، نەک لایەنە سیاسییەکان لەلایەن حکومەتەوە بانگهێشت بکرێن و پاساو بۆ شکستی ئەو حکومەتە بهێنرێتەوە".

گوتەبێژی بزووتنەوەی گۆڕان لە درێژەی لێدوانەکەیدا دەڵێت "خەڵک چاوەڕێی دەکرد حکومەتی هەرێمی کوردستان شکستی خۆی ڕابگەیێنێت و داوای لێبووردن لە خەڵکی کوردستان بکات لە ئەنجامی ئەو سیاسەتە هەڵە ئابوورییەی کە پەیڕەویان کردووە. دەبێ ئەوەش بڵێین لەکاتێکدا ئەنجوومەنی وەزیران داوا لە لایەنە سیاسییەکان دەکات بچن لەگەڵیان دابنیشن، خۆی ماوەی 100 ڕۆژە کۆنەبووەتەوە".

شۆڕش حاجی پەرلەمان و ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە پەرلەمان و ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق بەراورد دەکات و دەڵێ لەگەڵ بوونی ئەو هەموو کێشەیە لە بەغدا، پەرلەمان پەکنەخراوە: "هەموو ڕۆژانێکی سێشەممە ئەنجوومەنی وەزیران کۆدەبێتەوە بۆ باسکردنی ئەو قەیرانانەی ڕووبەڕووی خەڵکی عێراق دەبنەوە، بەڵام لە هەرێمی کوردستان بەپێچەوانەیە".

هەروەها کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان کۆبوونەوە لەگەڵ حکومەت بە پێویست نازانێت و دەڵێت ئەگەر حکومەت مەبەستی چاککردنی باری گوزەرانی فەرمانبەران بێ، پرس بە حیزبەکان ناکات. مەروان گەڵاڵی، سەرۆکی فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی لە پەرلەمانی کوردستان، دەڵێ "ئێمە لەمێژە لەگەڵ حکومەت مامەڵە دەکەین و بەوهۆیەوە باش دەیناسین و دەزانین بەتەمای چاکسازی نییە. خەڵک بانگ دەکات و باسی ئەوە دەکات کە ڕوویداوە. کاتێک بیەوێ چاکسازی بکات، بە کەس ناڵێ، بۆنموونە مووچەی ئەنجوومەنی دادوەریی چاککرد و بەکەسیشی نەگوت، بەڵام کاتێک بڕیاریدا مووچە بۆ نیوە کەم بکاتەوە، هەموو حیزبەکانی کۆکردەوە و هەموویانی کردە شەریکە بڕیار".

مەروان گەڵاڵی بە دژواری دەبینێ حیزبەکەی بەشداری لەو کۆبوونەوەیەدا بکات "ئەگەر بزانین بۆ چاکسازیی ڕاستەقینەیە، بێگومان بەشداردەبین، بەڵام دەزانین ئاشتی هەورامی دێنن بە کۆمەڵێک ژمارەوە کە کەس سەری لێدەرناکات، حیزبەکانیش دەکەنە هاوبەشی ئەو شکستەی حکومەت". گەڵاڵی دەڵێت حیزبەکەی مەرجی هەیە بۆ بەشداری لەو کۆبوونەوەیە "بڕیاربدرێ مووچە وەک خۆی لێبکرێتەوە و داهات شەفاف بێت و سندوقێکمان بۆ داهات دروستکرد، دەبێ داهاتەکان بڕواتە ئەو سندووقە و لیژنەیەک لە پەرلەمانەوە سەرپەرشتی داهات و فرۆشتن و خەرجکردنی بکات".

سەبارەت بەو داوایەی ئەنجوومەنی وەزیران فەرهاد مەلا ساڵح، ئەندامی ئەنجوومەنی جێبەجێکردنی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "پێمانوایە ئەم بانگهێشتکردنە بەشێکە لە بەدەنگەوەهاتن و گوشار و ئەو نیگەرانییانەی ئێستا لە شەقامی کوردیدا هەیە". هەرچەندە عوسمان کاروانی، ئەندامی سەرکردایەتیی یەکگرتوو دەڵێ مەکتەبی سیاسی لە کۆبوونەوەیەکدا ئەوە یەکلایی دەکەنەوە کە ئایا یەکگرتوو بەشداری دەکات یان نا، بەڵام فەرهاد مەلا ساڵح دەڵێت "پێمانوایە دابڕانێکی گەورە لەنێوان جەماوەر و حکومەتی هەرێمی کوردستاندا دروستبووە. ئەو دابڕانەش پێویستی بە چارەسەرکردنە. لەسەر ئەو بنەمایەش کە یەکگرتوو بەشداری حکومەتە، لەماوەی ڕابردوودا بەفەرمی یاداشتنامەیەکمان ڕادەستی حکومەت کرد و داوای هەڵوێستمان کرد، ئەگەر حکومەت نەتوانێت چارەسەرێک بدۆزێتەوە، یەکگرتووی ئیسلامی ناتوانێت درێژە بە بەشداری لە حکومەتدا بدات".

لە ڕاگەیێندراوەکەی حکومەتدا هاتووە "ماوەیەکە لایەنە سیاسییەکانی بەشداری حکومەت و پەرلەمانی هەرێمی کوردستان، لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە دید و بۆچوون و سەرنج و تێبینیی جیاجیا دەربارەی قەیرانەکانی هەرێمی کوردستان و چۆنیەتیی چارەسەرکردنیان و پرسی داهات و خەرجییەکان دەخەنەڕوو، سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی وەزیران پێی باشە بۆ خستنەڕووی داتا و زانیاریی دروست و فەرمی لەمبارەیەوە، هەموو لایەنە سیاسییە بەشدارەکانی حکومەت و پەرلەمانی هەرێمی کوردستان بانگهێشتی کۆبوونەوەیەکی فراوان بکات و لەسەر ئەم باسانە و تەواوی داتا و زانیارییەکانیان و هەنگاوەکانی چاکسازیی حکومەت گفتوگۆ بکەن".

بە بڕوای شۆڕش حاجی، بەم بانگهێشتەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، دەیسەلمێنێت کە باوەڕیان بە هیچ دامەزراوەیەکی شەرعی نییە و دەڵێت "تەنیا دامەزراوەیەک کە بتوانێت چاودێری ئەدای حکومەت بکات پەرلەمانە کە لەلایەن خەڵکەوە هەڵبژێردراوە، حکومەت بەم بانگهێشتەی دەیسەلمێنێت کە باوەڕیان بەهیچ دامەزراوەیەکی شەرعی هەڵبژاردە و نوێنەری خەڵکی کوردستان نییە، کە لە حکومەت بپرسێتەوە و لە کەموکوڕییەکانیان ئاگاداربێت و ئیرادات و داهاتی کوردستان شەفاف بێت".

بەرپرسێکی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، کە وەک خۆی گوتی "لەبەر هەستیاریی دۆخی نێوخۆی یەکێتی" نەیویست ناوی بڵاو بکرێتەوە، پێیوایە کاتێک بەفەرمی داوا لە یەکێتی کرا بۆ ئەو کۆبوونەوەیە، وەڵامی دەبێ. بەڵام نەشیشاردەوە کە "ناکۆکییەکانی نێوخۆی یەکێتی وایکردووە ڕەنگە ئەگەر بڕیاری بەشداریکردنیش بدات، فراکسیۆنی یەکێتی لە پەرلەمان سەرپشک بکات".

تەنیا مامۆستایانی زانکۆی پزیشکی وەریاننەگرتووە

# لە کۆی 8000 مامۆستای زانکۆ 346 کەسیان مۆڵەتیان وەرگرتووە

پشتیوان جەمال
ڕووداو- سلێمانی

بەهۆی قەیرانی داراییەوە 346 مامۆستا لە زانکۆ حکومییەکان مۆڵەتی بێ مووچەیان وەرگرتووە. بەشێکی ئەو ژمارەیەش ڕوویان لە زانکۆ ئەهلییەکان کردووە. سەرۆکی زانکۆکان پێیانوایە ئەو مۆڵەتوەرگرتنانە کاریگەریی نەرێنییان لەسەر پرۆسەی خوێندن دەبێت.

وا بڕیارە سەرەتای مانگی داهاتوو پرۆسەی خوێندن لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان دەستپێبکاتەوە، بەڵام قەیرانی دارایی و سیستمی پاشەکەوت و دواکەوتنی مووچە، هەندێک لە مامۆستایانی ناچارکردووە بیر لە وەرگرتنی مۆڵەت بکەنەوە.

بەپێی ئامارێکی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە دراوەتە (ڕووداو)، زیاتر لە 8000 مامۆستا لە زانکۆکان وانەدەڵێنەوە، بەڵام 346 لەو مامۆستایانە مۆڵەتیان وەرگرتووە.

د.سەلاحەددین سەعید، سەرۆکی زانکۆی سلێمانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، هەندێک لەو مامۆستایانە بێمووچە وهەندێکیشیان خواستنن، بەڵام نازانن دەڕۆنە زانکۆ تایبەتییەکان یاخود نا. د.سەلاحەددین گوتی "ئەو مامۆستایانە زیاتر لە کۆلێژەکانی یاسا، زانست، ئەندازیاری و ڤێتێرنەریین و زۆربەشیان داوای مۆڵەتی بێ مووچە دەکەن".

بەپێی بەدواداچوونی ڕووداو لە کۆی 1900 مامۆستای زانکۆی سلێمانی، 100 مامۆستا مۆڵەتیان بێ مووچە یان خواستنیان وەرگرتووە. هەروەها لە زانکۆی سەلاحەددینیش لە کۆی 2300 مامۆستا 90 مامۆستایان مۆڵەتیان وەرگرتووە.

د.ئەحمەد دزەیی، سەرۆکی زانکۆی سەلاحەددین ئاماژەی بەوەدا ژمارەیەک لە مامۆستایانی زانکۆ داوای مۆڵەتی خواستنیان کردووە و چوونەتە زانکۆ تایبەتەکان. دزەیی گوتی "ئەو مامۆستایانەی مۆڵەت وەردەگرن زیاتر لە کۆلێژەکانی یاسا، زانستە سیاسییەکان و بەڕێوەبردن و کارگێڕیین، ئێمەش بەپێی پێویست مۆڵەتیان دەدەینێ".

لە زانکۆی دهۆک لە کۆی 1400 مامۆستا 47 مامۆستایان مۆڵەتیان وەرگرتووە. بەگوتەی د.موسلح دهۆکی، سەرۆکی زانکۆی دهۆک، زۆربەی ئەو مامۆستایانەی داوای مۆڵەتیان کردووە، بەهۆی قەیرانی دارایی بووە. هەندێک لەو مامۆستایانەش چوونەتە دەرەوە.

جگە لەو سێ زانکۆیە، ژمارەیەک مامۆستایانی زانکۆکانی پۆلیتەکنیکی و پەیمانگەکانیش مۆڵەتیان وەرگرتووە. بەپێی ئەو ئامارەی دەست ڕووداو کەوتووە. لە کۆی 1080 مامۆستای هەر سێ زانکۆی پۆلیتەکنیکی (هەولێر، دهۆک، سلێمانی) 71 مامۆستا مۆڵەتیان وەرگرتووە.

د.ئالان فەرەیدوون، سەرۆکی زانکۆی پۆلەتەکنیکی سلێمانی بە (ڕووداو)ی گوت "90%ی ئەو مامۆستایانەی داوای مۆڵەت دەکەن بەهۆی قەیرانی داراییەوەیە و دەچنە زانکۆ ئەهلییەکان. هەندێکیشیان لە دەرەوە بڕوانامەی بەرزیان بەدەستهێناوە و دەچنە دەرەوە، چونکە ژیانیان بەو مووچەیەی ئێستا بەڕێوە ناچێت".

هەروەها د.کاوە شێروانی، سەرۆکی زانکۆی پۆلۆتەکنیکی هەولێر بە (ڕووداو)ی گوت ڕۆژانە مامۆستایان داوای مۆڵەتی بێمووچە دەکەن "زۆربەیان دەڵێن بەهۆی قەیرانی داراییەوەیە، ڕوو دەکەنە زانکۆ ئەهلییەکان و کۆمپانیاکان، یان دەچنە دەرەوەی وڵات".

بەپێچەوانەی ئەو زانکۆیانە، هیچ مامۆستایەک لە زانکۆی پزیشکیی هەولێر داوای مۆڵەتی نەکردووە، د.دارا میران، سەرۆکی ئەو زانکۆیە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "تائێستا هیچ مامۆستایەکمان داوای مۆڵەتی نەکردووە، بەڵام بۆ داهاتوو نازانم داوا دەکەن یان نا".

سەبارەت بە کاریگەری وەرگرتنی مۆڵەتی ئەو مامۆستایانە لەسەر پرۆسەی خوێندن. سەرۆکی زانکۆکان بۆچوونی جیاوازیان هەیە.

د.سەلاحەددین سەعید دەڵێت "ڕەنگە کاریگەریی نەبێت، بەو پێیەی مامۆستامان زۆرە، بەڵام کاریگەری دەروونی لەسەر ئەو مامۆستایانەی دیکە دروست دەکات کە دەمێننەوە، چونکە دەبینێت ئەو مامۆستایانە لە زانکۆ تایبەتییەکان مووچەیەکی باشتر وەردەگرن ئەوانیش ڕەنگە لە کارکردن سارد ببنەوە".

بەڵام د.ئەحمەد دزەیی پێیوایە کاریگەری دەبێت و گوتی "لەو بەشانەی مامۆستامانەی هەیە کاریگەری نابێت، بەڵام لەو بەشانەی کە خۆیشمان مامۆستامان کەمن بەدڵنیاییەوە کاریگەریان دەبێت".

زانکۆی دهۆکیش لەئێستاوە هۆشداری دەداتە مامۆستایانی زانکۆکەی بۆ وەرگرتنی مۆڵەت. د.موسلیح گوتی "تائێستا کاریگەری دروست نەکردووە، بەڵام لەمەودوا لە هەر بەشێکی زانستی هەر مامۆستایەک داوای خواستن بکات و بزانین پێویستمان پێیەتی مۆڵەتی نادەینێ".

سەرۆکی زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانیش دەڵێت "وەرگرتنی ئەو مۆڵەتانە کاریگەری بۆ پرۆسەی خوێندن دەبێت، چونکە ئێمەش لەسەر بنەمای ئەو مامۆستایانە پلان دادەنێین".

د.عیزەت سندی، سەرۆکی زانکۆی پۆلەتەکنیکی دهۆک گلەیی لە هەندێک لەو مامۆستایانە هەیە کە داوای مۆڵەت دەکەن، بە تایبەتی ئەوانەی لە دەرەوەی کوردستان هاتبوونەوە و ئێستا دووبارە دەچنە دەرەوە. سندی گوتی "ئەوانە ساڵانی نەوەتەکان کە ژیانی خەڵک خراپ بوو، پشتیان لە حکومەت کرد و چوونە دەرەوە، لەگەڵ باشبوونی گوزەرانی خەڵک گەڕانەوە، ئێستاش کە قەیران هەیە، دووبارە پشت لە خەڵک و حکومەت دەکەنەوە".

هەندێک لە زانکۆکان سەرەڕای داواکاری مامۆستایان بۆ مۆڵەت، بەڵام مۆڵەتیان پێنادەن. د.سەلاح ڕەزا، سەرۆکی زانکۆی چەرموو لە شارۆچکەی چەمچەماڵ بە (ڕووداو)ی گوت "ڕۆژانە مامۆستایان داوای مۆڵەت دەکەن، بەڵام لەبەرئەوەی ژمارەی مامۆستامان کەمن، بۆیە مۆڵەتیان نادەینێ".



| ناوی زانکۆ | ژمارەی مامۆستا | ژمارەی مۆڵەتپێدراوان |
|---|---|---|
| سلێمانی | 1900 | 100 |
| سەلاحەددین | 2300 | 90 |
| دهۆک | 1400 | 47 |
| ڕاپەڕین | 210 | 3 |
| کۆیە | 450 | 6 |
| سۆران | 300 | 10 |
| گەرمیان | 224 | 6 |
| هەڵەبجە | 95 | – |
| چەرموو | 130 | – |
| پزیشکیی هەولێر | 530 | – |
| زاخۆ | 315 | 13 |
| پۆلەتەکنیکی سلێمانی | 500 | 12 |
| پۆلەتەکنیکی هەولێر | 300 | 50 |
| پۆلەتەکنیکی دهۆک | 280 | 9 |
| کۆی گشتی | 8934 | 346 |

### کەی مامۆستا بۆی هەیە مۆڵەت وەربگرێت؟

بەپێی ڕێنماییەکانی وەزارەتی خوێندن باڵا مامۆستایان دەتوانن دوو جۆر مۆڵەت وەربگرن، یەکێکیان بێ مووچەیە و ئەوەی دیکەش پێیدەگوترێت خواستن (ئیعارە)، واتە ئەو مامۆستایە دەڕواتە شوێنێکی دیکە، بەڵام لەو ماوەیەی لە زانکۆش نابێت پەیوەندی بە زانکۆوە دەمێنێتەوە و دەتوانێت توێژینەوە بکات و سەرپەرشتیی خوێندکارانیش بکات. لەو ماوەیەشدا کە مۆڵەتە، بەرزکردنەوەی پلەی زانستی و وەزیفی و سەرەمووچەش دەیگرێتەوە.




## دوانزەهەمین پێشانگای نێودەوڵەتیی سلێمانی دەکرێتەوە

**ڕووداو- سلێمانی**

ئازاد شمقار، ئەندامی ئەنجوومەنی ژووری بازرگانی و پیشەسازی سلێمانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، وا بڕیارە لە مانگی تشرینی دووەمی ئەمساڵدا بەهاوکاری کۆمپانیای تەقەدوم دوانزەیەمین پێشانگای نێودەوڵەتی سلێمانی لە ناوچەی تاسڵوجە بکەنەوە. شمقار گوتی "هەرچەندە دۆخی سیاسی و ئابووری کوردستان کاریگەری هەبووە، بەڵام بەمەبەستی کردنەوەی پێشانگاکە دوو دانیشتنمان لەگەڵ کۆمپانیاکە کردووە لە کاتی خۆیدا دەکرێتەوە و ئێمەش بەڵێنی هاوکاریمان پێداون". سەبارەت بە هاتنی کۆمپانیای بیانی، شمقار گوتی "بانگهێشتی کۆمپانیای بیانی پەیوەندی بە کۆمپانیاکەوە هەیە، بەڵام نابێت کۆمپانیا بەشداربووەکان لە 100 کۆمپانیا کەمتر بن".

### بەهۆی قەیرانی داراییەوە

# پایسکیلی بێ کوالێتی بازاڕی گەرمە

ڕەوا عەبدوڵڵا
ڕووداو- هەولێر

بەڕێوەبەری کۆمپانیایەکی هاوردەکردنی پایسکیل دەڵێت، بەهۆی قەیرانی داراییەوە، فرۆشی پایسکل لە هەرێمی کوردستان بەڕێژەی 40% دابەزیوە. تەنیا بازاڕی پایسکیلی کوالێتی خراپی منداڵان و هەرزەکاران، گەرمە.

پایسکل بەیەکێک لەهۆکارەکانی گواستنەوە هەژمار دەکرێت، کە بۆ لێخورینی پێویستی بە جوڵەی مرۆڤ هەیە، بەهۆی سوودەکانی بۆ تەندروستی مرۆڤ و ئاسانی بەکارهێنان و هەرزانی لەنرخدا لە بەشێک لەوڵاتان وەک هۆکارێکی سەرەکی بۆ گواستنەوە بەکاردێت.

لەنێو وڵاتانی ئەورووپادا، هۆڵەندا پێشەنگە لەبەکارهێنانی پایسکل، ژمارەی پایسکل لەو وڵاتە بەقەد ژمارەی دانیشتوانەکەی دەبێت، تەنانەت لێخوڕینی پایسکل لەم وڵاتە ئەوەندە فراوانە حکومەت شەقامی تایبەت بە لێخوڕینی پایسکلی دروستکردووە.

لە ساڵانی ڕابردوو لە هەرێمی کوردستانیش بەتایبەت لە شاری هەولێر پڕۆژەیەک بۆ لێخوڕینی پایسکیل بۆ قوتابیانی زانکۆ کرایەوە، پارێزگای هەولێر ڕێڕەوی تایبەتیشی بۆ لێخوڕینی پایسکل لە چەند شەقامێک جیاکردەوە، بەڵام بەهۆی نالەباری کەشوهەوا و توانجی خەڵک، پڕۆژەکە شکستی هێنا. ئێستا ژمارەیەکی کەم لە خەڵکی شارەکانی کوردستان بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانیان پایسکل بەکاردەهێنن، بەهۆی قەیرانی داراییش فرۆشی پایسکل کەمی کردووە.

کۆمپانیای (Daily Sport) بۆ بازرگانی و هاوردەکردنی پایسکل، زیاتر لە 11 ساڵە پایسکل هاوردە دەکات و ساڵانە بە هەزاران پایسکل لە چین و دوبەی هاوردەی کوردستان دەکات. سەنگەر لەتیف، بەڕێوەبەری کۆمپانیاکە بە (ڕووداو)ی گوت "بەر لە هێرشی داعش بۆ سەر شاری موسڵ، ساڵانە 50 باری پایسکلمان لەچینەوە هاوردەی هەرێمی کوردستان دەکرد، 40%ی ئەو پایسکیلانەمان دەنارد بۆ شارەکانی موسڵ و بەغدا".

### بازرگانێکی پایسکل:
### فرۆشی پێشەنگاکەمان 80% کەمیکردووە

بەڵام قەیرانی دارایی و شەڕی داعش کاریگەری نەرێنی لەسەر بازاڕی سەنگەر هەبووە. ئەو دەڵێت "ساڵی 2014ش وەکو ساڵانی پێشتر 50 بار پایسکلمان لە چین هاوردە کرد، بەڵام بەهۆی داگیرکردنی موسڵ لەلایەن داعش و بڕینی بودجەی هەرێمی کوردستان لەلایەن بەغداوە بازاڕمان وەستا، پایسکلەکانمان بۆ ساخنەبووەوە، بۆیە بۆ ساڵی دواتر هیچ پاسکلێکمان نەهێنا، ئەمساڵیش تەنیا 5 بارمان هێناوە، هێشتا بۆمان ساغ نەبووەتەوە".

سەنگەر نموونە بەفرۆشی کۆمپانیاکەی دێنێتەوەو دەڵێت "ئەگەر فرۆشی کۆمپانیاکەم بکەمە پێوەر، دەتوانم بڵێم فرۆشمان 80% کەمی کردووە، کە 40%ی بەر هەرێمی کوردستان دەکەوێت و 40%ی دیکەش بەر شاری موسڵ دەکەوێت". گوتیشی "نرخی پایسکیلەکانمان دابەزاندووە، بەڵام هێشتاش کڕیار نییە".

هۆشەنگ سەعدی عەزیز، خاوەنی پێشەنگای هەولێر بۆ فرۆشتنی پایسکیل لەشاری هەولێر، کە ماوەی زیاتر لە15 ساڵە پایسکلی کۆنەی ئەورووپی هاوردە دەکات، دەڵێت "بەر لە قەیران ساڵانە 10 بار پایسکیلی کۆنمان دەفرۆشت، کە هەر بارهەڵگرێک ئەگەر پایسکیلی بچوک بووایە نزیکەی 550 پایسکلی دەگرت و ئەگەر پایسکیلی گەورەبووایە 350 پایسکیلی دەگرت، بەڵام ئێستا بازاڕمان لاواز بووە، دوو ساڵە 10 بارمان نەفرۆشتووە".

کەمی خواست لەسەر کڕینی پایسکیل، نرخی پایسکلیش بەبەراورد بەپێشتر دابەزاندووە، ئێستا هۆشەنگ وەک پێشتر ناتوانێ بە ئارەزووی خۆی نرخ بۆ پایسکیلە کۆنەکانی دابنێ "ئەو پایسکلانەی پێشتر بە کۆ بە 145 هەزار دینارمان دەفرۆشت و بەر نەدەکەوت، ئێستا بەتاک 130 هەزار دینارمان بۆ ناکات، ئەمە لەکاتێکدایە زۆربەی پایسکیلەکانمان زۆر تازەن و کوالێتیشیان زۆر بەرزە، بەبەراورد بە پایسکلەکانی بازاڕ".

پایسکیلەکانی هۆشەنگ لەشێوە و قەبارە و مارکە جۆراوجۆرن، هەندێکیان نرخیان زۆر بەرزە، هەندێکی دیکەیان زۆر هەرزانن، نرخەکانیان بەگوێرەی کوالێتی پایسکلەکە لە 30 دۆلارەوە دەستپێدەکات هەتا 1200 دۆلار.

هۆشەنگ سەعدی دەڵێت "بەهۆی قەیرانی داراییەوە خەڵک زیاتر ئارەزووی لە کڕینی پایسکیلی هەرزان و باشە، نرخی ئەو پایسکلانەش بەگوێرەی مارکە و کوالێتیەکەیان نرخیان لە نێوان 60 بۆ 110 هەزار دینار دایە".

هەرچەندە بازرگانانی پایسکیل دەڵێن نرخی پایسکیلەکانیان زۆر دابەزاندووە، بەڵام هێشتا بەلای هاونیشتمانیانەوە زۆرە.

کامەران غازی عەلی، کە لە بازاڕی پایسکل لە شاری هەولێر خەریکی کڕینی پایسکل بوو بۆ کچە 8 ساڵانەکەی، گوتی "پایسکلێکی قەبارە 14 داوای 55 هەزار دینار دەکات، ئەم نرخەش بۆ ئەو ڕۆژگارە زۆر زۆرە".

پێشەنگای ANSA یەکێکی دیکەیە لە پێشەنگاکانی فرۆشتنی پایسکیل لەبازاڕی پایسکیلفرۆشانی هەولێر، خاوەنی پێشەنگاکە پێچەوانەی خاوەن پێشەنگاکانی دیکە دەڵێت بازاڕی باشە.

دیار فازل، خاوەنی پێشەنگای ANSA بۆ فرۆشتنی پایسکیل بەتاک و بەکۆ، کە ساڵانە 4000 پایسکل دەفرۆشێ دەڵێت "سەرەڕای ئەوەی کە قەیرانی دارایی هەیە، بەڵام بازاڕمان گەرمە".


(فۆتۆ: فەرزین حەسەن)

دیار فازل، نهێنی بازاڕگەرمییەکەی باسکردو گوتی "ئێمە خۆمان پایسکیل لە چین هاوردە دەکەین، بۆ فرۆشتنیشی قازانجێکی زۆر کەم دەخەینەسەر و زیاتریش پایسکیلی منداڵان هاوردە دەکەین، لە دوای داخستنی قوتابخانەکانیش پایسکلەکانمان بەبازاڕ دەکەین، کە وەرزی فرۆشتنی پایسکلە".

هاوردەکردنی پایسکل پێویستی بەمۆڵەت و دامەزراندنی کۆمپانیا نییە، هەر کەسێک بیەوێت دەتوانێ بەئارەزووی چەندی بوێت پایسکل هاوردە بکات، ئەمەش وایکردووە هەر پێشەنگایەک ناو و لۆگۆی تایبەتی خۆی بخاتەسەر پایسکلەکەو بەو کوالێتییەی مەبەستییەتی پایسکلەکان هاوردە بکات.

سەنگەر لەتیف گوتی "بەهۆی قەیرانی داراییەوە خەڵک زیاتر بەدوای کاڵای هەرزاندا دەگەڕێت، بەشێک لە پێشەنگاکانیش ئەم هەڵەیان قۆستووەتەوە، پایسکلی کوالێتی نزم هاوردە دەکەن بەنرخی کەمێک هەرزانتر لەنرخی کوالێتی باش بەو کڕیارانەی دەفرۆشن، کە شارەزاییان لە کوالێتی نییە".

سەنگەر لەتیف، وردەکاری فێڵی پێشەنگاکان و هەندێ کۆمپانیای زیاتر ڕوونکردەوەو گوتی "کۆمپانیاکانی چین لەسەر داوای کڕیارەکانیان پایسکیل دروست دەکەن، چەند کێشی لاشەی پایسکیلەکە کە ئاسنە کەمتربێت نرخەکەی کەمترە، بەهەمانشێوە لە کوشن و تایە و ئیستۆپ و تەنانەت لە چوپیش کوالێتی خراپ داوا دەکەن، بۆ ئەوەی کڕیاریش هەست بەجیاوازییەکە نەکات، بۆیەی باش لەلاشەی پایسکلەکە دەدەن، دیکۆراتی جوانی بۆ زیاد دەکەن، بەمشێوە بەنرخی کەمێک کەمتر لەنرخی کوالێتی باش بەکڕیاری دەفرۆشن و بازاریشیان گەرمە".

### هاوردە پشتی خۆماڵی شکاندووە

# بەرهەمی تەماتەی خۆماڵی 51% کەمیکردووە

ڕەوا عەبدوڵڵا
ڕووداو – هەولێر

ئەو ڕەسمە گومرگییەی لەسەر تەماتەی هاوردە داندراوە، سوودێکی ئەوتۆی نەبووە بۆ زیادبوونی بەرهەمی خۆماڵی، جوتیاران لە بەردەم هاوردەکردنی تەماتە لە وڵاتانی دراوسێ دەستوەستانن و ساڵ بە ساڵ بەرهەمیان کەمتر دەبێتەوە.

بەپێی ئاماری وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەرهەمی تەماتەی جوتیارانی هەرێمی کوردستان ساڵ بەساڵ لەکەمبوونەوەدایە، بەجۆرێک بەرهەمی ساڵی ڕابردوو بە بەراورد بە ساڵی 2010 بەڕێژەی 51% کەمیکردووە.

بەپێی هەمان ئامار، هەرێمی کوردستان ساڵانە پێویستی بە نزیکەی 185 هەزار تۆن تەماتەیە، توانای بەرهەمهێنانی کێڵگەکانی ناوخۆش 35%ی ئەم بڕەیە، ئەوەی دیکە هاوردە دەکرێت.

کەمال محەممەد، بەڕێوەبەری بەرهەمهێنانی سەوزە لە خانووی پلاستیکی لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، لەبارەی هۆکاری پاشەکشێی بەرهەمی تەماتەی خۆماڵی دەڵێت "بەرهەمهێنانی تەماتە لەتۆوە تا پێدەگات بەگوێرەی جۆرەکانی نزیکەی 90 تاوەکو 120 ڕۆژی پێویستە، لەم ماوەیەشدا پێویستی بە پەین و دەرمانی قڕکەر و دەستی کار هەیە. زۆرجاریش تەماتەکە تووشی نەخۆشی دەبێت، بۆیە تێچووی زۆرە، لەو حاڵەتەدا جوتیارانی کوردستان ناتوانن لە نرخدا کێبرکێی تەماتەی هاوردە بکەن، ئەمەش وایکردووە بەشێک لە جوتیاران واز لەچاندنی تەماتە بهێنن".

بەگوتەی کەمال محەممەد، چاندنی تەماتە لە خانووی پلاستیکی زۆر سەرکەوتووترە لەچاندنی تەماتە بەشێوەی کراوە، لە خانووێکی پلاستیکی کە ڕووبەرەکەی 463 مەتر چوارگۆشەیە، نزیکەی حەوت تۆن بەرهەمدەدات، بەڵام لە ڕووبەری دۆنمێک زەویی کراوە تەنیا سێ تۆن بەرهەم دەدات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وەک کەمال محەممەد دەڵێت "بەهۆی درێژی ماوەی بەرهەمهێنان و تێچووی زۆر، لەکۆی 11 هەزار خانووی پلاستیکی، تەنیا 5%یان تەماتەیان تێدا دەچێندرێ".

وەک لە داتاکانی وەزارەتی کشتوکاڵ دەردەکەوێت، بەرهەمی تەماتەی خۆماڵی لە نێوان ساڵانی 2007 تاوەکو 2010 گەشەسەندنی باشی بەخۆوە بینیوە، بە جۆرێک لە 84 هەزار تۆنەوە بۆ 119 تۆن زیادی کردووە، بەڵام ساڵی ڕابردوو کەمترین ڕێژەی بەرهەمی تۆمارکردووە، کە 60 هەزار و 772 تۆن بووە.


هەرێمی کوردستان ساڵانە پێویستی بە نزیکەی 185 هەزار تۆن تەماتەیە
(فۆتۆ: فەرزین حەسەن)

کەمال محەممەد، نهێنی ئەم هەڵکشان و داشکانەی ڕوونکردەوە و گوتی "لەنێوان ئەم ساڵانەدا ژمارەیەکی زۆر خانوو پلاستیکیمان بەبێ بەرامبەر دابەشکرد، تۆو و پەیین و دەرمانی قڕکەر و نەخۆشیمان بەخۆرایی بۆ جوتیاران دابین کرد، ئەم پاڵپشتیانەش وایکرد جوتیارێکی زۆر لەنێو خانووی پلاستیکی تەماتە بچێنن، بۆیە بەرهەم لەم ساڵانە زیادی کرد".

کەمال محەممەد گوتیشی "بۆ زیادکردنی چاندنی تەماتە لە خانووی پلاستیکی، پلانمان دانابوو هەر جوتیارێک تەماتە بچێنێ 100% پێداویستییەکانی بۆ دابین بکەین، بەڵام بەهۆی قەیرانی داراییەوە جێبەجێکردنی پلانەکەمان وەستا، ئەمەش وایکرد بەرهەمی تەماتە ڕوو لەکەمی بکات".

هەر چەندە تەماتە لە خاکی قوڕی گران و لماوی و تێکەڵ بەبێ گرفت دەڕوێ، بەڵام وەک پسپۆرانی بواری کشتوکاڵ دەڵێن لەبەر ئەوەی بەرهەمهێنانی تەماتە پێویستی بەکەشێکی تایبەت هەیە، بۆیە جوتیارانی کوردستان بەشێوەی کراوە تەنیا لە نێوان مانگی حوزەیران تاوەکو تشرینی یەکەم دەتوانن تەماتە بەرهەمبهێن، بەهۆی تێچووی زۆری بەرهەمهێنانیشەوە خاوەنی خانووە پلاستیکییەکان ئامادەنین لە مانگەکانی دیکە تەماتە بچێنن.

ئازوز ئەحمەد، بەڕێوەبەری توێژینەوە کشتوکاڵییەکان لە وەزارەتی کشتوکاڵ دەڵێت "بەپێی توێژینەوەکان بۆمان دەرکەوتووە کوردستان خاوەنی ئاو و خاکێکی بەپیتە بۆ بەرهەمهێنانی تەماتە، بەڵام بەهۆی گۆڕانی کەشو هەوا و بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی و هەڵکردنی گەردەلولی تۆز و خۆل، چاندن و بەرهەمهێنانی تەماتە لەشوێنەگەرمەکان زۆر سەرکەوتوو نییە، چونکە زوو تووشی نەخۆشی دەبێت و وەک پێویستیش بەرهەم نادات".



هەرچەندە جوتیاران دەتوانن چوار وەرزی ساڵ لە خانووی پلاستیکی تەماتە بچێنن، بەڵام ئازوز ئەحمەد دەڵێت "چاندنی تەماتە تێچووی زۆرە، چونکە چاندنی تەماتە لە نەمامەوە تاوەکو دەگاتە بەرهەم پێویستی بە75 تاوەکو 120 ڕۆژ هەیە، لەم ماوەیەش پێویستی بە پەین، دەرمانی قڕکەری نەخۆشییەکان، دەستی کار و سیستەمی گەرمی و ساردی هەیە، بەمەش تێچووی زۆر لەسەر جوتیاران دەکەوێت و ناتوانن کێبرکێی بەرهەمی هاوردە بکەن، بۆیە جوتیاران زۆر گرنگی بە چاندنی تەماتە نادەن".

بەئامانجی پاراستنی بەرهەمی ناوخۆ و دانانی سنوورێک بۆ لێشاوی هاوردە و پاشەکشێی بەرهەمی خۆماڵی، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، لە ڕۆژی شەشی ئەم مانگەوە ڕەسمی گومرگی لەسەر هەردوو بەرهەمی تەماتە و پیازی هاوردەکراو لە 25دینارەوە بۆ 350 دینار بۆ هەر کیلۆیەک زیاد کرد.

ئەو بڕیارەی وەزارەتی کشتوکاڵ دوای ئەوە هات لەکۆتایی مانگی ڕابردوو جوتیارانی قەزای پێنجوێن ڕێگرییان لە هاوردەکردنی تەماتەی ئێرانی بۆ هەرێمی کوردستان کرد و وەزارەتی کشتوکاڵیش بۆی دەرکەوت تەماتە و پیازی خۆماڵی لەو کاتەدا لە پێداویستی ناوخۆ زیاترە.

عەزیز محەممەد ڕەشید، جوتیارێکی گوندی ڕاوگانی سەر بە قەزای پێنجوێنە، ئەمساڵ پێنج دۆنم لە زەوییەکەی کردووەتە تەماتەو پێشبینی دەکات 25 تۆن بەرهەمی هەبێت، بەڵام هەر لە ئێستاوە ترسی لە ساخنەبوونەوەی بەرهەمەکەی هەیە.

عەزیز یەکێک بوو لەوانەی ڕێگری لە هاوردەکردنی تەماتەی ئێرانی کردبوو. ئەو گوتی "ئامانجمان ئەوە بوو حکومەت سنوورێک بۆ لێشاوی هاوردەی تەماتە دابنێ، چونکە ساڵی ڕابردوو بەشی زۆری جوتیارانی کوردستان بەهۆی تەماتەی ئێرانی لەجیاتی قازانج، زەرەریان کرد".

بەگوتەی ئەم جوتیارە، ئەمساڵ بەهۆی قەیرانی داراییەوە خەڵکێکی زۆر لە سنووری قەزای پێنجوێن گەڕاونەتەوە سەر زەوییەکانیان و هەر لەناوچەی ملەکەوە تا دەگاتە ناوچەی شیان جوتیاران زەوییەکانیان بە تەماتە و بەرهەمی دیکە چاندووە، بۆیە دەڵێت "ئەگەر وەزارەتی کشتوکاڵ بەیەکجاریش هاوردە تەماتە ڕابگرێت تاوەکو کۆتایی مانگی تشرینی یەکەم ئەم ناوچەیە دەتوانێ تەماتە بۆ هەموو کوردستان دابین بکات".

**بڕی بەکاربراوی تەماتە لە هەرێمی کوردستان (بە تۆن) لە 6 ساڵی ڕابردوودا**

| ساڵ | 2010 | 2011 | 2012 | 2013 | 2014 | 2015 | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| خۆماڵی | 119.050 | 101.997 | 85.093 | 84.537 | 64.782 | 60.772 | 516.231 |
| هاوردە | 205.208 | 114.969 | 99.726 | 98.372 | 120.218 | 122.232 | 760.725 |
| کۆی گشتی | 324.258 | 216.966 | 184.819 | 182.909 | 185.000 | 183.004 | 1.276.956 |

### 300 ملیارد دۆلار کەمتر وەبەرهێنان کراوە

# ساڵی داهاتووش بازاڕی نەوت گەرموگوڕ نابێتەوە

ڕووداو - هەولێر

ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزە IEA لە راپۆرتی مانگانەی خۆیدا رایگەیاند لە نیوەی یەکەمی ساڵی داهاتووشدا ئاستی خستنەڕووی نەوت لە ئاستی بەکارهێنان بەرزتر دەبێت. چاوەڕواندەکرا ئاستی خواست دابەزێت و ئاستی بەرهەمهێنانیش بەرز بمێنێتەوە.

لە بەشێکی راپۆرتەکەدا هاتووە "بەگوێرەی پێشبینییەکانمان، لە چەند مانگی داهاتوودا هۆکارە بزوێنەرەکانی پەیوەندیی نێوان خستنەڕوو و بەکارهێنان گۆڕانێکی وایان بەسەردا نایەت. بۆیەش چاوەڕواندەکرێت ئاستی خستنەڕوو بەلایەنی کەمەوە لە نیوەی یەکەمی ساڵی داهاتووشدا لە ئاستی بەکارهێنان بەرزتربێتەوە".

ئەم پێشبینییەی ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزە سێ هۆکاری هەیە: یەکەمیان بریتییە لە دابەزینی ئاستی گەشەی داواکاری لە چین و هیندستان و کەمبوونەوەی رادەی بەکارهێنانی وزە لە ئەورووپا. هۆکاری دووەمیان بۆ بەرزبوونەوەی ئاستی بەرهەمهێنان لە وڵاتە زلهێزەکانی رێکخراوی وڵاتانی هەناردەکاری نەوت (ئۆپێک) دەگەڕێتەوە. لەکاتێکدا کۆی گشتیی بەرهەمهێنانی نەوتی ئۆپێک لە مانگی ئابدا بەرزبووەوە. بەگوێرەی راپۆرتەکەی IEA سعودیە بۆ یەکەمجار لە ماوەی دوو ساڵی رابردوودا پێگەی گەورەترین بەرهەمهێنەری نەوتی لە جیهاندا لە ئەمریکا وەرگرتەوە. سعودیە لە مانگی ئابدا رۆژانە 12.58 ملیۆن بەرمیلی بەرهەمهێنا، ئەمەش زۆرتر بوو لەوەی ئەمریکا کە رۆژانە 12.2 ملیۆن بەرمیلی بەرهەمهێنابوو.

هۆکاری سێیەم بۆ وڵاتانی دەرەوەی ئۆپێک، لەوانەش وڵاتانی ئەندام لە رێکخراوی هاوکاری و پەرەپێدان OECD و پیشەسازیی نەوتی لیتە، دەگەڕێتەوە. چاوەڕێ دەکرێت ساڵی داهاتوو بەرهەمهێنانی نەوت لە وڵاتانی دەرەوەی ئۆپێک بە بڕی 380 هەزار بەرمیل لە رۆژێکدا بەرزبێتەوە. لەمەشدا رووسیا و نەرویج پشکی شێریان بەردەکەوێت. هەروەها چاوەڕێ دەکرێت بەرهەمهێنانی نەوتی لیتەی ئەمریکاش لە نیوەی دووەمی ساڵی داهاتوودا هەڵستێتەوە. کۆی گشتیی بەرهەمهێنانی نەوتی ئۆپێک لە مانگی ئابدا 33.47 ملیۆن بەرمیل لە رۆژێکدا بووە.

مانگی پێشوو، ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزە لە راپۆرتی مانگانەی خۆیدا پێشبینیی کردبوو جیاوازیی بەرچاوی نێوان خستنەڕوو و بەکارهێنان بڕەوێتەوە، بەڵام راپۆرتەکەی مانگی ئەیلول هەموو ئەو هیوایانەی پووچەڵکردەوە کە مانگی پێشوو دروست ببوون.

چاوەڕێ دەکرێت وڵاتانی ئەندامی ئۆپێک و رووسیا لە پەراوێزی کۆڕبەندی نێودەوڵەتیی وزە لە جەزایر کۆببنەوە، بۆئەوەی لەسەر کۆمەڵێک هەنگاو بۆ یارمەتیدانی بەرزکردنەوەی نرخی نەوت دانوستاندن بکەن. هەر لەو چوارچێوەیەشدا رووسیا پێشتر رایگەیاندبوو ئامادەیە بە هەماهەنگی لەگەڵ ئۆپێک ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت سڕبکات.

### وەبەرهێنان لە کەرتی نەوتدا کەمتردەبێتەوە

لە راپۆرتێکی دیکەدا ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزە رایگەیاند کە کۆمپانیاکانی نەوت ساڵی داهاتووش ئاستی وەبەرهێنان لە کەرتی نەوت و غازدا کەمدەکەنەوە. لەکاتێکدا دابەزینی بەرچاوی نرخەکانی نەوت لە ماوەی دوو ساڵی رابردوودا قازانجی کۆمپانیاکانی نەوتی بەشێوەیەکی بەرچاو دابەزاندووە، بۆیەش ناچار بوون خەرجییەکانیان کەمبکەنەوە.

راپۆرتەکەی ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزە تایبەتە بە ئاستی وەبەرهێنان لە کەرتی وزەدا و بەشێوەیەکی ساڵانە بڵاودەکرێتەوە. بەشێکی سەرەکی لە راپۆرتەکەدا تەرخانکراوە بۆ وەبەرهێنان لە پیشەسازیی نەوت و غازدا.

بەگوێرەی راپۆرتەکەی IEA وەبەرهێنان لە کێڵگەکانی نەوت و غاز لە ساڵی 2016دا بە رێژەی 24% دادەبەزێت و دەگاتە 450 ملیار دۆلار. پێشتر و لە راپۆرتێکی مانگی شوباتدا پێشبینی کرابوو ئاستی وەبەرهێنان 17% دابەزێت. بڕی وەبەرهێنان لە کێڵگەکانی نەوت و غاز لە ساڵی 2015 گەیشتبووە 583 ملیار دۆلار، بەمەش بە رێژەی 25% لە ئاستی وەبەرهێنان لە ساڵی 2014 کەمتر بوو. بەو پێیە لەماوەی دوو ساڵی رابردوودا ئاستی وەبەرهێنان لە پیشەسازیی نەوت و غاز بە بڕی 300 ملیار دۆلار دابەزیوە. لەماوەی چوار دەیەی رابردوودا ئەوە یەکەمجارە دوو ساڵ لەسەر یەک وەبەرهێنان لە بواری نەوت و غازدا کەمبێتەوە.

لە بەشێک لە راپۆرتەکەدا پێشبینی ئەوەشکراوە کە ئاستی وەبەرهێنان لە ساڵی داهاتووشدا بەرزنابێتەوە، لەکاتێکدا "هیچ نیشانەیەک نییە پێمان بڵێت کۆمپانیاکان ئاستی وەبەرهێنانیان لە 2017دا بەرزبکەنەوە".

بەگوێرەی راپۆرتەکەی ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزە "زۆربەی کۆمپانیاکان بە خەرجییەکانی 2016ی خۆیاندا چوونەتەوە و بڕیاریشیانداوە لە چەند مانگی داهاتووی ئەمساڵیشدا خەرجییەکانیان کەمبکەنەوە. ئەمە جگە لەوەی پلانیشیان بۆ ساڵی داهاتوو ئەوەیە ئاستی وەبەرهێنانیان لە ئاستی ساڵی 2016دا رابگرن، یان کەمتری بکەنەوە".

ئەگەر پێشبینییەکانی ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزە راست دەربچن، ئەوە یەکەمجارە لە مێژوودا سێ ساڵ لەسەر یەک ئاستی وەبەرهێنان لە کەرتی نەوت و غازدا دادەبەزێت. پار خەرجییەکانی گەڕان و دۆزینەوەی کێڵگەکان بە رێژەی نزیکەی 30% دابەزیبوو و گەیشتبووە 90 ملیار دۆلار. رەنگە تاوەکو کۆتایی ئەمساڵیش وەبەرهێنان لەو بەشەدا زیاتریش دابەزێت و بگاتە 65 ملیار دۆلار. پشکی خەرجییەکانی گەڕان و دۆزینەوەی کێڵگەکانیش لە کۆی خەرجییەکانی پیشەسازیی جیهانیی نەوت بۆ 14% دابەزیوە. ئەمەش لە ماوەی 10 ساڵی رابردوودا بێوێنە بووە.

چاوەڕێ دەکرێت یەکێک لە ئاکامە دوورمەوداکانی دابەزینی ئاستی وەبەرهێنان، دابەزینی ئاستی بەرهەمهێنان و بەرزبوونەوەی لەناکاو و چاوەڕواننەکراوی نرخی نەوت بێت. ئەمەش خاڵێکە زیانی گەورە بە ئابووریی جیهان دەگەیەنێت. گەورەترین قوربانیی دابەزینی نرخەکانی نەوت پیشەسازیی نەوتی لیتەی ئەمریکا بووە، کە لەلایەکەوە قەرزێکی زۆری لەسەر کەڵەکە بووە و لەلایەکی دیکەشەوە ئاستی وەبەرهێنان لەم پیشەسازییەدا لەماوەی دوو ساڵی رابردوودا بە رێژەی 52% دابەزیوە. ژمارەی کێڵگە چالاکەکانی نەوت لە ئەمریکا لە مانگی ئایاری ئەمساڵ بۆ 450 کێڵگە دابەزیوە، بەمپێیەش لە ماوەی چوار ساڵی رابردوودا ژمارەی کێڵگە نەوتییە لیتەییە چالاکەکان بە رێژەی 80% دابەزیوە. بەم حاڵەشەوە زۆربەی چاودێرانی بازاڕی نەوت پێیانوایە نەوتی لیتەی ئەمریکا باشتر لە چاوەڕوانییەکان خۆی راگرتووە.

بەگوێرەی راپۆرتەکەی ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزە، لاوازبوونی باری دارایی کۆمپانیا ناحکومییەکان وایکردووە قورسایییەکی زیاتر بکەوێتە سەر حکومەتەکان و کۆمپانیا حکومییەکان بۆئەوەی پشتگیری لە وەبەرهێنان لە کەرتی نەوت و غازدا بکەن. هەر بۆیەش سەیر نییە کە وەبەرهێنان لە وڵاتانی وەکو سعودیە و رووسیا دانەبەزیوە، چونکە بەشی هەرە زۆری کۆمپانیا نەوتییەکانی ئەو دوو وڵاتە یان حکومین یان نیمچە حکومین.

لە کۆتایی راپۆرتەکەدا نیگەرانیی لەمێژینەی ئۆپێک و بەتایبەتیش سعودیە پشتڕاست دەکرێتەوە. واتە هەر کەمکردنەوە یان سڕکردنێکی بەرهەمهێنانی نەوت لەلایەن ئۆپێکەوە بە قازانجی کۆمپانیا نەوتییەکانی ئەمریکا دەشکێتەوە.



#### 3 هۆ وادەکەن نەوت نەفرۆشرێت

- چین و هیندستان داواکارییان بۆ نەوت زیادناکات و ئەورووپاش کەمتر بەکاریدەهێنێت.
- وڵاتانی ئەندامی ئۆپێک نەوتی زۆرتر بەرهەمدەهێنن و خواست لەسەری کەمە.
- وڵاتانی دەرەوەی ئۆپێک 380 هەزار بەرمیل نەوت لە رۆژێکدا دەخەنە بازاڕ.

### دەیەوێ ئێرانیش بەشداربێت

# سعودیە دژی سڕکردنی بەرهەمهێنانی نەوتە

ڕووداو- هەولێر

لەماوەی دوو هەفتەی رابردوودا، کۆمەڵێک گۆڕانکاری لە ئۆپێک روویانداوە، کە گومان دروستدەکەن ئەمجارە بەرهەمهێنەرانی نەوت رازی بن بەوەی کە لە کۆبوونەوەکەی جەزائیردا (لە رۆژانی 26 تاوەکو 2016/9/28) لەسەر کۆمەڵێک هەنگاو بۆ بەرزکردنەوەی نرخەکانی نەوت و گەڕاندنەوەی هاوسەنگی بۆ بازاڕەکان رێکبکەون، بەڵام پێناچێ سڕکردنی بەرهەمهێنان یەکێک بێت لە بژارەکان.

لە پەراوێزی لووتکەی 20G لە چین، هەریەکە لە سعودیە و رووسیا رێککەوتن کە لەبواری نەوتدا هاوکاریی یەکدی بکەن. هەروەها گرووپێکی سعودی - رووسیش پێکبهێنن بۆئەوەی کار لەسەر سەقامگیرکردنەوەی بازاڕەکانی نەوت بکەن. چاودێرانی بازاڕی نەوت پێیانوایە ئەو دەستپێشخەرییەی مۆسکۆ و ریاز کردوویانە، دەریدەخات هەردوو وڵات، بەهۆی دابەزینی نرخی نەوت لەماوەی دوو ساڵی رابردوودا، بە رەوشێکی سەختدا تێدەپەڕن.

بەڵام لێدوانی ئالێکساندەر نۆڤاک، وەزیری نەوتی رووسیا و خالید ئەلفالیح، وەزیری وزەی سعودیە، دەریانخستووە کە هێشتا خاڵی ناکۆکیی گەورە لەنێوان هەردوو وڵاتدا هەیە. نۆڤاک پاش کۆبوونەوەکە بە میدیاکانی رووسیای گوت کە لە کۆبوونەوەکەدا باسی سڕکردنی بەرهەمهێنانی نەوت لە ئاستی مانگی تەمووز، ئاب یان ئەیلولدا کراوە "بەڵام ئێران وەک حاڵەتێکی تایبەت سەیر دەکرێت"، لەبەرئەوەی تاران بەنیازە ئاستی بەرهەمهێنانی وڵاتەکەی بۆ ئاستی بەر لە سزا نێودەوڵەتییەکان بەرزبکاتەوە.

ئەلفالیح نەک هەر بەشداریی ئێرانی وەکو مەرجێکی بێ ئەملا و ئەولا بۆ هەر چەشنە رێککەوتنێکی نێوان ئۆپێک و رووسیا لەقەڵەمدا، بەڵکو جەختی لەسەر ئەوەشکردەوە کە سڕکردنی ئاستی بەرهەمهێنان هەر پێویستیش نییە.

رۆژی دوای کۆبوونەوەکەی شاندی رووسیا و سعودیە، ئێرانییەکانیش هاتنە سەر خەت و پشتگیریی خۆیان بۆ سڕکردنی ئاستی بەرهەمهێنان راگەیاند. لەوبارەیەوە بیژەن زەنگەنە، وەزیری نەوتی ئێران، رایگەیاند "ئێران بازاڕێکی نەوتی سەقامگیری دەوێت، هەربۆیەش پشتگیری لە هەر هەنگاوێک دەکەین کە بۆ گەڕاندنەوەی سەقامگیری بۆ بازاڕ دەهاویشترێ". مەبەستیش لە گەڕاندنەوەی سەقامگیری بۆ بازاڕەکانی نەوت، جێگیرکردنی نرخەکانە لەنێوان 50 بۆ 60 دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک. جگە لەم دوو هۆکارە، راپۆرتەکانی ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزە سەبارەت بە درێژبوونەوەی ماوەی خستنەڕووی زیاد لە پێویست نیگەرانیی لەلای ئۆپێک و وڵاتانی بەرهەمهێنەری دەرەوەی ئۆپێک دروستکردووە، کە نرخی نەوت لە داهاتوویەکی نزیکدا بەرزنابێتەوە.

جەیسن توفی، ئابووریناس لە گرووپی کاپیتاڵ ئیکۆنۆمیکس، لە وتارێکدا ئاماژە بەوە دەکات کە "دابەزینی ئاستی ئابووریی سعودیە رۆڵی هەیە لەوەی هەڵویستی بەرپرسانی ئەو وڵاتە بۆ سڕکردنی ئاستی بەرهەمهێنان نەرمتر بێت".

بەڵام نەوت تەنها سەرچاوەی سروشتیی داهات نییە. بەڵکو ئامرازێکیشە کە دەکرێت بەکاربهێنرێت بۆ گوشاری سیاسی لەسەر وڵاتانی ناوچەکە، بەتایبەتیش ئێران. هەر بۆیەش تۆڤی پێیوایە چوارهۆکاری سەرەکی هەن کە وادەکەن سعودیە بە دوودڵییەوە مامەڵە لەگەڵ پرسی سڕکردنی بەرهەمهێنان بکات:

**یەکەم:** بۆئەوەی رەوشی دارایی سعودیە بەڕاستی باشتربێت، دەبێ نرخی یەک بەرمیل نەوت بۆ 70 دۆلار بەرزببێتەوە. پێشناچێت سڕکردنی بەرهەمهێنان لە داهاتوویەکی نزیکدا نرخی نەوت بگەیەنێتە 70 دۆلار.

**دووەم:** دوو ساڵە وڵاتە هەژارەکانی ئەندام لە ئۆپێکدا، لەوانەش ڤەنزوێلا، داوا لە رێکخراوەکە و بەتایبەتی وڵاتانی کەنداو دەکەن ئاستی بەرهەمهێنان دابەزێنن، بەڵام سعودیە ئەو داوایەی رەتکردووەتەوە. ئەگەر سعودیە ئێستا ئەو داوایە قبوڵ بکات، شەرمەزارییەکی سیاسیی گەورەیە. چونکە ژمارەیەک وڵاتی ئۆپێک، وەکو فەنزوێلا و نایجیریا، تاوەکو ئاستی هەڵوەشانەوە لە قەیراندان.

**سێیەم:** یەکێک لەو هۆکارانەی وادەکات سعودیە گوێی لە دابەزینی نرخی نەوت نەبێت، ئەوەیە کە دەیەوێ وردە وردە لە بازاڕەکانی نەوتدا ئەو وڵاتانە وەدەربنێت کە تێچووی دەرهێنانی نەوتیان زۆر بەرزە، یەکێک لەوانەش پیشەسازیی نەوتی لیتەی ئەمریکایە. بەڵام بەگوێرەی داتاکانی ئاژانسی نێودەوڵەتی وزە، ئەو پیشەسازییە، هەرچەندە زیانی قورسی بەرکەوتووە، بەڵام هێشتا توانای هەڵسانەوەی خێرای هەیە. ئەگەر سعودیە ئێستا سڕکردنی ئاستی بەرهەمهێنان قبوڵ بکات، ئەوە بەمانای شکستهێنانی ئەو سیاسەتەش دێت، بەبێئەوەی هیچ دەستکەوتێکی وای بۆ سعودیە هەبووبێ.

**چوارەم:** لە کۆتایی پارەوە، سعودیە هەوڵیداوە ئێران خێرێکی دارایی ئەوتۆ لە رێککەوتنە ئەتۆمییەکەی لەگەڵ وڵاتانی 5+1 نەبینێت. بەرزبوونەوەی نرخی نەوت، کە هاوکاتە لەگەڵ بەرزبوونەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی ئێرانیش، دەبێتە هۆکار بۆئەوەی ئابووریی ئێران سەقامگیرببێتەوە. ئەمەش کێشە جیۆپۆلیتیکییەکانی نێوان تاران و ریاز لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست قورستر دەکات، بە تایبەتیش لە سووریا و یەمەن و عێراق.

ئەوە یەکەمجار نییە سڕکردنی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت لەنێوان ئۆپێک و ژمارەیەک لە وڵاتانی دەرەوەی ئۆپێک دەبێتە بابەتی گفتوگۆ. مانگی نیسانی ئەمساڵیش وەزیرانی نەوتی ئۆپێک و ژمارەیەک لە وڵاتانی دەرەوەی ئۆپێک، لەوانەش رووسیا، لە دەوحە کۆبوونەوە، بەڵام ئەو کۆبوونەوەیە بێ هیچ ئەنجامێک کۆتاییهات. چونکە ئێران ئامادەی گفتوگۆکان نەبوو. سعودیەش رایگەیاندبوو بەبێ بەشداریی ئێران هیچ رێککەوتنێکی سڕکردنی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت واژۆ ناکات.

#### بۆچی سعودیە دژی سڕکردنە؟

یەکەم: سڕکردن ناتوانێ نرخی بەرمیلێک نەوت بگەیەنێتە 70 دۆلار.
دووەم: پێشتر فەنزوێلا داوای سڕکردنی کردبوو و سعودیە رەتیکردبووەوە.
سێیەم: سعودیە دەیەوێ پیشەسازیی نەوتی لیتە رابگرێت و سڕکردن بەهێزیدەکاتەوە.
چوارەم: بەرزبوونەوەی نرخی نەوت وادەکات ئێران بەهێزببێتەوە و سعودیە ئەمەی ناوێت.



#### 2 ملیۆن بەرمیلەکەی ئێران

ئاستی هەناردەکردنی نەوتی ئێران لە مانگی ئابدا بە رێژەی 15% لەچاو مانگی تەمووز زیادیکردووە. بەمەش 2 ملیۆن بەرمیلی لە رۆژێکدا تێپەڕاندووە. ئێران، کە سێیەم بەرهەمهێنەری ئۆپێکە، رۆژانە 3.8 ملیۆن بەرمیل نەوت بەرهەمدەهێنێت. واتە 200 هەزار بەرمیل کەمتر لە ئاستی ئەو نەوتەی بەر لە سزا ئەتۆمییە نێودەوڵەتییەکان بەرهەمیدەهێنا.

## ژاپۆن نایەوێ پێی لێرە ببڕێ

### بەرپرسێکی وەزارەتی دەرەوەی ژاپۆن بۆ (رووداو):

# ساڵی ئاینده کونسوڵخانە لە شاری هەولێر دەکەینەوە

ئەیوب نووری
رووداو- تۆکیۆ

ژاپۆن بە هەموو توانا ئابووری و پیشەسازی و کشتوکاڵیی خۆیەوە ئامادەیە جارێکی دیکە بگەڕێتەوە بۆ عێراق و کوردستان، هەروەک چۆن ساڵانێک ئامێر و بەرهەمی ژاپۆنی جێی سەرنجی هەموو لایەک و لەزۆربەی ماڵاندا هەبوو.

ژاپۆن زیاتر لەحەفتا ساڵ ئەزموونی پیشەسازی و بیناسازی و هەستانەوە و خۆدروستکردنی هەیە. ئامادەیە لەنزیکەوە ئەم ئەزموونەش بخاتە کار لە هەموو گۆشەیەکی دنیا، لەناویشیاندا عێراق و کوردستان، بەڵام مەرج ئەوەیە کە خەڵکی ئێرەش ئامادە بێ بۆ ئەم کارە.

پەرۆشیی بەرپرسانی ژاپۆن تەنیا بە قسە نییە. بەڵکو لەساڵی 2003 لەدوای رووخانی حکومەتی بەعس، لەم وڵاتەدا هەن. لەو ساڵەدا تۆکیۆ بڕی پێنج ملیار دۆلاری بەخشی بۆ ئاوەدانکردنەوەی عێراق، کە لە بواری کارەبا و نۆژەنکردنەوەی پاڵاوگەی نەوت و دانانی بۆری ئاوی خواردنەوە و پاککردنەوەی ئاوەکانی خارووی عێراق لەکەشتی و بەلەمی تێکشکاو خەرج کرا. لەم پارەیەش بڕی 923 ملیۆن دۆلاری بۆ هەرێمی کوردستان بووە بۆ بواری چاککردنی کارەبا وەک وێستگەی دێرەلۆک لە دهۆک و پرۆژەی ئاوەڕۆ. ئێستاش کە کوردستان باری زیاد لە یەک ملیۆن و نیو ئاوارە و پەنابەری لەسەرشانە، حکومەت و چەند ڕێکخراوێکی ژاپۆنی هەندێک لەو بارەیان لەئەستۆ گرتووە. پسپۆڕی کشتوکاڵیی ژاپۆنیش خەریکی هێنانی ئەزموونی سەرکەوتووی خۆیانن بۆ هەرێمی کوردستان، لەڕێی ڕێکخراوی (JICA) وە، تاوەکو باشترین سوود وەربگیرێت لەکەشوهەوای ئەم وڵاتە بۆ بەرووبووم.

ئەم هاوکارییانەی ژاپۆن چ بە پارە بێت وەک هاوکاری دارایی، یان لێخۆشبوونی قەرز لەبەغدا یان کاری ڕێکخراوەیی، نیشاندەری ئەو راستییەیە، کە نایەوێ پێی لەم وڵاتە ببڕێت. هەرچەند سروشتی سیاسەتی تۆکیۆ هەمیشە وەها بووە، کە تەنیا پشتگیری وڵاتی خاوەن سەروەری دەکات و لەگەڵ حکومەتی مەرکەزی مامەڵە دەکات، لەهەمانکاتدا هەرێمی کوردستانیشیان پشتگوێ نەخستووە، وەک بەشێک لەچواچێوەی عێراق. بۆ نموونە، لەمانگی تەمووز کاتێک سەرانی وڵاتانی (G7) بڕیاریاندا بڕی 3.6 ملیار دۆلار وەک هاوکاریی دارایی بدەنە عێراق، جەختیان کردبووەوە کە دەبێ هەرێمی کوردستانیش پشکی خۆی وەربگرێت لەوپارەیە.

هیرۆیوکی کوماگای، جێگری بەڕێوەبەری کاروباری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقیا بە (رووداو)ی گوت "ئێمە جەختمان کردەوە کە دەبێ لە نێو بەیاننامەکەی گرووپی G7دا ئاماژە بە ناوی کوردستانیش بدرێ، ئەمەش لەبەرئەوەی ئێمە رۆڵی گرنگی هەرێمی کوردستانمان لەبەرچاوە".

بۆ ژاپۆن گرنگترین مەرج بۆ پەیوەندیی توندوتۆڵ لەگەڵ وڵاتێک یان ناوچەیەک، بریتییە لەسەقامگیری. هەر لەبەر ئەم هۆیەشە، کوماگای گوتی کە "تۆکیۆ بڕیاریداوە سەرەتای ساڵی ئاینده لە هەولێر کونسوڵخانەیەک بکاتەوە". بەرپرسانی ژاپۆن و شارەزاو توێژەرەوەکانیشیان خۆ دوور دەگرن لەباسکردنی مەسەلەی سەربەخۆیی کوردستان. ئاکیکۆ یۆشیۆکا، توێژەرێکی پلەبەرزی پەیمانگای ئابووریی وزە لەتۆکیۆ گوتی "ژاپۆن هەمیشە رێز لە پەیوەندییە کۆن و تەقلیدییەکانی خۆی دەگرێت لەگەڵ وڵاتانی دیکە". ئەم پەیمانگەیە تایبەتە بە لێکۆڵینەوە لەبواری وزە و پەیوەندی وزە بە ئابوورییەوە، بەتایبەت ئابووریی ژاپۆن. سەرۆکی پەیمانگاکە و کارمەندەکانی لەماوەی کاژێرێکدا زۆر باسیان لەو سەرچاوانە کرد، کە ژاپۆن وزەی خۆی لێوە دابین دەکات، یەکێکیش لەوانە غازی سرووشتی بوو، بەتایبەت کە ئێستا لە ژاپۆن گوشار لەسەر دەوڵەتە کە واز لەبەکارهێنانی وزەی ئەتۆمی بهێنێ، دوای کارەساتەکەی فۆکۆشیمای ساڵی 2011. کاتێک پێمگوتن، بۆ نایەن غازی سرووشتیی هەرێمی کوردستان بکڕن؟ گوتیان کوردستان وێستگەی شلکردنەوەی ئەو غازەی نییە. گوتم خۆتان دەتوانن بەشدار بن لە دروستکردنی و سوود لەغازەکەش وەربگرن، گوتیان کوردستان لەسەر دەریا نییە. پێمگوتن کوردستان سیستمی بۆری دروستکردووە، گوتیان کێشەتان لەگەڵ بەغدا هەیە.

توێژەر یۆشیۆکا، کە چوار ساڵ لەمەوپێش لە هەولێر ناسیم، گوتی "کۆمپانیای ژاپۆنی ریسک ناکەن و هەتا ناکۆکیی یاساییتان لەگەڵ بەغدا هەبێ، باوەڕ ناکەم غازی سروشتی هەرێمی کوردستان بگاتە ژاپۆن".

ئەم گفتوگۆیە هەمان ئەو رۆژە بوو کە سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان نێچیرڤان بارزانی لەبەغدا بوو بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێک لەگەڵ حەیدەر عەبادی بۆ ئەم جۆرە ناکۆکیانە. کەواتە مادام ئێستاش هەوڵەکان بەردەوامن بۆ ئاشتبوونەوە لەگەڵ بەغداو مادام هەرێمی کوردستان لەدیدگای نێودەوڵەتیدا هەروەک بەشێک لەعێراق دەبینرێ، کارێکی ژیرانەیە ئەگەر دەسەڵاتدارانی هەولێر هەوڵ بدەن سوودێکی زۆر لەپەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی عێراق وەربگرن و سەرنج و بایەخی وڵاتێکی وەک ژاپۆن بۆ هەرێمەکە زیاد بکەن. ژاپۆن زیاتر لە حەفتا ساڵە پەیوەندی لەگەڵ عێراق هەیە و دەکرێ هەرێمی کوردستانیش ساڵی ئاینده بکاتە سەرەتای پەیوەندی خۆی لەگەڵ تۆکیۆو بچێتە نێو بازنەی پەیوەندییە گەورەکان. سەرمایە بەرەو بازاڕ و سەرچاوەی سروشتی دەڕوات، بەتایبەتی بۆ بازاڕێک کە سەقامگیری هەبێ. ئەمەش بنەمایەکی بزنزی نێودەوڵەتییە، کە لەبڕیارەکانی ژاپۆندا رەنگ دەداتەوە. هەرێمی کوردستانیش سەقامگیریی هەیە. بێگومان هەولێر ناتوانێ شوێنی بەغدا بگرێتەوە، بەڵام دەکرێ ببێتە دەروازەیەک بۆ عێراق. ژاپۆن هەمان ئەو نەهامەتییانەی بەسەر هاتووە کە کوردستان و عێراق پێیدا تێپەڕیوون، وەک جەنگ و بۆمباران و وێرانکاری و کۆمەڵکوژی و داگیرکاری. بەڵام هەموو دەزانین کە ژاپۆن نموونەیەکی ئێجگار سەرکەوتووی هەستانەوەو خۆ بونیادنانەوەیە.

گومان لەوەدا نییە کە ژاپۆن وڵاتێکی سەرمایەدارییە و بەردەوام بەدوای بازاڕدا دەگەڕێت بۆ فرۆشتنی کاڵا و بەرهەمی تەکنۆلۆژی خۆی. بەڵام ئەمەش خۆی لەخۆیدا هەلێکە بۆ عێراق و کوردستانیش. بۆ ئەم مەبەستەش ژاپۆن هەنگاوی خۆی هەڵهێناوە. لە شەش ساڵی رابردوودا ساڵانە ژمارەیەک پەرلەمانتاری عێراقی بردووە بۆ وڵاتەکەی بۆ بینینی سیستمی حوکمرانیی تەندروست و ئاشتبوونەوە و خۆ دروستکردنەوە لەدوای جەنگ. ئەندازیار و کارمەندی دامودەزگا جیاوازەکانی حکومەتی لەکوردستان و عێراقەوە بانگهێشت کردووە، بۆ بینی خولی تایبەت، لە ژاپۆنیشەوە کەسی شارەزا هاتوون بۆ بەخشینی ئەزموونی خۆیان. هەروەها لەدوای هاتنی ڕێکخراوی داعشەوە، ژاپۆن بەشێوەیەکی کارا بووە بەشێک لەهاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر. دەستووری ئەو وڵاتە ڕێگایان پێ نادات چەک بەهیچ وڵاتێک بفرۆشن، یان بە سوپا و سەرباز بەشداریی جەنگ بگەن لە دەرەوەی ژاپۆن، بەڵام وەک شینگۆ میاماتۆ، بەڕێوەبەری بەشی هەماهەنگی ئاسایشی نێودەوڵەتی لەوەزارەتی دەرەوەی ژاپۆن بە (رووداو)ی گوت "تۆکیۆ دەتوانێ لەزۆر رووی دیکەوە هاوکاری وڵاتان بکات بۆ رووبەڕووبوونەوەی تیرۆرو مەترسییەکانی تۆڕی قاچاخچی و دۆزینەوە و دەسگیرکردنی تاوانبارانی ناوخۆ و نێودەوڵەتی".

میاماتۆ هەروەها گوتی "یەکێک لەو کارانەی ژاپۆن بەسەرکەوتوویی کردوویەتی، بریتییە لە بەکارهێنانی داتاو زانیارییەکانی پۆلیسی نێودەوڵەتی، ژاپۆن چرکە بەچرکە دەستی بە داتای ئینتەرپۆڵ دەگات و بەکاریدەهێنێ بۆ ڕێگرتن لە هاتنی کەسانی مەترسیدار بۆ وڵاتەکەی، یان هاتووچۆی کەسانی تاوانبار، هەر لەم ڕێییەوە دوو هاووڵاتی خۆمان راگرتبوو، کە بەنیاز بوون پەیوەندی بەداعشەوە بکەن".

ئەگەر کوردستان و عێراق لەبەر جەنگ و کێشەی سیاسی و ناکۆکی، یان لەبەر هەرهۆکارێکی دیکە هەلێکی وایان بۆ نەڕەخسابێ پشت بەخۆ ببەستن بۆ داهێنان و هەستناوەو بەرزکردنەوەی ئاستی ژیان، وڵاتێکی دیکە لەوپەڕی دنیاو لەرۆژهەڵاتی دوور ئامادەیە بۆ ئەم کارەو بەوردیی چاودێری بارودۆخی ئەم وڵاتە دەکات، بەهیوای هاتنی سەقامگیریی "سەقامگیری ناوچەکەتان بۆ ئاسایشی ژاپۆن گرنگە". ئەمەش قسەی کونیهیکۆ میاکییە، دیپلۆمات و راوێژکاری پێشووی سەرەکوەزیرانی ژاپۆن کە ئێستا بەڕێوەبەری توێژینەوەیە لە پەیمانگەی کانۆن بۆ توێژینەوەی جیهانی، گوتیشی "ئێمە ئەو ئەزموون و توانا مرۆیی و مێژووە دێرینەمان نییە لەناوچەکەی ئێوە، کە وڵاتانی ئەوروپی هەیانە، بەڵام هەرگیز ئەو ناوچەیە بەجێناهێڵین".

# باسک.. وانەیەکی گرنگ بۆ هەرێمی کوردستان

شەهریار شێخلەر *

باسک هەرێمێکی بچووکی ئیسپانیایە بە رووبەری 7.234 کیلۆمەتری دووجا و ژمارەی دانیشتووانی دەگاتە دوو ملیۆن و 133 هەزار کەس، بەڵام سەرەڕای ئەوەی تەنیا 1.4%ی وڵاتی ئیسپانیا بەرینە و 4.6%ی دانیشتووانی ئیسپانیای لەخۆگرتووە، کۆی بەرهەمی نیشتمانیی هەرێمەکە دەگاتە 66.9 ملیار یۆرۆ (لە 2014) کە دەگاتە 7%ی کۆی بەرهەمی نیشتمانیی وڵاتی ئیسپانیا و ئەوەش وای کردووە هەرێمی باسک وەک یەکێک لە هەرێمە پێشکەوتووەکانی جیهان بناسرێت کە شایەنی ئەوەیە وەک رووگە لەلایەن هەرێم و وڵاتە بچووکەکانی دیکەوە سەیر بکرێت و کەڵک لە ئەزموونی وەربگیردرێت.

## 35 ساڵ بەرەوپێشچوونی ئابووری

هەرێمی باسک لەساڵی 1980 و لەدوای وەرگرتنی سەربەخۆیی ئابووری، توانی لە ماوەی 24 ساڵدا، سەرەڕای نەبوونی سامانێکی سروشتیی گرنگ جگە لە کانزای ئاسن، کۆی بەرهەمی نیشتمانیی خۆی 10 هێندە بەرز بکاتەوە و لە شەش ملیار و 820 ملیۆن یۆرۆ (لە ساڵی 1980 و بەپارەی ئەمرۆی ئەو وڵاتە) بگەیەنێتە 66 ملیار و 930 ملیۆن یۆرۆ (لەساڵی 2014)، هەروەها داهاتی تاکەکەس لە کۆی بەرهەمی نیشتمانی نە تەنیا لە رێژەی وڵاتی ئیسپانیا زیاترە (130.7%ی وڵاتی ئیسپانیا) بەڵکوو لە زۆربەی وڵاتانی پێشکەوتوو و ئەوروپاییش بەرزترە بە 119%ی کۆی ئەوروپا و 111%ی فەرانسا و 114% ئاڵمانیا بەراورد دەکرێت، لە کاتێکدا لە ساڵانی 1980 تاوەکوو 1990یش داهاتی تاکەکەس لە هەرێمی باسک نزمتر بووە لە تێکڕای داهاتی تاکەکەسی خەڵکی ئیسپانیا.

سەرکەوتنە ئابوورییەکانی باسک بەوانە کۆتایی نەهاتووە و چەند ئامار و داتایەکی سەرنجڕاکێشی دیکەی تۆمارکردووە، وەکو:

- بەرزکردنەوەی ڕێژەی داهات لە کۆی بەرهەمی نیشتمانی لە 4%ەوە بۆ 24%
- بەرزکردنەوەی ڕێژەی وەبەرهێنان بۆ 6%ی کۆی بەرهەمی نیشتمانی

هەموو ئەو سەرکەوتنانە سەرەڕای چەندین قەیرانی ئابووریی درێژخایەن بەدەست هاتوون کە هەندێکیان نەتەنیا هەر لەسەر باسک، بەڵکوو کاریگەری لەسەر هەموو وڵاتانی ئەورووپی هەبووە (وەکوو قەیرانی ئابووری 2008 و 2009 کە ئێستاش شوێنی لەسەر ئابووریی ئەورووپا دیارە) و هەندێکیان کاردانەوەیان تەنیا لەسەر ئابووریی هەرێمی باسک بووە (وەکوو شەڕ و تێکهەڵچوونەکانی ساڵانی دوای هەشتاکان لەگەڵ حکومەتی ئیسپانیا لەسەر جیابوونەوە).

## چارەسەری تایبەت بۆ قەیرانی ئابووری

وەڵامی حکومەت و خەڵکی باسک بە قەیرانە ئابوورییەکان، بە تایبەت ساڵانی 1975 تا 1990 زۆر سەرنجڕاکێشە، ئەوان هەوڵیان داوە لەجیاتی پێداگری لەسەر سیستەمی خۆیان، یاخود وەستان بۆ بەسەرچوونی قەیرانەکە ...، گۆڕانکاریی بەپەلە و بەردەوام بێننە ناو سیستەمەکان و پیشەسازییەکان و بە ئاراستەیەک بڕۆن کە لەگەڵ حاڵەتی نوێی ئەورووپا بگونجێت و بتوانن بەردەوام بن لە سەرکەوتنەکانیان. ئابووریی هەرێمی باسک بۆ ساڵانێکی زۆر تەنیا لەسەر پیشەسازیی چێکرابوو (چەند جۆرێکی تایبەت وەکوو ئاسن، کەشتیسازی و بەرهەمە پیشەسازییە گەورەکان)، بەڵام دوای ئەو قەیرانە، حکومەت و دانیشتووانی باسک، نە تەنیا گۆڕانکارییان بەسەر شێوە و بەشەکانی پیشەسازیی باسکدا هێنا، بەڵکوو گۆڕانکارییان بەسەر سنووری ئابوورییەکەیاندا هێنا و لە تەنیا پشتبەستن بە پیشەسازییەوە دەرچوون و روویان کردە ئەو سێکتەرە نوێیانەی ئەورووپا و وڵاتانی کڕیار پێویستیان پێی هەبوو.

یەکێک لەو نەریتانەی کە سیستمی ئابووری و پیشەسازیی باسک لەدوای ئەو قەیرانەوە خووی پێوەگرت، جووڵانی هێواش و بەردەوامی ئەو هەرێمەیە بەرەو جۆراوجۆرکردنی سێکتەرەکانی ئابووری و پیشەیی بەمەبەستی پتەوکردنی ئابوورییەکەیان لە بەرامبەر قەیرانەکانی داهاتوو.

## دانانی ژێرخانەکانی سەرکەوتن

دانانی ژێربینای سەرکەوتنەکانی هەرێمی باسک لە ساڵانی 1980ەوە دەستی پێکردووە، کاتێک سیاسەت و پلانی جۆراوجۆر بۆ هەموو سێکتەرەکانی ئابووری و پیشەسازیی باسک بە وردی دارێژران و هاتنە بواری جێبەجێکردنەوە، وەکوو:

1-سیاسەتی دامەزراوە گشتییەکان:
بەپێی ئەو بەشە، حکومەتی باسک سیاسەتی تایبەتی بۆ هەموو بەشە جیاوازەکانی کۆمەڵگا دانا، وەکوو:
سیاسەتی باج، زانکۆ، پەروەردە، تەندروستی، نیشتەجێبوون و خانووبەرە، خزمەتگوزارییەکانی کۆمەڵگا و داهاتی بنەڕەتی.

2- سیاسەتی تایبەت بە ژینگە، شار و ناوچەکان.
3-سیاسەتی یەکخستنی ژێرخانی کۆمەڵگا
بەپێی ئەو سیاسەتە سێ پلان لە ساڵانی 1980 تا 2000 دانراوە و جێبەجێ کراوە بۆ ڕێکخستنەوە و دانانی ژێرخانی کۆمەڵگا.
4- سیاسەتی پیشەسازی:
بەپێی گرنگیی سێکتەری پیشەسازی بۆ ئابووریی باسک و بوونی ژێرخانەکانی پیشەسازی، کۆمەڵە سیاسەتێک بۆ دڵنیابوون لە بەرەوپێشچوونی سێکتەری پیشەسازی و پێدانی توانای کێبڕکێ لە بازاڕی نوێدا دارێژران و جێبەجێ کران، وەکو:

- کۆمەڵێک سیاسەت بۆ نۆژەنکردنەوەی ژێرخانی پیشەسازی و کارگە پیشەسازییەکان بە نوێترین جۆری تەکنۆلۆجی
- سیاسەتی وزە
- سیاسەتی هێشووەکانی پیشەسازی
- سیاسەتی تەکنۆلۆژی
- سیاسەتی بەجیهانیکردنی پیشەسازیی باسک
- سیاسەتی کۆمەڵگا و تەکنۆلۆجیای زانیاری (IT)
- سیاسەتی خاک

یەکێک لە گرنگترین و سەرکەوتووترین سیاسەتەکان، سیاسەتی باجە کە بووەتە هۆی ئەوەی بەشێکی بەرچاوی وەبەرهێنەران رووبکەنە ئەو وڵاتە و ئەوەش رۆڵێکی بەرچاوی هەبووە لە ئاوەدانکردنەوەی سێکتەری نوێ و گەشەی ئابووریی باسک. بەپێی ڕێککەوتنی حکومەتی باسک و حکومەتی ئیسپانیا، مافی دانان و وەرگرتنی باجە سەرەکییەکان دراوەتە حکومەتی باسک و یاسایەکی سەرکەوتوو و تایبەتی بۆ دارێژراوە و لە ساڵانی رابردووشدا بەپێی سیاسەتە ئابوورییەکانی حکومەتی باسک (لە چوارچێوەی یاساکانی یەکێتی ئەورووپادا)، گۆڕانکاری و بەرەوپێشچوونی بەسەردا هاتووە.

## پشتگیریی پلانەکان بە نەریتەکان:

حکومەت و دانیشتووانی باسک هەوڵیان داوە بە چەند نەریتێکی بەسوود، پشتگیری سیاسەت و پلانەکانی حکومەت بکەن، گرنگترینی ئەو نەریتانە بریتین لە:


- پێداگری لەسەر سیاسەتی بەرهەمهێنانی تەکنۆلۆجی و داهێنان
- بەردەوامبوون لەسەر چاکسازی و نۆژەنکردنەوەی ژێرخان و سیستم و کارگە پیشەسازییەکان
- جێبەجێکردن و رێزلێنان لە رکابەری بێ جیاوازی
- داهێنان و گەشەپێدان بە سێکتەری خزمەتگوزاری (سێرڤس) کە ئێستا زۆرترین بەشی داهاتی باسک پێکدێنێت
- دانان و پەرەپێدان بە پارکەکانی تێکنۆلۆجی بۆ یارمەتیدانی گەشە و پێشکەوتنی ئابووری و پیشەسازی
- چەند پلانیی وەبەرهێنانی دەستپێشخەرانە بۆ دانانی ژێرخانی ئابووریی پێویست یان سازکردنی پەیوەندیی پێویست لەنێوان بەشەکانی ژێرخانی ئابووری.

## دوا وتە:


هەرێمی باسک هەرێمێکی سەرکەوتووە لە ناوەندی پێشبڕکێ و قەیرانە یەک لەدوای یەکەکانی ئابووری کە بە کەمترین سامانی سروشتی و تەنیا بە پشتبەستن بە سیاسەت و پلانی زیرەکانە و سەرکەوتوو، هەوڵی هەر تاکێک لە دانیشتووان و گۆڕینی نەریت و خوویان لە بەرژەوەندیی سەرکەوتنی هەرێمەکەیاندا، توانیویانە نەک تەنیا لەناو ئیسپانیا، بەڵکوو لە هەموو ئەورووپا جیاواز بن و ڕێگای سەرکەوتن ببڕن.

ئەوان توانیویانە چەندین دەستکەوتی گرینگ لە بواری ئابووری و پێداویستییەکانی خۆشگوزەرانی تۆمار بکەن و ببنە یەکێک لە ناوچە سەرکەوتووەکانی ئەورووپا و جیهان کە دەتوانرێت وەک نموونە کەڵک لە ئەزموونی وەربگیرێت.

* راوێژکاری ئابووری و بەڕێوەبەری کۆمپانیای ئاردۆ




بەراوردی داهاتی تاکەکەس لەگەڵ وڵاتانی ئەورووپی



تاراوگە
ڕووداو
ژمارە (424) - دووشەممە 2016/9/19



## نادیە موراد کاندیدە بۆ ساخارۆف

ڕووداو- برۆکسل

هەر یەک لە نادیە موراد، کچە چالاکڤانی کوردی ئێزدی، جان دووندار، ڕۆژنامەنووسی تورک و کەریمێ مستەفا، سەرۆکی پەرلەمانی تەتەرستان کاندیدن بۆ وەرگرتنی خەڵاتی مافی مرۆڤی پەرلەمانی یەکێتی ئەورووپا کە بە خەڵاتی ساخارۆف ناسراوە.

نادیە موراد کە پێشتر لەلایەن داعشەوە ڕفێندرابوو، هەینی ڕابردوو بە باڵیۆزی نیازپاکیی نەتەوە یەکگرتووەکان دەستنیشانکرا. هەروەها جان دووندار سکرتێری پێشووی ڕۆژنامەی جمهوریەت، لەلایەن دەسەڵاتی دادوەری تورکیاوە سزای پێنج ساڵ زیندانی بۆ دەرچووە. سەرۆکی پەرلەمانی تەتەرستانیش لەلایەن ڕووسیاوە ڕێگەی پێنادرێ بگەڕێتەوە وڵاتەکەی. وا بڕیارە ڕۆژی 27ی ئۆکتۆبەر ئەو خەڵاتە بدرێتە یەکێک لەو سێ کەسە.

ڤیزەی گەشتیاری و کار وەردەگرن، کەچی دەبنە پەنابەر

# چالاکڤانان و ڕۆژنامەڤانان بە فێڵ دەچنە ئەورووپا و کەنەدا



ڕووداو – ستۆکهۆڵم، هێلسنکی

"دەمەویست بگەمە دنیابینیی نوێ و ژیانێکی تازەی پیشەیی دەستپێبکەم، بەڵام بوومە قوربانیی کەسانێک کە هەرگیز ڕۆژنامەنووس نەبوون". ئەوە گوتەی دیار ئەمینی ڕۆژنامەنووسە، کە پاش چەند ڕۆژێکی دیکە ڕەوانەی کوردستان دەکرێتەوە.

دیار کاتێک دەگاتە سوێد، وەک ڕۆژنامەنووس خۆی بە دەزگای کۆچی سوێدی دەناسێنێ، بەڵام دۆسێکەی فەرامۆش دەکرێ. دیار دەڵێت "بە کەم سەیریانکردم، وەک بڵێی کەسێکی درۆزن بم. چونکە درۆی زۆریان لەگەڵ کرابوو".

کۆچی نایاسایی کورد بەرەو ئەورووپا هەر هەبووە، بەڵام خەریکە کۆچی ڕۆژنامەنووس و چالاکڤانان دەبێتە دیاردە. بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو) لەماوەی دوو مانگی ڕابردوودا، 8 چالاکڤان و 4 ڕۆژنامەڤانی هەرێمی کوردستان لە ئەمریکاوە چوونەتە کەنەدا و لەوێ داوای مافی پەنابەرییان کردووە. هەروەها تاوەکو ئێستا 12 ڕۆژنامەنووس لە فینلەند و 4 ی دیکەش لە سوێد بۆ وڵاتانی دیکەی ئەورووپیی وەک فەرەنسا و ئیتالیا و ئەڵمانیا دیپۆرت کراون. هۆیەکەشی ئەوەبووە کە پەنجەمۆرییان ئاشکرابووە، کە لەو وڵاتانە ڤیزایان وەرگرتووە.

بەشێکی زۆر لەو ڕۆژنامەنووس و چالاکڤانانە بەناوی کاری ڕۆژنامەنووسی و بەشداری لە کۆنفرانس و خولی پێگەیاندن ڤیزایان وەرگرتووە. پاشانیش چوونەتە وڵاتێکی دیکە و وەک ڕۆژنامەنووس، کە گوایە گیانیان لە مەترسیدایە، داوای مافی پەنابەرییان کردووە.

هادی جوامێر پارێزەرێکی کوردە لە سوێد، بەهۆی دۆسیەی کۆچبەرانەوە پەیوەندیی لەگەڵ دەزگای کۆچی ئەو وڵاتە هەیە. ئەو بە (ڕووداو)ی گوت "سوێد باوەڕی بەوە هەیە کە ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، ژیانێکی ئارامیان نییە، بەڵام هەرگیز قبوڵی ئەوانە ناکات کە بەشێوەی جیاواز و لەڕێگەی ڤیزای وڵاتانی دیکەوە دێن و خۆیان تەسلیم دەکەن".

جوامێر، کە کەیسی داخوازیی پەنابەریی لەمشێوەیەی لەلایە، دەڵێت "کەسی وای تێدایە تەنانەت خوێندەوارییەکی باشیشی نییە. کەچی وەک ڕۆژنامەنووس خۆی تەسلیم کردووە و گوتوویەتی لە کوردستان گیانی مەترسیی لەسەر بووە، بەڵام دواتر ئاشکرابووە کە ملیۆنێرێکی ناسراوی کوردستانە".

چالاکڤانێکی کوردی باشووری کوردستان بەناوی (ف. ە) کە پێشتر کاندیدی یەکێک لە حیزبەکانیش بووە بۆ پەرلەمانی کورستان، لەگەڵ هاوڕێیەکی و لەسەر ئەرکی ڕێکخراوێکی مەدەنی، چووەتە ئەمریکا، بەمەبەستی بەشداریکردن لە خولێک لەو وڵاتەدا. بەڵام بەر لە تەواوبوونی خولەکە، چوونەتە کەنەدا و لەوێ داوای مافی پەنابەرییان کردووە.

ئەو چالاکڤانە نەیویست چیرۆکی خۆی باس بکات، بەڵام (ە.س)ی هاوڕێی گوتی "هیچ ڕێگە چارەی دیکەمان نەبوو، گیانمان مەترسیی لەسەر بوو. بۆ پاراستنی گیانی خۆمان ناچاربووین هەموو شتێک بکەین". بەڵام ئەو ڕێکخراوەی خەرجییەکانی سەردانی ئەو دوو چالاکڤانەی بۆ ئەمریکا لەئەستۆ گرتبوو، ڕەتیدەکاتەوە ئەو دوو کەسە گیانیان مەترسیی لەسەر بووبێت.

ئاراڵ کاکل، کە پێشتر لە چەند ڕۆژنامەیەکی باشووری کوردستان کاریکردووە و ئێستا لە فینلاند دەژی، بە (ڕووداو)ی گوت "کۆمەڵێک کەس بەناوی ڕۆژنامەڤان خۆیان دەگەیەننە ئەورووپا و ئەمریکا و داوای مافی پەنابەری دەکەن. بەڕاستی نەک گیانیان مەترسیی لەسەر نەبووە، بەڵکو هۆکاری هەڕەشەش بوون لەسەر کەسانی دیکە".

بەگوتەی ئاراڵ "هەندێک لەو ڕۆژنامەڤانانە بەهۆی نزیکییان لە دامەزراوەی حیزبی و ڕێکخراوەییەوە بەڵگەی وایان دروستکردووە کە گوایە هەڕەشەیان لێکراوە. لەو کارەشیاندا سەرکەوتوو بوون".

ئاراڵ دەڵێت لەلایەن ڕێکخراوەکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکانەوە وەکو پەنابەر لێکۆڵینەوەی لەگەڵ کراوە: "لەماوەی سێ مانگدا، سێ جار و لە پرۆسەیەکی ورد و فراواندا دەیان کاژێر چاوپێکەوتنم لەگەڵ کراوە، تاوەکو لە ڕاستی و دروستیی زانیارییەکان تێبگەن. دوورنییە ئەمە پەیوەندیی بەوەوە هەبێت کە چەندین کەیسی دروستکراو و (درۆ) هەبووە و ئەو کاربەدەستانە متمانەیان بەوانە نەماوە کە دەڵێن ڕۆژنامەڤانین".

بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو) ژمارەیەک لەو ڕۆژنامەڤانانە لەڕێگەی ڤیزای ئەڵمانیا و لەڕێگەی

## کۆنسوڵخانەکانی کوردستان متمانەیان بە نامەی پشتیوانیی دەزگاکان کەم بووە

کۆنسوڵخانەی ئەو وڵاتە لە هەولێر گەیشتوونەتە ئەورووپا، زۆربەیان چوونەتە سوێد و فینلاند، بەڵام دوای ئاشکرابوونیان دیپۆرتی ئەڵمانیا کراونەتەوە.

کۆنسوڵخانەی ئەڵمانیا لەوبارەیەوە لێدوان نادات، بەڵام سەرچاوەیەک لەنێو کۆنسوڵخانەوە بە (ڕووداو)ی گوت "زۆربوونی ئەو حاڵەتانە، بەخشینی ڤیزای کردە پرۆسەیەکی ئەستەم، بەشێوەیەک کە ئێستا هیچ حیسابێک بۆ پشتگیریی دامەزراوەی میدیایی و حکومی ناکرێت".

حاتەم ناوی خوازراوی ئەو کەسەیە کە پێشتر وەک کۆمپانیایەکی بریکار، کاری ڤیزای هاووڵاتیانی لەگەڵ کۆنسوڵخانەکان و لەنێویاندا ئەڵمانیاش کردووە. ئەو باسی ئەوە دەکات کە "دەیان کەیسی لەمشێوەیە" هەن. حاتەم دەڵێت "ڕۆژنامەڤانی وا هەیە زۆر بە ئاسانی دەچووە لای بەرزترین بەرپرسی حکومی و حزبی و لە فەیسبووکەکەشی ڕەسمی لەگەڵیان هەیە، کەچی بەناوی ڕۆژنامەڤانێک کە گیانی لە مەترسیدایە، دوای وەرگرتنی ڤیزای ئەڵمانیا چووەتە فینلەند. ئێستاش دوای دەرکردنی لە فینلەند، لە شوێنێکی دیکەی ئەورووپا خۆی شاردووەتەوە".

بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو)، بەشێک لەو ڕۆژنامەڤانانە بە پشتگیریی دامەزراوەکەی خۆیان و بەناوی کارەوە چوونەتە دەرەوە و نەگەڕاونەتەوە. ئەمەش نیگەرانیی لەلای کۆنسوڵخانەکان لێکەوتووەتەوە. تەنانەت هەندێک لە دەزگاکان بە وریاییەوە پشتگیری دەدەنە کارمەندەکانیان.

### سەرنووسەر دیپۆرت دەکرێتەوە

ڕۆژنامەیەکی ئەهلی-ی ناسراوی کوردستان هەبوو کە ئێستا ڕۆژنامەکە دەرناچێت. بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو) خاوەن ئیمتیاز و سەرنووسەری ڕۆژنامەکە پێشتر چووبووە فینلەند، بەڵام دیپۆرتی فەڕەنسا کراوەتەوە، دواتر بەناچاری گەڕاوەتەوە باشووری کوردستان.

فینلەند پارە دەداتە ئەو کۆچبەرانەی لە کەمپەکان دەردەچن

# خێزانێکی 4 کەسی مانگانە 1200 یۆرۆ وەردەگرێت

ڕووداو – فینلاند

"ئەوەی دێتە لام کاردەکات، دەڵێ لە کوردستان خاوەنی زۆر شتە و ئامادە نییە هەموو شت قبوڵ بکات. هەر زووش کارەکەی بەجێدەهێڵێت". ئەمە قسەی خاوەن چێشتخانەیەکی کوردییە لە شاری لاهتی-ی فینلاند، کە سەرئێشەی زۆری بەدەست ئەو گەنجە کوردانە بینیوە کە کاری لەلا دەکەن.

نەبەز عەبدولڕەحمان، پاش زەحمەتییەکی زۆر، بووەتە خاوەنی پیزەریایەک. ئەو دڵی بەوە خۆش بوو کە بەهۆی کۆچبەرانی نوێوە کێشەی هێزی کاری نەبێت، بەڵام ئێستا دەڵێت "بەکەڵکی کار نایەن و زوو کار بەجێدەهێڵن".

نەبەز لە کۆتایی نەوەتەکان چووەتە فینلاند. ئەوکات ڕۆژانە 13 کاژێر بە 40 یۆرۆ کاریکردووە. کەچی ئێستا ئامادەیە بۆ شەش کاژێر کارکردن 70 یۆرێو بدات، بەڵام دەڵێت "کۆچبەرانی ئێستا ماوەیەکی کەم لەلات دەبن و کارەکەیان پێناکرێت، دەڵێن پارەکەی کەمە".

کاری پیتزا و چێشتخانەکان لەو کارانەن کە پەنابەرانی کورد لە دەرەوە زوو فێریدەبن. ژمارەیەکی زۆر لە خاوەن پیزەریا و خواردنگە خێراکان، کوردن. بەڵام هەموویان کێشەی ئەوەیان هەیە کە لەنێو کۆچبەرە تازەکاندا، کورد کاریان بۆ ناکات و عەرەب یان ئەفغانی جێگەیان دەگرنەوە. وەک نەبەز باسیدەکات لەماوەی شەش مانگدا هەشت کۆچبەری کورد هاتوونەتە لای و دواتر کارەکەیان جێهێشتووە: "هەموویان داوای زیادکردنی پارە و کەمکردنەوەی کاتی کارکردنیان دەکرد". هەروەها نەبەز دیوێکی ئەرێنی لە ئیشنەکردنی کورداندا دەبینێت: "ئەو 70 یۆرۆیەی ڕۆژانە دەمدایە شاگردی کورد، ئێستا دەیدەمە سێ شاگردی ئەفغانی، زۆر لە کوردەکەش باشتر کاردەکەن".



فینلەندییەکان دەڵێن کرێکاری کورد زوو لە کار بێزاردەبن

## بۆ 300 یۆرۆ لە کەمپ دەردەچن

بەپێی ڕێسا تازەکانی فینلاند، کە زیاتر لە 5 مانگە کاری پێدەکرێت، هەر کۆچبەرێک کەمپ بەجێبهێڵێت و ئارەزوومەندانە بێبەش بێت لە خزمەتگوزارییەکان. ئەو یارمەتییەی مانگانە دەیدرێتێ لە 90 یۆرۆوە بۆ 300 یۆرۆ زیاددەکات.

ڕێژوان سەعید کە پێشتر لە دوو کەمپی فینلاند کاریکردووە دەڵێت: "ئەمە زۆر هانی کوردەکانی داوە تاوەکو کەمپ بەجێبهێڵن". ڕێژوان دەڵێت سەرەتا سەڵتەکان دەڕۆیشتن، "بەڵام ئێستا خێزانەکانیش هەمان شت دەکەن. بەتایبەتی ئەوانەی زیاتر لە 4 سەر خێزانن، نزیکەی 1200 یۆرۆ وەردەگرن، بەمەش بەباشی دەژین".

ئەو گەنجانەی لە کەمپ دێنە دەرەوە، لەگەڵ یەک یان دوو کەسی دیکە، ژوورێک یان ئاپارتمانێکی بچووک بە ڕەش دەگرن. هەردی، کە کۆچبەرێکی کوردە و وایکردووە، دەڵێت "لەگەڵ چوار گەنج شوقەیەکمان گرتووە، هەر یەکەمان 130 یۆرۆ کرێ دەدەین، ئەوەی تریشی وەک پاشا پێی دەژین. ئەمە زۆر باشترە لە دەردەسەرییەکانی کەمپ".

## کاری ڕەش دەکەن

لە ناوەندی شاری وەک هێلسنکی بە نموونە، گەنجانی کورد زۆر بەئاسانی دەدۆزرێنەوە. چونکە زۆربەیان گروپ گروپ کۆدەبنەوە و دەمەتەقێ دەکەن.

نزار یەعقووب لەگەڵ هاوڕێکانی لەنزیک تێرمیناڵە سەرەکییەکەی هێلسنکی وەستابوو. ئەو یەکێکە لەوانەی کەمپی بەجێهێشتووە و دەڵێت: "لە خواردنگەیەک کاردەکەم، لە کاژێر 5 تاوەکو 12ی شەو. هەر لە خواردنگەکەش دەخەوم". بەپێی ڕێساکانی فینلاند ئەو کارەی نزار دەیکات "ڕەشە". ئەو دەڵێت "مووچەی مانگانەم لەو خواردنگەیە 600 یۆرۆیە، 300 یۆرۆش لە حکومەت وەردەگرم، پارەی شوێنی مانەوەش نادەم".

کاتێک (ڕووداو) لەبارەی کارنەکردنی کۆچبەرانی کوردەوە پرسیاری لێکرد، نزار بەتووڕەییەوە گوتی "من هەموو کارێک دەکەم، هەموومان تەمبەڵ نین. کۆچبەرمان تێدایە زۆر دەوڵەمەندە و وەکو پاشا دەژی و پێویستی بە کارکردن نییە، بەڵام هەمووشمان وانین".

هەرچەندە کوردانی کۆچبەر کەمتر کاردەکەن، بەڵام دیاردەی کاری ڕەشی کۆچبەران، زۆر بەرەو

### خاوەنی دووکانێکی حەواڵە: کۆچبەری وا هەیە مانگانە 2000 یۆرۆی لە کوردستانەوە بۆ دێت

زیادبوون دەڕوات و فینلەندییەکانی تووڕە کردووە. بەتایبەتی کە ئێستا قەیرانێکی دارایی نوێ ڕووی لە وڵاتەکە کردووە، خەریکە داخستنی مارکێت و دووکانەکان دەبێتە دیاردە.

گابرێل ئێلی، قوتابیی ماستەرە لە زانکۆی هێلسنکی و ماستەرەکەی لەبارەی پلانی ئابوورییەوە. ئەو دەڵێت: "لەپاڵ زۆربوونی ژمارەی کۆچبەران، کە زۆریان کاری ڕەش دەکەن، هەڕەشەیەکی زۆر لەسەر دارایی و ئابووریی فینلاند هەیە".

ئێل نموونە بە شکستی یەکێک لە بازاڕە هەرە گەورەکانی فینلاند دەهێنێتەوە کە مانگی ڕابردوو ئیفلاسبوونی خۆی ڕاگەیاند، کە بە گوتەی ئێلی "بەو هۆیەوە 20 هەزار کەس بێکار بوون". ئاتێلا ATILA یەکێک لە بازاڕە دیار و مارکە گەورەکانی فینلاند بوو، کە هاوشێوەی نۆکیا و کەشتییەکان شانازییان پێوەدەکرد، بەڵام ئیفلاسیکرد و هەموو شتەکانی هەراجکرد. کرێکارەکانیشی ئاگادارکردەوە کە کۆتایی مانگ نەیەنەوە سەر کار. ئێلی دەڵێت "بۆ کۆمەڵگەیەکی 50 ملیۆن کەسی، قورسە کە ئەو هەڕەشە ئابوورییە هەبێت و کاری ڕەش و پارە و خەرجیی کۆچبەرانیش هەمیشە ڕوو لە زیادبوون بکەن".

## لە کوردستان پارەیان بۆ دەچێت

نەبەز-ی خاوەن پیزەریا بە سەرسووڕمانەوە دەڵێت "پێم سەیرە دەڵێن لە کوردستان قەیرانی دارایی هەیە و ئیش نییە، کەچی زۆربەی ئەو شاگردە کوردانەی لەلای من بوون مانگانە لانیکەم 500 یۆرۆیان لە کوردستانەوە بۆ دەهات".


ڕەنج محەممەد خەڵکی باشووری کوردستانە و چاوەڕێی وەڵامی داواکاری پەنابەرییەکەی لە حکومەتی فینلاند دەکات. ئەو دەڵێت "شوقەیەکم هەبوو لە کوردستان بە 450 دۆلار بە کرێم داوە، هاوژینەکەشم ناردووەتەوە ماڵی باوکی، مانگانە 250 دۆلار بۆ خۆیان دەگێڕنەوە و 200 دۆلاریش بۆ من دەنێرن. لەگەڵ ئەو پارەیەی لە حکومەتی فینلاند وەردەگرم، پێیدەژیم".

ڕەنج ئامادە نییە هەموو کارێک بکات و دەڵێت "من بۆ ژیانێکی باشتر هاتووم، لە سلێمانی کاری پاککردنەوە و قاپ شووشتنم نەکردووە، لێرەش ناچار نیم بیکەم".

ڕەحیم عەلی، خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە هیلسنکی ئۆفیسی فرۆشتنی بلیتی فڕۆکەی هەیە. کاری حەواڵەی پارەش دەکات. ئەو دەڵێت مانگانە پارە بۆ چەندین کۆچبەر حەواڵە دەکات کە لە کوردستانەوە بۆیان دێت.

سەبارە بە بڕی ئەو پارەیەی حەواڵە دەکرێ، ڕەحیم دەڵێت "بەپێی توانای دارایی کەسەکەیە لە 200 یۆرۆوە دەستپێدەکات. هەیە مانگانە 2000 یۆرۆی بۆ حەواڵە دەکرێ".

ئێلی سەری لە هەندێک لەو کۆچبەرانە سووڕماوە و دەڵێت "بەڕاستی سەیرە بەلامەوە، گەنجی کۆچبەر دەبینم وەک ڕاکردوویەکی شەڕ هەڵاتووە بۆ فینلاند، کەچی لە مارکە ناسراوەکان، پانتۆڵ و کراسی 500 یۆرۆیی دەکڕن و هەموو شەوێک لە باڕەکانن".




## ڕانیە کۆیاندەکاتەوە

**میوا سەلاح / ڕووداو- هەولێر**

سەنتەری ڕایەڵ لە ڕانیە چوارەمین فێستیڤاڵی کولتووره جیاوازەکان لەژێر ناوی "ئاشتی و پێکەوەژیانی کولتووره جیاوازەکان" ڕێکدەخات. خالید قادر، سەرپەرشتیاری فێستیڤاڵەکە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئامانجمان لەم فێستیڤاڵە کارکردنە بۆ ئاشتی و هاوڕێیەتی و پێکەوەژیانی کولتووری. هەروەها ڕەخساندنی زەمینەیەکی هونەرییە بۆ گرنگیدان بە کولتوور و فۆلکلۆری گەلان".

خالید دەشڵێت "بۆ ئەمساڵ دەیان گرووپی هونەری میللی و هەڵپەڕکێ لە کورد، عەرەب، تورکمان، سریان، ئازەری و نەتەوە جیاوازەکانی ئێران بەشداری لەم فێستیڤاڵە کولتوورییەدا دەکەن و بەرهەمەکانی خۆیان نمایش دەکەن". بڕیارە ئەم فێستیڤاڵە لە ڕۆژانی 22 و 23ی ئەم مانگە لە پارکی دەروازەی ڕاپەڕین لە ڕانیە بەڕێوەبچێت.

هەڵکەوت مستەفا، دەرهێنەری فیلمی کلاسیکۆ بۆ (ڕووداو):

# بیرۆکەی فیلمی کلاسیکۆ لە هەولێر دروستبوو

بینینی یارییەکی نێوان یانەی بارسیلۆنا و ڕیاڵ مەدرید لەڕێگەی سکرینێکەوە لە شاری هەولێر، دەبێتە هەوێنی بیرۆکەی فیلمێک لەلای هەڵکەوت مستەفا. هەر هەمان ناویش بۆ فیلمەکە هەڵدەبژێرێ، کە یاریی ئەو دوو یانەیەی پێدەناسرێتەوە. هەڵکەوت مستەفا، دەرهێنەری فیلمی کلاسیکۆ لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ هەفتەنامەی (ڕووداو) باسی کارەکانی پشت پەردەی فیلمی کلاسیکۆ دەکات و دەڵێت شەش ساڵ کاری لەو فیلمەدا کردووە و بۆ یەکەمجاریش لە 15/4/2016 لە سینەماکانی ئەوروپا نمایش کراوە.

هەڵکەوت مستەفا، 31 ساڵ، دانیشتووی نەرویجە و دەرچووی بەشی دەرهێنانە لە ئەکادیمیای فیلم لە شاری ئۆسلۆ. پێشتر دەرهێنانی بۆ فیلمی دڵی سوور و فیلمێکی دۆکیومێنتاری کردووە.

هەڤپەیڤین: پشتیوان جەمال
ڕووداو - سلێمانی

**ڕووداو: بیرۆکەی فیلمەکە چۆن دروستبوو، بیرۆکەی خۆت بوو؟**

**هەڵکەوت مستەفا:** شەش ساڵ لەمەوبەر بە سەردانێک گەڕامەوە. لە شاری هەولێر بووم، بە ڕێکەوت شەوێک یاری نێوان ڕیاڵ و بارسیلۆنا (کلاسیکۆ) هەبوو، شار شڵەژا بوو، ئەو دیمەنەش زۆر سەرنجی ڕاکێشام، بیرم لەوە دەکردەوە ئەو دوو یانەیە بەو شێوەیە یاری دەکەن و هەموو جیهانیش سەیریان دەکات. دوای گەڕانەوەم بۆ نەرویج، چووم بۆ ئیسپانیا بۆ ئەوەی لە بارسیلۆنا یاری گەڕانەوەی نێوان ئەو دوو یانەیە ببینم. جوانیی ئەو یارییە لەوەدایە کە خەڵک لە توندوتیژی دووردەخاتەوە. منیش بە دروستکردنی ئەو فیلمە ویستم بە جیهان بڵێم کورد حەزی لە تۆپی پێیە، نەک چەک.

**ڕووداو: بۆچی بەتایبەت دوو برای کورتەباڵات هەڵبژارد؟**

**هەڵکەوت مستەفا:** دوای دروستبوونی بیرۆکەکە کۆمەڵەی کورتەباڵاکانم ناسی، لەوانیشەوە ئەو دوو برایە کە زۆر بە توانا بوون، بەڵام خۆیان درکیان بە تواناکانی خۆیان نەکردبوو.

**ڕووداو: دەگوترێت بەشدارپێکردنی ئەو دوو برایە بۆ ئەوە بوو سەرنجی کۆمپانیاکانی سپۆنسەر بەلای خۆتدا ڕابکێشی؟**

**هەڵکەوت مستەفا:** نەخێر هیچ مەبەستم ئەوە نەبووە، بەڵکو توانای خۆیان وایکرد بەشدار بن، جگە لەوەش خۆم بەدوای شتێکی ئۆرجینالدا دەگەڕام. هەروەها بۆ شارەزابوونی تەواو لە ژیانی ئەو دوو برایە ساڵێک لەگەڵیان ژیام، تەنانەت ئەوان و ڕۆژین شەریفی (ئەکتەری فیلمەکە) بەردەوام قسەیان دەکرد بۆ ئەوەی شارەزای ژیانی یەکدی بن.

**ڕووداو: هۆکاری هەڵبژاردنی ڕۆژین شەریفی تەنیا ئەوە بوو، کە باڵای بەرزە؟**

**هەڵکەوت مستەفا:** هەڵبژاردنەکەی پەیوەندی بەوەوە هەیە دەنگێکی ئارامی هەیە، چیرۆکەکەش پێویستی بەو دەنگە بوو، هەروەها ئەو، باڵابەرزە و کوڕەکەش کورتەباڵا بوو، یەکێک لە خەونەکانی کورتەباڵاکانیش ئەوەیە کچێکی باڵابەرز شوویان پێبکات.

**ڕووداو: چۆن بوو هونەرمەندان ناسر حەسەن و کامەران ڕەئوفت ڕازیکرد لەو فیلمەدا بەشدار بن، کە دوو دەرهێنەری بەناوبانگن؟**

**هەڵکەوت مستەفا:** ڕاستە ئەوان دوو دەرهێنەری گەورەن. پێموایە بەهۆی باوەڕبوونیان بە خۆم و پڕۆژەکە ڕازیبوون.

**ڕووداو: فیلمەکەت پێشکەشی ڕۆحی هونەرمەندی کۆچکردوو جیهاد دڵپاک کرد، دەگوترێت ڕۆڵی هونەرمەند کامەران ڕەئوف بۆ جیهاد دڵپاک داندرابوو، بەڵام کۆچی دوایی کرد و فریا نەکەوت؟**

**هەڵکەوت مستەفا:** نەخێر وانییە، بڕیار بوو ئیشێک لەگەڵ کاک جیهاد بکەین، بەڵام بەهۆی ئەنجامنەدانی پڕۆژەکەوە نەمانتوانی پێکەوە کار بکەین.

**ڕووداو: بۆچی ناوچەی هەورامانت بۆ فیلمەکە هەڵبژارد؟**

**هەڵکەوت مستەفا:** هەرچەندە خۆم هەورامی نیم، بەڵام دڵم بە هەورامان خۆش دەبێت، بۆیەش بڕیارمدا فیلمەکە لەوێ دروست بکەین، بۆ مەسەلەی کڵاشەکانیش، لە سیناریۆکەدا دوو کورتەباڵاکە سەردانی کریستیانۆ ڕۆناڵدۆی یاریزانی یانەی ڕیاڵ مەدرید دەکەن، ڕۆژێک لەگەڵ هونەرمەند شوان عەتوف، کە زۆر هاوڕێمە باسی ئەوەمان کرد چی ببەن بۆ ڕۆناڵدۆ، شوان گوتی بۆچی کڵاشی بۆ نەبەن؟ دواتر کڵاشەکە پانتایی گەورەی لە فیلمەکەدا داگیرکرد.

**ڕووداو: لە فیلمەکەدا بەردەوام باس لە پێدانی دوو کڵاش بە ڕۆناڵدۆ و میسی دەکرێت، بەڵام لە کۆتاییدا تەنیا کڵاشێک بە ڕۆناڵدۆ دەدرێت، بۆچی نەتاندایە میسیش؟**

**هەڵکەوت مستەفا:** باسی چیرۆکە هەستیارەکەت کرد، ئەو دوو یاریزانە پێکەوە ناسازێن، لەبەرئەوەی دوو دنیای جیاوازن، پاشان نەدەگونجا دوای ڕۆناڵدۆ جارێکی دیکە بڕۆینە لای میسی، پێشبینی بینینی میسی و وەرگرتنی کڵاشەکەشمان دەکرد، بەڵام خاڵێکی دیکەش هەیە دەمەوێت لێرەوە ئاماژەی پێبکەم، چونکە بە زۆر کەسم گوتووە و بەداخەوە ڕەنگە تێی نەگەن، فیلمەکە مرۆڤایەتییەو لە بنەڕەتدا باسی ئەو دوو یاریزانە ناکات، بەڵکو باسی دوو کورتەباڵا و بەتایبەتیش یەکێکیان دەکات، کە خەونێکی گەورەی هەیە بۆ گەیشتن بە خۆشەویستەکەی، بۆ ئەوەش دەیەوێت بگاتە لای ڕۆناڵدۆ.

**ڕووداو: دەگوترێ لەبەرئەوەی سەرەتا ڕۆناڵدۆتان بینیوە، میسی ڕازی نەبووە کڵاشەکە وەربگرێت؟**

**هەڵکەوت مستەفا:** شتی وا نییە، تەنانەت سەرەتا لەگەڵ بەرپرسانی یانەی بارسیلۆناش قسەمان کرد و زۆریان پێباشبوو، بەڵام بەڕاشکاوی بیڵێم بۆ فیلمەکە پێویستی نەکرد کڵاشەکە بدەینە مێسی، ئەگینا ئەگەر بمانەوێت ئێستاش دەتوانین سەردانی مێسی بکەین.

**ڕووداو: دەگوترێ جارێکی دیکە ڕۆناڵدۆ دەبینیتەوە، ڕاستە؟**

**هەڵکەوت مستەفا:** پێدەچێت یەکدی ببینینەوە، بەڵام تائێستا کاتەکەی دیاری نەکراوە.

**ڕووداو: فیلمەکە نزیکەی دوو ملیۆن و 150 هەزار دۆلاری تێچووە، چۆن توانیت ئەو بودجەیەی بۆ دابین بکەی؟**

**هەڵکەوت مستەفا:** ئیشی من وەکو بەرهەمهێنەر دروستکردنی بەرهەمێکی باشە، بەرهەمی باشیش بودجەیەکی باشی دەوێت، نزیکەی هەشت کۆمپانیا و بانکی ئیماراتی سپۆنسەریان کردووە. بۆ ڕازیبوونیشیان باوەڕیان بە خۆم و پڕۆژەکە هەبوو. تەنانەت بە کامێرا و تەکنیکەوە هەمووی لە دەرەوە هێنراوە، چونکە شوناسی فیلمی کوردی پێویستی بەو بەرهەمەیە، ئیش زۆر کراوە، بەڵام هەست دەکەم ئەوەی ڕۆحی بینەر پێویستی پێیەتی، پێی نەدراوە.

**ڕووداو: بەڵێنت بەو کۆمپانیایانە داوە پارەکانیان بۆ بگێڕیتەوە، کارێکی ئەستەم نییە؟**

**هەڵکەوت مستەفا:** کێشە نییە چەندیان بۆ دەگەڕێتەوە، بەڵکو من دەڵێم بۆ ئەو پڕۆژەیە ئەوەندەی تێدەچێت، دەتوانن ببنە هاوبەشم چەندی خێرکرد ئەوەندەت دەست دەکەوێت. پاشان لای من گرنگ نییە ئەو پارەیە پەیدا دەکاتەوە یاخود نا، بەڵکو کوالیتی بەرهەمەکە بۆ من و کورد گرنگە، جگە لەوەش بە ملیۆنەها دۆلاری دەرەوەم هێناوە و لە کوردستان خەرجمان کردووە، کە ئەوەش جۆرێکە لە وەبەرهێنان.

**ڕووداو: لەوڵاتانی دەرەوە کە نمایشکراوە داهاتی هەبووە؟**

**هەڵکەوت مستەفا:** لەو وڵاتانە تائێستاش لە نمایشکردن بەردەوامە، چونکە لە هەر وڵاتێک بەپێی سیستەمی خۆیان نمایشی دەکەن، بەڵام داهات لای کۆمپانیای بڵاوکردنەوەیە و لای من نییە. لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیش کۆمپانیای ئیمپایەر وەریگرتووە و ئەویش بە کۆمپانیای بابیلۆنی داوە.

**ڕووداو: دەگوترێ کار بۆ بەشی دووەمی کلاسیکۆ دەکەیت؟**

**هەڵکەوت مستەفا:** تائێستا نازانم.

**ڕووداو: بۆچی سەرەتا لە دەرەوە نمایشتان کرد و دواتر لە سلێمانی؟**

**هەڵکەوت مستەفا:** حەزم دەکرد سەرەتا لە سلێمانی بێت، لەبەرئەوەی منداڵی ئەو شارەم، بەڵام لەو کاتەدا کوردستان شەڕی داعش و قەیرانی دارایی هەیە. جگە لەوەش گرێبەستمان لەگەڵ بانکێکی ئیماراتی هەبوو، مەرجی پێدانی پارەکەشیان ئەوە بوو یەکەم نمایشی لە دوبەی بێت، بەڵام لە گرێبەستەکەدا نووسیبووم کە دەتوانم لە سلێمانیش یەکەمین نمایشی بکەم.




دەمانتوانی میسیش ببینین، بەڵام پێویستی نەدەکرد

یەک ساڵ لەگەڵ دوو برا کورتەباڵاکەدا ژیام

# ئەکادیمیایەکی ئەمریکی گەنجانی کورد فێری هیپ هۆپ دەکات




**گلێن فیلد**
**ڕووداو- هەولێر**

ماوەی یەک دەیە دەبێت پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و ئەکادیمیایەکی ئەمریکی بۆ میوزیکی کلاسیکی و سەمای هیپ هۆپ بەردەوامە. ئێستاش لە پانتاییە هونەرییەکەدا بەرهەمی ئەم پەیوەندییە دەرکەوتووە، لە کاتێکدا بەشێکی بەرچاو لەوانەی قوتابی ئەم ئەکادیمیایە بوون، ئێستا مامۆستا یان بەڕێوەبەری ناوەند و دامەزراوە هونەرییەکانی کوردستانن.

جۆن فێرگسن، بەرپرسی پڕۆژەکانی ئەکادیمیای یەس (Yes Academy) لەبارەی بەرهەمی پڕۆژەکەی خۆیان لە کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "دەبینین ئەوانەی 10 ساڵ لەمەوبەر ئێمە وانەمان پێدەگوتنەوە، ئێستا خۆیان مامۆستان و لە هەندێک حاڵەتیشدا بەڕێوەبەری دامەزراوەکانی هونەرەجوانەکانی کوردستانن، یان لەو دامەزراوانەدا وانە دەڵێنەوە". ئەمەش بەو مانایە ئەوانەی قوتابی ئەکادیمیای یەس بوون، ئێستا لە ناوەندە هونەرییەکاندا "خاوەنی دەسەڵات و پێگە و کاریگەرین".

ئەکادیمیای یەس ساڵانە کۆمەڵێک کۆرس لە هەولێر دەکاتەوە، کە تێیدا بەشداربووان فێری داڕشتن و ئەدای میوزیک و سەما دەکەن. بە گوتەی فێرگسن لە سەرەتای دامەزرانی ئەم ئەکادیمییەوە گۆڕانکارییەکی زۆر لە نێو ئەکادیمیاکەدا ڕوویداوە و گوتی "هەموو ساڵێکمان وەکو ئەوەیە بە گۆڕانێکدا ڕۆیشتبین، پڕۆژەکەمان بەپێی بارودۆخی سیاسی، ڕەوشی دارایی و ئەمنی گۆڕانی بەسەردا دێ".

لە پڕۆژەکەی ئەمساڵیاندا کار لەگەڵ 100 بەشداربوودا دەکەن، کە هەندێکیان لە پەیمانگا و کۆلێژەکانی هونەرە جوانەکانی هەرێمی کوردستاندا وانە و ڕاهێنانیان وەرگرتووە. پرۆگرامەکەی ئەمساڵ لەڕووی قەبارەوە لە چاو ساڵانی پێشوو بچووکترە، بەڵام بەرپرسی پڕۆژەکانی ئەکادیمیای یەس هیواخوازە ئەمساڵیش بتوانن مەشق بە قوتابی و مامۆستای دیکە بکەن.

سەبارەت بە قەبارەی پرۆگرامەکەی ئەمساڵ فێرگسن ڕایگەیاند "پرۆگرامەکە لە چاو جاران بچووکترە، بەڵام لە هەمانکاتدا چالاکتریشە. پرۆگرامەکەی ئەمساڵ هەرزانتر دەکەوێت و زیاتر پەیوەندی کەسەکانە نەک وڵاتەکان". هیواشی خواست "هاوکارییە داراییەکان پێشکەش بەم پڕۆژەیە بکرێن، بۆ ئەوەی لە ساڵانی داهاتوودا بتوانن گرووپێکی زیاتر لە مامۆستا بهێنن و خەرجییەکانی گواستنەوە، حەوانەوە و خواردن بۆ ژمارەیەکی زیاتر لە قوتابی دابین بکەن".

سەبارەت بە قەبارەی پڕۆژەکەو چۆنێتی ڕێکخستنی گرووپەکان فێرگسن ئاماژەی بەوەدا کە "ئەمساڵ 50 سکۆلارشیپمان داناوە، کە خەرجییەکانی گواستنەوە، هوتێل و خواردنی 50 قوتابی دەرەوەی هەولێر لەخۆدەگرێت، دواتریش لەگەڵ قوتابییەکانی نێو هەولێر کاردەکەین".

پڕۆژەکەی یەس لەڕووی ستایلی موزیکەوە فرەڕەنگە و هەم ستایلی ڕۆژئاوایی لەخۆدەگرێت و هەمیش ڕێگە بە بەشداربووان دەدرێت بە مۆسیقای کوردی بەشداری لە ڕاهێنانەکاندا بکەن. بە گوتەی فێرگسن "یەکێک لە خاڵە بەهێزەکانی یەس ئەکادیمی ئەوەیە کار لەسەر چۆنێتی داڕشتن دەکات. هەر بۆیەش داوا لە قوتابییەکان دەکەین پارچەیەک بۆ ئۆرکێسترای ژێدار یان چوارینەی ژێدار بنووسن، پارچەکەش دەکرێت لەسەر بنەمای موزیکی کوردی بێت، دواتریش ئەم پارچەیە بەشێوازی ڕۆژئاوایی داڕشتنی بۆ بکرێت".

دوو مانگ لەمەوبەر، لە تەقینەوەکەی گەڕەکی کەڕادەی بەغدا، عادل فەرەج (ناسراو بە عادل یۆرۆ) لەگەڵ 343 کەسی دیکە گیانی لەدەستدا. عادل یەکێک لە مامۆستاکانی پرۆژەکەی یەس ئەکادیمی بوو، هەر بۆیەش ئەمساڵ بۆ یادی عادل سەمای هیپ هۆپیش لە پرۆگرامەکەیان دادەنێنەوە.

بۆ بانگهێشتی قوتابیانی میوزیک، ئەکادیمیای یەس پشت بە پەیمانگا و کۆلێژەکانی هونەرەجوانەکانی کوردستان دەبەستێت، بەڵام بۆ بانگهێشتکردنی شەیدایانی هیپ هۆپ پشت بە فەیسبووک و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە دەبەستێت. فێرگسن دەڵێت "بۆ مەشقەکانی سەما ئێمە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەو کەسانەوە دەکەین، کە خوازیاری بەشداری کردنن، بۆ ئەمەش پشت بە فەیسبووک یان پرسیارکردن لەم و لەو دەبەستین. ماوەی 10 ساڵ دەبێت ئەمە کارمانە، بۆیەش هەموو کەسەکان ئێمە دەناسن و ئێمەش ئەوان دەناسین".

مامۆستای ئەمساڵی سەما، حەلیم ڕەسووڵە، کە لە ناو قوتابییەکان و هاوڕێکانی بە ژێ (Strings)ناسراوە. حەلیم خەڵکی دیترۆیتە، ئەم شارە یەکێکە لەو شارانەی ئەمریکا کە زۆرترین ژمارەی موسڵمانی تێدا دەژی، بۆیەش پێیوایە "مێژووی من لەگەڵ زمان و کەلتووری [گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست] وایکردووە من شیاو بم بۆ ئەمە، باکگراوندی خۆیشم لە هیپ هۆپ دەرفەتی ڕەخساندووە بۆ ئەوەی بێمە ئێرە. هەست دەکەم جۆرە پەیوەندییەکم بە ئێرەوە هەیە، لەبەر ئەوەی هەم سەماکارەکان لەگەڵ من هەست بە ئاسوودەیی دەکەن و هەم خۆیشم هەست دەکەم زۆر شت لەبارەیانەوە دەزانم".




LEGACY
CONSTRUCTION



## لە شەڕی نێوان شوفێراندا دەکوژرێ

**رووداو- کەرکووک**

نەقیب فەرهاد حەمەعەلی، بەرپرسی راگەیاندنی ئاسایشی پارتی لە کەرکووک بە (رووداو)ی راگەیاند، ئێوارەی 2016/9/12 ژنێکی تەمەن 30 ساڵ کە خەڵکی کەرکووکە، لە سلێمانی نیشتەجێ بووە، بەمەبەستی جەژنە پیرۆزە هاتووەتە کەرکووک، بەڵام لەلایەن ماتۆرسکیلێکەوە کوژراوە.

نەقیب فەرهاد گوتی "ئەو ژنە ویستوویەتی بە تاکسییەک بچێتە ماڵی براکەی لە گەڕەکی پەنجا عەلی، بەڵام لەڕێگەدا شوفێری تاکسییەکە لەگەڵ ماتۆڕیسکلەکە دەبێتە کێشەیان. بەو هۆیەش ماتۆڕسکیلکە تەقەی کردووە و شۆفێری تەکسییەکەی بریندارکردووە و ژنەکەشی کوشتووە". گوتیشی "دوای 24 کاژێر تۆمەتبارەکە دەستگیرا".

# ئامینە سووتا یان کارەبا کوشتی؟



**عومەر چاوشین**
**رووداو – قەڵادزێ**

دراوسێکان بەهۆی دووکەڵەوە بە رووداوەکەیان زانی، بەڵام تا گەیشتنە ئەوێ، کار لەکار ترازابوو. جەستەی ئامینە ببوو بە خەڵووز. لەبارەی هۆکاری رووداوەکە، بۆچوونی جیاواز هەیە.

رۆژی 2016/9/4 ژنێکی تەمەن 48 ساڵ بەنێوی ئامینە خدر عەلی، دانیشتووی گەڕەکی ئاشتی لە قەڵادزێ لە نێو ماڵەکەیدا سووتا، بەهۆی زۆری رێژەی سووتانەکەی دەستبەجێ گیانی لەدەست دا، بەڵام روون نییە ئەو ژنە سووتاوە یان خۆی سووتاندووە، بە چەند جۆرێک باسی رووداوەکە دەکرێ.

چۆمان ئیسماعیل وسو، کە کوڕی ئامینەیە، دوای تێپەڕبوونی چوار رۆژ بەسەر رووداوەکەدا، هێشتا خەم بە رووخسارییەوە دیارە. ئەو گوتی رووداوەکە قەزا و قەدەر بووە و دەستی کەسی تێدا نییە. بە گوتەی چۆمان، دایکی نەخۆشی شەقیقەی هەبووە و هەندێکجاریش دەبوورایەوە.

چۆمان باسی هۆکاری گیانلەدەستدانی دایکی خۆی کرد و گوتی "ئەو رۆژە کەسمان لە ماڵەوە نەبووین، دایکم خەریکی ئامادەکردنی نانی نیوەڕۆ بووە، بەنیازبوو کوڕ و کچەکانی دەعوەت بکات، برنجەکەی لەسەر تەباخ دانابوو، دواتر ویستبووی ئاوی برنجەکە لە حەمام بڕێژێ، لەو کاتەدا کارەبای گەرماوەکە شۆرتی کردبوو، دایکم بە بۆنی وایەری کارەباکە کە قاڵابووەوە لە هۆش خۆی چووبوو".

چۆمان، کە یەکەم کەس بووە گەیشتووەتە شوێنی رووداوەکە، گوتی "گەرماوەکە پڕبوو لە دووکەڵ، پێدەچێ دایکم لەو کاتەدا شەقیقەی گرتبێ، ئەو کە شەقیقەی دەگرت دەست و قاچی رەقدەبوون، رەنگە هەر بە دووکەڵی وایەری کارەباکە خنکابێ".

چۆمان رەتیکردەوە، دایکی خۆی سووتاندبێ و گوتی "رووداوەکە قەزا و قەدەرە، هەر شتێک لەبارەی خۆسووتاندنی دایکمەوە گوترابێ، ئێمە رەتیدەکەینەوە، چونکە دایکم کچە هەرزەکارێک نەبووە خۆی بسووتێنێ".

دراوسێیەکی ماڵی ئامینە کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، هەمان قسەی کەسوکاری ئامینە دووبارە دەکاتەوە و دەڵێت "دووکەڵێکی زۆر لە ماڵی ئامینە بەرزبووەوە، ئێمە بەهۆی ئەو دووکەڵەوە بە رووداوەکەمان زانیوە، کەسوکارەکەی دەڵێن رووداوەکە بەهۆی شۆرتی کارەباوە بووە".

نینا محەممەد، لێپرسراوی بەشی بەدواداچوون لە بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان لە راپەڕین گوتی "ئامینە بە مردوویی لە گەرماوی ماڵەکەیاندا هێندراوەتە دەرەوە و براوە بۆ نەخۆشخانە، بەڵام تا ئێستا هۆکاری رووداوەکە نەزاندراوە". گوتیشی "دوای رووداوەکە بە بڕیاری دادوەر هێڵکاری بۆ شوێنی رووداوەکە کراوە و چاوەڕێی راپۆرتی پۆلیس دەکەین بۆ ئەوەی بزانین راستیی رووداوەکەمان بۆ دەربکەوێ".

بەڵام پۆلیس دەڵێت ئامینە بە ئامێرێک مردووە، کە ئێستا زۆر بە کەمی بەکاردەهێندرێت و لە زۆربەی ماڵاندا هەر نەماوە.

نەقیب کاروان مەحموود گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی ڕاپەڕین بە (رووداو)ی گوت "بەپێی زانیارییە سەرەتاییەکان ئەو ژنە بەهۆی تەقینی پەرەمێز سووتاوە و گیانی لە دەستداوە، بەڵام پۆلیس لە لێکۆڵینەوەکانی لە رووداوەکە بەردەوامە".

بەپێی ئەو توێکارەی لە نەخۆشخانە بۆ تەرمی ژنەکە کراوە، دەرکەوتووە ئەو ژنە سووتاوە و رێژەی سووتانەکەشی زۆر بەرزە.

عوسمان محەممەد، یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی نەخۆشخانەی قەڵادزێ دەڵێت "بەپێی ئەو توێکاری و پشکنینانەی بۆ تەرمی ژنەکە کراوە، دەرکەوتووە سووتاوە و رێژەی سووتانەکەشی 100%بووە، بەڵام بۆ ئێمە روون نییە سووتاوە یان خۆی سووتاندووە، چونکە کە گەیەنرایە نەخۆشخانە گیانی لەدەستدابوو".

بگەڕێنەوە خۆی دەسووتێنێ

# نەنکێک دوو نەوە کچەکەی دەردەکات

**پشتیوان جەمال**
**رووداو- دهۆک**

دوو خووشک و دوو برا لەلایەن نەنکییانەوە لە ماڵەوە دەردەکرێن. نەنکەکە داوای لە دوو کچەکە کردووە، لە دەرەوە پارەی بۆ پەیدا بکەن. کاتێکیش چالاکڤانێکی ژن ویستوویەتی ئەو دوو کچە بگەڕێنێتەوە، نەنکیان هەڕەشەی خۆسووتاندنی کردووە.

لە نیوەشەوێکی کۆتایی مانگی ئابدا، دوو خووشکی تەمەن 16 ساڵ و 20 ساڵ لەگەڵ دوو برایان، کە تەمەنیان 10 ساڵ و 12 ساڵ بووە و دانیشتووی شاری دهۆکن، لەلایەن نەنکیانەوە لە ماڵەوە دەرکراون و پاشان شۆفێری ئۆتومبیلێکی تەکسی بووەتە فریادڕەسیان و توانیویەتی لەو کێشەیە رزگاریان بکات.

تانیا زیکرا پارێزەر و سەرۆکی لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی لە ئەنجوومەنی پارێزگای دهۆکی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، کە سەرپەرشتی ئەو کەیسەی کردووە بە (رووداو)ی راگەیاند، پێشتر دایکی ئەو منداڵانە کۆچی دوایی کردووە و باوکیشیان چووەتە دەرەوەی وڵات و ژنی دووەمی هێناوە و ئەوانیش لای باوک و دایکی باوکیان ژیاون، باوکیشیان لەو ماوەیەی لە دەرەوەیە بەردەوام ئەرکی بەخێوکردنی منداڵەکانی لە ئەستۆ گرتووە، بەڵام چەند مانگێکە پارەی بۆ نەناردوونەتەوە.

تانیا گوتی "دوای قسەکردنم لەگەڵ منداڵەکان دەرکەوت نەنکیان تەنها لەسەر ئەوە دەریکردوون، کە دەبێت کچەکان لە دەرەوە ئیش بکەن و پارەی بۆ پەیدا بکەن، کاتێک قسەم لەگەڵ نەنکیشیان کرد، ئەویش پشتڕاستیکردەوە".

پارێزەرەکە روونیکردەوە، کە باری دارایی ئەو خێزانە مامناوەندە، خانووی خۆیان هەیە و باپیریشیان کاسبکارە، گوتی "ئەو شەوەی نەنکیان منداڵەکانی دەرکردبوون، باپیریان لە ماڵەوە نەبووە، دواتر هاتە لامان و زۆری پێناخۆشبوو، بەڵام دەسەڵاتیشی نەبوو، چونکە ژنەکەی گوتبووی ئەگەر کچەکان بێنێتەوە بۆ ماڵەوە خۆی دەسووتێنێت، بەڵام لەبەر کەمیی تەمەنی کوڕەکان، رێگەی پێدان بیانباتەوە بۆ ماڵەوە".

ئەو بەرپرسەی یەکێتی ئافرەتان هەوڵیداوە بە رێگەی گفتوگۆ، نەنکی ئەو کچانە قایل بکات کوڕەزاکانی لەخۆ بگرێتەوەو گوتی "نەنکیان تەنها بە تەلەفۆن هێشتی قسەی لەگەڵدا بکەم و نەیهێشت سەردانی بکەم، منیش پێمگوتن ئەوان کچن و دوور نییە لە کاتی هاتنە دەرەوەیاندا تووشی کێشە بن، بەڵام پێیگوتم کێشەی من نییە، چونکە باوکیان پارەیان بۆ نانێرێتەوە، بۆیە دەبێت لە دەرەوە کار بکەن، ئەگەریش بگەڕێنەوە بۆ ماڵەوە خۆم دەسووتێنم، لەو کاتەشدا تۆ بەرپرسیاری، چونکە ئەوە کێشەی خۆمە و پەیوەندی بە حکومەتەوە نییە".

لە هەرێمی کوردستان خانەی بێسەرپەرشتان هەن، کە لەلایەن وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتییەوە سەرپەرشتی دەکرێن و تایبەت بەو منداڵانەی کە بەهەر هۆیەکی خێزانی بێت کەسیان نییە بەخێویان بکەن، تانیا گوتی "هەرچۆنێک بێت هەوڵماندا بۆ ماوەی هەفتەیەک کچەکانمان لەو خانەیەدا نیشتەجێ کرد، دواتریش ژنێکی خێرخواز لە دەرەوەی شاری دهۆک ئەرکی بەخێوکردنیانی لە ئەستۆ گرت و مانگانەش پارەیان بۆ تەرخان دەکات".

نەنکیان سورە لەسەر ئەوەی نابێت کچەکان بڕۆنەوە ماڵەکەی، بۆ چارەسەری کۆتاییشیان، باپیریان ئامادە بووە لەگەڵیاندا بژی، تانیا گوتی "دواجار گەیشتینە ئەو چارەسەرەی کە لە دهۆک ماڵێکیان بۆ بەکرێ بگرین و باپیریان لەگەڵیاندا بژی و خۆیشمان هەوڵ بدەین هاوکارییان بکەین، چونکە ئەو کچانە هیچ کێشەیان نییە و لە خوێندنیشدا زۆر زیرەکن"، بەڵام تانیا نەیزانی ئاخۆ باوکی کچەکان لەو دۆخە ئاگادارە یاخود نا.

سەرەڕای ئەوەی نەنکییان، کچەکانی لە ماڵەوە دەرکردووە، بەڵام هێشتا ئەوان دۆسیەکەیان بۆ دادگا نەجوڵاندووە، تانیا گوتی "دۆسیەکە نەچووە لای پۆلیس، لەبەرئەوەی کچەکان نەیانویست سکاڵای یاسایی لەسەر داپیرەیان تۆمار بکەن".

ئەو بەرپرسەی ژنان ماوەی چەند ساڵێکە لەبواری کۆمەڵایەتیدا کار دەکات، بەڵام خۆی گوتەنی ئەوە یەکەمین حاڵەتە بەرچاوی کەوتبێت و گوتی "لە چەند ساڵی رابردوودا وەکو یەکەمین حاڵەتی زۆر شاز هاتووەتە لامان، چونکە داپیرە هەمیشە کەسێکی بە بەزەییە بۆ نەوەکانی و بەتایبەتیش کچان، لە کاتێکدا ئەو داپیرەیە کێشەی تەندروستیشی نییە، کە هۆکاری ئەو حاڵەتە بێت".

موقەدەم ئارام محەممەد، بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان لە دهۆک بە (رووداو)ی راگەیاند، ئەو دوو خووشکە هەتا سکاڵا تۆمار نەکەن، ناتوانن هیچ بەدواداچوونێکیان بۆ بکەن.



# دیمەن شادیی جەژنی خێزانەکەی کردە شین



**عومەر چاوشین**
**رووداو – قەڵادزێ**

لە دووەم رۆژی جەژندا خێزانەکەی هێشتا سەرقاڵی مەراسیمەکانی جەژن بوون، کاتێک ئاگر لەسەر جەستەی دیمەن بەرز بووەوەو خۆشییەکانی جەژنی لێکردن بە شین. ئەوەی ئەو خێزانەی زۆر نیگەران کردووە، ئەوەیە نازانن بۆچی دیمەن خۆی سووتاند!

رۆژی 2016/9/13 کچێکی تەمەن 16 ساڵ، بە نێوی دیمەن عوسمان عەلی، دانیشتووی گەڕەکی راپەڕین لە قەڵادزێ، ئاگری لە خۆی بەردا، بەهۆی زۆری رێژەی سووتانەکەی هەر هەمان رۆژ گیانی لەدەست دا.

لە کاتی رووداوەکەدا تەنیا برایەک و خوشکێکی دیمەن لە ماڵەوە بوون. دیمەن دوای ئەوەی نانی نیوەڕۆیان دەداتێ، بڕێک نەوت بەخۆیدا دەکات و لە گەراجی ماڵەکەیان ئاگر لە خۆی بەردەدات.

ئەگەر شادیە بیزانیبایە دیمەن بەنیازی کارێکی لەو جۆرەیە، هەرگیز بە قسەی نەدەکرد، چونکە دیمەن بەو چەرخە ئاگری لە خۆی بەردا کە کەمێک پێش رووداوەکە شادیە بۆی کڕیبوو.

شادیە عوسمان، کە لە دیمەن بچووکترە بە (رووداو)ی گوت "پێش نیوەڕۆ بوو پێیگوتم بچۆ لە مارکێتەکەی لای ماڵی خۆمان چەرخێکم بۆ بکڕە، دوای ئەوەی نانی نیوەڕۆی ئامادە کرد، بە ئێمەی گوت ئێوە نانی خۆتان بخۆن ئێستا دەگەڕێمەوە".

زۆری پێناچێ هاوار و قیژەی دەیمەن، شادیە و براکەی رادەچڵەکێنێ. شادیە گوتی "کە گوێمان لە هاواری خوشکەکەمان بوو، چووینە دەرەوە، بینیمان جەستەی یەک پارچە ئاگرە. من لەو کاتەدا تاسام نەمدەزانی چی بکەم، یەکسەر رامکردەوە ژوورەوە، دواتر دراوسێکان فریامان کەوتن و ئاگرەکەیان کوژاندەوە".

شادیە تاوەکو ئێستاش شۆکی ئەو رۆژە بەری نەداوە و دەڵێت "قەت لەبیرم ناچێت، خوشکەکەم بە بەرچاوی منەوە دەسووتا و منیش نەمدەتوانی رزگاری بکەم". ئەو سەری سوڕماوە لەو کارەی خوشکەکەی "نازانم بۆچی خۆی سووتاند، خۆ ئەو هیچ کێشەیەکی نەبووە".

دیمەن خوێندکار بوو، پۆلی حەوتی بنەڕەتی بوو، دایک و باوکی دیمەن، ماوەیەک لەمەوبەر لە یەکدی جیابوونەتەوە. باوکی ژنێکی دیکەی هێناوە. دیمەن لەگەڵ زڕدایکەکەی و باوکی و نەنکی و برایەک و دوو خوشکی دەژیا.

خاتوون ئەمین قادر، کە نەنکی دیمەنە و ئەو رۆژە لە ماڵ نەبووە، لەدووەم رۆژی پرسەی نەوەکەیدا، لە ژێر خێوەتی پرسەی ژنان لە کۆڵانەکەیان قسەی بۆ (رووداو) کرد و زۆر پەسنی دیمەنی دا و گوتی "دیمەن کابانی ماڵ بوو، کچێکی زۆر گوێڕایەڵ بوو، تا بڵێی بێ کێشە بووە، بەڵام کەمێک دڵناسک بوو".

خاتوون بەلایەوە سەیرە کە دیمەن خۆی سووتاندووە و گوتی "ئەو لە ماڵەوە هیچ کێشەی نەبوو، لە باوکیشیم پرسی ئەو کچە بۆ وای لە خۆی کرد، ئەویش سەری سوڕمابوو و دەیگوت قەت بێدڵیم نەکردووە و هەر شتێکی ویستبێت بۆم دابین کردووە، نازانم بۆچی خۆی سووتاند".

هەروەها ئاواز حەسەن، کە زڕدایکی دیمەنە، رەتیکردەوە هیچ کێشەیەکی لەگەڵ دیمەن هەبووبێ و دەڵێت بە پێچەوانەی زۆر لە زڕدایک و کچەکان نێوانیان زۆر خۆشبووە.

ئاواز کە ئەو رۆژە بە مەبەستی جەژنە پیرۆزە چووەتەوە ماڵی باوکی بە (رووداو)ی گوت "لە ماڵی باوکم بووم، باوکی دیمەن تەلەفۆنی بۆ کردم و گوتی خێرا وەرەوە، دیمەن خۆی سووتاندووە".

ئاواز باسی پەیوەندی نێوان خۆی و دیمەن دەکات و دەڵێت "پەیوەندیمان زۆرباشبوو، هاوکاری زۆری دەکردم، هەر شتێکی هەبووایە لای من باسی دەکرد، قەت باسی نەکردووە کێشەی هەبووبێ، بۆیە خۆسووتاندنەکەی بۆ من جێی سەرسوڕمان بوو".

ملازمی پۆلیس رێبوار ئەسعەد، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان لە راپەڕین گوتی "بەپێی زانیارییە سەرەتاییەکانی پۆلیس ئەو کچە لە گەراجی ماڵەوەیان بەدەستی خۆی نەوتی بەخۆیدا کردووە و خۆی سوتاندوە، لەبەر ئەوەی گوتە لەخۆی وەرنەگیراوەو هیچ بەڵگەیەک لە دوای رووداوەکە بەجێنەماوە، بۆیە نازانین بۆچی خۆی سووتاندووە".

هەروەها عوسمان محەممەد، یاریدەدەری بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی قەڵادزێ بە (رووداو)ی گوت "تەرمی ئەو کچەیان هێنایە نەخۆشخانەکەمان، دوای رێککارە تەندروستی و کارگێڕییەکان، تەرمەکەمان رەوانەی پەیمانگەی دادی پزیشکی سلێمانی کرد، چونکە رووداوەکە بەلای ئێمە گوماناوی بوو، رێژەی سووتانەکەی 80% بوو".



## کارەبا پێشمەرگەیەک دەکوژێ

**ڕووداو- سۆران**

پێشمەرگەیەکی خانەنشین لە شاری سۆران لە کاتی هاوکاریکردنی کەسێکی نزیکی، کارەبا گرتی و گیانی لەدەستدا. نەقیب هاوار یەحیا، بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی پۆلیسی سۆران بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئێوارەی 2016/9/18 هاوڵاتییەکی تەمەن 50 ساڵ بەناوی عەبدولڕەحمان خەمۆ ڕەشید، دانیشتووی گەڕەکی ڕاپەڕین لە شاری سۆران، بەهۆی تەزووی کارەباوە گیانی لەدەستداوە و تەرمەکەی ڕەوانەی پزیشکی دادی سۆران کراوە. ناوبراو گوتی "ئەو هاووڵاتییە پێشمەرگەی خانەنشین بووە و ویستویەتی هاوکاری کەسێکی نزیکی بکات لە گەڕەکەکەی خۆیان، بەڵام لەکاتی کارکردندا تەلێک لەنێو دەستی بەر هێڵی کارەبا کەوتووە و دەستبەجێ گیانی لەدەست داوە".



# گۆران بە 11 گوللە کوژرا

## پۆلیس: پێدەچێت بەهۆی پەیوەندی سۆزدارییەوە بێت

عومەر چاوشین
ڕووداو – چەمچەماڵ

زەنگی تەلەفۆنەکەی لێیدا، دوای تەواوبوونی پەیوەندییەکە، خۆی گۆڕی و چووە دەرەوە، بەڵام ئەوە دوا دەرچوونی گۆران بوو بە زیندوویی لە ماڵەکەیدا.

پێشنیوەڕۆی ڕۆژی 2016/9/5 کوڕێکی تەمەن 24 ساڵ بەنێوی گۆران کەریم قادر، دانیشتووی گەڕەکی شەهیدانی قەزای پشدەر، لەگەڵ خزمێکی خۆی بەنێوی قادر سەلیم بە سەردان دەچنە ناحیەی شۆرشی سەر بە قەزای چەمچەماڵ، بەڵام دەستڕێژی گوللەیان لێکرا، گۆران کوژرا و خزمەکەشی بریندار بوو.

سامان کەریم قادر، کە پارێزەرە و برای گۆرانە لە سێیەم ڕۆژی پرسەی براکەیدا قسەی بۆ (ڕووداو) کرد و گوتی "گۆران باری ئابووری زۆرباش بوو، شووشتنگەی ئۆتۆمبێلی هەبوو، خێزانداریش بوو، بەڵام ماوەیەک لەمەوبەر لە هاوژینەکەی جیابووەوە".

سامان هیچ شتێک لەبارەی کوژرانی براکەی نازانێت، بەڵام باسی ساتەکانی پێش کوشتنی براکەی دەکات و دەڵێت "خزمێکی تەلەفۆنی بۆ کردبوو، دوای تەلەفۆنەکە ڕیشی تاشیبوو، خۆی شۆردبوو، خۆی گۆڕیبوو، لەگەڵ خزمەکەمان کە زۆر لە خۆی بەتەمەنترە، بەڕێدەکەون بۆ چەمچەماڵ. کاژێر 2ی دوای نیوەڕۆ قادر تەلەفۆنی بۆ کردم و گوتی فریامان بکەون تەقەیان لێکردین. باوەڕم بە قسەکانی قادر نەکرد، بەڵام دواتر لە نەخۆشخانەی چەمچەماڵ پەیوەندیان پێوەکردم و گوتیان براکەت بریندارە و بەڕێکراوە بۆ نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سلێمانی. کاتێکیش گەیشتینە سلێمانی، گۆران گیانی لەدەستدابوو".

بە گوتەی سامان، براکەی 11 گوللەی بەرکەوتووە و خزمەکەشیان دوو گوللەی بەرکەوتووە، بەڵام تاوەکو ئێستا نازانن لەلایەن کێ و بۆچی دەستڕێژی گوللەیان لێکراوە. سامان گوتی "ئەوەی تا ئێستا ڕوونە ئەوەیە کە کەسێک لە ناحیەی شۆرش تەلەفۆنی بۆ کردوون، ئەوانیش دوای تەلەفۆنەکە چوون بۆ ئەوێ. بەڵام ئێمە گومانمان لە قسەکانی خزمەکەمان هەیە، کە تا ئێستا چەند جارێک لە لێکۆڵینەوەکانی پۆلیس گوتەکانی خۆی گۆڕیوە، دەبێ بۆمان ڕوون بکاتەوە، کە بۆچی قسەکانی دەگۆڕێت".

(ڕووداو) پەیوەندی بە هاوژینی قادرەوە کرد، بەڵام ڕەتیکردەوە هیچ لەبارەی ڕووداوەکە بزانێت و گوتی "نازانم ئەو ڕووداوە چۆن بووە، تەنانەت تاوەکو ئێستا سەردانی هاوژینەکەی خۆشم نەکردووە لە نەخۆشخانە، نازانم بۆچی چووبوون بۆ چەمچەماڵ و بۆچی تووشی ئەو ڕووداوە بوون".

عەقید حەیدەر محەممەد، بەڕێوەبەری پۆلیسی قەزای چەمچەماڵ بە (ڕووداو)ی گوت "هەر دوای ڕووداوەکە پۆلیس دەستی بە لێکۆڵینەوە کردووە، هەرچەندە هێشتا ڕوون نییە ڕووداوەکە لەسەر چی بووە، بەڵام پێدەچێ پەیوەندی بە مەسەلەی خۆشەویستی و سۆزدارییەوە هەبێت". گوتیشی "هەردوولا تەقەیان کردووە، ئەوانی دیکە ئۆتۆمبێلێکی قەمەرەیان پێبووە لە جۆری تیویۆتا، کەسەکان نەناسراون، بەڵام هاوڕێکەی گۆران کە موقەدەمە لە نێو هێزەکانی پێشمەرگە، ئێستا لە نەخۆشخانە دەستبەسەرە، چونکە ئەویش تەقەی کردووە".

# بۆ مووچە چوو کەچی کوژرا

## برای کوژراوەکە پاسەوانی فەرماندەکەی تۆمەتبار دەکات و فەرماندەکەش ڕەتیدەکاتەوە

پشتیوان جەمال
ڕووداو – کفری

پێشمەرگەکان بە خۆشییەوە دەچوون بۆ وەرگرتنی مووچەی مانگی تەممووز، بۆ ئەوەی جەژنی قوربان بە گیرفانێکی پڕەوە بکەن، بەڵام خێزانی کاوە خۆشی جەژنیان لێ بوو بە شین. خزمەکانی لە جیاتی پیرۆزبایی، بۆ نۆجەژنە سەردانی خێزانەکەیان کرد.

شەوی 2016/9/1 گەنجێکی تەمەن 22 ساڵ بەنێوی کاوە زێدان، دانیشتووی گوندی قوبەی سەر بە شارۆچکەی کفری، کە پێشمەرگە بوو لە فەوجی سێی لیوای 134ی سەر بە وەزارەتی پێشمەرگە، لە کاتی وەرگرتنی مووچەدا، لەنێو بارەگاکەیان لەنێو قەڵای شارۆچکەی کفری، کوژرا.

هونەر زێدان کە برای کاوەیە و ئەویش لەگەڵ ئەو پێشمەرگە بووە و لە کاتی ڕووداوەکەش لەوێ بووە بە (ڕووداو)ی گوت "کاتی ڕووداوەکە درەنگانێکی شەو بوو، من لە خوارەوەی سەنگەرەکەمان وەستا بووم، براکەم چوو بۆ وەرگرتنی مووچە، پاشان پێشمەرگەیەک قسەی بە فەرماندەکە گوت، کە بۆچی مووچەکەیان دوا دەخات. کاتێک فەرماندەکەمان گوێی لەو قسانە بوو بە پاسەوانەکانی گوت ئەو پێشمەرگەیەم بۆ بێنن".

بە گوتەی هونەر، براکەی لەو کاتەدا لای باب نیزامی بارەگاکەیان وەستاوە و پاسەوانەکانیش یەخەی کاوەیان گرتووە و وایانزانیبوو ئەو قسەی بە فەرماندەکەیان گوتووە "لەو کاتەدا گوێم لە دەمەقاڵێ بوو بە پەلە ڕۆیشتمە لای و بینیم سێ پاسەوانی فەرماندەکەی لێبوون و براکەم چەکی یەکێکیانی گرتبوو، ئەوانیش براکەمیان گرتبوو، گوتیان قسەی بە فەرماندە گوتووە، منیش گوتم ئەو کەسەی قسەی کردووە براکەی من نییە، پێشمەرگەیەک لە دوای منەوە قسەی پێگوت، پاشان ئەو پاسەوانەی چەکەکەمان لێسەندبوو، گوتی باشە مادام کاوە نەبووە چەکەکەم بدەنەوە".

دوای چارەسەرکردنی کێشەی نێوان پاسەوانی فەرماندەکەیان و براکەی، هونەر دەچێتەوە شوێنی ئەرکەکەی، بەڵام دوای چەند خولەکێک براکەی دەکوژرێ. هونەر گوتی "دیارە پاسەوانەکە شتی لە دڵدا مابوو، بینیم ئەو پاسەوانە میلی چەکی هێنایەوە و تەقەی کرد، لەو کاتەدا براکەم کوژرا و کەسێکی دیکەش بریندار بوو".

بەڵام موقەدەم عەتا ستار فەرماندەی فەوجی سێی لیوای 136 بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "لە کاتی ڕووداوەکەدا لە ژوورەوە بووم بۆ دابەشکردنی مووچە و ئاگام لە وردەکارییەکەی نییە و بەهیچ شێوەیەکیش ڕووداوەکە پەیوەندی بە منەوە نەبووە، لەسەر ئاستی میحوەریش لیژنەی لێکۆڵینەوەی بۆ پێکهێنراوە، بەڵام تائێستا نازانرێت کێ ئەو پێشمەرگەیەی کوشتووە".

بەو پێیەی ئەم ڕووداوە لە نێو یەکەیەکی پێشمەرگەدا ڕوویداوە، لەلایەن دادگای سەربازییەوە لێکۆڵینەوەی تێدا دەکرێت. لیوا سوبحی محەممەد، سەرۆکی دادگای دووی سەربازی لە سلێمانی، بە (ڕووداو)ی گوت "داوامان لە فەوجەکە کردووە لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە لەسەر ڕووداوەکە پێکبهێنن و بکوژەکەش دەستگیر بکەن، دۆسیەکەی ڕەوانەی دادگاکەمان بکەن".



## داوای میراتی لێدەکرد

# باوکی خۆی بە تاپڕ دەکوژێت

## لە ماوەی سێ مانگدا لە هەولێر 3 کەس بەدەستی کوڕەکانیان دەکوژرێن



پشتیوان جەمال
ڕووداو- بالیسان

ئەو زەویانەی ساڵح هەیبوون، نەک نەبوونە خۆشگوزەرانی بۆ خۆی و دوو ژن و منداڵەکانی، بەڵکو سەریان خوارد و لەلایەن کوڕەکەیەوە کوژرا.

شەوی 2016/9/13 ساڵح تەهای تەمەن 60 ساڵ، لەلایەن (د)ی تەمەن 18 ساڵی کوڕییەوە بە چەکی تاپڕ کوژرا. ساڵح دانیشتووی گوندی توتمەی سەر بە ناحیەی بالیسانی قەزای شەقڵاوە بوو، خانەنشینی پێشمەرگە بوو. ساڵح دوو ژن و پانزە منداڵی هەبوو، ماڵی هەردوو ژنەکەشی لە هەمان گوندە و نزیکەی 150 مەترێک لە یەکەوە دوورن.

ڕائید هۆگر عەزیز، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای هەولێر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەو کوڕە بە دوو گوللەی تاپڕ باوکی خۆی کوشتووە و بەپێی ماددەی 406 لە یاسای سزادانی عێراقیش فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووە، بەڵام دوای ڕووداوەکە هەڵاتووە". گوتیشی "بەپێی لێکۆڵینەوەی سەرەتایی، کێشەکە خێزانییە".

فەیسەڵ توتمەیی، کە برازای کوژراوەکەیە و لە ناحیەی حاجیاوا دادەنیشێ، لە دووەم ڕۆژی پرسەی مامی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ساڵح و کوڕەکانی ساڵانێکە لەسەر زەویوزار کێشەیان هەبووە. فەیسەڵ گوتی "مامم دەیویست بەشێک لە زەوییەکانی بفرۆشێت، بەڵام کوڕەکانی ژنی یەکەمی ڕێگر بوون و لەوەوە کێشەکە قووڵتر بووەوە، مامم دەیگوت منداڵەکانم ناهێڵن مامەڵە بە زەوییەکانمەوە بکەم".

هەرچەندە زۆربەی کەسوکارەکەی ئاگاداری کێشەی نێوان ئەو پیاوە و کوڕەکانی بوون، بەڵان فەیسەڵ دەڵێت "مامم نەیدەویست کەس دەست لە ژیانی وەربدات، بەڵام چەند ڕۆژێک پێش جەژن داوای کرد ئەو کێشەیەی بۆ چارەسەر بکەین، بۆ ئەم مەبەستەش دووەم ڕۆژی جەژن هاتبووە حاجیاوا، بەڵام بەداخەوە دوای گەڕانەوەی، لەلایەن کوڕەکەی کوژرا".

ئەو برازایەی باسی چۆنیەتی ڕووداوەکەی کرد "کاتێک مامم لە ماڵەوە هاتووەتە دەرەوە ویستوویەتی سواری ئۆتومبیلەکەی بێت و بۆ چارەسەری کێشەکە دووبارە بێتەوە بۆ حاجیاوا، بەڵام لە نزیک ماڵی خۆیان کوڕەکەی کوشتوویەتی".

فەیسەڵ هەروەها گوتی "مامم زەویوزاری زۆری هەبوون، پێیگوتم کوڕەکانی داوایان کردبوو لە ئێستاوە میراتەکەی بە یەکسانی بەسەریاندا دابەش بکات، بەڵام ئەو دەیگوت هەتا من مابم نابێت میراتەکەم دابەش بکرێ".

بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو)، ساڵح هەندێجار مامەڵەی لەگەڵ کوڕەکانی توند بووە، برازاکەشی گوتی "ڕەنگە وەکو زۆربەی خێزانەکانی دیکە هەندێجار دەمەقاڵێ لەنێوانیاندا هەبووبێت، تەنانەت دوو کوڕەکەی دیکەشی کە ئێستا لە حاجیاوان هەر کێشەیان لەگەڵ مامەدا هەبووە، چەند جارێکیش لەسەر کێشەی زەوی چوونەتە بنکەی پۆلیسی بالیسان".

بە گوتەی فەیسەل، مامی دوای ئەوەی ژنی دووەمی هێناوە کێشەکانی زۆرتر بوون، هەر لەبەر کێشەی لەگەڵ کوڕەکانی ژنی یەکەمی، زۆربەی کات لەلای ژنە بچووکەکەی بووە.

لە کاتێکدا ئەوان ئاگاداری کێشەکان بوون، بۆچی قسەیان لەگەڵ ئامۆزاکانیان نەکردووە تا هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکان بدەن، فەیسەڵ گوتی "خۆم کەمتر بوارم هەبووە، وەکو گوتیشم مامم ڕێگەی نەدەدا چارەسەری کێشەکانی بکەین، کاتێک لە ڕۆژانی جەژندا گەیشتە حاڵەتێکی مەترسیدار داوای هاوکاری کرد".

کوشتنی ساڵح لەلایەن باوکییەوە، دەبێتە سێیەم حاڵەتی کوشتنی باوک لەلایەن کوڕ کە ئەمساڵ لە سنووری پارێزگای هەولێر ڕوویداوە. پێشتریش لە ڕۆژی 2016/6/21 لە گەڕەکی مهابادی شاری هەولێر پیاوێک بەنێوی حوسێن جەلال، لەلایەن کوڕە تەمەن 23 ساڵانەکەی کوژرا.

هەروەها ڕۆژی 2016/7/18 لە گوندی سیاوی سەر بە شارۆچکەی شەمامکی پارێزگای هەولێر، شێروان فەریق تەمەن 37 ساڵ کە پلەی نەقیب بوو لە هێزەکانی پێشمەرگە لەلایەن کوڕە تەمەن 18 ساڵانەکەی، بە شەش گوللە کوژرا.

# دیلێکی شەڕی ئێران و عێراق خۆی دەکوژێ

پشتیوان جەمال
ڕووداو- سلێمانی

دووکاندارێک لە بەردەم دوکانەکەیدا کە لە تەنیشت ماڵی کوڕەکەیەتی بە گوللەیەکی دەمانچە خۆی کوشت. برایەکیشی دەڵێت براکەی لە کاتی شەڕی ئێران- عێراقدا بە دیل گیراوە، بەو هۆیەش تووشی گۆشەگیری بووە، پێدەچێت ئەوە هۆکاری خۆکوشتنەکەی بێت.

ڕەفیق حەسەن، 65 ساڵ، دانیشتووی گەڕەکی ڕزگاری شاری سلێمانییە، بریکاری دابەشکردنی خۆراک بووە لە گەڕەکی چوارچرا. باوکی شەش منداڵ بوو، ئێوارەی ڕۆژی 2016/9/5 خۆی کوشت.

نەقیب سەرکەوت ئەحمەد، گوتەبێژی پۆلیسی سلێمانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ئەو پیاوە لە بەردەم ماڵی کوڕەکەیدا و بە دەمانچەی خۆی، گوللەیەکی لە خۆی داوە و خۆی کوشتووە. دوای ڕووداوەکەش دەست بەسەر دەمانچەکەدا گیراوە و تەرمەکەشی ڕەوانەی پزیشکی دادوەریی کراوە، لێکۆڵینەوەش بۆ زانینی هۆکاری خۆکوشتنەکەی بەردەوامە.

خزمێکی ڕەفیق کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە دەڵێت دەنگۆی ئەوە هەیە بەهۆی قەرزارییەوە خۆی کوشتبێت و گوتی "دەگوترێت قەرزدار بووە، بۆیە خۆی کوشتووە، بەڵام نازانرێ چەند قەرزدار بووە".

جەلال حەسەن کە برای ڕەفیقە بە جۆرێکی دیکە باس لە چیرۆکی خۆکوشتنی براکەی دەکات و دەڵێت "براکەم لە ساڵی 1981 لە سەردەمی شەڕی ئێران و عێراق، کە سەرباز بوو لەلایەن ئێرانەوە بە دیل گیرا، تاوەکو ساڵی 1990 لە زیندان بوو. ئەوەش کاریگەری زۆری لەسەر جێهێشتبوو، بەو هۆیەوە کەمێک گۆشەگیر ببوو، پێدەچێت هەر ئەوەش وای لێکردبێ خۆی بکوژێ".

جەلال حەسەن ڕەتیکردەوە براکەی بەهۆی قەرزارییەوە خۆی کوشتبێت و گوتی "ئەو دەنگۆیە دوورە لەڕاستییەوە، چونکە براکەم بازرگانی نەکردووە تا قەرزدار بووبێت، بەڵکو تەنیا لەو دوکانەدا کاری دەکرد کە جگە لە دابەشکردنی خۆراک، وەکو مینی مارکێتی بچووکیش بوو، ئەوە یەکەمین حاڵەتی خۆکوشتنەکە لە نێو خێزانەکەمان. بە بڕوای من پێدەچێت خۆکوشتنەکەی هەر بەهۆی کاریگەری دەستگیرکردنەکەی بێت".

کامیل کوڕی ڕەفیق کە لە دەرەوەی وڵات دەژی و بە سەردان گەڕاوەتەوە، شەوی پێش ڕووداوەکە باوکی بینیوە و گوتی "باوکم زۆرجار کە بیری لە ڕۆژانی زیندان دەکردەوە دەگریا و دەیگوت دەردەسەری زۆرم بینیووە، بەڵام شەوی پێش ڕووداوەکە پێکەوە دانیشتبووین و هیچ ئاماژەیەکی لێ بەدینەدەکرا، کە گومانی لێ بکەی خۆی دەکوژێت".

بە گوتەی خزمەکەیان، ڕەفیق هەمیشە دەمانچەی پێبووە، دواجار بەو دەمانچەیەش خۆی کوشت، جەلال گوتی "چەند ساڵێک لەمەوبەر هاوڕێیەکی خۆشەویستی کە ئۆتومبێلی پێبوو لەلایەن چەند کەسێکەوە بردرایە گوندێک و لەوێ سەریان بڕی و ئۆتومبێلەکەشیان برد، ئەویش لەو کاتەوە دەمانچەی هەڵدەگرت، ئەگینا دوژمندار نەبووە".

ئەگەر تورکیا بەشداری لە کۆنترۆڵکردنەوەیدا بکات

# ڕێگەکانی گەیشتنە ڕەققە بە ڕۆژئاوادا تێدەپەڕن

**تورکیا و پەیەدە ڕێکدەکەون؟**

سالی 2015 لەنێوان تورکیا و پەیەدە ڕێککەوتنێک کرا بۆ گواستنەوەی گۆڕی شا سلێمان. بەپێی ئەو ڕێککەوتنە سوپای تورکیا بە ڕۆژئاوای کوردستاندا چووە ئەو ناوچەیەی گۆڕەکەی لێبوو. ئێستاش تورکیا بۆئەوەی بەشداری لە ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی ڕەققەدا بکات دەبێ بە ڕۆژئاوادا تێبپەڕێت. بەڵام چاودێران بەدووری دەزانن تورکیا ئامادەبێت ڕێککەوتنێکی وا بکات.

شارەزایەکی بەریتانی:

کورد ئامادەن لەگەڵ تورکیا ڕێکبکەون


تورکیا بەبێ گڵۆپی سەوزی ئەمریکا ناتوانێت خاکی ڕۆژئاوا بەکاربهێنێت

پۆڵ ئیدن
ڕووداو–هەولێر

سەرەتای ئەم مانگە، ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆککۆماری تورکیا ڕایگەیاند کە ئەمریکا و تورکیا لە دانوستاندندان سەبارەت بە هەوڵە سەربازییەکان لەدژی داعش. لەوانەش هەوڵی سەربازیی هاوبەشی تورکیا و ئەمریکا بۆ کۆنترۆڵکردنەوەی شاری ڕەققە، پایتەختی خەلافەتەکەی داعش. بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە کە ئایا تورکیا دەتوانێت ڕۆڵێکی واقیعبینانە بگێڕێت بۆ ڕزگارکردنی ڕەققە لەدەست داعش؟

تاوەکو ئێستا دیارنییە پلانە هاوبەشەکەی ئەنقەرە و واشنتن چیی تێدادەبێت. هەر بۆیەش ئەردۆغان ڕایگەیاند "پاش دانوستاندنەکان، دەردەکەوێت کە پلانەکە بەشێوەیەکی کۆنکرێتی چی دەبێت. چونکە ئەوە هەڵوێستی ئەمریکایە ڕوونیدەکاتەوە کە دەبێ چی بکرێت".

بەڵام هەفتەی پێشوو ئیبراهیم کالین، گوتەبێژی سەرۆککۆماری تورکیا، ڕەتیکردەوە هیچ پلانێکی تورکی بۆ ڕزگارکردنی شاری ڕەققە هەبێت. لەبەرئەوەی ئێستا تەرکیز لەسەر گرتنەوەی شارۆچکەی ئەلباب–ە. واتە هەمان ئەو شارەی هێزەکانی سووریای دیموکرات، بە سەرکردایەتیی یەپەگە، پاش کۆنترۆڵکردنەوەی منبج، بەنیازی کۆنترۆڵکردنی بوون.

واپێدەچێت کالین ئاوێکی ساردی بەسەر ئاگرەکەدا کردبێت، بەڵام دیسانیش ئەوە گرنگە بپرسین کە ئایا تورکیا بێجگە لە دابینکردنی فڕۆکەی جەنگی بۆ هێزەکانی هاوپەیمانان هیچی دیکەی پێدەکرێت بۆئەوەی لەڕووی سەربازییەوە لە ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنی ڕەققەدا بەشدار بێت یان نا؟

سێ هەفتە دەبێت سوپای تورکیا لەڕێگەی سنوورەکانی باکووری ڕۆژئاوای سووریاوە چووەتە نێو خاکی ئەو وڵاتە. لەوکاتەشەوە چەکدارانی داعش و هێزەکانی یەپەگە لە ڕۆژئاوای ڕووباری فوراتی کردووەتە ئامانجی تۆپبارانەکانی، بەڵام ڕەققە دەکەوێتە دیوی ڕۆژهەڵاتی فورات و لە باشووری ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی پەیەدەدایە. بۆیەش بۆئەوەی تورکیا بەشداری لە ئۆپەراسیۆنی گرتنەوەی ڕەققەدا بکات، دەبێ بە ڕۆژئاوادا تێپەڕێت.

ڕۆبەرت لۆو، جێگری بەڕێوەبەری سەنتەری ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە سکوولی ئابووریی لەندەن، پێیوایە دوورنییە تورکیا ئەم ئەڵتەرناتیڤە هەڵبژێرێت. هۆشداریشی دا کە ئەم هەنگاوە دەرهاویشتەی دەبن و دەبێ تورکیا ئامادەبێت بۆی.

لۆو، کە لەبارەی بزووتنەوە کوردییەکانی ڕۆژئاوای کوردستان لێکۆڵینەوە دەکات، بە (ڕووداو)ی گوت "ڕەنگە تورکیا بۆ سڕینەوەی داعش و هەڵوەشاندنەوەی پڕۆژەی ڕۆژئاوا بیەوێت زیاتر لەنێو خاکی سووریادا پێشڕەوی بکات، بەڵام ئەمە سەرکێشییەکی گەورەیە".

سەبارەت بە مەترسییەکانی ئەو پلانە، ڕۆبەرت لۆو گوتی "ئەگەر تورکیا بڕیاری لەنێوبردنی پڕۆژەی ڕۆژئاوای دابێت، ئەوە خۆی تووشی شەڕێکی قورس لەدژی یەپەگە و گەریلاکانی پەکەکە لە سووریا دەکات. هاوکات شەڕ و پێکدادانەکانی نێوان پەکەکە و سوپای تورکیاش لە نێوخۆی تورکیا تەشەنە دەستێنێت. ئەمە جگە لەوەی کە ئەو پلانە وادەکات تورکیا لەنێو جەنگێکی دوور و درێژ لەسەر خاکی وڵاتێکی دیکە گیر بخوات".

تورکیا بەبێ گڵۆپی سەوزی ئەمریکا ناتوانێت خاکی ڕۆژئاوا بەکاربهێنێت بۆئەوەی بەرەو ڕەققە جووڵە بە سوپا بکات. بەگوتەی لێکۆڵەرەکەی سکوولی ئابووریی لەندەن "ئەمریکا دژی ئەمە دەوەستێتەوە. هەروەها ئەمجۆرە ئۆپەراسیۆنە لەدژی ڕۆژئاوا نارەزایەتیی نێودەوڵەتیشی لێدەکەوێتەوە. چونکە ڕاستە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پێشوازی لە دەرکردنی داعش لە ڕەققە دەکات، بەڵام لەگەڵ هەڵوەشاندنەوەی هەرێمی ڕۆژئاوادا نییە".

لەلایەکی دیکەوە گرژییەکانی نێوان پەیەدە و تورکیا لەئاستێکدا نییە کە ئەمریکا بتوانێت دوو لایەنەکە ڕازی بکات ڕووبەڕووی یەکدی نەبنەوە. بەتایبەتیش ئەگەر بڕیاربێت تورکیا بەنێو خاکی ڕۆژئاوادا بەرەو ڕەققە هێز بجووڵێنێ.

ڕۆبەرت لۆو پێیوایە تورکیا ڕێگەیەکی دیکەی لەبەر دەستە بۆئەوەی مەترسی شەڕ و پێکدادانی ڕاستەوخۆ لەگەڵ هێزە کوردییەکانی سووریا کەمبکاتەوە. هاوکات بتوانێت هێزیش ڕەوانەی پایتەختی داعش بکات. بۆ ئەم مەبەستە سوپای تورکیا دەتوانێت لە جەرابلوسەوە بە ئاراستەی باشوور جووڵە بکات. واتە هێزەکانیان بەدرێژایی دیوی ڕۆژئاوای ڕووباری فورات لە دەریاچەی ئەسەدەوە تاوەکو بەنداوی سەورە جێگیر بکەن. دواتریش لەوێوە ڕوو لە ڕەققە بکەن. بەبۆچوونی لۆو چۆڵکردنی منبج لەلایەن هێزەکانی یەپەگەوە یارمەتیدەرە بۆئەوەی تورکیا بەو ڕێگەیەدا بەرەو ڕەققە هێز بجووڵێنێ.

یەکێک لەو بژارانەی دەشێت بیری لێبکرێتەوە ئەوەیە کە تورکیا و پەیەدە لەسەر ئەوە ڕێکبکەون کە هێزەکانی تورکیا بە نێو خاکی ڕۆژئاوادا بەرەو ڕەققە بچن. مانگی شوباتی 2015 دەسەڵاتدارانی پەیەدە ڕێگەیان بە سوپای تورکیا دا بەنێو خاکی ڕۆژئاوادا بگەنە مەزارگەی سولەیمان شا لە ناو خاکی سووریا، بۆ ئەوەی شوێنی مەزارگەکە بگۆڕن.

بەڵام ئەوکات پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و پەیەدە و تورکیا و پەکەکە هێندەی ئێستا ئاڵۆز نەبوو. لەماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا زۆر گۆڕانکاری لەنێوان پەکەکە و تورکیادا ڕوویداوە کە کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر پەیوەندییەکانی ئەنقەرە و پەیەدەش هەبووە. لەوانەش هەڵوەشانەوەی ئاگربەستی نێوان پەکەکە و تورکیا و شکستهێنانی پرۆسەی چارەسەری. هەر بۆیەش لۆو پێیوایە "پێناچێ ڕێککەوتنێکی لەمجۆرە بکرێ"، بە بۆچوونی شارەزا بەریتانییەکە "ڕەنگە هێزە کوردییەکان پێشوازی لەو ڕێککەوتنە بکەن، لەبەرئەوەی دەزانن لاوازن و پێویستیش ناکات خۆیان تووشی جەنگی سوپای تورکیا بکەن، بەڵام بڕواناکەم ئەمجارە تورکیا ئامادەبێت ئەمە بکات. لەبەر ئەوەی دژایەتییان لەگەڵ پەیەدە زۆر لەوە زیاترە پێشوازی لەمجۆرە هەنگاوانە بکەن. ئەمە جگە لەوەی دواجار تورکیا هەلی ئەوەی بۆ دەرەخسێت لە هێزە کوردییەکانی ڕۆژئاوا بدات".

# چۆن لە هیلاری تێبگەین؟


زاڵمای خەلیلزاد

هیلاری کلینتن، کاندیدی دیموکراتەکان بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی ئەمریکا، مێژوویەکی دوور و درێژی کارکردن لە سیاسەتی دەرەوەی هەیە. سەرەتا وەک سیناتۆر، دواتر لە ساڵی 2008 وەک پاڵێوراوی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی و پاشانیش وەک وەزیری دەرەوە لە 4 ساڵی یەکەمی سەرۆکایەتیی باراک ئۆبامادا. ئێستاش وەک کاندیدی دیموکراتەکان، جۆرە تێڕوانینێکی بۆ سیاسەتی دەرەوە دەخاتەڕوو کە پێداچوونەوەیەکە بە تێڕوانینەکانی پێشووی و لەماوەی کەمپینەکەی خۆیدا هەمواری کردوونەتەوە.

هەڵمەتی هەڵبژاردنەکەی ئەمجارە سەلماندوویەتی کە لە قۆناخی بەجیهانیبووندا، پرسە نێودەوڵەتییەکانی وەک بازرگانی، تیرۆریزم، کۆچبەران و... هتد، کاریگەریی بەرچاو لەسەر سیاسەتی نێوخۆیی دادەنێن. لە ڕەوشێکی وادا سیاسەتی دەرەوەی هیلاری کلینتن خۆی لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەبینێتەوە:

**یەکەم: سەرکردایەتی ئەمریکا لە جیهاندا**

لەدوای هێرشەکانی 11ی سێپتەمبەری 2001ەوە، کلینتن پشتگیریی لە سیاسەتێکی دەرەوەی میانڕەوانە کردووە. واتە پێیوابووە ئەمریکا لەپێناو پاراستنی سەقامگیری و پێشکەوتنی نێودەوڵەتیدا دەبێ ڕۆڵی سەرکردایەتی بگێڕێت. ئەو زۆر ڕاشکاوانە پشتگیریی لەو هاوپەیمانێتییە کردووە کە لەدوای جەنگی جیهانیی دووەمەوە لە ئەورووپا و ڕۆژهەڵاتی ئاسیا پێکهێنراون. بڕواشی وابووە کە ئەمریکا ڕۆڵێکی سەرەکیی هەیە لەوەی چارەسەرێک بۆ پرسە جیهانییەکانی وەک (گۆڕانی کەشوهەوا) بدۆزرێتەوە.

لەڕوانگەی وەزیری دەرەوەی پێشووی ئەمریکاوە، پێکهێنانی هاوپەیمانێتی لەگەڵ وڵاتە دیموکراتە پێشکەوتووەکان بناخەیەکە بۆ فراوانبوونەوەی هێز و کاریگەریی ئەمریکا لە جیهاندا، کە کلینتن وەک هێزێکی پۆزەتیڤ دەیبینێ. بەدرێژایی کەمپینەکەیشی بەرگری لەم تێڕوانینە کردووە.

**دووەم: کلینتن و ئەجێندا گلۆباڵییەکەی**

کلینتن وەفادارە بە سیاسەتی ئابووریی ئۆباما، کە خۆی لە بە جیهانیکردنەوەی زیاتری ئابووریدا دەبینێتەوە. ئەو لە بنەڕەتدا بەرگری لە فراوانکردنەوەی بازرگانیی ئازاد دەکات. بەمدواییەش بەهۆی گوشارە نێوخۆییەکانەوە ناچاربووە لە پشتگیریکردنی هاوپەیمانێتی ترانس پاسیفیک (ناسراو بە TPP ) پاشگەز ببێتەوە، کە ڕێککەوتنێکی بازرگانییە لەنێوان ژمارەیەکی زۆر لە وڵاتانی سەر زەریای هێمن. لەجیاتی ئەو ڕێککەوتننامەیە، کلینتن پشتگیری لە "ڕێککەوتنی بازرگانیی ئازاد لەنێوان وڵاتانی ئەمریکای باکوور" دەکات.

کاتێک وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بوو، هیلاری کلینتن پاڵپشتیی لە تەرخانکردنی بودجەی زەبەلاح بۆ پڕۆژە جیهانییەکانی بواری پەرەپێدان (وەک چارەسەرکردنی گەرمبوونی گۆی زەوی) دەکرد. هەر بۆیەش کێشەی نەبوو ئەگەر ئەمریکا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە قورساییەکی دارایی زۆریش بخاتە سەر خۆی.

کلینتن پشتگیریی لە دەستتێوەردانی سەربازی لە لیبیا کرد. ئەمەش دەیسەلمێنێت کە کلینتن ئامادەیە بۆ پاراستنی ئامانجە مرۆییەکان (کە دەشێت هیچ پەیوەندییەکیان بە ئاسایشی ئەمریکاوە نەبێت) هێزی سەربازی بەکاربهێنێت، جگە لەمە بڕوای بە بەکارهێنانی هێزی سەربازی هەیە بۆ گەیشتن بە ئامانجە سیاسی و دیپلۆماتیکەکان.

**سێیەم: کلینتن و کۆچبەران**

هاوسەری سەرۆکی پێشووی ئەمریکا لەلایەکەوە داوای پێدانی پێگەی یاسایی بە کۆچبەرە نایاساییەکان دەکات و لەلایەکی دیکەشەوە پشتگیری لە توندوتۆڵکردنی ئاسایشی سەر سنوورەکان دەکات، بەڵام لە کەمپینی هەڵبژاردنەکەی خۆیدا بەکەمی باسی ڕێوشوێنە ئەمنی و یاساییەکان بەرامبەر کۆچبەران دەکات. پتریش پاڵپشتی لە بڕیارەکەی ئۆباما بۆ سنووردارکردنی دیپۆرتکردنەوە دەکات.

کلینتن پشتگیری لە هێنانی 65 هەزار کۆچبەری سووری بۆ ئەمریکا دەکات، بەڵام شتێکی ئەوتۆی نەگوتووە لەبارەی ئەوەی چۆن ڕووبەڕووی ئەو لێشاوە زۆرەی هاتوچۆی کۆچبەرە نایاساییەکان دەبێتەوە. پلانەکەشی بۆ کێشەی کۆچبەری لە ئەمریکا لەلایەکەوە پێدانی پێگەی یاسایی بە کۆچبەرە نایاساییەکان لەخۆدەگرێت و لە لایەکی دیکەشەوە (وەکو ئۆباما) پشتگیری لە دەرکردنی ئەو کۆچبەرانە دەکات کە تاوانیان ئەنجامداوە.

**چوارەم: ئەمریکا و زلهێزەکان**

کاتێک وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بوو، کلینتن بۆ پاراستنی ئاسایشی نیشتمانیی ئەمریکا بڕوای بە ستراتیژێک هەبوو کە دانوستاندن لەگەڵ هێزە دژبەرە جیهانییەکانی لەخۆدەگرت. هەر بۆیەش لە سەردەمی دیمیتری مێدڤێدێڤ، سەرۆککۆماری پێشووی ڕووسیا، پلانی دارشتنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ڕووسیای دانا. لەو چوارچێوەیەشدا کۆمەڵێک مەرجی ڕووسیای بۆ دانانی سیستمی مووشەکی بەرگریی قبوڵکرد. بەڵام دواتر بەهۆی سیاسەتی ڤلادیمیر پوتین، سەرۆککۆماری ڕووسیاوە پلانەکە شکستیهێنا. کلینتن بەردەوام پشتگیری لە ناردنی یارمەتیی سەربازی بۆ ئۆکراینا کردووە.

سەبارەت بە چین، کلینتن بڕوای بە "دامەزراندنی پەیوەندی لەنێوان زلهێزەکان" هەبووە، بۆیەش ژمارەیەکی زۆر لە پێشێلکارییەکانی مافەکانی مرۆڤی لە چین پشتگوێ خستووە.

کلینتن پشتگیری لە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی نێوان ئێران و گروپی وڵاتانی 1+5 دەکات. ئەگەرچی بەشێکی ئەو بەربەستانەش کە بۆ سنووردارکردنی پیتاندنی یۆرانیۆمی ئێران دانراون گونجاو و وردبینانە نین.

**پێنجەم: بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر**

کاتێک باڵیۆزی ئەمریکا لە ئەفغانستان بووم چاوم بە هیلاری کلینتن و شاندێکی کۆنگرێس کەوت. ئەو تێگەیشتنێکی فرەلایەنی بۆ پرسەکان و خەمێکی ڕاستەقینەشی بۆ خەڵکی ئەفغانستان و بەتایبەتیش ئافرەتە ئەفغانییەکان هەبوو. بەڵام کاتێک بوو بە بەشێک لە ئیدارەی کۆشکی سپی، چیدی حەزی نەدەکرد لەو ڕوانگانەوە باسی هەڕەشەکانی ڕادیکالیزمی ئیسلامی بکات. هەوڵەکانیشی لە وەزارەتی دەرەوە چارەسەرێکی ڕوون بۆ ڕادیکالیزمی ئیسلامی لەخۆناگرن.

ئێستاش هەرچەندە باسی بزووتنەوە توندئاژۆ ئیسلامییەکان دەکات، بەڵام ستراتیژێکی دیاریکراوی نییە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو دیاردەیە. تەنیا جەختی لەسەر ئەوە کردووەتەوە کە پێویستە هەوڵە هەواڵگیرییەکان تۆخ بکرێنەوە و شکست بە داعش بهێنرێت. بەڵام باسی ئەوە ناکات کە چی بکرێت لەو وڵاتانەدا کە پشتگیری لە توندڕەوی و تیرۆر دەکەن: لەوانەش پاکستان؟ چۆن کۆتایی بە جەنگی نێوخۆیی عێراق و سووریا بهێنرێت؟ لە کاتێکدا ئەو جەنگە نێوخۆییانە زەمینەی سەرهەڵدان و گەشەکردنی تیرۆریزم بوون؟ چۆن پەیوەندییەکانی نێوان ئیسرائیل و وڵاتانی سوننەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەهێز بکرێت، لەکاتێکدا هەردوو لایەن دژی داعش و ئێرانن؟

**شەشەم: بنیاتنانەوەی وڵاتان لەپاش جەنگ**

هەرچەندە کلینتن پشتگیریی لە بەکارهێنانی هێزی سەربازی بۆ ڕووخاندنی ڕژێمەکانی ئەفغانستان، عێراق، لیبیا و سووریا کردووە، بەڵام تاوەکو ئێستاش هەڵوێستێکی ڕوونی نییە کە ئاخۆ لە قۆناخی دوای کۆتاییهاتنی جەنگەکەدا چی بکرێت؟ بۆنموونە لە ئەفغانستان پشتگیری لە هەوڵ و هاوکارییەکانی ئەمریکا بۆ بنیاتنانەوەی دامەزراوە سیاسی و یاساییەکانی ئەفغانستان کرد، بەڵام لە عێراق دەنگی خۆی خستە پاڵ دەنگی ئۆباما بۆئەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق بکشێنەوە، هەرچەندە ڕاوێژکارە باڵا سەربازییەکان دژی ئەمە بوون.

لە لیبیاش هیچ ڕێوشوێنێکی نەگرتەبەر بۆئەوەی لیبیای پاش قەزافی بنیاتبنرێتەوە. ئەمەش هەڵەیەک بوو کە تەنانەت ئۆباما خۆیشی دانی پێدا نا. لە سووریاش هەرچەندە داوای بەشداری پێکردن و پڕچەککردنی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن و هێرشی ئاسمانیی دەکرد، بەڵام هیچ پلانێکی نەبوو بۆ ئەو هەڵمەتە و نەیتوانی سەرچاوەی پێویست بۆ سەرکەوتن لەم هەوڵەدا دیاریبکات.



**حەوتەم: خەرجییەکانی سوپا**

هیلاری کلینتن بەردەوام جەخت لەسەر بەکارهێنانی "هێزی زیرەک"، واتە دیپلۆماسی، بازرگانی و ئابووری، دەکاتەوە. هەر بۆیەش داوادەکات هێندە پشت بە سوپا نەبەسترێت و زیاتر کەڵک لە هێزی سیاسی و ئابووری وەربگیرێت. بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە کە ئایا ئەمریکا لەم تەحەدا نوێیانەی ئێستا و داهاتوودا توانای ئەوەی هەیە بەرەنگاری کێشەکان ببێتەوە، بەتایبەتیش ڕووسیا و چین خەریکی فراوانکردنی توانای سەربازیی خۆیانن؟

کلینتن خۆی پشتگیری لە بەشداریی سەربازیی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، ئەورووپا و ڕۆژهەڵاتی ئاسیا دەکات، چونکە دەزانێت ڕۆڵ بینینی ئەمریکا قۆناخێکی دوور و درێژی ئاشتی هێنایە ئاراوە. دەشزانێت ئەمریکا دەتوانێت سەرکردایەتی وڵاتانی دیموکراتی جیهان بکات. ئەمەش بۆ پاراستنی هاوسەنگی هێز لە جیهاندا پێویستە. بەڵام بۆئەوەی بەرامبەر سیاسەتەکانی ئۆباما وەفاداربێت و بۆئەوەی لایەنگرانی بێرنی ساندرەز دەنگی پێبدەن، ناچاربووە بەشێک لە تێڕوانینەکانی خۆی بۆ سیاسەتی دەرەوە بگۆڕێت. لەئاکامیشدا جۆرێک لە ناڕێکی لەنێوان ئامانج و خواستەکانی کلینتن لەسەر ئاستی جیهان دروستبووە.

کەمپینەکەی کلینتن ژمارەیەک پرسیاری بە وەڵامنەدراوەیی هێشتووەتەوە و وایکردووە هەڵوێستی کلینتن لە زۆر پرسدا دیار نەبێت: لەوانەش ئایا ئەو وەک سەردەمی سیناتۆربوونی هێشتاش میانڕەوە؟ ئایا لەماوەی ئەم چەند ساڵەدا بووەتە قوتابیی ئۆباما یان زیاتر لە هەوڵدایە بە ڕەتکردنەوەی ڕێککەوتنە بازرگانییە جیهانییەکانی سەردەمی ئۆباما لایەنگرانی ساندەرز بۆ لای خۆی ڕابکێشێت؟

سەرچاوە National Interes

## داعش بەرپرسیارێتیی 7 تەقینەوەکەی تورکیای وەئەستۆ نەگرتووە

# تورکیا و داعش بەڕاستی لە شەڕدان؟



### ئەمیرێکی داعش: لە تورکیا بدەن تا دڵی موسڵمانان خۆش بێت

رووداو - رۆیتەرز

کاتێک هاوپەیمانێتیی نێودەوڵەتی بە سەرکردایەتیی ئەمریکا لە هاوینی 2015ەوە بڕیاریدا بنکەی ئاسمانیی ئەنجەرلیک لە تورکیا بەکاربهێنێ بۆ لێدانی داعش. ئیلهام وەلی، فەرمانێکی ئاراستەی هەموو ئەندامانی داعش لە تورکیا کردووە لەو وڵاتەدا هێرش ئەنجام بدەن. لە تورکیا دەگوترێت ئەو فەرمانە لە سەرکردایەتی داعشەوە لە رەققەوە دەرچووە.

بەگوێرەی دەزگا ئەمنییەکانی تورکیا، ئیلهام وەلی گەورەترین سەرکردەی داعشە کە خەڵکی تورکیا بێت. لە یەکێک لە ئیمەیلەکاندا وەلی داوا لە چەکدارانی داعش لە غازی عەنتاب دەکات کە کۆمەڵێک ئامانج بۆ هێرش دیاری بکەن. بۆئەوەی دواتر پارە و خۆکوژ و کەرەستەی هێرشەکان لە سووریاوە رەوان بکرێن.

لە ئیمەیلەکەدا، کە هێزە ئەمنییەکانی تورکیا دەڵێن دەستیانکەوتووە و بڵاویانکردووەتەوە، هاتووە "تورکیا لەدژی ئێمە جەنگی دەستپێکردووە... بۆیە ئێمەش لەدژیان جەنگ هەڵدەگیرسێنین". سەبارەت بە ئامانجی هێرشەکانیش وەلی نووسیویەتی "گرنگ نییە کوێ بێت. پەکەکە بێت. سەربازانی سوپای تورکیا بن یان نێوەندە گەشتیارییەکان بن. هەر پلانێک خۆتان داتاننا ئێمە قبوڵمانە".

ئیمەیلەکە بۆ یونس دوورماز نێردراوە، کە بە گوێرەی زانیارییەکانی دەزگا ئەمنییەکانی تورکیا، خۆی و وەلی دامەزرێنەری شانەی داعشن لە غازی عەنتاب. دوورماز کۆمەڵێک ئامانج بۆ هێرشەکان دیاریدەکات، لەوانەش بنکەی مووشەکیی ناتۆ، ستافی بیانی، بەرپرسانی نەتەوە یەکگرتووەکان و یانە شەوانەکانی ئەنتاڵیا.

ئیمەیلەکان بەشێکن لەو دۆکیۆمێنتانەی دادگای باڵای تورکیا بۆ لێکۆڵینەوە لەو شانەیەی داعش لە تورکیا بەکاریان دەهێنێت و کۆپییەکیان دەست ئاژانسی رۆیتەرز کەوتووە. شانەکەی وەلی و دوورماز دەستیان لە دوو تەقینەوەدا هەبووە کە پار لە تورکیا روویانداوە.

لە دۆکیۆمێنتەکانی دادگای باڵای تورکیادا دەردەکەوێت کە شانەی داعش لە غازی عەنتاب بە چ شێوازێک خانوو و شوێنی حەوانەوەیان بۆ چەکدارانی داعش رێکخستووە یان رێگەیەکیان بۆ دۆزیونەتەوە بۆئەوەی لە تورکیاوە ئاودیوی سووریا بن یان کۆگایان بەکرێگرتووە بۆئەوەی چەک و تەقەمەنیی تێدا بشارنەوە. هەروەها بەو کەلوپەلەی لە تورکیا کڕیویانە بۆمب و پشتێنی خۆکوژییان دروستکردووە.

ئەم ئامادەگییە بەهێزەی داعش لە تورکیا، ئاسانکارییەک بوو بۆئەوەی داعش پلانی جەنگی خۆی لە سووریا و پلانی هێرشەکانی لە وڵاتانی رۆژئاوایی دابڕێژێ. ئەمە جگە لەوەی داعش توانیویەتی سەدان هاووڵاتیی تورکیا بۆ لای خۆی رابکێشێت و بەشێکی زۆریش لە بۆمبەکان هەر لە تورکیا دروستکراون.

دۆکیومێنتەکانی دادگا تورکییەکە لەسەر بنەمای دانپێدانانی گومانلێکراوەکان، گۆڕینەوەی ئیمەیل لەنێوان چەکدارەکان و کامێرای ئەمنی و بەڵگەنامە دیجیتەڵییەکان ئامادەکراون.

### دروستکردنی بۆمب و تەقەمەنی لە تورکیا

لە یەکێک لە ئیمەیلەکانی وەلی بۆ دوورمازدا هاتووە "ئێستا (واتە پاش پێدانی ئەنجەرلیک بە هاوپەیمانان) فڕۆکەکان زیاتر بۆردومانمان دەکەن. دەزانم کارێکی سەختت هەیە، بەڵام دڵی موسڵمانە پابەندەکان بەدەستبهێنە. لە حکومەتی تورکیا بدەن... بەڵکو ئێمەش دڵخۆش بین".

بەگوێرەی دۆکیۆمێنتەکان شانەی وەلی و دوورماز بەلایەنی کەمەوە دوو هێرشیان ئەنجامداوە، کە یەکێکیان لە تەمووزی 2015 لە پەرسووس بوو، کە تێیدا 33 چالاکڤانی کورد گیانیان لەدەستدا. ئەوەی دیکەیان لە مانگی تشرینی یەکەمی پار روویدا و زیاتر لە 100 کەس گیانیان لەدەستدا.

ئەو دوو ئەندامەی داعش، کە چەندین کەسی دیکەشیان لەگەڵە، مەشقی هێرشیان بە زیاتر لە 150 کەس کردووە. شانەکە دوو خانوو و دوو کۆگای لە غازی عەنتاب هەیە. لە بەشێک لە دۆکیۆمێنتەکاندا ئاماژە بەوەش کراوە کە ئەو گرووپە زیاتر لە 1.5 تۆن مادەی کیمیایی ئامۆنیۆم-نیتراتیان کڕیوە، کە زیاتر لە کشتوکاڵدا بەکاردەهێنرێ، بەڵام لە دروستکردنی بۆمبیشدا بەکاردەهێنرێ.

ئارۆن ستاین، شارەزای کاروباری تورکیا لە ئەنجوومەنی ئەتلانتیک، لەبارەی تۆڕی چەکدارانی داعش لە تورکیا و کارەکانیان بە رویتەرزی راگەیاندووە "زانیارییەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە ئەندامانی داعش بۆمب و تەقەمەنی لە ناوەوەی تورکیا دروستدەکەن، لەوانەش پشتێنی بۆمبڕێژکراو، کە تاوەکو ئێستا لە سێ هێرش یان زیاتر لە نێوخۆی تورکیادا بەکارهێنراون". بە بۆچوونی ستاین "ئەو پشتێنە بۆمبڕێژکراوانە زۆر لەوانە باشترن کە لە فەرەنسا یان بەلجیکا دروست دەکرێن، چونکە ئەوانەی لە تورکیا ئەم کارە دەکەن مەشقی باشتریان پێکراوە".

### ستراتیژی داعش لە تورکیا

لە مانگی تەمووزی 2015ەوە حەوت هێرشی خۆکوژی لە تورکیا خراوەتە ئەستۆی داعش، لەو هێرشانەدا زیاتر لە 250 کەس گیانیان لەدەستداوە، بەڵام تاوەکو ئێستا داعش بەرپرسیارێتیی یەک هێرشیشی وەئەستۆ نەگرتووە. بە بۆچوونی شارەزایان ئەمە دەکرێت بەشێک لە ستراتیژی داعش بێت کە بەرپرسیارێتی خۆی لە هێرشەکان نەگرێتە ئەستۆ.

بەرپرسێکی باڵای ئەمنیی تورکی کە نایەوێ ناوی ئاشکرا بکرێت لەمبارەیەوە دەڵێت "ئەندامەکانی داعش لە تورکیا پەیوەندییان لەگەڵ رەققە هەیە، تەقینەوەکان بەپێی رێنمایی و فەرمانی سەرکردەکانی داعش دەکرێن. سەرکردەکانی داعش تورکیا بە ناوچەیەک بۆ کۆکردنەوەی ئەندام سەیردەکەن، ناشیانەوێ بەئاشکرا بڵێن کە کۆمەڵگایەکی موسڵمان دەکەنە ئامانج. بۆیەش پێیان باشترە ئەمە وەک پرسیار و گومان بمێنێتەوە، نەک خۆیان بەئاشکرا باسی بکەن".

یەعقووب شاهین، گومانلێکراوی داعش لە تورکیا، لە دانپێدانانەکانیدا ئاماژەی بەوە داوە کە داعش بەویان گوتووە هۆکاری تەقینەوەکانی پەرسووس و ئەنقەرە ئەوە بووە کە هەموویان ئەندامی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) بوون. بەگوێرەی دانپێدانانەکان، دوورماز بە یەعقووبی گوتووە "ئەوان (واتە بەشدارانی کەمپینەکانی پەرسووس و ئەنقەرە) هەموویان دوژمنی خوان".

### کوژرانی دوورماز

لە ماوەی چوار ساڵی رابردوودا سەدان هاووڵاتیی تورک روویان لە سووریا کردووە و چوونەتە ریزەکانی گرووپە ئیسلامییەکانی وەکو بەرەی نوسرەوە، هەرچەندە ژمارەیەکی زۆریان دواتر لە نوسرەوە روویان لە داعش کردووە. بەرپرسانی حکومەتی تورکیا ئاماژە بەوە دەکەن کە 700 هاووڵاتیی تورکیا لەنێو داعشدان، بەڵام ژمارەیەک دیپلۆماتی بیانی پێیانوایە ژمارەکە دە هێندەی ئەو ژمارەیەیە کە حکومەت باسیدەکات.

دیار نییە شانەکەی غازی عەنتاب کەی ئاشکرابووە، بەڵام پۆلیس لە ساڵی 2012ەوە چاودێریی هەندێک لە ئەندامەکانی ئەو شانەیەیان دەستپێکردبوو. هەندێک لە گومانلێکراوان پار دەستگیرکران و زیاتر لە هەشت کەسیشیان بەرەو سووریا رایانکردووە.

دوورماز لە مانگی ئایاری 2016 و لەکاتی هێرشی پۆلیس بۆ سەر حەشارگەکەی لە غازی عەنتاب خۆی تەقاندەوە، بەڵام تاوەکو ئێستاش دیار نییە وەلی لەکوێیە.

## شەڕەکانی رۆژئاوا و سووریا لە زاری ئەندامێکی داعشەوە

# "شەڕی جەرابلوس شەڕ نەبوو، تەنیا ریشتاشین بوو"

### "زۆر عەرەب بۆ تۆڵەسەندنەوە لە یەپەگە دەبنە داعش"

رووداو- Independent

داعش لە سەرەتای دەرکەوتنیدا بەڵێنی بە لایەنگرانی دا دەست بەسەر هەموو وڵاتانی ئیسلامیدا دەگرێ، بەڵام بەگوتەی چەکدارێکی داعش کە تاوەکو ئێستاش ئەندامی ئەو رێکخراوەیە، ئەمە تەنیا بانگەشە بووە و سەرکردەکانی داعش ماوەیەک دوای گرتنی مووسڵ و راگەیاندنی خەلافەتەکەیان، بۆیان دەرکەوتبوو کە ناتوانن بۆ ماوەی درێژ بەرگری لەو ناوچانە بکەن کە کۆنترۆڵیان کردبوو.

چەکدارەکەی داعش، کە ناوی خوازراوی "فەرەج"ی بۆ خۆی هەڵبژاردووە، بە رۆژنامەی Independent -ی راگەیاندووە "سەرکردەکانی (دەوڵەتی ئیسلامی) پێشبینی ئەوەیان کردبوو کە لەڕووی سەربازییەوە شکستدەهێنن. بۆیەش هەوڵی دامەزراندنی تۆڕێکی فراوان لە سعودیە، میسر، لیبیا و تونس دەدەن". ئەمە بۆ گرووپە توندئاژۆ ئیسلامییەکان شتێکی نوێ نییە. پێشتریش ئەلقاعیدە دەسەڵاتی تاڵیبان لە ئەفغانستانی قۆستەوە بۆئەوەی لەوێوە تۆڕی رێکخراوەکەی بە وڵاتانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بڵاوبکاتەوە.

ئەمیرەکانی داعش بە فەرەجیان گوتووە کە "دەوڵەت"ەکەیان هەر سەردەکەوێت، تەنانەت ئەگەر لە عێراق و سووریاش شکست بهێنێ. فەرەج دەڵێت "ئەوکات وامدەزانی ئەمە تەنیا پڕوپاگەندەیە و دوای شکستەکان دەیانەوێت ورەمان بۆ بگەڕێننەوە"، بەڵام دواتر بۆی دەرکەوتووە کە سەرکردەکانی داعش خەریکن هەنگاوی کردەیی دەنێن بۆئەوەی بنکە و تۆڕی نهێنی لە شوێنەکانی دیکەی جیهان دامەزرێنن. بۆنموونە ساڵێک لەمەوبەر فەرماندەیەکی لیبیایی بە فەرەج-ی گوتووە "بۆ جێبەجێکردنی پلانێک دەچێتە لیبیا و دوو مانگی پێدەچێ".

بەگوتەی فەرەج، داعش لە مانگی ئابی 2015، واتە ئەوکاتەی زۆرترین ناوچەی بەدەستەوە بوو، بیری لە ئامادەکاری بۆ قۆناخی لەدەستدانی ناوچەکان کردووەتەوە.

فەرەج خەڵکی گوندێکی عەرەبنشینی نێوان هەردوو شاری حەسەکە و قامیشلۆیە. وەک خۆی باسدەکات لە زۆربەی چەکداران و ئەندامانی داعش خوێندەوارترە. ئەو بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی حەسەکە وەرگرتووە. ئەندامەکەی داعش سەرەتا و لە ساڵی 2012 بووەتە ئەندامی بەرەی نوسرە (فەتح ئەلشامی ئێستا)، کە بە لقی قاعیدە لە سووریا دەناسرا، بەڵام کاتێک چەکدارانی داعش هاتنە نێو گوندەکەیان لە باکووری رۆژهەڵاتی سووریا، دوو بژارەیان خستە بەردەستی گەنجەکانی گوندەکە: یان گوندەکە جێدەهێڵن یان دەبێ ببنە ئەندامی داعش. فەرەج بژارەی دووەمی هەڵبژارد.

رۆژی 24ی ئابی 2016، سوپای تورکیا هاوشان لەگەڵ چەکدارانی سوپای سووریای ئازاد بۆ یەکەمجار لەماوەی پێنج ساڵی رابردوودا بە تانک و زرێپۆش چووە نێو خاکی سووریا و شاری جەرابلوسی کۆنترۆڵکرد. هەر لە یەکەم ساتەکانی ئۆپەراسیۆنەکەوە، واتە ئۆپەراسیۆنی "قەڵغانی فورات"، وا دیار بوو داعش پێشتر زانیویەتی تورکیا هێرش دەکات، بۆیەش هەوڵی بەرگریکردنیان نەدا.

ئەوکات راپۆرتە رۆژنامەڤانییەکان ئاماژەیان بەوە دەدا کە چەکدارانی داعش بەرەو شاری ئەلباب پاشەکشەیان کردووە، بەڵام فەرەج ئەمەی رەتکردەوە گوتی "کاتێک سوپای تورکیا چووە نێو جەرابلوس، من لەگەڵ هاوڕێکانی خۆم لەوێ قسەم کرد. راستیەکەی داعش جەرابلوسی جێنەهێشت، تەنیا چەکدارەکان ریشی خۆیان تاشی".

یەکێک لە ئامانجە سەرەکییەکانی ئۆپەراسیۆنی قەڵغانی فورات رێگریکردن لە پێشڕەویی زیاتری هێزەکانی سووریای دیموکرات بوو، کە بە دەستپێشخەریی پەیەدە دامەزراوە و لە نێوەڕاستی مانگی پێشوو، شاری منبج یان لە باکووری سووریا کۆنترۆڵکرد. ئامانجی دواتریان شاری ئەلباب بوو. بەمجۆرەش رۆژئاوای رووباری فورات تاوەکو سەر سنوور دەکەوتە ژێر کۆنترۆڵی هێزەکانی سووریا دیموکرات. ئەمەش ئەو خاڵەیە کە تورکیا لێی نیگەران بوو. لەکاتێکدا ئەمە رێی خۆشدەکرد بۆئەوەی پەیەدە بتوانێت هەرێمی یەکگرتووی رۆژئاوا لە باکووری سووریا دامەزرێنێت و هەر دوو ناوچەی عەفرین و کۆبانێ پێکەوە ببەستێتەوە. بەمەش قووڵاییەک بۆ چالاکیی گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) دروست بکات.

### "بۆ شەڕی گرێ سپی چەکمان لە تورکیا وەرگرت"

ئەندامەکەی داعش لەبارەی پەیوەندییەکانی یەک ساڵی رابردووی نێوان تورکیا و داعش ئاماژەی بەوەداوە کە لەکاتی پێشڕەوییەکانی یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) بەرەو شارۆچکەی گرێ سپی "تورکیا پشتگیرییەکی زۆری داعشی دەکرد". لەو شەڕەدا فەرەج یەکێک بووە لەو 150 چەکدارەی دەبووایە رووبەڕووی شەرڤانانی یەپەگە ببنەوە و رێگە نەدەن گرێ سپی لەژێر کۆنترۆڵی داعش دەربچێت. فەرەج لەبارەی هاوکارییەکانی تورکیا بۆ داعش ئەوەشی خستەڕوو کە "کاتێک لە مانگی ئایاری 2015 لە گرێ سپی بووم، بەبێ هیچ رێگرییەک چەک و تەقەمەنیی زۆرمان لە پاسەوانەکانی سنووری تورکیا وەردەگرت".

فەرەج پشتگیری لە بڵاوبوونەوەی ئایدیۆلۆژیای داعش بە وڵاتانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ئەورووپادا دەکات، بەڵام رەخنەی توندیشی لەو چەکدارە بیانییانە هەیە کە لەسەرەتای راگەیاندنی خەلافەتەکەی داعشەوە روویان لە سووریا کردووە. هۆکاری ئەمەش بۆ دوو خاڵ دەگێڕێتەوە: "یەکەم، چەکدارە فەڕەنسی، بەریتانی و تورکەکان هیچ لەبارەی ئیسلامەوە نازانن، دووەم، ئەو چەکدارانە هیچ رێز لە نەریتی خەڵکی ناوچەکە ناگرن".

فەرەج دەڵێت "کاتێک داعش هات، عەرەبی سوننەی ناوچەکە پێشوازییان لێکرد، چونکە پێیانوابوو ئەوان رزگارکەری خەڵکن لەدەستی سیاسەتەکانی حکومەتی بەشار ئەسەد، بەڵام خەڵکی رەسەنی ناوچەکە نەیاندەتوانی قبوڵی بکەن کە کۆمەڵێک سەرکردەی بیانیی داعش چاودێریی کاروباری رۆژانەی ژیانیان دەکەن. بۆنموونە من خۆم تووڕە بووم کاتێک بینیم پیاوێکی تونسی فەرمانی بە من دا بچمە مزگەوت و دواتریش بە قامچی لە پشتی منی دا".

فەرەج هەرچەندە ئەندامی داعشە، بەڵام چیدیکە چەکداری ئەو گرووپە نییە. ئەو پێیوایە سیاسەتەکانی یەپەگە دەوریان هەبووە لەوەی بەشێک لە عەرەبەکانی ناوچەکە بڕیاری چوونە نێو داعش بدەن. وەک نموونەش ئاماژە بە دوو ئامۆزای خۆی دەکات کە خەڵکی تەل حەمیس بوون و لە شەڕی یەپەگەدا کوژران، بە گوتەی فەرەج دواتر خانوو و موڵکی ئامۆزاکانی لەلایەن یەپەگەوە دەستیان بەسەردا گیراوە و بەمەش هاوژین و منداڵەکانی ئەوان هیچیان بەدەستەوە نەمابوو جگە لەوەی "بۆ تۆڵەسەندنەوە بچنە نێو داعش".



## لە جیهاندا 110 وڵات پەیڕەوی دەکەن

# تەندروستیی کوردستان دەیەوێ بە زمانی ژمارە قسە بکات

سەروەر سالار
ڕووداو- سلێمانی

وەزارەتی تەندروستیی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند لە کۆتایی ئەمساڵەوە کوردستان دەستدەکات بە گۆڕینی زمانی تۆماری ئامارەکانی بۆ ئەو شێوازە ستانداردەی لە جیهان پەیڕەودەکرێ، لە ماوەی سێ ساڵیشدا هەموو یەکە تەندروستییەکانی سەر بە وەزارەت پیادەی دەکەن. پشتیوانانی پرۆژەکە دەڵێن گرنگترین هەنگاوی چاکسازییە، هەندێکیش دەڵێن ئاستەمە لە قەیرانی داراییدا، بیر لە ستانداردکردنی زمانی ئامار بکرێتەوە. ئێوارەی ڕۆژی پێنجی ئەم مانگە د.ڕێکەوت حەمەڕەشید، وەزیری تەندروستیی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پۆستێکدا لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک ئاشکرایکرد "تاوەکو کۆتایی ئەمساڵ 30 سەنتەری تەندروستی لە کوردستان ئاماری تەندروستی پێشکەوتووی جیهانی (ICD 10) تێیاندا جێبەجێدەکرێت و لەماوەی سێ ساڵی داهاتوودا هەموو کەرتی تەندروستی بەو سیستمە ئیش دەکات".

سیستمی (International Classification of Diseases- Tenth Revision) واتە سیستمی پۆلێنکردنی نەخۆشییەکان- پێداچوونەوەی دەیەم کە بە کورتی بە (ICD 10) ناسراوە، سیستمێکی پێشکەوتووی جیهانییە کە ناوی هەموو نەخۆشی و گرفتە تەندروستییەکانی کردووە بە کۆدی یەکگرتووی جیهانی، ئێستا لە 111 وڵات جێبەجێدەکرێ، ڕێکخراوی جیهانی تەندروستیش پشتیوانێکی گەورەی بەکارهێنانیەتی.

لەو سیستمەدا 14 هەزار و 400 کۆد هەن، کە هەریەکەیان ناوی نەخۆشی و گرفتێکی پەیوەندیداری تەندروستی دەنوێنن. گرنگییەکەی ئەوەیە هەم زۆر بە کورتی زۆرترین زانیاری دەگەیێندرێ، هەم هەموو جیهان لە داتاکانت تێدەگات و هاریکاریت دەکات لە چارەی کێشەکان. بۆ نموونە لە بری ئەوەی بڵێی "سووانی جومگەی شانی ڕاست کە هۆکارەکەی ڕوون نییە". تەنیا دەنووسی M19.011 ئیدی پزیشک و پسپۆڕانی هەموو ئەو وڵاتانەی لەسەر سیستمەکە دەڕۆن تەنیا بە بینینی ئەو کۆدە لە حاڵەتەکەت تێدەگەن.

ئەورووپییەکان هەر لە سەدەی نۆزدەوە هەوڵی دروستکردنی زمانێکی یەکگرتوویان داوە بۆ زاراوە و ئامارە پزیشکییەکان، سەرەتاش بە پۆلێنی هۆکارەکانی مردن دەستیانپێکرد. تاوەکو کۆتایی جەنگی جیهانی دووەم ئەوان پێنج پێداچوونەوەی ICDیان کردبوو، ڕێکخراوی جیهانی تەندروستیش هەر لەگەڵ دامەزراندنیدا لە ساڵی 1948 پێداچوونەوەی شەشەمی سیستمەکە (ICD 6)ی پەسەندکرد و داوای پێڕەوکردنی کرد. دوا پێداچوونی سیستمەکەش (ICD 10) لە ساڵی 1990ەوە لەلایەن تەندروستی جیهانی پەسەندکراوەو ساڵی 1994 چووەتە بواری جێبەجێکردنەوە.

### کوردستانیش دەچێتە ڕیزەوە

سەرەڕای قەیرانی دارایی، وەزارەتی تەندروستیی حکومەتی هەرێمی کوردستان سوورە لەسەر بەردەوامیی هەنگاوەکانی پیادەکردنی سیستمی ICD10 لە نێوەندە تەندروستییەکانی کوردستان "گرفتی سەرەکیمان دارایی و ڕاهێنانی کارمەند و پزیشکە بۆ جێبەجێکردنی، بەڵام ئەوە پلانی وەزارەتە و ئەولەوییەتی هەیە لە پلان و کارەکانمان" دکتۆر خاڵس قادر گوتەبێژ و بەڕێوەبەری گشتی دیوانی وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان وای بە (ڕووداو) گوت.

بە گوتەی دکتۆر خاڵس ئێستا ئامادەکاری کراوە بۆ جێبەجێکردنی سیستمەکە لە 30 بنکە و مەڵبەندی تەندروستی و نەخۆشخانە لە هەولێر، سلێمانی و دهۆک. سەرەتا پرۆژەکە بۆ ماوەی ساڵێک لەو یەکە تەندروستییانە پەیڕەو دەکرێ دواتر لەماوەی دوو ساڵدا لەسەر هەموو بەشەکانی سەر بە وەزارەتی تەندروستیدا پەیڕەودەکرێ.

دکتۆر خاڵس، ئاماژەی بەوەدا ڕێوشوێنەکان و ئامادەکارییەکانی وەزارەتی تەندروستی بە هەماهەنگی لەگەڵ زانکۆی ڕۆما لە ئیتاڵیا) بەردەوامن و تاوەکو ئێستا 1500 پزیشک و کارمەندی تەندروستی خولی ڕاهێنانیان لەسەر سیستمی ICD 10 تەواوکردووە. وەزارەتی تەندروستی دەڵێ ئەو زانکۆ ئیتاڵییە بەبێ بەرامبەر ئەو هاریکارییە پێشکەشی کوردستان دەکەن.

پزیشکێکی پسپۆر لە سیستمی تەندروستی هەنگاوەکانی وەزارەت بە دڵخۆشکەر نێودەبات و دەڵێ دەبوو هەرزوو ئەو سیستمە جیهانییەی جێبەجێکردبا.

د.ڕێبین زیخانی، پسپۆڕ لە سیستمی تەندروستی بە (ڕووداو)ی گوت "ئەگەر 5-6 ساڵی دیکەش تەواو ببێ، هەر لەوە باشترە دەستپێنەکرێ، ئەم سیستمە لە کەرتی تەندروستیدا واجبە و هەر دەبێ بکرێ، بێ ئەو پۆلێنە زانستی و یەکگرتووە، ئاستەمە چاکسازی لە کەرتی تەندروستیدا بکرێ".

د.ڕێبین کە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا خوێندوویەتی، دەڵێ پیادەکردنی ئەو سیستمە بەبێ سوود لێوەرگرتنی زانستییانەی، کاریگەرییەکی ئەوتۆی نابێ "وەک ئەوەیە ماڵێک هەوڵێکی زۆر بدەن و پارەیەکی زۆر خەرجبکەن بۆ ئەوەی کۆمپیوتەرێک بکڕن، بەڵام هیچ سوودێک لە کۆمپیوتەرەکە وەرنەگرن بۆ خۆیان و تەنیا وەک دیکۆرێکی ماڵ بیهێڵنەوە". پزیشکە پسپۆڕەکەی سیستمی تەندروستی دەڵێ لە ڕێگەی ئەم سیستمەوە دەتواندرێ باشتر سوود لە سامانی مرۆیی و تەکنیکی وەزارەت وەربگیری "بۆ نموونە لە ماوەیەکی کورت دەردەکەوێ لە سلێمانی یان دهۆک نەخۆشی هەوکردنی سی زۆرە، پێویست ناکات لە هەموو شارەکان ستافێکی گەورە سەرقاڵ بکەی بەو نەخۆشییەوە، بەڵکو هەوڵەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی نەخۆشییەکە لەو ناوچەیە چڕ دەکەیتەوە، بەو جۆرە لە ماوەیەکی کورت و بە ستاف و پارەیەکی کەم یارمەتی زۆرترین کەسی شیاو دەدەی". وەک دکتۆر زیخانی باسیدەکات بە ستانداردکردنی ناو و ئامارە تەندروستییەکانی کوردستان وادەکات زۆر بە ئاسانی لە گرفتەکان تێبگەین و توێژینەوەیان لەسەربکەین و بەراوردیان بکەین بە وڵاتان و هەمانکات داتاکان بدەینە نێوەندە جیهانییەکان و داوای چارەسەر و هاریکارییان لێبکەین بۆ گرفتەکانمان.

### "ئێستا کاتی پرۆژەکە نییە"

بەڵام شارەزایەکی دیکەی سیستمی تەندروستی کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، ڕەشبینە بە پیادەکردنی سیستمی ICD10 لە کوردستان، چونکە بە گوتەی ئەو کاری زۆر لەپێشینەتر هەن "ئێستا دەوام هەمووی تێکچووە، نەخۆشخانەکان دادەخرێن، فەرمانبەر و پزیشک و کارمەند مووچەیان نییە".

ئەو پزیشکە دەڵێ لەبری پارە خەرجکردن لە ICD10 با ئەو گرفتە هەنووکەیی و سەرەتاییانە چارەسەربکەن و بەشەکانی فریاکەوتن ڕێکبخەنەوە.



## خراوەتە نێو گرووپێکی مەترسیدار

# چۆن زیانەکانی مۆبایل لەسەر تەندروستی مرۆڤ کەمبکەینەوە؟



د. زانا ئەحمەد

ئەو کاتانەی تەلەفۆن تەنیا لە هەندێ ماڵدا هەبوو، بۆ تەلەفۆنکردنێک دەبووایە چەند کۆڵانێک ئەولاتر بچووینایە، مەترسییەکی وای لەسەر تەندروستیمان نەبوو، بەڵام کاتێک بچووک کرایەوە و وای لێهات بگێڕدرێ و ناونرا مۆبایل (کە بە مانای گەڕۆک-ئەوەی دەگێڕدرێت دێت)، ئیدی باس و خواسی زیانەکانی بوونە ڕۆژەڤ. تا ئێستا چەندین توێژینەوەی زانستی لەسەر ئەو مەسەلەیە کراون، بەتایبەت ئەوەی ئایا مۆبایل ڕۆڵی هەیە لە تووشبوونی مرۆڤ بە شێرپەنجە یان نا؟ بەڵام تا ئێستا هیچ بەڵگەیەکی زانستی نییە، بیسەلمێنێ مۆبایل شێرپەنجە دروست دەکات. ئەمەش بەو مانایە نایەت، کە دڵنیایی هەیە لەوەی دروستی ناکات، بەڵکو تا ئێستا دەرنەکەوتووە، واتە دەشێ لە ئاییندەدا دەربکەوێ.

ئاژانسی نێودەوڵەتی بۆ لێکۆڵینەوە لە شێرپەنجە (IARC) کە پۆلێنی شێرپەنجەخەرەوەکان دەکات، مۆبایلی خستووەتە گرووپ بە واتای ئەگەری تووشکردن بە شێرپەنجەی هەیە.

دەستبەرداربوون لە مۆبایل کارێکی نیمچەنەکردەیە، بەڵام جێبەجێکردنی ئەم ڕێنماییانە، مەترسییەکانی (ئەگەر هەبن) کەم دەکاتەوە:

1- منداڵ و مێردمنداڵان بەکاری نەهێنن: بەهۆی ئەوەی هێشتا جەستەیان لە گەشەکردندایە، مەترسیی بۆ سەر ئەوان زیاترە. بۆیە وا باشە کەسانی خوار تەمەن بیست ساڵ نەیانبێ، تەنیا بۆ پەیوەندیی زۆر پێویست ڕێگەیان پێبدرێ بەکاری بهێنن.

2- دوای بەدەستەوەگرتنی مۆبایل، بێ دەست شوشتن دەست بۆ خواردن نەبرێ، چونکە لێکۆڵینەوەیەکی بەریتانی دەریخستووە مۆبایل زۆرتر لە سیفۆنی ئاودەست میکرۆب لەخۆ دەگرێت.

3- کەمکردنەوەی ماوەی پەیوەندییەکان: لێکۆڵینەوەکان ئاماژە بەوە دەدەن، کە مەترسییەکان وبەتایبەتیش مەترسیی تووشبوون بە شێرپەنجە ئەو کاتە زۆر زیاد دەکات، کە ڕۆژانە زیاد لە کاژێرێک بەکاربهێنرێت. ئەوانەی ناچارن لەوە زیاتر بەکاری بێنن، ڕێنمایی دەکرێن بەوەی هێدفۆن بەکاربێنن.

4- ئەو کەسانەی ئەگەری تووشبوون بە (ئاوی سپی)ی چاویان هەیە، زۆر کەم بەکاریبێنن، چونکە لێکۆڵینەوەیەک لەسەر (جرج) دەریخستووە، کە 2-3 کاژێر بەرکەوتن بە شەپۆلی مۆبایل تووشی ئاوی سپییان دەکات.

5- پیاوان مۆبایل لە ناوقەدیان نەبەستن: مۆبایل تۆوی پیاوان بە ڕێژەی سێیەک کەم دەکاتەوە، بۆیە ئەو پیاوانەی لە تەمەنی وەچە خستنەوەدان، وا باشە لە ناوقەدیان نەیبەستن.

6- بە ئەگەری بەهێز دادەنرێ، کە کار بکاتە سەر کارکردنی هەندێ ئامێری جەستە، وەک ئەو پاترییانەی دەخرێنە سەر دڵ. بۆیە وا باشە ئەو کەسانە زۆر کەم بەکاریبێنن، لەکاتی بەکارهێنانیشدا زیاتر بیخەنە بەر گوێی ڕاستیان کە دوورترە لە دڵیان.

7- لە کاتی نووستندا نەخرێتە ژێر سەرین، چونکە ئەوە یەکلایی بووەتەوە، کە ڕۆڵی زۆری هەیە لە خەوزڕاندندا. بۆیە وا باشە سەعات دابنرێ بۆ بێدارکردنەوە نەک مۆبایل.

8- لەبەرئەوەی ئەگەری ئەوەی هەیە کار بکاتە سەر شەپۆلە کارەباییەکانی دڵ، وا باشە نەخرێتە ئەو گیرفانانەوە کە دەکەونە سەر سینگەوە.

9- هەتا بۆتان دەکرێ بە مەسج قسە لەگەڵ یەکدی بکەن.

10- لە کاتی شوفێریکردندا بەکارنەهێنرێت، چونکە دەرکەوتووە ڕووداوی هاتووچۆ چوار هێندە زیاد دەکات.

11- مۆبایلی باش و مارکە بەکاربهێنرێت، چونکە ئەوانە کەمتر شەپۆلی کارۆموگناتیسی دەردەدەن.

12- لەو کاتەی تۆڕ لاوازە، بەکار نەهێنرێت، چونکە شەپۆلی زۆر زیاتر دەردەدات.

13- دەست نەخستنە سەر ئاریەلی مۆبایل، کە دەکەوێتە لای سەرووی پشتی هاندەکە، چونکە ئەمە دەبێتە هۆی خولانەوەی شەپۆلەکانی و زیادبوونی مەترسییەکانی.

# هەوکردنی بۆریچکە هەواییەکان (قەسەبات)

**دەستپێک:**

* هەوکردنی بۆریچکە هەواییەکان (قەسەبات) بریتییە لەهەوکردنی ڤایرۆسی بۆریچکەی هەوای سنگ، کە دەبێتە هۆی هەڵاوسانی ئەو بۆریچکانە و تەسکبوونەوەیان.

لە دوو ساڵی یەکەمی تەمەندا 50%ی منداڵان تووشی دەبن. زۆرتر ئەو منداڵانە تووش دەبن، کە تەمەنیان لە نێوان 2 — 6 مانگە، بەڵام دوای تەمەنی دوو ساڵان بە دەگمەن ڕوودەدات.

ئەم جۆرە ڤایرۆسە زۆرتر لە وەرزی پایز و زستان بڵاوە. منداڵەکە لە ڕێگەی کەسێکی گەورەی ماڵ کە پەتای گرتبێ، یان منداڵی دیکە کە ئەم نەخۆشییەی هەبێت، ڤایرۆسەکە وەردەگرێ. 10%ی ئەو منداڵانەشی تووشی دەبن پێویستیان بە چارەسەر هەیە.

**هۆکارەکان:**

هۆکاری سەرەکی، ڤایرۆسێکە بەنێوی (RSV) و هەندێ ڤایرۆسی دیکە بەکەمی، نەخۆشییەکە زۆر دەگوازرێتەوە، بەتایبەت بەهۆی پرژەی دەم و بەهۆی دەستەوە (نزیکبوونەوەی ڕاستەوخۆ).

**دەرکەوتەکانی:**

- ڕۆژانی سەرەتا وەک پەتایەکی سادە دەردەکەوێت: کۆکە، ئاوی لووت و لووتگیران..
- دوای 3 — 7 ڕۆژی دیکە: هەناسەتووندی، هەناسەدانی ناڕەحەت، خیزەی سنگ (بە گوێ هەستی پێدەکەیت)، تایەکی کەم و هەراسانی.
- ئەگەر بە سەختی تووش ببێت: نێوان پەراسووەکانی بەناودادەچن کاتی هەناسەوەرگرتن، نرکە نرک کردن (گرەنتین)، شینبوونەوە.

* منداڵی زۆر بچووک (1-3مانگ): تەنیا دەرکەوتەی بریتییە لە وەستانی ناوە ناوەی هەناسەدان (ئەپنیا).

**پشکنین:**

- پێوانی ڕێژەی ئۆکسجینی خوێن (ئۆکسیمێتری)
- وێنەی تیشکی سنگ: هەڵاوسانی سییەکان (سییەکان تاریک دەردەکەون، ناوپەنچک تەخت دەبێت، ئاسۆییبوونی پەراسوەکان)، دەرکەوتنی هەندێ پەڵەی هەوکردن.

پێویستە ئەم نەخۆشییە لەگەڵ هەندێ باری دیکەدا جیابکرێتەوە، وەکو: ڕەبۆ، سستبوونی دڵ، گەڕانەوەی خواردن بۆ دەم، نەخۆشیی ڕەقبوونی کیسەکان، قوتدانی تەنێکی نامۆ. هەموو ئەمانە خیزەی سنگ دروست دەکەن بەبێ تا.

**خەواندن لە نەخۆشخانە**

- تەمەن: خوار 6 مانگ.
- هەناسەی ناجێگیر بێت: وەستانی هەناسە، هەناسەدانی زۆر خێرا بێت، ئۆکسجینی خوێنی خوار 92% بێت..
- توانای شیرخواردنی نەبێ.
- ئەوانەی بە سەختی تووشدەبن: نەخۆشیی زگماکیی دڵ، نەخۆشیی درێژخایەنی سنگ، کەمی بەرگریی لەش، نەخۆشیی دەماری/ماسولکەیی...

**ئاڵۆزییەکان:**

- سستبوونی سییەکان.
- وەستانی ناوە ناوەی هەناسە.
- هەندێکیان لە داهاتوودا تووشی تەنگەسی (ڕەبۆ) دەبن، بە تایبەت ئەوانەی بە سەختی گرتوویانە.
- مردنی 1%ی تووشبووان.

ڕێگریکردن بۆ ئەوانەی مەترسییان لەسەرە: کوتانی مانگانە لەو مانگانەی مەترسیی تووشبوونیان هەیە، کوتانی (پالیڤیزوما- Palivizumab).

**دکتۆر شادمان حەمەئەمین**

## هەڵوێست تاوانبارە

**پشتیوان جەمال / ڕووداو- سلێمانی**

وا بڕیارە مانگی داهاتوو نوێترین ئەلبوومی هونەرمەند هەڵوێست بڵاوبکرێتەوە و دوو گۆرانی ئەلبوومەکەشی کلیپ دەکات.

"تاوانبار"، نێوی بەرهەمە نوێیەکەی هەڵوێستە. ناوبراو بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەلبوومەکە لە 10 گۆرانی پێکدێ". سەبارەت بە ناوی ئەلبوومەکەشی گوتی "هۆنراوەی یەکێک لە گۆرانییەکان بە نێونیشانی تاوانبارە و لەگەڵ سێ هۆنراوەی دیکەش لەلایەن شاعیری کۆچکردوو شەهاب زەنگەنەوە دانراون، پێم باشبوو وەکو وەفایەک بۆ ئەو هاوڕێ خۆشەویستەم ناوی ئەو هۆنراوەیە بکەمە ناونیشانی ئەلبوومەکە". هەڵوێست گۆرانیی "تاوانبار"ی کلیپکردووە، بڕیارە کلیپ بۆ گۆرانیی "لە کوێی"ش بکات.

هەڵوێست خاوەنی دوو ئەلبوومی دیکەیە، یەکێکیان کۆکراوەی کلیپەکانیەتی کە پێشتر بە شێوەی سینگڵ بڵاویکردوونەتەوە. ئەوەی دیکەش بەنێوی "برۆ"یە کە پارساڵ بڵاوی کردەوە.





## ڕەئیس کورتە و بەرناکەوێت

**ڕووداو- هەولێر**

فیلمی (ڕەئیس) کە لە دەرهێنانی ڕزگار حوسێنە، لەماوەی دوو مانگدا لە دەیان فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی بەشداری دەکات و کێبڕکێی وەرگرتنی خەڵاتەکان دەکات.

دەرهێنەری فیلمەکە بە (ڕووداو)ی گوت "خۆشبەختانە فیلمەکەم لەماوەی دوو مانگدا دەچێتە زۆرترین فێستیڤاڵی نێوخۆ و بیانی. لەگەڵ ئەوەشدا کێبڕکێی بەهێزترین فیلم بۆ وەرگرتنی خەڵات لە فێستیڤاڵی Jameson Film Festival لە هەنگاریا دەکات. دواتر لە فێستیڤاڵی FerFilm بەشداردەبێت. لە ئەڵمانیا و ئیتاڵیاش نمایش دەکرێت".

ڕزگار حوسێن گوتیشی "فیلمەکەم لە چەند وڵاتێکی عەرەبی بەشداریکردووە، وەکو فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلمی بەیرووت و فێستیڤاڵی ئەجیال لە قەتەر". فیلمی ڕەئیس خەڵاتی باشترین کورتەفیلمی لە چوارەمین فێستیڤاڵی دهۆک وەرگرت.

فیلمەکە وێنای ئەو ڕاپەڕینانە دەکات کە بەناوی بەهاری عەرەبی لە چەند وڵاتێکی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەرپاکران، بەڵام بۆ هەندێکیان بەهارەکە بووە پاییز.



## فیلمێک بە 700 دۆلار

**هیوا سەڵاح**
**ڕووداو- هەولێر**

دەرهێنەرێکی کورد کورتە فیلمێک بە نێوی (0610/عێراق-سلێمانی) دروست دەکات و دەینێرێت بۆ حەوت فێستیڤاڵ لە دەرەوە.

حەمە قادر، دەرهێنەری کورتە فیلمەکە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەم کورتەفیلمە، یەکەمین ئەزموونی منە لە بواری دەرهێناندا، خۆشبەختانە تاوەکو ئێستا لە حەوت فێستیڤاڵ وەرگیراوە و کێبڕکێی وەرگرتنی خەڵات دەکات. بڕیارە لە دوو فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی لە ئەمریکا، یەکێک لە بەریتانیا و ئەوانی دیکەش لە فێستیڤاڵی ڕۆم لە ئیتاڵیا و موڤینگ پیکچەرز لە بەلجیکا و شۆرت تو زە پۆینت لە ڕۆمانیا بەشداری بکات". حەمە قادر دەربارەی بودجەی فیلمەکە گوتی "فیلمەکە لەسەر خەرجی خۆم بەرهەمهاتووە، کە 700 دۆلاری تێچووە. ماوەی فیلمەکە 24 خولەکە. هەردوو ئەکتەرانی کورد، هاوکار عومەر و خەلیل عەبدوڵلا ڕۆڵی سەرەکی تێدا دەبینن".

حەمەد قادر هەر خۆی سیناریۆی فیلمەکەی نووسیوە، هەر خۆیشی وێنەگری فیلمەکەیە. ئازاد ڕەحمانی و سەرکەوت جەبار یاریدەدەری دەرهێنەرن، بەهزاد فەرەجوڵڵاهیش فیلمەکەی مۆنتاژکردووە.

## ئومێد خەریکی دەنگخۆشانە

**هیوا سەڵاح**
**ڕووداو- هەولێر**

بەرنامەیەک بەنێوی کوردستان ستارس، بەدوای دەنگخۆشانی کورد لە تاراوگەدا دەگەڕێت. سەرپەرشتیاری بەرنامەکەش دەڵێت دەنگخۆشانی هەرچوار پارچەی کوردستان لەم بەرنامەیە کۆدەکەینەوە.

ئومێد محەممەد، سەرپەرشتیار و خاوەن بیرۆکەی بەرنامەکە لە سوید بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "بڕیارە لە سەرەتای مانگی 12ی ئەمساڵ قۆناخەکانی یەکەمی بەرنامەکە دەست پێبکات، کە تاوەکو ئێستا 16 دەنگخۆشی کورد هەڵبژێردراون بۆ ئەوەی کێبڕکێ لەسەر نازناوی کوردستان ستارس بکەن". ئومێد محەممە گوتیشی "هەموو ئامادەکارییەکانی ئەم بەرنامەیە تەواوبووە، کە چەندین میوزیکژەن و شارەزای بواری دەنگ و میوزیکی کوردی و سویدی لەم بەرنامەیەدا بەشداری دەکەن، دەخوازین هەموو دەنگخۆشانی تاراوگە لەم بەرنامەیە کۆ بکەینەوە".

بڕیارە ڕۆژی 25ی ئەم مانگە لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەڤانیدا هەموو وردەکارییەکانی ئەم بەرنامەیە ئاشکرا بکرێن.

ئومێد محەممەد دەڵێت لەسەر ئەرکی خۆی ئەم بەرنامەیە بەڕێوەدەبات و دەیەوێت لە تاراوگەدا برەو بە گۆرانی و میوزیکی کوردی بدات و هاوکاری گەنجە بەهرەمەندەکانی کوردی تاراوگە بکات.



## پاکۆ فیرار دەکات

**ڕووداو- هەولێر**

فیلمێکی کوردی بەناوی پاکۆ، لە فێستیڤاڵی فیلمی ئەسکەندەرییە لە میسر، کێبڕکێ لەگەڵ 12 فیلمی عەرەبی دەکات بۆ وەرگرتنی خەڵاتی نوور شەریف. وەلید محەممەد تاهیر، دەرهێنەری فیلمی پاکۆ بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "فیلمەکەمان لەو ماوەیەدا بەشداری زیاتر لە 15 فێستیڤاڵی جیهانی کردووە. دوایین بەشداریشی ڕۆژی 21ی ئەم مانگە لە فێستیڤاڵی فیلمی ئەسکەندەریە دەبێت لە بەشی پێشبڕکێی فیلمی عەرەبی بۆ خەڵاتی نوور شەریف". فیلمی پاکۆ باس لە گەنجێکی کورد دەکات، کە لەسەردەمی ڕژێمی بەعس دەبێتە سەرباز و دەبرێتە سەنگەرەکانی شەڕی نێوان عێراق و ئێران، بەڵام دواتر فیرار دەکات و دەبێتە پێشمەرگە.

فێستیڤاڵی فیلمی ئەسکەندەریە لە ڕۆژی 21ی ئەم مانگە دەستپێدەکات و حەوت ڕۆژ بەردەوام دەبێت. دەرهێنەری کورد ناسر حەسەن یەکێکە لە ئەندامانی لیژنەی دادوەریی فێستیڤاڵەکە.





## عەزیز وەیسی کەف دەکات

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- سلێمانی**

گۆرانیبێژ عەزیز وەیسی ریکلام بۆ شامپۆیەکی ئەڵمانی دەکات و بڕیارە لە مانگی داهاتووشدا ریکلامەکە بڵاوبکرێتەوە.

عەزیز وەیسی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، بەشداری لە ریکلام بۆ شامپۆیەکی ئەڵمانی کردووە کە شامپۆکە بۆ یەکەمجارە هاوردەی کوردستان دەکرێ.

کۆمپانیا ئەڵمانییەکە لەڕێگەی بریکارەکانیان لە شاری کەرکووک، پەیوەندییان بە عەزیز وەیسییەوە کردووە.

وەیسی بە (ڕووداو)ی گوت "لەو ریکلامەدا دوو کچی دیکەشی تێدان، من بەنێوی کۆمپانیاکەوە پەیوەندی بە یەکێک لەو دوو کچەوە دەکەم کە شامپۆی کۆمپانیاکە بەکاربێنن". ئێستا ریکلامەکە لە قۆناغی مۆنتاژکردندایە و بڕیارە لە مانگی داهاتوودا لە کەناڵە کوردییەکان و کەناڵێکی فارسیش بڵاوبکرێتەوە. بەڵام عەزیز وەیسی ئەو بڕە پارەی ئاشکرا نەکرد کە بۆ ریکلامەکە وەریگرتووە. پێشتریش وەیسی ریکلامی بۆ ڕۆنی قژ کردووە. هەروەها لە پڕۆژەکانی کۆمپانیای عادل موتەحیدەش دەرکەوت. عەزیز وەیسی دەڵێت "ئەوەی کۆمپانیای عادل موتەحیدە ریکلام نەبوو، بەڵکو کارێکی خێرخوازی بوو".



## هەورامییە، ئەوجا جازەکەی

**هیوا سەڵاح**
**ڕووداو- هەولێر**

ئارا ئەحمەد، گۆرانیبێژی کورد، ڤیدیۆ کلیپێکی نوێ بەناوی "هەر تۆی دونیام" بڵاوکردەوە، کە گۆرانییەکی فۆلکلۆری ناوچەی هەورامانە و بە میوزیکی جاز دووبارەی کردووەتەوە.

پێشتر ئەم گۆرانییە هەورامییە، لەلایەن چەندین گۆرانیبێژێکی کوردەوە گوتراوە، بەڵام ئارا ئەحمەد جارێکی دیکە نوێی کردووەتەوە.

توانا فەرەج کاری دابەشکردنی میوزیکی بۆ گۆرانییەکە کردووە. گۆرانییەکە بە ئامێرەکانی گیتار و درامس و کیبۆرد بە شێوازی ڕۆژئاوایی تۆمارکراوە.

ئەم ڤیدیۆ کلیپە لە ناوچەی هەورامان لە یەک شوێن تۆمارکراوە. شادمان محەممەد کاری دەرهێنانی بۆ ڤیدیۆ کلیپەکە کردووە. ئارام حەسەنیش وێنەگری کلیپەکە بووە.



## بەختی ڕووداو

ئایار فەلەکی
ayarfalak@hotmail.com

**کاوڕ**
لە هەوڵەکانت بەردەوام بە، ئەنجامی باش بەدەستدەهێنی. لەگەڵ خۆشەویستەکەت بڕیارێکی گرنگ دەدەن. پلانەکەت بۆ دەستکەوتن و زیادکردنی پارە باشە، بەڵام کەمترە لەوەی پێشبینیی دەکەیت.

**گا**
توانایەکی باشت هەیە بۆ دروستکردنی پەیوەندیی هاوڕێیەتی و سۆزداری، بەڵام لەپڕ بەهۆی بابەتێکی ئاسایییەوە دەستبەرداری بەرامبەرەکەت دەبیت. ئەمەش ئازار بۆ هەردوولا دروست دەکات.

**دووانە**
لەبارەی کارکردنەوە ماوەیەکی قورسە. وا باشە خۆت لە گرفتی خەڵکی دیکە بپارێزێت. بەڵام بەختێکی باشت دەبێت بۆ دروستکردنی پەیوەندیی ئەڤینداری لەگەڵ کەسێک کە ئاواتی بۆ دەخوازیت.

**قرژاڵ**
بۆئەوەی ڕاراییەکانت زیادنەکات خۆت لە بیستنی هەواڵە ناخۆشەکان دووربخەرەوە. گوێ لەو میوزیکانە بگرە کە دڵت ئاسوودە دەکەن. درێژەدان بە پەیوەندییەکی بێ متمانە هیچ ئەنجامێکی نابێت.

**شێر**
هەوڵمەدە خەڵکان بە گوشار قایل بکەیت. لە کاردا هەر گرفتێکت بۆ دروست ببێت بەهێمنی مامەڵەی لەگەڵ بکە. ڕەنگە سەفەرێکی بێ پلان بکەیت. گرنگی بە تەندروستیی خۆت و کەسانی نزیکت بدە.

**فەریک**
مانەوەی زۆر لە ماڵدا دڵتەنگت دەکات. بۆئەوەی کۆتایی بە خەمباریت بهێنیت، پێویستە بڕیارێکی گرنگ بدەیت. سەردان و کورتە سەفەر زیاد بکە. باری داراییت بەرەو باشبوون دەچێت.

**تەرازوو**
قەیرانەکانی ئەم ماوەیە کاریگەریی زیاتری لە تۆ کردووە وەک لە کەلووەکانی دیکە، بەڵام چاوەڕوان دەکرێت مانگی داهاتوو ببێتە خاڵی وەرچەرخان بەرەو باشبوون و بەختەوەری و کاری نوێ.

**دووپشک**
دەبێ بەناچاری بڕیارێک بدەیت، بەبێئەوەی ئارەزووی بکەیت. تاوەکو کۆتایی ئەم مانگە کارەکانت تەواوبکە. چونکە دەبێ لە مانگی داهاتوودا ئامادەکاری بۆ بابەتێکی نوێ بکەیت.

**کەوان**
پێشئەوەی هەر کارێک بکەیت هەموو لایەنەکانی لێک بدەرەوە. هەستەکانت مەشارەوە و بەشێوەیەکی جوان باسیان بکە، بەتایبەتی بۆ ئەوانەی جێگەی متمانەتن. ئارامگرتن دەبێتە مایەی دڵخۆشی.

**گیسک**
دۆخەکە هەرچۆنێک بگۆڕێت دەتوانیت جێگەی خۆت بکەیتەوە و پارێزگاری لە پلە و پایەی خۆت بکەیت. پشوویەک بە مێشکت بدە و لەگەڵ کەسێکی دڵسۆز پلانەکانت ڕێکبخەرەوە. دردۆنگی فەرامۆش بکە.

**سەتڵ**
کاتێک خەمباردەبیت، دەستبەجێ لە ڕووخسارتدا ڕەنگدەداتەوە و چواردەورەکەت هەستت پێدەکەن. نزیکەکانت دەیانەوێ هاوکاریت بکەن، بەڵام دردۆنگیان لەگەڵ بکەیت ئەوانیش هاوکارییەکانیان ڕادەگرن.

**نەهەنگ**
هیچ کارێک هێندە ئاسان نییە وەک ئەوەی بیری لێدەکەیتەوە. هەروەها هیچ کارێکیش هێندە قورس نییە کە نەتوانیت بیکەیت. تا هەلت لەبەردەمە، جێبەجێیان بکە.

# ئەو پاسکیلەی یادەوەرییەکانی خۆی بۆ نەنووسرایەوە



کامەران سوبحان



## چیرۆکی سەد و یەک ڕۆژ لە یادەوەری

ئێوارەیەکی بیست و پێنجی نیسان کە بەهار خەریک بوو ماڵئاوایی دەکرد، جیاواز لە سەفەرەکانی دیکە، بە خۆی و جانتایەک خەونەوە، بە خۆی و جانتایەک دەستنووس و خولیای ڕەنگاوڕەنگەوە دەفڕی بۆ نیشتیمانی دووەمی. ئەم سەفەرەی ئەمجارەی بێ هیوا و دڵشکاوانە، خۆی و کۆمەڵێک شرووب و حەب و جانتایەک دڵەڕاوکێ، سلێمانی بەجێهێشت و.. ئیدی نەگەڕایەوە. ئەم دوا سەفەرەی سەد و یەک ڕۆژی پێچوو. سەفەرەکە لە چیرۆکێکی ئەفسانە کۆنە سۆمەرییەکان دەچێت. لە ئەفسانە سۆمەرییەکەدا هاتووە: "مرۆڤێکی گەڕیدە لە گەشتێکی (سەد و یەک ڕۆژ) یدا بە دوای نەمریدا دەگەڕێت، لەئەنجامی گەڕان و ماندووبوونێکی زۆردا، نەمریی بەدەست دێنێت، بەڵام بە ڕێکەوتێکی سەیر و لە تەمتومانێکدا، ئەو مرۆڤە گەڕیدەیەی کە نەمریی بەدەستهێنا، ون دەبێت و تا ئێستاش جگە لەم چیرۆکە کورتە لە ئەفسانە کۆنەکانی سۆمەریدا، هیچ شتێک لەسەر ئەو پیاوە ئەفسانەییە نەنووسراوە.

2013-4/25 بۆ 2013/8/4 (سەد و یەک ڕۆژ)ی تەواو، شێرکۆ بێکەسی شاعیر دوور بوو لە سلێمانی. دوورییەکی جیاواز، بەشێکی ئەو (سەد و یەک ڕۆژ)ە بەجەستەیەکی شەکەت و ماندوو، دوور لە شیعر. بەشێکی تریشی لە نەخۆشخانە و لە چاوەڕوانیی مەرگێکی دڵڕەق و بێ بەزەییدا بەسەر برد.

چەند ڕۆژێکی سەرەتای ئەو (سەد و یەک ڕۆژ)ەی سوید، خۆی و قەڵەمەکەی، لاپەڕە پەرشەکانی ئەو قەسیدە درێژەی دەنووسییەوە کە ماوەیەک بوو خەونی بە نووسینییەوە دەبینی.

هەڵۆی کوڕی، ئەو ڕۆژانە دەگێڕێتەوە و دەڵێت: "ڕۆژانە باسی سکێچی شیعرەکەی بۆ دەکردم. شێوازی دارشتن و ئەو پاڵەوانانەی لەنێو دەقەکەدا دێن و دەچن، هەندێ جار ئەوەی دەینووسی بۆی دەخوێندمەوە".

ئێستاش، هەڵۆ شێرکۆ بێکەس، چیرۆکی ئەو (سەد و یەک ڕۆژ)ەی کۆتایی تەمەنی ئەو شاعیرە، بە وردی دەنووسێتەوە. ئەوەی من لە نزیکەوە ئاگاداربم، چرکەساتی شاعیریی زۆر جوان و ئەفسوناویی ئەو ڕۆژانەی نووسیوەتەوە و لە ئایندەدا بە وێنەی سەرنجڕاکێشەوە بڵاوی دەکاتەوە.

ڕەئوف بێگەرد، هاوڕێ و دۆستی نزیکی شێرکۆ بێکەس، لەبارەی بیرۆکەی سەرەتایی (یادەوەریی پاسکیلێکی کەرکووکی ) دەڵێت: "کاک شێرکۆ، هەر چیرۆک و ڕووداوێکی سەرنجڕاکێشی دیبایە، یان بیبیستایە، لای دەمایەوەو پاشان لە شیعرەکانیدا ڕەنگی دەدایەوە، زۆر پێم دەگوت کە دەبوو تۆ چیرۆکنووس بیت، هەرواش بوو، چونکە گەلێک لە شیعرەکانی ڕەگەزی چیرۆکیان تێدایە، تەنانەت شیعرە هەرە کورتەکانیشی. دوای ماوەیەک ئاگاداری ئەوەی کردم کە دەیەوێت پاسکیلێک بێنێتە قسە، بە شاری کەرکووکدا بیگێڕێت و مێژووی کۆن و نوێی پێ بگێڕێتەوە، لە هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی ئەو شارەشدا دەتوانێت چەند کاراکتەرێک بەشداریی گێڕانەوەکە بکەن، وەک جەلیل قەیسی، محێدین زەنگەنە، سەرگۆن پۆڵس، شێخ ڕەزا، مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی، عەلی مەردان، سەید ئەحمەدی خانەقا و چەندانی دیکە. لە شوێنێکی شیعرەکەدا مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی و عەلی مەردان بەو شێوەیە چیرۆکەکە دەگێڕنەوە:

**کەرکووک و چێشتی مجێور لە یەک ئەچن**
**کەرکووک و پەلکە ڕەنگینە وەک یەکن..**
**لە "موسەڵڵا" بۆنی دار لیمۆ و تورکمان هەر یەک بۆنن**
**لە "ئازادی" دوو ئاوانی دەنگی مەردان و مێژووی**
**"مەلا جەمیل" تێکەڵ بەیەک ئەبن.**
**لەگەڕەکی "حەدیدییەکان" شیعر و چیرۆکی عەرەبی**
**لە مێشووی دار خورما ئەچن**
**لە ئێستادا، لە یەک کاتدا، ئەم کەرکووکە**
**چوار پێنج دەموچاوی هەیە**
**هەر ئەم شارە خۆی یەکێکە و بەڵام**
**چوار پێنج عاشق و دڵداری هەیە.**

.........

## لە داڤینچییەوە بۆ شێرکۆ بێکەس

بیرۆکەی (یادەوەریی پاسکیلێکی کەرکووکی) لە چیرۆکی هاتنی یەکەمین پاسکیلەوە بۆ شاری کەرکووک دەست پێدەکات، ئەو پاسکیلە دەبێتە هاوڕێ و دۆستی هەمیشەیی (شاتوو) یەک، ئەم دوو کارەکتەرە (پاسکیل و شاتوو) دەبنە گێڕەرەوەی مێژووی کورد لە 100 ساڵی رابردووی کەرکووکدا. بەڵام بەداخەوە لە گەیشتنی پاسکیلەکە بە کەرکووک، نووسەری چیرۆکی داستانەکە دەمرێت و دەقەکە بە کراوەیی جێدێڵێت.

دەقە شیعرییەکانی شێرکۆ بێکەس پڕن لە دیمەنی سینەمایی و شانۆیی، لە حەفتاکانەوە شێرکۆ بینەرێکی بەردەوامی نمایشە شانۆییەکان بووە، لەم ساڵانەی دواییدا زۆر جار دوای نمایشە شانۆییەکان گفتوگۆی لەگەڵ دەکردم لەسەر ڕەگەزە جیاوازەکانی نمایشە شانۆییەکان کە خۆی دەیبینین. بەهەمان شێوەش بۆ سینەما و فیلمە جیهانییەکان.

دەقە شیعرییەکانی 10 ساڵی کۆتایی ئەم شاعیرە کاریگەریی زۆری (سینەما و شانۆ) یان بەسەرەوە بوو، بەتایبەتیش (کورسی، ملوانکە، بۆننامە، گۆڕستانی چراکان، ئێستا کچێک نیشتمانمە). لە (یادەوەریی پاسکیلێکی کەرکووکی)دا، شاعیر لە خەیاڵ و فەنتازیاکانی لیۆناردۆ داڤینچی گەورە هونەرمەندی شێوەکار بۆ ئەندێشەکردنی داهێنراوێکی نوێ، ئەمیش بەهەمان شێوە ئەندێشەی داهێنراوێکی نوێ بکات:

**"داڤینشی" نەیتوانی بیرۆکەی**
**خەیاڵی باس نەکا و دایپۆشێ.**
**لە کۆڕ و کۆمەڵی سەر سەکۆی ڕۆژێکی خۆشدا بوو**
**ئەڵقەیەک هاوڕێی نزیک و ناسیاوی**
**شارەکە لە دەوری و**
**"داڤینشی" خەیاڵی**
**هێنایە بەردەمیان**
**پێی وتن: چی ئەوێ و چی ئەکا**
**ئەیەوێت ئەسپێکی دارینە لە تەختە دروست بکات**
**بۆ ئەوەی سواری بێ و بگەڕێ**
**پێیوتن: خەیاڵم پێشینەی هەر نییە و**
**بیرۆکەم نەبینراو و نەبیستراو و تازەیە**
**پێیوتن: ئەمەوێ مێژوویەک دروست بکەم**
**خەیاڵی تیا بکەم بەڕاستی.**

ئەم دێڕانە هێشتا یەکەم پاکنووسە، ئەمە لەکاتێکدا هەموو دەقێکی ئەم شاعیرە (دوای چەندین پاکنووس ئەوسا دەگاتە خوێنەر)، بەڵام (یادەوەریی پاسکیلێکی کەرکووکی) لە یەکەم پاکنووسدا خوێنەر خوێندییەوە.

دوای 300 ساڵ، ئەو وەختەی داڤینچی بوو بە کاسەسەرێک و مشتێ چڵوچێو، لە ساڵی 1791دا، ئەمجارەیان لە فەڕەنسا بیرۆکەی ئەسپەدارینە لای "کۆنت دی سیراک" سەری هەڵدایەوە، بەڵام هێشتا زۆری مابوو ببێ بە پاسکیل، لە نێوان ساڵانی 1839-1855دا ئەرنست میشۆی داهێنەر هەر لە فەڕەنسا هەمان بیرۆکەی باشتر بەرجەستە کرد و پاسکیلیش لە خەیاڵێکی ڕووتەوە بوو بە کردەوەیەکی زیندوو.

**ئەرنست میشۆ.**
**تۆ هەر نەخشە و گوفتار نەبووی**
**تۆ هەنگاوی ناو کردار بووی**
**تۆ باپیرە گەورەی ئێمەی.. ئێمەی پاسکیل**
**سوپاس بۆ تۆ**
**لە دنیادا شتێک نییە بێ دیرۆک و بێ ڕەچەڵەک**
**مرۆڤ، ئاژەڵ، ڕووەک، هەموو شتێ**
**ئەبێ ڕەگێکی هەر هەبێ**
**ڕەگی ئێمەیش دەمارێکی هەرە گەورەی**
**ئەچێتەوە لای دەستی تۆ**
**دیسانەوە.. ئێمەی پاسکیلیش**
**وەک ئێوە**
**وەکو مرۆڤ چەندین قەومین..**
**چەندین ڕەگەز:**
**سنجەر**
**هامبەر**
**لۆکس...هتد**

ئەو پاسکیلەی بەو مێژووە درێژەوە شێرکۆ بێکەس دەیهێنێتە ناو شیعرەوە، کە دێتە کوردستان، یەکەم دیالۆگی لە گەڕەکێکی کوردنشینەوە بەم شێوەیە دەست پێدەکات:

**هەموو جارێ کە تەنیا بم و هەر خۆم بم**
**ئەڵێم خوایە بۆچی نەتبردمە وڵاتێ**
**دوور لە شەڕ و شۆڕ و کوشتار!**
**بۆ بەر بڕۆکسل نەکەوتم؟!**
**یان ئەمستەردام**
**چ بەختێ بوو**
**منی فڕێدایە ئێرە؟**
**رابردوو ناگەڕێتەوە.. بەم جۆرە من**
**ئێرەم بەرکەوت**
**بۆیەکەمین جار لەگەڕەکی "شۆڕیجە" گیرسامەوە**
**لەناو کوردا، من دەست و پێم کرایەوە**

.......

## پێش خوێندنەوەی نیگەرانن

پاش نیوەڕۆی 2014/8/4 کاتێک شێرکۆ بێکەس لە نەخۆشخانەی (کارۆلینسک) لە ستۆکهۆڵم بە هێمنی چاوەکانی داخست، لەناو ئەو هەموو شیعرە کەڵەگەت و ناوازانەی نێو دونیا دەوڵەمەندەکەیدا، (یادەوەریی پاسکیلێکی کەرکووکی) بووە مایەی گفتوگۆ. ئەو خۆی پێشتر باسی کردبوو کە (یادەوەریی پاسکیلێکی کەرکووکی) دەبوو چامەیەکی درێژی لانیکەم 150 لاپەڕەیی بێت، بەڵام تەنیا چەند لاپەڕەیەکی کەمی لێ نووسی و کۆچی دوایی کرد.

لە ئەزموونی ئەدەبیاتی دونیادا نموونەی لەم چەشنە هەیە کە نووسەرانی ناودار و داهێنەر، پاش مردنیان دەقەکانی کۆتایی تەمەن و دەستنووسە بڵاونەکراوەکانیان لەلایەن خوێنەرانەوە دەبنە جێی بایەخ. کاتێک هارۆڵد پینتەری نووسەری بەناوبانگی ئینگلیزی و وەرگری خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبیاتی 2005 کە لە ساڵی 2008 کۆچی دوایی کرد، چەندین لاپەڕەی دەستنووسی بەجێهێشت، هەرچەندە زۆر خانەی چاپ داوایان کرد بڵاوی بکەنەوە، بەڵام هاوسەرەکەی بڕیاری دا وەک خۆی لە مۆزەخانەی ماڵەکەیدا ئەو لاپەڕە دەستنووس و کەرەستە تایبەتیانەی بپارێزرێت.

پێشتر شێرکۆ بێکەس لە چاوپێکەوتنێکیدا لەبارەی توانای ئەدەبیی هەڵۆی کوڕی گوتوویەتی: ( هەڵۆ توانایەکی باشی لە نووسینی شیعردا هەیە، بەڵام دەرفەتی کەمی هەیە و ئەوەندەی خەریکی ژیانی خۆیەتی، کەمتر لای لە شیعر کردووەتەوە، ئەگەر نا، توانای شیعریی هەیە و خوێنەرێکی باشی شیعر و ئەدەبیاتە.) لەم ڕوانگەیەوە هەڵۆ ئەو مافەی هەیە بەو شێوازە ئەو شیعرە تەواو نەکراوە چاپ بکات، بەبێ ئەوەی یەک پیت دەستکاریی دەقە شیعرییەکەی باوکی بکات.

## پاسکیلە کەرکووکییەکە لەکوێدا وەستا؟

(یادەوەریی پاسکیلێکی کەرکووکی) لە پێنج بەش پێکهاتووە، دوو بەشی یەکەمی دەقەکە، پاکنووسنەکراوی شیعری شێرکۆ بێکەس و سێ بەشی کۆتاییەکەی دەقی شیعریی هەڵۆ شێرکۆ بێکەسە. ئەو دوو بەشەی شێرکۆ بێکەس نووسیونی، کەمترن لە 10%ی شیعرەکەی کە پێشتر پلان و نەخشەی بۆ دانابوو بینووسێت. لە کۆتایی ئەو دەقە پاکنووسنەکراوەدا، شێرکۆ بێکەس نووسیویەتی، تەنیا گەڕانی پاسکیلەکەیە بەناو شار و گەڕەک و مێژووی کۆن و نوێی کەرکووکدا. دوا دێڕ و دوا وشەی شێرکۆ بێکەسی شاعیر، لەسەر زمانی شاتوو دەڵێت:

**من شاتوویەکی کەرکووکیم**
**بەچەند زمانێ ئەدوێم و**
**لەسەر دەریایەکی نەوت هەڵتۆقیوم**
**لە ئێستادا گەورە شارم**
**کۆنترین و قوڵترین و درێژترین**
**لە بنی مندا ڕەگی قەوم و مێژووی دوو ڕیشەیە**
**یەکەم: کوردە و دووەمیشیان تورکمانە**
**لەڕاستیدا بەر لە سەد ساڵ**
**عەرەب هەر لەم ناوە نەبوو**
**من لە بیرمە بۆ یەکەمجار**
**ئەم برایانە کە هاتن**
**بە خۆیان و مانگا و ڕەوە گامێش و**
**چەند ڕەشماڵێکەوە هاتن**
**ئەوان زیاتر میوانێکی بە پەلە بوون**
**کەچی دواتر، ئەم هاتنە بوو بە بەرنامە و پیلان**
**ئەوان بوونە خاوەن ماڵ و ئێمە میوان.**

لەگەڵ ئەوەی هەڵۆ (ئەو سەد و یەک ڕۆژ)ە، بەردەوام لەگەڵ باوکیدا بووە و گوێی لە چیرۆک و بەسەرهاتی ئەو پاسکیلە بووە، دەبوو دوای کەوتنی پاسکیلەکەی باوکی، پاسکیلەکە هەڵسێنێتەوە و سواری بێت و بەناو گەڕەکەکانی کەرکووکدا بگەڕێت و چیرۆکی خۆی و پاسکیلەکە بنووسێتەوە، نەک دابڕانێکی گەورە دروست بکات لە نێوان ئەزموونی خۆی و باوکی و شێوازی گێڕانەوەکەدا، ئەوە ڕاستە هەڵۆ نابێتە شێرکۆ لە شیعردا، بەس بەپێی زانینی چیرۆکی ئەو پاسکیلە و ئەو دێڕە کۆتاییانەی شیعرەکەی باوکی، دەبوو یەکەم وێستگە باسی (تەعریب) و هێنانی عەرەب بۆ ئەو شارە و دەرکردنی کوردی بکردایە، چونکە دێڕی کۆتایی شیعرەکەی باوکی لەو چیرۆکەدا وەستاوە، کەچی هەڵۆ بە زمانێکی شیعری، بەڵام جیاواز لە چیرۆکەکەی باوکی دەست پێدەکاتەوە و دەڵێت:

**بەدوای "ئاگر"ی ڕۆحا ئەڕۆم و**
**دەمێک ئەبم بە شیعری گەڕیدەی**
**"حسێن مەردان" و دەمێکی تر ئەبم**
**بە بای وەشتی هۆنراوە قرمزییەکانی "هرمزی"**
**وەلێ من و بای وەشتی خوێناوی**
**ئەبین بەو گۆرانییانەی تێکەڵی**
**قۆریاتی تورکومانی "ناو قەڵا" ئەبین و**
**هەردوو پێکەوە، لە گزنگی بەیانیدا**
**ئای ئای و خاوکەر و بەستەی میللی ئەڵێینەوە.**
**کەرکووک بۆخۆی ملوانکەیەکە و هەر**
**دەنکێکی لە ڕەنگێکە و وا لەملی نیشتیماندایە.**

وێنە شیعرییەکانی هەڵۆ، بە شەقام و کوچەیەکی تردا دەڕۆن، بە ئاوازێکی تر دەخوێنن و وێنەیەکی دیکە نیشانی خوێنەر دەدەن، ئەمەش پێچەوانەی هەموو ئەو هەرایانەی لەسەر ئەم شیعرە دروست بوو، کە هەندێ پێیان وابوو، هەڵۆ پاکنووسی ئەم شیعرە دەکات، بەڵام کاتێک ساڵی 2016 لە ناوەندی ئەندێشە دەقە شیعرییەکە بڵاوبووەوە، دەرکەوت هەڵۆ دەقەکەی باوکی وەک خۆی بەبێ دەسکاری و پاکنووس بڵاوکردووەتەوە.

لە هەندێ پەرەگرافی شیعریی سێ بەشە شیعرییەکەی هەڵۆدا، وێنەی جوان و پێکهاتەی ڕەگەزی شیعریی سەرنجڕاکێش هەن، بەڵام ڕەنگە هەڵۆ خۆی نەیویستبێت درێژە بەو دەقە واڵایەی (یادەوەریی پاسکیلێکی کەرکووکی) بدات. ئەگەرنا دەبوو بە هەناسەیەکی فراوانتر کاری تێدا بکردایە. دەبوو (یادەوەریی پاسکیلێکی کەرکووکی)ی لای هەڵۆ زۆر درێژتر و بەرفراوانتر بووایە. بە پێچەوانەوە ئەو نەک درێژە بەو شێواز و ستایلە شیعرییە نادات کە باوکی لە دێڕەکانی سەرەتادا کاری لەسەر کردووە، بەڵکو یەکەم کارکردنی تێکشکاندنی کات و شوێن و چیرۆکی دەقەکەیە و کات پەرت دەکات لە نێوان کەرکووکی سەدەیەک لەمەوبەر و سلێمانی و پارکی ئازادیی چرکەساتی لە ئامێزگرتنی تەرمی شێرکۆ بێکەسدا، بە جۆرێک خۆی وەک کارەکتەر و دواتر دایک و خوشکەکانی وەک گێڕەرەوە دێنە ناو دەقەکە و لەبری ئەوەی بەتەنیا پاسکیلەکە لە سەردەمێکی کۆنەوە بێت و لە کەرکووک یادەوەریی کۆن بگێڕێتەوە، کات کورت دەکاتەوە و لە چرکەساتی ناشتنی باوکیدا لە پارکی ئازادی، هەڵۆ چیرۆکی ساتی بێکەسی و بێ شێرکۆیی دەگێڕێتەوە:

**وەیلێ لە پارکی ئازادی**
**وەکو ئاخی تەوێڵی گۆیژەی بەرامبەری**
**ئەو دەمەی کسپە ئەیا لە ڕۆحی**
**وەیلێ لە ڕۆژە کوژراوەکانی مانگی ئاب**
**لە ڕەنگی کوژراوی چواری هەشت**
**کە هەرچی ڕەنگە ئاوارە ئەکات**
**وەیلێ لە دایک... وەیلێ لە خوشکەکانم**
**کە بۆنی تەنیایی لەگۆشەی**
**عومری پەرت پەرتبوونیاندا**
**وەک ئاوێنەی بەختیان**
**بێدەنگ، بێ دەنگە..**
**وەیلێ لە خۆم! ئاوابوونێ لە خۆم!**
**پەرتبوونێ لە خۆم!**
**خۆم لە شێر و شێر لە کۆ و**
**"کۆیش" لە هەناسەی ساردی شیعر و**
**هەناسەی سارد لە بێکەسی و**
**بێکەس لە کورد و**
**کوردیش لە تەنیایی**
**تەنیاییش لە خوا!**
**وەیلێ**
**وەیلێ**
**وەیلێ..**



# پەشێو کێی خۆشدەوێ؟

فرمێسک محەمەد ڕەحیمزادە

مۆتیڤێکی بەردەوامی نێو ئەدەبی کوردی، وێنەیەکی تێکەڵە لە سێ سیما: دڵدار، دایک، نیشتیمان. پێناسەی گشتیی مۆتیڤ لە پێناسەی ریتۆریکیدا بریتییە لەو توخمەی لەشێوەی جۆراوجۆردا لە بەرهەمی یەک کەس یان کۆمەڵێک بەرهەمی سەردەمێکی دیاریکراودا دووپات دەبێتەوە. مۆتیڤەکان هاوکاتی ئەوەی بەرهەمی بۆ یەکتر گۆڕانی هەندێ وێنەن، هاوکات شوێنی تەنگژەی نێوان وێنەکانیشن. واتە چەندە دەتوانن ئەم وێنانە پێکەوە کۆبکەنەوە، ئەوەندەش دەتوانن ناکۆکی و تەنگژە و بەریەککەوتنی ئەو وێنانە ئاشکرا بکەن. بەریەککەوتنی دوو ئەڤین ناوەڕۆکێکی ئەم مۆتیڤەی دایک، دڵدار، نیشتیمانە لە مێژووی ئەدەبی هاوچەرخی کوردیدا، لە گۆران و هێمنەوە تا شێرکۆ بێکەس و عەبدوڵڵا پەشێو و قوبادی جەلیزادە و هتد... بەریەککەوتنی ئەڤینی ژن و نیشتمان: لای گۆران دەبێ خۆشویستنی نیشتیمان پێش خۆشویستنی ژن بخرێت. لە دەقێکی گۆران- دا کە بە سروود گوتراوە، دەبینی قارەمانی گێڕانەوەکە دەڵێت: "بڵێ بەو بووکی تازەی یەک شەوەم گەر هاتە سەر نەعشم، نەڵێ خۆی بۆ وەتەن کوشت و لەڕێی عەشقی منا نەژیا.. وەزیفەم بوو لە پێناوی وڵاتێکا سەرم بەخشم، کە تۆی پەروەردە کرد بۆ من لە داوێنی چیا و کەژیا.

دوایین نموونەی دیاریش کە باسێکی زۆری لەسەرە، دەقە شیعرییەکەی عەبدوڵڵا پەشێوە: "هەم تۆم خۆش دەوێ هەم ئەویش". بۆ ئەم دەقە، لێکدانەوەیەکی زۆر سەتحی هەیە. کەسانێک دێن، ناشارەزایانە لە تەکنیکەکانی خوێندنەوەی دەقی ئەدەبی، ئەوانە دێن دەقەکە و مۆتیڤی ئافراندنی لە زەمینەی مێژوویی هاوێر دەکەن و بەشێوەیەکی سەتحی دەیکەن بە کێشەی نێوان دوو هەڵبژاردن. کەسێک (هونەرمەندێک، گۆرانیبێژێک، لاوێک...) کلیپێ دروست دەکات و هەر جارەی کوڕێک لەگەڵ یەک کچ لە ماشێنێکدا دەڕۆن و هیچی دیکە. لەم ڕوانینەدا بۆ دەقەکە هیچ شتێک لە مێژووی ئەدەب و تەنگژە بنچینەییەکانی دەق نابینرێت - ئەگەرچی بێ ئاگاییە، تەنیا پەیوەندیی بەم کلیپەوە نییە، بەڵکوو خزاوەتە ناو زمانی کاسبکارانی سوننەتیشەوە. ئەوانیش دەڵێن: چۆن دەبێ هاوکات دوو کەست خۆشبوێت و دیارە دوای ئەوە دەبێ پەندی ئەخلاقی دەست پێبکات. بەڵام خوێندنەوەیەک کە پشتی بە مێژووی ئەدەب و تەکنیکەکانی خوێندنەوەی دەقی ئەدەبی و مۆتیڤ و هێماکان بەستبێت، ناکەوێتە نێو ئەم سەتحییەتەوە و هەوڵ دەدات کۆدەکانی دەق بکاتەوە، تەنگژەکانی ئاشکرا بکات و لە ڕێگەی ئەم تەنگژانەوە بگات بە ناسینی سەردەمێک. لای ئەم ڕوانگە، دەقی ئەدەبی کۆی ناکۆکییەکانی سەردەمی خۆی هەڵدەگرێت و جۆرێکی تر نیشانیان دەداتەوە، نەک کاری ئاوێنە بکات، بەڵام وێنەی خۆی لە سەردەمێک دەکێشێتەوە، وێنەیەک کە چاوی مێژوونووس یان ڕووکەشبین نایبینێت. ئەمەشە گرنگیی ئەدەب ئاشکرا دەکات. وەک سەرەتا ئەوەی بتوانین لەسەر ئەم دەقەی پەشێو بیڵێین ئەوەیە، دەقەکە دەبێ لە ڕوانگەی مۆتیڤەکانیەوە بخوێنرێتەوە. لە دەقەکەدا باسی دوو ئەڤین هەیە کە شاعیر دەیەوێت وەفاداری هەردووکیان بێت و بۆ هەردووکیان بژیت، چونکە ئەو تەنیا ژیانێکی هەیە وەفادار بێت و هەردووکیان بژی، بەڵام تەنیا یەک ژیانی هەیە و مادام یەک ژیانی هەیە فریای یەکێک لەو ئەڤینانە دەکەوێت. ڕوانگەی مێژوویی ئەگەر مۆتیڤە سەرەکییەکە بناسێت، دەتوانێت بزانێت کە ئەم دوو ئەڤینە هەمان وێنەی سەرەکیی ئەم ئەدەبەن، واتە تەنگژە و هاوکات یەکێتیی نێوان ئەڤینی دڵدار و نیشتمان. ئەوەی ڕاستی بێت دەقەکەی پەشێو، بە پێچەوانەی دەقەکەی گۆران، باسی بەریەککەوتنی ئەڤینی دوو ژن یان ژنێک و نیشتیمان بە ڕوونی ناکات و کاری ئەدەبییش ئەوە نییە ڕوون وەک زمانی ڕۆژنامە بگێڕدرێتەوە، کاری ئەدەب لەگەڵ وێنە، مۆتیڤ، هێما، ریتم، خەیاڵسازی و .. هتددایە. دەقەکەی پەشێو هاوکات لێڵ دەمێنێتەوە، بەڵام هەر ئەم لێڵییەی دەقەکەی پەشێو خۆی دەکرێت تەفسیر بکرێت و کێشەیەکی سەرەکیتری تێدا بدۆزرێتەوە: لەم دەقەدا، بە پێچەوانەی گەلێ دەقی نەریتیی ئەدەبی کوردییەوە، کە تێیاندا ڕوون داوای ئەوە دەکرێت ئەڤینی نیشتیمان پێش ئەڤینی ژن بخرێت، نیشانەیەک لەوە نابینین کە شاعیر داوا بکات یەکێک لە ئەڤینەکان پێش بخرێت. واتە لەم دەقەدا ناتوانین بیسەلمێنین کام ئەڤین پێش دەخرێت و ئەمەش گرنگایەتیی ئەم دەقەیە کە ناهێڵێت ئەم دوو ئەڤینە، واتە ئەڤینی دڵدار و نیشتمان لێک جیا بکرێنەوە و بەرامبەر یەکتر دابنرێن، وەک لەلای گۆران یان جەلیزادە و هتد هەیە. ئەوەی ئەم نەسەلماوییەی دەقەکەی پەشێو نیشانی دەدات، تەعبیرە لە ململانێیەکی بنچینەیی کە کەوتووەتە نێوان ئەم دوو ئەڤینەوە و خۆی نیشانەی ئامادەیی جۆرێک جەبرە، جەبرێک کە وا دەکات مرۆڤ ناچار بێت لەنێوان ئەم دوو ئەڤینەدا یەکیان هەڵبژێرێت. واتە لێرەوە دەزانین دەقەکە بەرهەمی سەردەمێکە کە ئینسانەکان ناچار دەکات ئەم دوو ئەڤینە لە یەکتر جیا بکەنەوە و یەکیان بۆ ئەوەی دیکە واز لێ بهێنن، ئەمە ئەو ناکۆکییەی سەردەمە کە دەقەکە لە خۆیدا هەڵیگرتووە و هاوکات جۆرێک ملنەدانیش نیشان دەدات بەرامبەر ئەم جیاکارییە. توانای دەقەکەی پەشێو لێرەوە دێت کە دەتوانێت بەرامبەر ئەم جەبرە، ئەوەی کە مەجبوور بێت لەنێوان دوو ئەڤیندا یەکیان هەڵبژێریت، ڕازی نەبێت جیاکاریی بکات و پەیامێک بە ئێمە بدات کە خراپە ئەوکاتە دێت، ئێمە مەجبوور بین یان ڕازی بین ئەم دوو ئەڤینە لە یەکتر جیابکەینەوە. ئەگەر ڕاست بێت کە دەقی ئەدەبی لە دڵی خۆیاندا، بگرە بێ ئاگایی نووسەر خۆیشی، مژدەی دنیایەکی دیکە هەڵدەگرن، ئەوە دەقەکەی پەشێو لە لێڵییەکەی خۆیدا، وێنەی دنیایەکی دوور لە جەبر و زۆری هەڵگرتووە، دنیایەک ئینسانەکان مەجبوور نین لەنێوان ئەم یان ئەودا هەڵبژێرن، دنیایەک تێیدا ئەڤینەکان لە یەکتر جوێ ناکرێنەوە. پەشێو لەم دەقەدا ناپرسێت کە ئاخۆ دەبێ یەکێک لەم دووانە هەڵبژێرم، پێمان ناڵێت کە بۆچی ناتوانێت یەکێک لەم دووە هەڵبژێرێت. بەڵکو زیاد لەم پرسیارانە، ئەوەی دەقەکە دەیکات بە کێشە، ئەوەیە بۆچی مەجبوور بێت لێکیان داببڕێ؟ بۆچی مرۆڤ مەحکوم بێت بەوەی یەکێک لە دوو یان چەند دانەیەک هەڵبژێرێت، ئەویش لە کاتێکدا کە تەنیا یەک جار دەژی، ئەویش لە کاتێکدا کە تەنیا یەک ژیانی هەیە؟ لە ڕێگەی بڕیارنەناسی و بێ بڕیاریی دەقەکەی پەشێوەوە دەتوانین بگەین بە ڕەخنەیەکی قووڵتری دۆخەکە. دەقەکە پێمان نیشان دەدات کە لە سەردەمێکی ناخۆش و نائازاددا لەدایک بووە و ئەڤیندار بووە، دەقەکە هاوکاتی ئەمەشمان نیشان دەدات کە دۆخی ڕاستەقینەی خۆشەویستی ئەوە نییە مەجبوور بیت ئەڤینێک بدۆڕێنیت، بەڵکوو ئەو کاتەیە ناچاری هەڵبژاردن نەبیت، بەرامبەر بەم پۆتانسیەلەی دەقەکەی پەشێو بۆ خوێندنەوە هەیەتی، کێشەی ڕوانینی سەتحی و بەڵگە لەسەر سەتحییەتەکەی ئەوەیە بەبێ تێگەیشتن لەم کارەی مۆتیڤ، بێ تێگەیشتن لە زەمینەی مێژوویی دەق و ناسینی ئەو تەنگژە و بەریەککەوتنانەی لە دڵی دەقێکی مێژووییدا هەیە، دەستی بۆ دەبات و دەق دەکات بە بەرهەمێک کە بەتەواوی لێی نامۆیە، وەک دوایین کارێک لەسەر ئەم دەقەی پەشێو لە کلیپی ئاماژەبۆکراودا کرابوو. هیوام ئەوەیە هەر کێ دەست بۆ دەقێک دەبات بۆ ئەوەی بیگۆڕێت بۆ موزیک یان هەر بەرهەمێکی هونەریی دیکە، زەحمەتی ئەوە بە خۆی بدات دەقەکە دروست و وەک ئەدەب بخوێنێتەوە.

شیعرەکەی پەشێو

**که من تەنیا جارێك بژیم**

**هەم تۆم خۆش ئەوێ هەم ئەویش**

**نه تیشکی ڕۆژ ئەتۆرێنم**

**نه تریفەی مانگه شەویش**

**ئەگەر دووجار ژیابام خۆشەویستم**

**هەر تۆ دەبووی لەمەیانا**

**لەویتردا ئەوم دەکرد به تاقانه**


**بەڵام چی بکەم**

**که من تەنیا جارێك بژیم چارەم نییه**

**هەم تۆم خۆش ئەوێ هەم ئەویش**

**هەم تیشکی ڕۆژ دەپەرستم**

**هەم تریفەی مانگەشەویش**



# لەڕوانگەی(ئۆشۆ)وە



حەمەسەعید حەسەن

(7)

ئەوی تێکستێک لەبەر بکات، نازانێت ماناکەی لێک بداتەوە، کێشەکە ئەوە نییە کە لە دەقێک تێدەگەین یان نا، کارەسات ئەوەیە، کەس ددان بە نەزانینی خۆیدا نانێت، ئەمەیش سەختترین کۆسپی بەردەمی بەرەو پێشەوەچوونی مێژووە. وا هەڵسوکەوت دەکەین، وەک هەموو شتێک بزانین، ئەم لەخۆڕازیبوونە، بەبێ ئەوەی دەرکی پێ بکەین، ژیانمان دەشێوێنێت. یەکێک لە نیشانەکانی گەوجایەتی ئەوەیە، بەرلەوەی لە پرسیارەکە تێبگەین، وەڵامی بدەینەوە. هەمووومان وا هەست دەکەین لە کرۆکی ژیان تێگەیشتووین، بەبێ ئەوەی هیچ لەبارەی ژیانەوە بزانین، ئەگەر هەموو شتێک دەزانین، ئەدی ئەم هەموو کوێرەوەری و نائۆمێدی و نیگەرانییە لەکوێوە هاتوون؟

با هاوسەرگیریمان کردبێت و منداڵیشمان خستبێتەوە، هێشتا هیچ سەبارەت بە سێکس نازانین. با لە بواری سێکسدا ئەزموونیشمان هەبێت، هێشتا هەر ئەوەندەی لێ دەزانین کە ئاژەڵ لێی دەزانێت، ئاخر ئەوەندە بەس نییە، میکانیکییانە لەگەڵ تاکەکەماندا جووت ببین. دەشێت شوفێر هەزاران کیلۆمەتر، سەیارەی لێ خوڕی بێت، بەبێ ئەوەی هیچ لەبارەی مەکینەی ئۆتۆمۆبیلەوە بزانێت. هەموو کەس دەتوانێت، گڵۆپ دابگیرسێنێت و بیکوژێنێتەوە، بەبێ ئەوەی هیچ شارەزاییەکی لە کارەبادا هەبێت. هەر کەسێک بگریت، دەتوانێت هاوسەرگیری بکات و منداڵ بخاتەوە، بەڵام ئەوە بەو مانایە نایەت، شتێک لەبارەی سێکسەوە دەزانێت، ئاخر سێکس زانستییانە ناخوێندرێت و زۆرینە بڕوایان بەوە نییە، سێکسیش زانست و فەلسەفەی تایبەت بە خۆی هەیە.

ئەگەر لە داهاتوودا، سیستەمێکی بیرکردنەوەی زانستییانە سەبارەت بە سێکس هاتە گۆڕێ، ئیدی ئینسانی نوێی بەهێز لەدایک دەبێت، نەک زیندەوەری لەبەردەم سێکسدا لاواز، کە بە ناڕەوا بە ئینسانی دەزانین. کەسێک هێندەی داگیرساندن و کوژاندنەوەی گڵۆپی کارەبا لە سێکس بزانێت، با سەدساڵیش بژی و چەندان جار هاوسەرگیرییش بکات، دەمرێت و هیچ دەربارەی سێکس فێر نەبووە. هەرچەندە لە گەلەک ڕووەوە دونیا پێشکەوتنی گرنگی بە خۆیەوە دیتوە، بەڵام لە ڕووی سێکسەوە هێشتا دونیا گۆڕانی گەورەی بەسەردا نەهاتووە و تا لە بواری سێکسیشدا کە بوارێکی گرنگ، قووڵ، ئاڵۆز و تەمومژاوییە، دونیا هەنگاوی گورج و درێژ نەهاوێت، ئینسان بەردەوام وەک ڕۆتین سێکس دەکات، بەبێ ئەوەی هیچ لەبارەی کرۆکی سێکسەوە بزانێت.

ئەوە ئیشی من نییە، باسی شتێکت بۆ بکەم، تۆیش بیزانیت، لەوێوە دەست پێ دەکەم، تۆ نەتبیستووە. ئینسان زانیاری لەبارەی سێکسەوە نییە، بە دەگمەن کەسانێک هەن، شارەزای هونەر و فەلسەفە و ئاڵۆزییەکانی سێکس بن، ئاخر ئەوی شارەزای بێت، بە ئاسانی وەری دەگرێت و بە دەستییەوە دانامێنێت. ئەوانەی لە ساتەوەختێکی کورتدا کۆتایی بە پرۆسەی جووتبوون دەهێنن، دوای ماوەیەکی کەم حەزی لێ دەکەنەوە، بەڵام ئەوانەی وەختێکی زۆری بۆ تەرخان دەکەن، وا زوو تامەزرۆی نابنەوە. ئەو جووتبوونەی وەختێکی کەمی بۆ تەرخان دەکرێت، زیاتر لە هیی تەیر و ئاژەڵ دەچێت، وەک لە هیی ئیسنان. سێکس تا زیاتری پێ بچێت، خۆشیی زیاتر و ئاسوودەیی قووڵتری بە دوادا دێت.

بۆچی دوای تەمەنێک لە ئەزموونکردنی سێکس، هەر دڵمان بۆی لێ دەدات و لە لێواری قەبر نزیک دەبینەوە و هەر ئارەزووی دەکەین؟ چونکە هیچ لەبارەی هونەری سێکسەوە نازانین و قەت لەگەڵ زانایەکی ئەو بوارەدا قسەمان لەبارەیەوە نەکردووە. وەک چۆن لە کاتی یۆگادا سەرنج لەسەر نوختەیەک چڕ دەکەینەوە، دەبێت سەرەوەختی سێکس، بۆ ئەوەی درێژ بخایەنێت، هەموو سەرنجت لەسەر نوختەی نێوانی چاوانی ئەوی دی بێت، ئەوسا لە ئایندەیەکی نزیکتردا، ژیانی ڕەبەنی پەسەند دەکەیت. ئەگەر سێکس لەبری چرکەساتێک، سەعاتێکی پێ بچێت، زووتر دەتوانین خۆمانی لێ بدزینەوە. تا خێراتر هەناسە بدەین، ئیشەکە زووتر بە کۆتایی دەگات و تا خاوتر هەناسە بدەین، ماوەی جووتبوونەکە درێژتر دەبێتەوە و هەلی ئەوەمان زووتر بۆ دەڕەخسێت بە سامادهی بگەین.

لای بوودایی، سامادهی لووتکەی هۆشیارییە، بەهۆی ڕامانەوە پێی دەگات، ئیدی هاوزەمان هەم لە خودی خۆی نزیک دەبێتەوە، هەم دەبێت بە یەکێک لەگەڵ هەمووان و خۆی لەسەروو دەمەقاڵە و شەڕەوە ڕادەگرێت. سامادهی کۆتایی ڕێی موریدە، گەیشتنە بە کرۆکی شتەکان و دوای تەواوکردنی قۆناغەکانی یۆگا دەیگاتێ، ئیدی شەکەتیی نە لە هەستیدا دەمێنێت، نە لە جەستەیدا، ئیدی هەست بە دڵنیایی و ئاسوودەیی دەکات، چوارچێوەی (من) بەجێ دەهێڵێت و لە حەقیقەت نزیک دەبێتەوە. موریدی کە بە سامادهی گەییشت، ئیدی بە بێدارییش وەها پشوو دەدات، وەک خەوی لێ کەوتبێت، خەوێک بە تەواوی هۆشیارییەوە. سامادهی خۆشییەکی گەورەیە لە ئەنجامی یەکگرتنی عەقل و خودەوە پەیدا دەبێت و ئیدی ئینسان سێکسی بەلاوە گرنگ نابێت، ئاخر سێکس چێژێکی کاتەکییە، بەڵام ئەو خۆشی و بەختەوەرییەی سامادهی بەرهەمی دەهێنێت، درێژخایەنە.

ئەگەر ئینسان پێی وابێت، دەتوانێت هەر لە مێردمنداڵییەوە توخنی سێکس نەکەوێت، ئەزموونی نەکات و هەر بە ڕەبەنی بمێنێتەوە، ئەوا هیچ گومانی ناوێت، دووچاری شپرزەیی دەروون دەبێت و کەسایەتیی تێک دەشکێت. ئینسان توانای ئەوەی نییە ڕەبەنی بەسەر خۆیدا بسەپێنێت، ئاخر هەڵبژاردنی ژیانی ڕەبەنی، زادەی تاقیکردنەوەیەکی قووڵ و هێمنی ناوەکییە کە بەهۆی ئەزموونکردنی سێکسەوە پێی دەگەین. ئەگەر ئینسان بەدەم جووتبوونەوە، ئیلهامی ئەوەی بۆ هات، بە تەواوی دەست لە سێکس هەڵبگرێت، ئیدی بە یەکجاری لە زیندانی سێکس ڕزگاری دەبێت. لە سەرەوەختی سێکسکردندا، تا خاوتر هەناسە بدەین و چڕتر سەرنجی نوختەی نێوان هەردوو چاوی تاکەکەمان بدەین، جووتبوونێکی قووڵتر دەبێت و زووتریش لە سامادهی نزیک دەبینەوە.

(1) أوشو، من الجنس إلى أعلى مراحل الوعي، نقله إلى العربيه: أيمن أبو ترابي، دار الفرقد 2011 دمشق.

(2) أوشو، الحب و الحريه و الفردانيه، ترجمه: ميتم الضايع، دار الحوار 2013 اللاذقيه.



گۆران محەممەد
goran.mohammed@rudaw.net

# نەوتی دادە دزراوە

خەڵکی کوردستان بۆیان نییە گلەیی لە حیزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان بکەن. دەنگدەری ئازیز، بیرت دێت وەک مەیموون تا نێوقەدت لە جامی سەیارە هێنابووە دەرەوە؟ لەیادتە کە قوونت نووقاندبوو تا چاتر بقیڕێنی؟ دێتەوە زەینت وەک داهۆڵ خۆت لە ئاڵا و ماڵاوە پێچابوو؟ دە کەواتە بۆئەوەی نارەزایی لەوەی حوکمت دەکا نیشانبدەی، مەچۆ سەرشەقام، لە فەیسبووکیش شۆڕشی جنێو بەرپا مەکە، بڕۆ بەر ئاوێنە و هەرچیت بەدەمدا هات، رۆی بکە.

رۆژ نا رۆژێ، لیستێ بەناوی کۆمەڵێک خانەنشینی حەیدەری، کە هیچیان رۆژێک هینی شەریفیان لەسەر کورسیی وەزارەت دانەناوە، بڵاودەبێتەوە. تۆ لەوە گەڕێ حکومەت گەندەڵە، خۆ میللەتیش شەیدای هەڵپەڕینە لەسەر ئەو تەلە. قوربان گەندەڵی وەک خۆشەویستی وایە. ئەگەر دووتەرەفە نەبێ، ناچێتە سەر. جا ئەگەر وەزیرێ بە بەخشینی سەتان مووچەی بندیوار جارێک گەندەڵ بێ، ئەوە لەبەرامبەردا سەتان گەندەڵ هەس کە مووچەکەی جوان و زەریف لە قاسە بۆ دێتە دەر.

حکومەت ناو بە ناو، تاقمێ شتی عەنتیکە خانەنشین دەکات بە پلەی وەزیر. ئاخر دەمێکە تەواوی میللەتی خانەنشین کردووە بە پلەی فەقیر. تەمەنی حوکمڕانیی کوردی وا لە چارەکە سەدە تێدەپەڕێت، تاوەکو ئێستا دەستەواژەی مووچەخۆر بە لینگەوقووچی بەکاردێت. ئاخر ئەوەی ناو بە ناو مووچەیەک یان نیو مووچە وەردەگرێ، مووچەوەرگرە. ئەوە حکومەتە مووچەخۆرە. ئەها حکومەتیش وای لە مووچە کردووە، وەک مەملی مەمانی مەمۆ، ئی خۆیەتی و نایدا بە تۆ!

لە ژیانیدا فیشەکەشێتەشی لە شەوی بەراتدا نەتەقاندووە، کەچی خانەنشینی دەکەن بە پلەی بەرزی سەربازی. لێی بکۆڵیتەوە پیاویان نیوەی ژیانی سەرفکردووە بە مێبازی. ژنیشیان وەستا و مەعلانە لە فێڵبازی. کورد دەمێکە گوتویەتی: جا ئەم رازی، ئەو رازی، دارێ بە هینی قازی. تەبعەن قازییەکە لەم جوملە موفیدەدا میللەتە.

وەک بڵێی چارەکە سەدەیەکە بیرەکانی شەربەتی نادر رەوانەدەکەن بە بوتڵی بچووک. تازە بە تازە، شین و شەپۆڕێتی دادە هێرۆ بۆ نەوتی کەرکووک. خاتوونەکەم، ئەی بیست و پێنج ساڵە لەکوێی، ئاگات لێنەبوو ئەشرافی شار هەموو بوون بە بەربووک؟ ئاخر خەڵک دوو دەیە و نیوە داوای بەشی خۆی دەکا، تۆ کە ئێستا دەنگت دێ، دیارە تازە بڕیویانە بەشت، بۆیە زمانت گۆی دەکا. دەی ئیتر لەمەودا منداڵ فێرناکەین بڵێین دۆی دادە رژاوە، دەڵێین نەوتی دادە دزراوە. دادە، ئەم ئیشە بازرگانی مەعلانی گەرەکە. ئەی تۆ نابینی، هەر لە ماڵی ئێوەوە تا کەناراوەکانی لیبیا شەڕ و ئاشووب و نەهاتە. کەچی لەم ناوەدا یەک دانە ئاشتی هەیە کە هەمیشە بۆخۆی قەپاتە؟



عارف قوربانی
arifqurbany@yahoo.com

# نەوتی کەرکووک وەک باڕووت

ئێستا هەستیارترین بابەت کە خەریکە ماڵی کورد دەسووتێنێت، نەوتی کەرکووکە. ئەو سامانەی خێری بۆ زۆربەی وڵاتانی دونیا هەبووە تەنیا کورد نەبێت. زۆرجار سیاسییەکانمان وەک تەئکیدکردنەوەیەک بۆ رەتکردنەوەی ئەو قسەیەی دەڵێت کورد لەبەر نەوتەکە شەڕی وەرگرتنەوەی کەرکووک دەکات، زوو زوو ئەو قسەیە چەندبارە دەکەنەوە کە مەسەلەی کەرکووک لەلای ئێمە هیچ پەیوەندیی بە بوونی نەوتەوە نییە لەو شارە. بەڵکو ئەوەی بەلای کوردەوە گرنگە ناسنامەکەیەتی. بەڵام ئەمە راست نییە و ئەسڵی کێشەکە بوونی نەوتە و شەڕی کورد و عەرەبیش لەسەر نەوتی کەرکووکە.

هەر لە بنەڕەتیشەوە بوونی نەوت یەکێک لەو هۆکارانە بوو کە وایکرد کەرکووک لە چوارچێوەی ویلایەتی موسڵدا بخرێتە سەر عێراقی تازە دامەزراو. لەوکاتەشەوە بوونی نەوت هۆکاری سەرهەڵدانی کێشەی کەرکووک بووە لەنێوان کورد و دەسەڵاتە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق. ئەگەر بەخێرایی ئاوڕێک لەو مێژووە بدەینەوە تا دەگاتە ئێستاش، هەر بەهۆی بوونی نەوتەکەیەوەیە کە رێگەچارەکان دەگەنە بنبەست. لەسەرەتای لکاندنی ئەم بەشەی کوردستانەوە، هەوڵی کورد بۆ پێکەوەبەستنەوەی تەواوی کوردستان بە یەکەیەکی ئیدارییەوە دەستپێکردووە، بەڵام هەمیشە بەغدا ویستوویەتی کەرکووک بخاتە دەرەوەی سنووری جوگرافیای کوردستان و دەرەوەی کێشەی کورد. ئەوان لە هەموو گفتوگۆ و دانوستاندنەکاندا ئامادەیی جێبەجێکردنی هەموو خواستەکانی کوردیان هەبووە، تەنیا لەسەر کەرکووک بە ئەنجام نەگەیشتوون.

ئەنجامی شۆڕشی ئەیلوول لە رێککەوتنی یازدەی ئاداردا، گفتوگۆی نێوەڕاستی هەشتاکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بەعس، هەوڵەکانی بەرەی کوردستانی و سەدام، هەموویان لەسەر کەرکووک بە بنبەست گەیشتوون. تەنانەت لەدوای رووخانی سەدام لە گفتوگۆکانی نووسینەوەی دەستووریش هەر کەرکووک هۆکاری چارەسەرنەبوونی کێشەی کورد بوو لە عێراق. کە لە هیچ قۆناخێکدا هیچ دەسەڵاتدارێکی عەرەب ئامادەی دەستبەرداربوونی کەرکووک نەبوون، بەهۆی نەوتەکەیەوە بووە نەک خەڵکەکەی. ئەگینا چ جیاوازیەک هەبووە لەنێوان کەرکووک و سلێمانی یان هەولێر و بەغدا.

ئەمە بۆ کوردیش راستە. زۆر زیاتر لە پانتایی خاکی کەرکووک، خاکی کوردستان لە ناوچەکانی گەرمەسێر سیمای کوردستانی بوونیان لەدەستدا. کوا خەمی کورد بۆ ئەو خاکەی؟ زۆر زیاتر لە ژمارەی دانیشتووانی کەرکوک، کورد لە بەغدا لەنێو مەزهەب و نەتەوەی عەرەبدا خەریکە دەتوێنەوە. کەچی کورد بێ دەربەست بوون. ئەوەی لەسەر کەرکووک لە رابردوودا کردوومانە و ئێستا لەهەوڵداین و لە داهاتوودا ئەنجامیدەدەین، هەمووی پەیوەندیی بە نەوتەکەی کەرکووکەوە هەیە.

تەنانەت ئەو مەینەتییانەی بەسەر عێراق و کوردستانیشدا هاتوون، هۆکارەکەی دەستبەردارنەبوونی هیچکاممان بووە لە کەرکووک، کە ئەسڵی مەسەلەکەش دەستهەڵنەگرتن بووە لە نەوتی کەرکووک. ئەگەر بەغدا لە ساڵی 1970 لە رێککەوتننامەی ئازار، کەرکوکی بسەلماندایە لە چوارچێوەی ئۆتۆنۆمی بۆ کورد، دواتر پێویستی بەوە نەبوو لە رێککەوتننامەی جەزائیر بەشێک لە خاک و ئاوی عێراق بداتە ئێران تا پشت بکاتە شۆڕشی کوردستان. کاتێکیش لەو رێککەوتنە پەشیمان بووەوە، تووشی جەنگی هەشت ساڵەی لەگەڵ ئێران بوو. بەهۆی ئەو جەنگەوە کەوتە ژێرباری قەرزێکی زۆرەوە کە ویستی بە داگیرکردنی کوێت و کێڵگە نەوتییەکانی ئەو وڵاتە باری عێراق راستبکاتەوە. ئەنجامی ئەو داگیرکارییەش هاتنی هاوپەیمانان بوو بۆ ناوچەکە و جەنگە یەک لەدوای یەکەکانی کەنداو و تا رووخانی دەوڵەتی عێراق، هۆکارەکانی وەک ئەڵقەکانی یەک زنجیر پەیوەست بوون بە کێشەی کەرکووکەوە.

لە کوردستانیش ئەگەر لە رێککەوتنی 1970 چارەی کێشەی کەرکووک کرابووایە، پێویستی بە هەڵگیرسانەوەی شەڕ نەبوو، کە ئەنجامەکەی بە هەرەسی شۆڕشەکە کۆتاییهات. دواتریش لە نێوەڕاستی هەشتاکاندا ئەگەر ئەنجامی گفتوگۆکانی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و سەددام، بە چارەسەرکردنی کێشەی کەرکووک تەواوبووایە، شەڕ هەڵنەدەگیرسایەوە. کە ئەنجامەکەی بە ئەنفال و کیمیابارانکردنی هەڵەبجە کۆتاییهات. هەموو قوربانییەکانی کوردیش پەیوەست بووە بە دەستهەڵنەگرتن لە کەرکووک، کە ئەویش پەیوەست بووە بە بوونی نەوتەوە لەو شارە.

دەبێ شەرم نەکەین لە گوتنی ئەم راستییە. چونکە پرسی نەوت لە کێشەی کەرکووکدا بابەتێکی یەکلاکەرەوەیە. هەرکەسێک بتوانێ کۆنترۆڵی نەوتی کەرکووک بکات، کۆنترۆڵی کێشەی کەرکووکی کردووە. کاتێک بەغدا لە نەوت ساڵی رابردوودا دەستی لە کەرکوک هەڵنەگرتووە، بەهۆی نەوتەکەیەتی. هەرکاتێک کورد بتوانێت مەلەفی نەوتی کەرکووک لەدەستی بەغدا دەربهێنێت، کەواتە کەرکووکی لەدەستی بەغدا دەرهێناوە.

ئەوەی لەدوای هاتنی داعشەوە بۆ کورد دروست بوو، هەلی زێڕین بوو. ئەوەی کوردیش بە چەند قۆناخێک ئەنجامیدا، قۆستنەوەی دەرفەت بوو. کەرکووک تەنیا بە بوونی هێزی سەربازی لە بەغدا جیاناکرێتەوە. دەبێ لەپاڵ ئەوەدا هێزە ئیقتیسادییەکەی لەدەستی بەغدا دەربهێنیت. کورد ئێستا ئەمەیکردووە، ئەگەر بتوانێت بۆ دوای داعشیش ئەمە بکاتە ئەمری واقیع، ئەوکات ئەو بەشەی وەک پشکی بەغدا ماوەتەوە، هی ئەوە نیە بەغدا ئومێدی لەسەر بینا بکات. بۆیە بەیەکجاری دەستبەرداری کەرکووک دەبێت بۆ کوردستان. کە لە دوای رووخانی سەددام و ساتی نووسینەوەی دەستوور و تاوەکو ساڵانی دواتریش لەلایەن شیعەکانەوە جۆرێک چاوپۆشی لە هەژموونی کورد دەکرا لە کەرکوک، بەوهۆیەوە بوو کە دەیانگوت ئەگەر نەوتی کەرکووک بۆ شیعە نەبێت، بۆ کورد بێت باشترە لەوەی ببێتە سەرچاوەی هێزی سوننەکان.

ئەو ئەگەر و پێشهاتانەی داهاتووش رەنگە تا رادەیەکی زۆر یارمەتیدەربن بۆئەوەی شیعەی حوکمڕان لە عێراق نەرمیی زیاتر بنوێنن لەوەی کورد بەیەکجاری کەرکووک کۆنترۆڵ بکات. بۆیە ئەرکی کورد لە دۆخێکی وەک ئێستادا بەوردی خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنی ئەو رەوشە تازە و دەرفەتە گونجاوانەیە کە باشترین بژارە و گونجاوترین ئامراز هەڵبژێرێ بۆئەوەی بتوانێت کەرکووکی پێ وەرگرێتەوە.

بەڵام ئەو نەرمی نواندن و چاوپۆشیکردنەی بەغدا، نەک نەبووەتە مایەی ئەوەی کورد بە پلان و بەرنامە و بە دیدێکی ستراتیژیانەوە مامەڵە لەگەڵ کەرکووک و نەوتەکەی بکات، بەڵکو خەریکە وەک بەرمیلێکی باروت لەنێو هەردوو لەپی دەستی کورددا دەتەقێتەوە و هەڕەشە لە سووتاندنی ماڵی کورد دەکات. خەریکە ئاگری شەڕێکی مەترسیداری براکوژی لەنێوان یەکێتی و پارتی دروست دەکات. ئەمەش سەلمێنەری کۆمەڵێک راستیی زۆر تاڵە کە دەمانخاتە بەردەم سەرلەنوێ پێناسەکردنەوەی شۆڕش و پێشمەرگایەتی و ئەو ئیدیعایانەی لە رابردوودا بۆ کەرکووک کراون لەلایەن سەرکردەکانی پارتی و یەکێتییەوە.



بەرزان فەرەج
barzanfa@gmail.com

جیهانێکی دی

# رۆژئاوای بێ هاوپەیمان

گوڵەکانی شۆڕشی یاسەمین، خەونی نەوەکانی بە ژیانێکی دیکەوە، لە هەموو جیهانی عەرەبدا رەنگاوڕەنگ نەکرد . لەو شوێنانەدا کە بای شۆڕش بردنی، تێکەڵی باڕووت و گڕ بوون، دەرگای دۆزەخیان لەسەر جیهانێک کردەوە و بووە کێڵگەی جەنگێکی کراوە کە هەمووان تێیدا یەکدی دەکوژن بە نەتەوەو ئەتنی و ئایین و باوەڕ و مەزهەب و تیرەو خێڵەکانەوە، کێڵگەی جەنگێکی یەکلاکەرەوەی کێشەو ململانێ جێماوەکانی دوای جەنگی سارد لەنێو رکابەرە نێودەوڵەتییەکاندا.

لەگەڵ سەرهەڵدانی یەکەم خۆپیشاندانی بەهاری عەرەبی لە سووریا لە یەکەم مانگی بەهاردا لە مارتی 2011، کاتێک بەشار ئەسەد یەکەمین گوتاری تەلەفزیۆنیی دا، شۆڕشگێڕەکانی فەیسبووک و تویتەری خۆشنوود بە چارەنووسی بن عەلی و موبارەک و قەزافی، بەگاڵتەوە لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان نووسییان (تەنیا یەک دوو گوتاری دیکەی ماوەو ئیتر ئەویش دەڕوات). بەڵام پاش پێنج ساڵ لە ململانێی خوێناوی، سووریا وێران بووە و هێشتا ئەسەد لەجێی خۆی ماوە. زیاد لە 11 ملیۆن سووری رۆیشتن و پێنج ملیۆنیان سووریایان جێهێشتووە و ئەوانی دیش لە ناوخۆی سووریادا ئاوارە و بێلانە بوون، بەڵام ئەسەد نەڕۆیشتووە. زیاد لە 250 هەزار سووری کوژران و هێشتا ئەسەد زیندووە. ئەو پێشتر بەڵێنی بە هاوسەرەکەی دابوو کە چارەنووسی ئەو هەرگیز وەکو چارەنووسی سەدام و بن عەلی و موبارەک و قەزافی نابێت، دەشێت راستی کردبێت، بەهاری عەرەبی لە خاکێکدا روویدا کە دەشێت شوێنی شۆڕش و خەونی ئایندەیەکی جوانتر نەبێت، بەڵکو شوێنی جەنگێکی جیۆپۆلیتیکی و ململانێ نێودەوڵەتییەکانە کە دەشێت دواجار دوای ئەو هەموو کوشتارە، سەری ئەسەد و هاوسەرە نازدارەکەی گەورەبووی شاری لەندەن، بە سەلامەتی لەو جەنگە قوتار بکات.

ئەوەی پێنج ساڵە لە سووریا روودەدات، هەر لە سەرەتاوە لەنێو ئەو جەنگە خوێناوی و وێرانە و ئاسمانی هەمیشە دووکەڵاوی و باڕووتی چەکەکاندا، خەونی شۆڕش و بەهاری لاوانی خەونبینی بە جیهانێکی جوانترەوە، بزر و زیندەبەچاڵ کرد. ئەوان لە خاکێکدا خەونیان بینی کە مەیدانی جەنگێکی جیهانیی شاراوەی رانەگەیەنراوە، خاکێک کە تەنیا لەسەر تۆڕەکانی کۆمەڵایەتی شۆڕش و جەنگی تێدا ناکرێت، بەڵکو لەسەر زەمین رکابەری و ململانێی چەندین ساڵە هەیە و چەندین هێزی جیهانی و ئیقلیمی و ناوچەیی جەنگی راستەقینەی تێدا دەکەن و ئایندەی خۆیانی تێدا دەبیننەوە، بۆیە ئەوەی لە سووریا روویدا هەموو هاوکێشەکانی گۆڕی و شوێن و پێگەو بەرژەوەندی و ئارامیی هەموو ئەکتەرەکانی ئەو جەنگەی لەنێو خاکی وێرانکراوی خۆیدا پێکدادا. جەنگەکە لە سنووری خۆی پەڕییەوە و بووە جەنگێکی جیهانی ناو جیۆپۆلیتیکایەکی ئاڵۆز و هەڵگری کێشەیەکی سەد ساڵە. ئەوەی دواجار لەدوای ئەو جەنگە بە سەرکەوتوویی دێتە دەرێ، ئەوانەن کە لە دوای جەنگ لە دانوستاندن و دابەشکردنەوەکاندا شوێنێکیان دەبێت.

ئایا شوێنی کورد لەکوێدایە؟ دوای جەنگەکان شوێنێکی لەناو هۆڵی دانوستاندنەکان و دارشتنەوەی نەخشەکان بە تەنیشت سیاسییەکانەوە دەبێت کە لە دوای جەنگ دەچنە سەر مێزی گفتوگۆ، یان هەر تەنیا لە دەرەوەی هۆڵەکە و بە تەنیا لە سەنگەرە چۆڵکراوەکاندا بە جلی جەنگاوەرەوە دەمێنێتەوە؟ مەینەتیی کورد ئەوە بوو کە نە لە سیقەر و نە لە لۆزان لە ناوەوەی هۆڵەکانی گفتوگۆ شوێنێکی نەبوو، دوای سەد ساڵ هەمان مەینەتی لە چاوەڕوانی کوردی بێ هاوپەیماندایە لە هۆڵەکانی دانوستاندندا. جەنگ تاکتیکە بۆ ستراتیژێک کە هەڵگری ئامانجێکی سیاسییە، سەرکەوتن لە جەنگدا دانیشتنە لەسەر مێزی دانوستاندن بۆ داڕشتنەوەی نەخشەی دوای جەنگ کە ئێستا لە سووریا سەرەتاکەی دەرکەوتووە و هێشتا کورد بەشێکی تێدا نییە.

سەرەتای کۆتایی جەنگێکی درێژخایەن و دەستپێکی قۆناغێکی نوێ لە ناوچەکەدا دەرکەوتووە کە لە سەرهەڵدانی راپەڕینی سووریا و پێنج ساڵ جەنگەوە ئەکتەرەکانی ئەو گەمە خوێناوییە دوای پێکدادانیان لە سەنگەرەکاندا، بە ناچاری بە هاوپەیمان و دژ و رکابەر و بە دۆڕاو و براوەکانەوە لەسەر مێزی دانوستاندن بەرامبەر یەکدی دەکاتەوە. ئەفسوس پێدەچێت کوردی رۆژئاوا بە تەنیا هەر لەسەنگەرەکاندا بێ هاوپەیمان و بێ بەرامبەر، بێ ئەوەی کەس گوێی لێ بگرێت، جێبهێڵرێت و جارێکی دی لە دابەشکردنەوەکەدا بە دۆڕاوی بمێنێتەوە.

هەڵەکە لەکوێدایە؟ ئایا رۆژئاڤا خۆی نەیزانی کێ لەو جەنگەدا هاوپەیمان و کێ دوژمنیەتی؟

ستراتیژ و پرۆژەی هەموو لایەنەکانی ئەو جەنگە و گەمەکانی ناو ئەو جیۆپۆلیتیکایە ئاشکرا و دیارن، خەلافەتەکەی داعش دەپووکێتەوە و جارێکی دی دەچێتەوە ناو خەونێکی مێژوویی نەزۆک، بەڵام رێگە لەوە ناگرێت نەوە سوننییەکانی دوای داعش و بەپاڵپشتیی سعودیە و قەتەر ببنە ئەکتەرێکی سەر مێزی دانوستاندن. تورکیا بە ئاشکرا لە خەمی پاراستنی سنوورەکانی خۆیدا و رێگەگرتن لە ئۆتۆنۆمیەکەی ناوچەیەکی تری کوردستان بە تەنیشت سنوورەکانیەوە کە نەک هەر رۆژئاوا بەڵکو باکووری کوردستانیش و ئەو بەشەی کە تورکیا لە سەرەتای دروستبوونیەوە بەناوی کوردستان ناوی ناهێنێت، لە سنووری ئەو ئۆتۆنۆمیەدا دەبینێت، دواجار ناچار دەبێت لەبەرامبەر سەری پارێزراوی ئەسەددا لەسەر مێزی دانوستاندن دانیشێت. ئێران پاراستنی قەڵەمڕەوی خۆی و بوونی لە ناوچەکەدا لە رێگەی پاراستنی هاوپەیمانە عەلەویەکەیەوە زامن دەکات، عێراق ئومێدی گەڕانەوەی یەکپارچەیی بۆ دەوڵەتێکی لێکترازاو و لەرزۆکی ناوچەکەیە کە بووەتە لانکەی هەموو کێشەکان، هەرێمی کوردستان نەک پاراستنی هەرێمەکەی بەڵکو لە هەنگاوی بەدیهێنانی خەونی کردنی ئەو هەرێمەدایە بە دەوڵەت. رووسیا لە دوای جەنگی سارد و سەرهەڵدانەوەیەوە لەگەڵ کێشەی سووریادا، پاراستنی پێگەی ستراتیژی و بەرژەوەندییەکانی لە بەرامبەر لەشکرکێشیی ئەمەریکا و رۆژئاوا بۆ ناوچەکە بە سەرکەوتوویی و بە پاراستنی سەری ئەسەدەوە لەو گەمەیە دێتە دەرێ. دواجار دەشێت هەموو لایەنەکانی ئەو گەمەیە بە خواست و پرۆژەیەکەوە بەرامبەر یەکدی دانیشن و کارتەکانیان بخەنە سەر مێز، بەڵام لەم نێوەدا کەس نەیزانی ئەو ئۆتۆنۆمییە سنوور کراوەیەی نێوان تورکیا و سووریای کوردی رۆژئاوا و بە پیرۆزکردنی پەکەکە و پشتیوانی جارێک ئێران و جارێک ئەسەد و ئەو کانتۆنانەی ڕاگەیەنران و ناوی کوردستانیان لێ نەنرا، چ ستراتیژ و پرۆژەیەکی لەپشتەوە بوو، پەیەدە جەنگەکەی بۆ کێ کرد؟ یان روونتر جەنگەکەی بۆ کورد کرد یان بۆ ئەوانی دی؟ وەکو دیارترین و چالاکترین کاراکتەری جەنگەکان لە پشت غروری ئەو سەرکەوتنانەوە چ ستراتیژ و پرۆژەیەکی هەبوو بۆ پاراستنی ناوچەیەک کە خۆیان بە کوردستانی ناونانێن و پێناسەی "رۆژاڤا"یان پێ خۆشترە بۆ ئەو کانتۆنانەی کە ئاڵای کوردستانیان بەسەرەوە نییە؟ پرۆژەی پەیەدە چی بوو لە کاتێکدا ساڵح موسلیم پێیوایە ئیدی باوی دەوڵەتی نەتەوە نەماوە؟

ئێستاش دوای ئەو هەڵە ستراتیژییەی پەیەدە کردی بە تێکەڵکردنی مەسەلەی کوردی سووریا لەگەڵ هاوکێشەی پەکەکە لە تورکیا، ساڵح موسلیم کە ئێستا بەدەست سووریاوە دەناڵێنێت و تازە پێیوایە هاوپەیمانییەکی دوژمنانەی سێکوچکەی تورکیا- ئێران- سووریا دژی لەناوبردنی رۆژاڤا لەئارادایە، چاوەڕوانی چی دەکات لە کۆتایی گەمەکە؟ ئەو کە لە پەرلەمانی ئەورووپاوە گوتی بەڵگەمان هەیە لەسەر پەیوەندیی تورکیا و داعش و هەرچی دەیەوێت با بێتە لای ئێمە، ئاسانتر نەبوو هەر لەو پەرلەمانی ئەورووپایەوە کە تورکیا دەیەوێت ببێتە ئەندامی، بەڵگەکانی بڵاو بکردایەتەوە کاتێک دەزانێت شوێنێکی نابێت لە هۆڵی دانوستاندنەکانی دوای جەنگدا؟ دوای ئەوەی تازە مەسەلەی رۆژاڤا بووەتە بەشێکی دانەبڕاو لە مەسەلەی پەکەکە و گرێدراوەتەوە بە چارەنووسییەوە لە تورکیا، لە هاوکێشە جیۆپۆلیتیکیەکەی دوای جەنگدا تا دێت دەرگای بەدەستهێنانی مافێک بۆ ئەو بەشەی کوردستان بە داخراوی دەهێڵێتەوە، ئەگەر تورکیا و ئێران و سووریا کێشەی کوردستانی سووریا وەکو بەشێک لە کێشەی پەکەکە سەیر بکەن، لە کۆتایی گەمەکەدا و لە پاداشتی دواجار پاراستی سەری ئەسەد و ئاشتبوونەوەی هەموو رکابەرەکاندا، دوور نییە ساڵح موسلیم هەمان چارەنووسی ئۆجەلانی هەبێت. ئەمە دەشێت سیناریۆی گەمەیەکی پیس و پڕ خیانەتی مێژوویی بێت کە کورد خۆی تێیناگات، بەڵام هەمیشە دەبێتە بەشێک لە داڕێژەری ئەو خیانەتانە.



هیوا حاجی

# چارەنووسی حکومەتی هەرێمی کوردستان

## هەڕەشەی کشانەوە

بەهۆی قەیرانی سیاسی لە هەرێمی کوردستان و ئیزندانەوەی وەزیرەکانی بزووتنەوەی گۆڕان، بەکردەوە پایەکانی حکومەتی بنکەفراوان لاواز بوون. پێشتریش وەزیری کارەبای سەر بە یەکگرتووی ئیسلامی دەستی لەکارکێشابووەوە. لەم مانگەشدا، یەکگرتووی ئیسلامی یادداشتێکی داوەتە حکومەت و هەڕەشەی کشانەوە لە حکومەت دەکات، ئەگەر وەڵامێکی ئەرێنیان لەبارەی یادداشتەکەوە دەستنەکەوێ. جاروباریش راپۆرتە رۆژنامەڤانییەکان باسی ئەگەری کشانەوەی بەکۆمەڵی چوار لایەنەکە (واتە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بزوتنەوەی گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامی و یەکگرتووی ئیسلامی) لە حکومەت دەکەن. ئەم جووڵە سیاسییە بەئاراستەی کشانەوە لە حکومەت دەگوترێ بەهۆی چەقبەستنی پرۆسەی سیاسیی هەرێمی کوردستان و ناکارایی حکومەتە لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئاکامەکانی قەیرانی دارایی بۆ خەڵکی کوردستان (بەتایبەتیش توێژی مووچەخۆران).

هۆکارەکان هەرچییەک بن، ناکرێ ئەو راستییە فەرامۆش بکرێ کە هیچ حکومەتێک ناتوانێ بە یەکگرتوویی بمێنێتەوە و ناشتوانێ بە ئەرکەکانی حکومەتداری خۆی هەڵبستێ ئەگەر لایەنە پێکهێنەرەکانی جیاوازیی سیاسیی قووڵیان لەسەر شێوازی بەڕێوەبردنی وڵات هەبێت. پێکهێنەرەکانی ئێستای حکومەتی هەرێمی کوردستانیش لەسەر هیچ بابەتێکی گرنگ، وەک یەک یان تەنانەت نزیک لە یەکیش بیرناکەنەوە. لەبارەی چارەسەری کێشە سیاسییەکانی وەک سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانەوە زۆر لێک دوورن، سەبارەت بە پەیوەندی لەگەڵ بەغدا، تورکیا و ئێران هاوڕانین، تێگەیشتنی دژبەیەکیان هەیە لەبارەی هۆکارەکانی قەیرانی دارایی و شێوازی چارەسەرکردنی. لەڕاستیدا حیزبەکانی نێو حکومەت نەک هەر تەبا نین، بەڵکو لە سەنگەریشدان بەرامبەر یەکدی بۆ تۆمەتبارکردنی یەکدی لەئاست هەلومەرجی کارەساتاویی ئێستای کوردستان. بۆیە ئەگەر بە هەر هۆکارێک حکومەتی هەرێمی کوردستان لە هەولێر لەڕووی شکڵییەوە بە یەکگرتوویی بمێنێتەوە، زۆر ئەستەمە ئەم حکومەتە بەو هەموو جیاوازی و پەرتبوونە نێوخۆییانەیەوە بۆ ماوەیەکی درێژ بتوانێ بەردەوام بێت. ئەگەر رەوشەکە وەک ئێستا بمێنێتەوە، سەختترین سیناریۆ بریتییە لە هەڵوەشانەوەی حکومەت بەبێ ئەوەی بتوانرێ لەجێگەیدا حکومەتێکی شەرعی نوێ بنیات بنرێ و ساناترین سیناریۆش بریتییە لە بەردەوام بوونی حکومەتەکە بەم شێوەیەی ئێستای و بە ئەگەری خراپتربوونی تێکڕای رەوشی سیاسی و ئابوری هەرێمی کوردستان.

## کێ حکومەت جێدەهێڵێ وکێ دەمێنێتەوە؟

ئەگەر جێهێشتنێکیش روبدات، رەنگە لەبەر کۆمەڵێک هۆکار جێهێشتنەکە نەگاتە ئاستی هەڵوەشانەوەی تەواوی حکومەتی هەرێمی کوردستان. لەبەرئەوەی، یەکەم: ئەوەی تێبینی دەکرێ چوار لایەنە سیاسیەکە دەیانەوێ جۆرێک لە هەماهەنگی هەبێ لەنێوانیاندا. کێشەکە ئەوەیە کە هەریەک لەو لایەنانە هەلومەرجی تایبەت بە خۆی هەیە و زەحمەتە لەسەر مەسەلەیەکی وا گرنگ وەک یەک بیربکەنەوە. بۆیە ئەگەر بۆنموونە یەکگرتووی ئیسلامی و تەنانەت کۆمەڵی ئیسلامیش لە حکومەت بکشێنەوە، رەنگە بڕیارێکی لەو چەشنە بۆ یەکێتی ئاسان نەبێت. لەڕووی سیاسی و یاساییشەوە، رەنگە کشانەوەی یەکگرتوو و کۆمەڵ بەبێ یەکێتی و گۆڕان نەبێتە گورزێکی کوشندە بۆ حکومەت. دووەم: بۆ گۆڕانیش، بەهۆی رێککەوتنی سیاسی لەگەڵ یەکێتی، رەنگە ئەستەم بێ بەبێ هەماهەنگی لەگەڵ یەکێتی بڕیاری کشانەوە لە حکومەت بدات. هەرچەندە ئەگەر بەکردەوە گۆڕان لە دەرەوەی حکومەتیش بێت. سێیەم، چوونە دەرەوەی یەکێتی لە حکومەتدا لە هی هەموو حیزبەکانی دیکە زەحمەتترە، چونکە چوونەدەرەوەی یەکێتی هاوتایە لەگەڵ بەڕەسمی ناساندنی دوو ئیدارەیی هەرێمی کوردستان و دوورکەوتنەوەی زیاتری یەکێتی لە پارێزگاکانی هەولێر و دهۆک. نابێ ئەوەشمان لەبیربچێت کە دووئیدارەیی ئێستا جیاوازیی هەیە لە دوو ئیدارەیی نەوەتەکان و سەرەتاکانی دوو هەزار. ئێستا مەسەلەی هەناردەکردنی نەوت لەئارادایە و زەحمەتە بتوانرێ نەوتی گەرمیان و سلێمانی بە قەبارەیەکی گەورە و لە ئایندەیەکی نزیکدا بفرۆشرێت، ئەگەر نێوانی پارتی و یەکێتی باش نەبێت. لەوەشگەڕێ کە هاوشێوەی پارتی، یەکێتی هێزی سەربازیی هەیە و دوورکەوتنەوە و ناکۆکیی یەکێتی لەگەڵ پارتی هەمیشە ئەگەری پێکدادان و خوێنڕشتنی هەیە. لەوەوە رەنگە لایەنە رۆژئاواییەکانیش، بەتایبەتی لە هەناوی شەڕی داعشدا، هەندێک زیاتر بە پەرۆشی پەیوەندیی نێوان یەکێتی و پارتی بن و رێگەنەدەن دووریی پارتی و یەکێتی بگاتە ئاستی پچڕانی تەواو و ململانێی چەکداری. قسەکەی برێت مەکگۆرک-یش کە گوتبوی "هانی پارتی و یەکێتیمانداوە بە یەکگرتوویی بمێننەوە"، نیشانەیەکی ئەو تێڕوانینەیە کە بۆ پێکەوەهێشتنەوەی پارتی و یەکێتی لەگەڵ یەکتر لەلایەن ئەمریکاوە پەیڕەو دەکرێت. بۆیە ئەگەری دەرچوونی یەکێتی لە حکومەت و بەتایبەتی بۆ ئێستا، رەنگە لە ئەگەرە زۆر دوورەکان بێت.

## هەڕەشەی میللەت

حکومەتی هەرێمی کوردستان لە هەموو کاتێک زیاتر لەژێر هەڕەشەی ناڕەزایی میللەتدایە. رێژەی بێکاری و هەژاری، بەپێی راپۆرتە باوەڕپێکراوە نێودەوڵەتییەکان لە بەرزبوونەوەیەکی مەترسیداردایە. حکومەتی هەرێمی کوردستان ناتوانێ تەنانەت چارەکێک لە مووچەی فەرمانبەرانی خۆی بەشێوەیەکی رێکوپێک دابین بکات. هیچ سیاسەتێکی گونجاو بۆ چاکسازیی ئابووری و دارایی لەگۆڕێ نییە. بەشێوەیەکی سەرسوورهێنەر، لەکاتێکدا خەڵک بە خراپترین دۆخی ئابووری لەماوەی پانزە ساڵی رابردوودا گوزەر دەکەن، رسومات و کرێی سەر مامەڵەکانی خانوو و ئۆتۆمبێل و خزمەتگوزارییەکانی وەک کارەبا و ئاو بەرزکراونەتەوە. هەلومەرجێکی لەو چەشنە، دانیشتووانی هەرێمی کوردستانی خستووەتە دۆخێکی یەکجار دژوارەوە. بەکورتی خەڵک زۆر ناڕازی و تووڕەیە. لە هەمووی مەترسیدار ئەوەیە کە خەڵک بێئومێدە لە نوخبەی سیاسیی فەرمانڕەوا لە کوردستان.

دەسەڵاتی سیاسیی هەرێمی کوردستان دوو رێگەی لەبەردەمدایە و پێویستە یەکێکیان هەڵبژێرێ. رێگەی یەکەم، گەڕانەوە بۆ تەوافوقی سیاسی و ئاشتکردنەوەی لایەنە سیاسییەکانی نێو حکومەت و هەنگاونانی خێرایە بۆ باشکردنی رەوشی بژێویی خەڵک. رێگەی دووەمیش رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ میللەتە، ئەویش یان بەوەی کە دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی ئاشتییانە تەسلیمی ئیرادەی خەڵکی نارازی بێت، جا بە هەرچییەک بێت یانیش بەگژ خەڵکی ناڕازیدا بچێتەوە و بە زەبری هێز سەرکوتیان بکات.

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی رووداو نین.



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

# با نێچیرڤان بارزانی ئاشکرای بکات

## 1

حکومەتی هەرێمی کوردستان یان بە واتایەکی دیکە ئیدارەی پارتی دیموکراتی کوردستان (چونکە حیزبەکانی دیکەی بەشدار هیچ جیاوازییەکیان لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆندا نییە)، سەبارەت بە پرسی نەوت و مووچەی خەڵک لەژێر گوشارێکی قورسی سلێمانیدایە. هەربۆیە پارتی، داوای لە حیزبە ئۆپۆزیسیۆنەکانی کوردستان (واتە چوار حیزبەکە و ئەوانی دیکەش) کردووە، لە دانیشتنێکدا لەوبارەیەوە زانیارییان پێبدات.

پارتی و یەکێتی لانیکەم تا سەرەتای 2014، لە هەموو بودجە و داهاتی ئەم وڵاتەدا شەریک و برابەش بوونە و هێندەی یەکدی بەرپرسیارن لە هەرچییەک کە ڕوویدابێت. ئەمڕۆ نامەنووسین بۆ ئەم و ئەو و خەڵک ورووژاندن کەس لەژێر باری ئەو بەرپرسیارێتی و تۆمەتانە ڕزگارناکات. شیرینیی گرێبەستەکانی نەوت، کە تاوەکو نیوەڕاستی 2011، خۆی لە نزیکەی 4 تا 5 ملیار دۆلار دابوو و لە بانکێکی نێودەوڵەتیدا بوو، بەشێوەی فیفتی فیفتی لەنێوان پارتی و ماڵباتی تاڵەبانیدا دابەشکرا (چونکە بەرپرسانی یەکێتی ئاگادار نەبوون، هەربۆیەش دوای نەخۆشکەوتنی مام جەلال، داوای ئەو پارەیەیان دەکردەوە). ئینجا لە پاسەوانیی بۆرییەکانی نەوت و غازەوە بیگرە تا دەگاتە گواستنەوەی پاشماوەی پاڵاوگەکان، هەمووی بەشێوەی ڕێککەوتنی دووقۆڵی بۆ کەس و کاربەدەستانی یەکێتی (بەتایبەتیش باڵی دەستڕۆیشتوو) و پارتی بووە.

لە سەرەتای ساڵی 2014دا نێچیرڤان بارزانی، بە ئاگاداری و تەنانەت بەشداریی باڵی دەستڕۆیشتووی یەکێتی، ڕێککەوتنێکی ستراتیژیی 50 ساڵەی لەگەڵ تورکیا ئیمزاکرد، بەڵام ئەوکات باڵی دەستڕۆیشتوو، کە پێویستیان بە مەشروعیەت و پشتیوانیی پارتی هەبوو و لەو وەزعەشدا سوودمەند بوون، هیچ ناڕەزایەتییەکیان پیشاننەدا.

کاتێک دەست بە هەناردەکردنی نەوتی کەرکووک کرا لەڕێگەی بۆڕیی نەوتی کوردستانەوە (لە کێڵگەی بای حەسەن و ئاڤانا)، چونکە باڵی دەستڕۆیشتوو پشکی خۆی لە سێ کێڵگەکەی دیکەوە بە بیانووی پاڵاوتن لە سلێمانی، ڕەوانەی ئێران دەکرد، کەس لە خەمی موستەهەقاتی خەڵکی کەرکوک نەبوو. نێچیرڤان بارزانی لە هەموو نەوتی کەرکوک 75 هەزار بەرمیلی بۆ حکومەتی بەغدا هێشتۆتەوە، کەچی نوێنەرانی ئەو باڵە لە بەغدا تەلەڤزیۆن بە تەلەڤزیۆن دەگەڕێن بۆئەوەی بڵێن ڕێککەوتنی وا لەگەڵ بەغدا نەکراوە و داوای ڕوونکردنەوە و هەڕەشە لە عەبادی دەکەن کە چۆن ڕێککەوتنی وایکردووە! بۆیە گرنگە لەو دانیشتنەدا، سەرۆکی حکومەت لەجیاتی ژمارەی بەرمیل و نرخی نەوت، ئەو ڕاستییانە ئاشکرا بکات کە کێ تاوەکو ئێستا چەندی دەستکەوتووە.

# پارووەکە گەورە بوو

## 2

لەدوای نزیککەوتنەوەی گۆڕان و یەکێتی و دواتریش ڕێککەوتنی ستراتیژیی نێوانیان، هەوڵێکی بەرفروان هەیە کە سلێمانی دوای پێکەوەلکاندنی کەرکوک، ببێتە هەرێمێک. لەسەرەتای ئەو هەوڵەدا، لەنێو خودی یەکێتی بە هەردوولا ڕاگەیەندرا (واتە بە باڵی پاوانخواز و گۆڕان) کە ئەگەر بەتەمای ئەوەبن سلێمانی جیابکەنەوە، ئەوە نەوت و ناوچەکانی گەرمیان و تەقتەقی تێدا نابێت. ئەو هۆشدارییە، ستۆپێکی بچووکی بە پرۆژەکە کرد و حیسابات و کیتاباتی ئیدارەدانی هەرێمی سلێمانی سەرینەگرت. چونکە پارتی بە هێنانەکایەی مەسەلەی بەهەرێمکردنی کەرکووک لەلایەن پارێزگارەوە، ڕیسەکەی لێ کردنەوە خوری و پارێزگاریش کە ڕۆژانێک سەروەسیەت و دەمڕاستی باڵی دەستڕۆیشتوو بوو، بۆ پێگەی خۆی بەتەواوەتی لە بەرەی پارتیدایە و هەر ئەوەندە ماوە پارتیبوونی خۆی ڕابگەیەنێ.

پارتی باش لەوە تێگەیشتووە کە پرۆژەی هەرێمی سلێمانی، بەبێ لکاندنی کەرکوک پێیەوە سەرناگرێت. بۆیە قەڵاکەی لە ناوەوە داگیرکردووە. هەربۆیەشە ڕەنگبێ دوای شکستی هەوڵەکان و لەترسی مامەڵەی پارتی لەگەڵ ناوەندی بڕیاردا، بۆ ڕێککەوتنێکی تازە لە دەرگای پارتی بدەنەوە. یان ئەوەتا بە کشانەوە لە حکومەت بچنە ژێر باری بەرپرسیارێتیی ئیدارەدانی هەرێمەکەیان. لە هەردوو حاڵەتدا، پارتی چیدیکە ناتوانێ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، وەک گشتێک و یەک سەرچاوەی بڕیار ببینێت (ئەو سەرچاوەی بڕیارەش ماڵباتی برایم ئەحمەد و تاڵەبانی بن). هەروەک چۆن ئەمریکییەکانیش نەیانتوانی ئەوە ببینن و دانیشتنیان تەنانەت لەگەڵ تەرەفی هاوبەشی هەردوولاش (ناوەندی بڕیار و باڵی پاوانخواز) ڕەتکردەوە و هیوای کۆتاییپێهێنانی کێشە ناوخۆییەکانیان بۆ خواستن!

کارتی نەوتی کەرکووک و ئایندەی کەرکوک ئیتر لەژێر دەستی باڵی پاوانخوازی یەکێتیدا نەماوە و هەموو مانۆڕەکانیشیان بۆ شکستپێهێنان و گۆڕینی واقیعی ئێستا هیچی لێ ناکەوێتەوە. هەر هەنگاوێکیش بەو ئاراستەیەدا گەمەکردن دەبێت بە ئاگر. چونکە ئەمریکا قەت قبوڵ ناکات کە نە کەرکووک و نە نەوتەکەی بکەوێتە خزمەتی ئەجێندای ئێرانەوە.

# ناوەندی بڕیار بە دەردی گۆڕان نەچێ

## 3

لێکچوونێکی ئەوتۆ لەنێوان جیابوونەوەی گۆڕان و دروستکردنی ناوەندی بڕیاری ناو یەکێتیدا نییە، بەڵام گرنگە پارتی لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو دۆخە تازەیەدا، ئەزموونی مامەڵە لەگەڵ گۆڕان دووبارە نەکاتەوە. ئەگەرچی ناوەندی بڕیار لە یەکێتی جودانەبۆتەوە، بەڵام ئەوە دوایین وێستگەی پێش جودابوونەوەیە. ناوەندی بڕیار دوای کۆبوونەوە لەگەڵ کادر و هەڵسوڕاوانیان، دەستیان بە زنجیرەیەک دیدار لەگەڵ حیزبەکان کردووە، بە کۆمەڵی ئیسلامی دەستیانپێکردووە و لەگەڵ پارتیش دادەنیشن. بۆ چارەسەری قەیرانیش پرۆژەیان پێیە. هەوڵی باڵی دەستڕۆیشتوو ئەوەیە کە وێنەیەکی وا نیشانی خەڵکی خۆیان بدەن، کە ناوەندی بڕیار بووەتە پاشکۆی پارتی. لەکاتێکدا خۆیان خەریکی هەوڵی ڕێککەوتنی ژێربەژێرن لەگەڵ پارتیدا. بۆیە پارتی چیدیکە نابێ لەسەر هەڵەکانی خۆی لە مامەڵەکردن لەگەڵ بەرامبەرەکانیدا بەردەوام بێت و پێویستە تائێستا بۆی دەرکەوتبێت کە کێ دۆستیەتی.

ئینجا نابێ پارتی چاوەڕێی ئەوە بێت کە وەکچۆن باڵی دەستڕۆیشتوو پاشکۆیەتییان قبوڵکردبوو، ئەوانیش بە هەمان پێوەر مامەڵەی لەگەڵدا بکەن.



هێمن عەبدوڵڵا
hemen@rudaw.net

# حکومەتی ئەپدەیتکراو

ئەو نامەیەی ئەنجوومەنی وەزیران لەڕێگەی میدیاکانەوە بۆ حیزبە بەشدارەکانی حکومەت ناردی، بە دیوێکیدا بەرەڕاکێشانە لەژێر پێی ئەوانەی بەشدارن لە حکومەتدا و ئۆپۆزیسیۆنیشن، بە دیوەکەی دیکەشیدا دەریدەخات کاتی هاتووە نێچیرڤان بارزانی حکومەتەکەی ئەپدەیت بکاتەوە.

هەرچەندە من لە یەکەم ڕۆژەوە بڕوام بەوە نەبوو کە لە هەستیارترین دۆخیشدا حکومەتی بنکەفراوان دەرمانی دروست بێت بۆ دەردە زۆرە کارگێڕی و سیاسی و داراییەکانی کوردستان، بەڵام ئەو ئەدایەی ئەو حکومەتە لەماوەی دەستپێکی شەڕی داعشدا پیشانیدا هی ئەوە بوو ئومێدت پێی هەبێت.

خراپیی حکومەتی بنکەفراوان لەوەدا بوو کە هەموو کەس دەیزانی ئەو هەموو سەرە جیاوازە لە یەک مەنجەڵدا ناکوڵێن. مەنتیقیش نەبوو بکوڵێن. چونکە هەمان ئەوانەی تا دوێنێ یەکدییان بە گەندەڵیی گەورە تۆمەتباردەکرد و هەندێکیان هەر لەسەر ئەو تێزەش حیزبەکانیان دامەزراندبوو، لەپڕ ببوونە شەریکی دەسەڵات و بەڵێنی چوار ساڵی ئارامییان بە یەکدی دەدا.

دیوێکی دیکەی خراپیی حکومەتی بنکەفراوان ئەوەبوو کە بەرلەوەی خەڵک لە کوردستان لە پرۆڤەی ئۆپۆزیسیۆنبوون تێربێت و تێبگات کە چییە، نەما. وەک ئەوە وابوو کە ماوەی درێژ خەڵک تەڕ و وشکی لەیەکدی جیاکردبێتەوە و لەپڕ لێیان تێکەڵکرابێتەوە. بۆیە ئەوەی لە 23ی حوزەیران ڕوویدا، ئەگەر بەشێکی پەیوەندیی بە ناکۆکیی مێژوویی و کۆنەکێشەوە هەبووبێت، بەشێکی گرنگتری پەیوەندیی بەوەوە هەبوو کە بۆنموونە گۆڕان لەو یاریی تێکەڵاوبوونی تەڕ و وشکەدا و لەبەردەم دەنگدەرانی خۆیدا خەریک بوو زۆر بە خراپی دەهاتە دەرەوە. بۆیە دەبووایە شتێک ڕوویدات بۆئەوەی بارە لاسەنگبووەکە هاوسەنگ بێتەوە.

ئێستا کە هەندێک حیزب و هەندێک لایەنی نێو حیزبەکان هەڕەشەی کشانەوە لە حکومەت دەکەن، گرنگە بزانین کە: یەکەم، ئەوە قسەی لەسەرنییە کە حکومەت بەرپرسیارە لەو قەیرانەی لە کوردستان دروستبووە و هەروا درێژە دەکێشێت، بەڵام خاڵی دووەم ئەوەیە کە ئەگەر حکومەت شکستیهێنابێت لە چارەسەرکردنی قەیرانەکە، کەواتە ئەو حیزبانەش کە ڕەخنە لەو شکستهێنانە دەگرن و بەشدارن لە حکومەتدا، پشکیان هەیە لە شکستەکەدا. چونکە ئەگەر بەڕاستی بەشدارنەبوون لە حکومەتدا و زانیویشیانە شکستدەهێنێت و هێشتاش لەو حکومەتەدا ماونەتەوە، نیشانەی ئەوەیە دەرهاویشتەکانی پاش شکستەکە زیانی کەمتر بووە بۆ پەزەکانیان لە کشانەوە لە حکومەت. ئەگەریش بەپێچەوانەوەیە، ئەوە خراپتر.

شارەزایەکی یاسایی، کە یەکێتییە، پێیگوتم کشانەوەی حیزبی وەک کۆمەڵ و گۆڕان و بەشێک لە یەکێتیش واناکات حکومەت هەڵبوەشێتەوە. بەقسەی ئەو شارەزایە، تەنانەت ئەگەر هەموو حیزبەکانیش بکشێنەوە، تا ئەوکاتەی سەرۆکوەزیران و وەزیرەکانی پارتی لە حکومەتدا بمێننەوە، حکومەت هەڵناوەشێتەوە و سەرۆکوەزیران بارزانی دەتوانێت حکومەتەکەی بە ڕێککەوتنی نوێ و تا کاتی دەستبەکاربوونەوەی پەرلەمان بە وەزیری بەوەکالەت ئەپدەیت بکاتەوە. جا ڕاستییەکەشی ئەپدەیتێکی وا خەریکە دەبێتە زەروورەت، بۆئەوەی هەم ئەو حیزبانەی هەستدەکەن دەنگی دەنگدەرانیان لە شاندانە بەر بەرپرسیارێتیی قەیرانی ئەم قۆناخە گرنگترە، لەو ئیحراجییەی بۆیان دروستبووە ڕزگاریان بێت، هەم حکومەتێکیش هەبێت کە لەجیاتی ئەوەی خەریکی ناسەقامگیریی نێوخۆیی و وەڵامدانەوەی بەشدارەکانی بێت لەڕێگەی میدیاوە، تەرکیز لەسەر چارەسەرکردنی قەیرانەکان و گێڕانەوەی بڕە ئومێدێک بۆ دڵی هاووڵاتیی دڵشکاوی هەرێمی کوردستان بکات. ڕەنگە باشترین بژارەش بۆ ئەمە، دروستکردنی حکومەتێکی نوێی پێکهاتوو لە پارتی و ناوەندی بڕیاری یەکێتی لەگەڵ یەکگرتووی ئیسلامی بێت. کە وەک شارەزا یاساییەکە بۆی باسکردم، ناوەندی بڕیار ئەمەی پێ "پێشنیازێکی خراپ" نییە.



عادل باخەوان
adel.bakawan@gmail.com

# بارزانی لە کۆشکی ئێلیزێ

جارێکی دیکە جمهوریەتی فەرەنسی دەرگای کۆشکی ئێلیزێی بۆ بارزانی کردەوە و دیسان خودی سەرۆک کۆمار، فرانسوا هۆلاند، لە بەردەرگای سەرەکیی کۆشک، پێشوازی لە بارزانی کرد. میدیاکانی کوردستان، ڕاستەوخۆ ڕووداوەکەیان گواستەوە و چەند ڕۆژنامەنووس و سیاسییەکیش باسیان لە بەهاکانی ئەم سەردان و پێشوازییە کرد. ئەوەی لەم گۆشەیەدا بۆ من گرنگە، گێڕانەوەی چیرۆکی چۆنیەتی سەردان و چۆنیەتی پێشوازیکردن لە بارزانی نییە، هەرچەند لە زانستە سیاسییەکاندا، تەنانەت جۆری تەوقەکردنی نێوان دوو ئەکتەری سیاسیش دەبێت شی بکرێتەوە، چونکە مانای خۆی هەیە. ئەوەی لێرەدا بۆ من گرنگە، گەڕانەوەیەکی خێرایە بۆ سەر چەند ئەفسانەیەکی بیناکراو لە یادەوەری دەستەجەمعیی کوردیدا کە لە ئێستا و ئێرەدا وەک چەند "بەڵگەنەویستێک" لە میدیاکاندا مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت.

ئەفسانەی دۆستایەتیی کورد و گەلی فەرەنسی زیاتر لە بیست و پێنج ساڵە میدیای کوردی لێوانلێوە لە گوتاری "دۆستایەتیی نێوان گەلی فەرەنسی و گەلی کورد" و دەستەبژێری سیاسی کورد بەگشتی و بەشێکی گرنگ لە ڕۆشنبیران و ڕۆژنامەنووسان بەتایبەتی لە پشت بەرهەمهێنانی ئەو گوتارەوەن. لەڕاستیدا ئەمە لە ئەفسانەیەک زیاتر هیچی دیکە نییە. لەنێو ئەم ئەفسانەیەدا ئێمە چەند ئەکتەرێکی فەرەنسیمان هەیە کە لەمێژووی کوردیدا، کۆمەڵێک پرۆژەی جوانیان بەدی هێناوە، لەوانە دانیال میتێران و بێرنار کوشنێر، بەڵام ئایا بە چ پێوەرێک، چەند ئەکتەرێکی سیاسی و مەدەنی کە لە پەنجەی دەست تێناپەڕن، گوزارشت لە "دۆستایەتی" مێژوویی نێوان گەلی فەرەنسی و گەلی کورد دەکەن؟ ڕەنگە ئێمەی کورد، وەک هەمیشە، ئومێدە بیناکراوەکانمان لەنێو خەیاڵداندا و حەزەکانی خۆمان لێ بووبێت بە واقیعی کۆنکرێتی و حەقیقەتی گومانلێنەکراو! گەرنا، ئەزموونی حەڤدە ساڵی ژیانم لە فەرەنسا، چ وەک هاووڵاتییەکی ئاسایی و چ وەک سۆسیۆلۆگێک کە چاودێریی دەکات، شەرعیەتی ئەوەم پێدەدات بڵێم: شتێک لە ئاداردا نییە بەناوی دۆستایەتیی نێوان گەلی فەرەنسی و گەلی کورد. لە باشترین دۆخدا، وێنەی کورد، دروست وێنەی قوربانییەکی مێژووییە کە دەکرێت بەزەییت پێیدا بێتەوە. ئەم وێنەیەش تەنیا لە چەند ناوەندێکی بەرتەسکدایە و بەهیچ شێوەیەک ڕەهەندێکی جەماوەریی وەرنەگرتووە.

## ئەفسانەی کوردستان وەک هەڵگری بەها ئەوروپییەکان

ئەفسانەیەکی دیکەی یادەوەریی کوردی بریتییە لەوەی کە ئەوروپا بەگشتی و فەرەنسا بەتایبەتی، مامەڵە لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا دەکەن لەبەر ئەوەی ئێمەی کورد، چ وەک کۆمەڵگا و چ وەک دەسەڵات، هەڵگری بەها ئەوروپییەکانین: عەلمانیەت، دیمۆکراسی، کۆمەڵگای مەدەنی، یەکسانیی نێوان ژن و پیاو، پاراستنی کەمینەکان، مافەکانی مرۆڤ، ئازادیی ئاینی، ئازادیی ڕادەبڕین، لێبوردەیی و هتد. لەنێو ئەم بەڵگەنەویستەدا، هەمیشە هەرێمی کوردستان وەک ناوچەیەک لە ئەوروپا خراوەتە سەر شانۆ و هەموو ئەمانەش وادەکەن کە ئەوروپییەکان مامەڵە لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا بکەن و بیپارێزن. بەڵام لەڕاستیدا: نەخێر هەرێمی کوردستان، لەسەر ئاستی بەهاکان، چ وەک کۆمەڵگا و چ وەک دەسەڵات، وەک ناوچەیەک لە ئەوروپا خۆی دروستنەکردووە. بەپێچەوانەوە، ئێمە زیاتر لە کۆمەڵگا و دەسەڵاتی گابۆنی و باشووری سودانییەوە نزیکین تا ئەڵمانیا و بەلجیکا. بەدیوێکی دیکەدا، ئەوە بەها ئەوروپییەکان نین کە وادەکەن وڵاتێکی وەک فەرەنسا مامەڵە لەگەڵ هەرێمی کوردستان بکات یان نەیکات، بەڵکو تەنیا و تەنیا بەرژەوەندیە نیشتمانیەکانیەتی. کێ هەیە لە جیهاندا گومانی لەوە هەبێت کە لە عەرەبستانی سعودیەدا، دەسەڵاتێک و کۆمەڵگایەک هەیە سەد و هەشتا پلە دژ بە بەها ئەوروپییەکانە، لەکاتێکدا هەمان ئەم وڵاتە هاوپەیمانێکی ستراتیژیی فەرەنسایە و چینی سیاسی فەرەنسی، قاچێکیان لە ڕیازە و قاچەکەی تریان لە پاریس!

## ئەفسانەی فەرەنسا وەک پارێزەری کەمینەی مەسیحی

ڕووبەری ئەم ئەفسانەیە کوردستان تێدەپەڕێنێت و تەواوی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دەگرێتەوە. لەنێو ئەم ئەفسانەیەدا، جمهوریەتی فەرەنسی هەمیشە وێنەی ئەو پاڵەوانەی بۆ کێشراوە کە لەهەر شوێنێک مەسیحییەک لەژێر هەڕەشەدا بێت، ئەو لەوێیە، لە هەر شوێنێک مەسیحییەک پارێزراو بێت، ئەو پشتیوانی لەو شوێنە دەکات. لێرەوە کۆی پشتیوانییەکانی جمهوریەتی فەرەنسی لە هەرێمی کوردستان، لەبەر ئەوەیە کە هەرێم یەکێکە لەو ڕووبەرە جوگرافی و کۆمەڵایەتی و کولتوورییە تاقانانەی خۆرهەڵات کە ئازادی بە مەسیحییەکان دەبەخشێت! هێزەکانی فەرەنسا، بە ڕەفال و ڕاوێژکار و تەقەمەنییەوە، لێرەن بۆئەوەی پاداشتی کورد بدەنەوە و مەسیحییەکانیش لە داعش بپارێزن. بێگومان ڕاستە کە فەرەنسا وەک کچە گەورەکەی کڵێسا ناوبانگی دەرکردووە، ڕاستە مەسیحییەکان کارایان بەسەر چەندین ناوەندی بڕیارەوە هەیە، بەڵام ئەوەش ڕاستە کە لە چەندین وڵاتی دنیادا، مەسیحییەکان بەهیچ شێوەیەک مافی بوونیان نییە، کەچی فەرەنسا نەک هەر نایەتە دەنگ، بەڵکو بەشێک لەو وڵاتانەش بە هاوپەیمانی ستراتیژیی خۆی دەزانێت. ئەوانەی ئەندازیاری دروستکردنی ئەم ئەفسانەیەن، کۆمەڵێک فۆندامۆنتالیستی ئیسلامی و مەسیحین کە نایانەوێت واقیع وەک ئەوەی هەیە، ببینن.

## بە کورتی

لە ئێستا و ئێرەدا، هەلومەرجێکی بابەتیی وا لە ئارادایە کە نەک هەر دەرگاکانی کۆشکی ئێلیزێ بۆ بارزانی بکرێتەوە، بەڵکو خودی سەرۆکی جمهوریەتی فەرەنسیش، بە فڕۆکەی تایبەتی سەرۆکایەتیەوە، سەردانی کوردستان بکات و لەژێر ئاڵای کوردستان و مارشی "ئەی ڕەقیب"دا بوەستێ. ئەم داتایانە هیچ پەیوەندییان بە ئەفسانەی "دۆستایەتی گەلی فەرەنسی-کوردی" و ئەفسانەی "کوردستان وەک هەڵگری بەها ئەوروپییەکان" و ئەفسانەی "فەرەنسای پارێزەری مەسیحیەکان"ەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بەو هەلومەرجە بابەتیەوەیە. پرسیاری سەرەکی ئەوەیە کە: ئایا چینی سیاسیی کورد، تەنیا هاوڕێیەتی ئەم هەلومەرجە سیاسییە دەکات، یان هەوڵ دەدات بۆ "وەرگێڕانی" و کارلەسەرکردنی و بەکارهێنانی لە پێناوی بەدیهێنانی خەونە مێژووییەکانیدا؟ بێگومان من نازانم چی لە ژوورە داخراوەکاندا ڕوودەدات و ئەوە ئیشی منیش نییە بڕۆمە نێو ئەو ژوورە داخراوانەوە، بەڵام ئەوەی کە داتایە و لە واقیعدا تێبینی دەکرێت، تا ئەم چرکەساتە، ئێمەی کورد تەنیا هاوڕێیەتی ئەم هەلومەرجە بابەتیە دەکەین نەک وەرگێڕان و کارلەسەرکردن و بەکارهێنانی لەپێناوی خەونە مێژووییەکانماندا. بەداخەوە!



زوبێر ڕەسوڵ*

# مامەڵەیەکی دیکە لەگەڵ تورکیا و ئێران

بۆ کورد کە بەرژەوەندییەکانی بەسەر چوار وڵاتی جیاوازدا دابەش بووە، ئاسان نییە مامەڵەکردن لەگەڵ ئێران و تورکیا. ڕووداوە مێژووییەکان ئەو ڕاستیە دەسەلمێنن کە کورد بەبێ هەماهەنگی و دانی دڵنیایی بەو دوو هێزە و بەبێ گرتنەبەری سیاسەتێکی پراگماتیک، ناتوانێ هیچ دەسکەوتێکی سیاسی بەدەست بهێنێ، چونکە مێژووی خەباتی سیاسی و چەکداریی کورد تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت، گرەوکردن بووە لەسەر جیاوازی و ناکۆکییەکانی ئەم هێزانە: بۆ کوردی عێراق و ئێران، گرەوکردن بووە لەسەر ناکۆکییەکانی ئێران و عێراق، کە ناکۆکییەکان نەمان، ئیتر کورد بەری ئەو ڕەنجەی بەهەدەر دەدرێت، ڕێککەوتنی جەزائیر دەکرێت باشترین نموونە بێت. لە سووریاش هەرکات پێوەندیی نێوان تورکیا و سووریا ڕووی لە ئارامی کردووە، خەباتی کورد تووشی نسکۆ بووە. وەک ئەوەی ئێستا دەگوزەرێت دوای ئەو هەموو قوربانیدانەی کوردی سووریا لە شەڕی دژی داعش، بەڵام بە لێکنزیکبوونەوەی تورکیا و ئێران و سووریا ڕەنگە ریسەکە ببێتەوە خوری.

کەواتە مادام ئێمەی کورد ناتوانین هیچ دەسکەوتێک لە دەرەوەی ئەو دوو هێزە بەدەست بهێنین، دەبێت ڕێگایەک بدۆزینەوە بۆ کارکردن لەگەڵیان کە ئەو کوردۆفوبیایە بڕەوێنێتەوە. کورد دەبێت ئەو بیرۆکەیە لە فەرهەنگ و ئەدەبیاتی حیزبیی خۆی بهێنێتە دەرەوە کە کارکردن لەگەڵ تورکیا و ئێران بە خیانەت دەزانێ، چونکە ئەم ئەدەبیاتە کورد ناگەیەنێتە هیچ شوێنێک تەنیا خولانەوە نەبێت لەدەوری کومەڵێک گوتاری دیماگۆجیانە و بەهەدەردانی وزەو خەبات و خوێنی ڕۆڵەکانمان. هەڵبەتە ئەو بیرۆکەیەی ئێمە بە هیچ شێوەیەک ئەوە ناگەیەنێت کە ئێمە بە چەک دژی بەرژەوەندی بەشەکانی تری کوردستان بوەستین وەک ئەوەی لە نێوان پارتی و یەکێتی و پەکەکە ڕوویدا لە ساڵانی نەوەتەکاندا، بەڵکو خاڵە سەرەکییەکە ئەوەیە دەبێت ئێمە دڵنیایی سیاسی بدەینە ئەو دوو هێزە کە ئێمەی کورد نابینە سەرئێشە بۆ ئێوە، بەڵکو دەتوانین هاوکاریشتان بین. لە سەرەتادا دەکرێت هەندێک لە دواکاریەکانیشیان جێبەجێ بکەین تاوەکو دەبینە جۆرێک لە دیفاکتۆ، ئەم پرۆسەیە دەکرێت لەم ئاستانەی خوارەوەدا جێبەجێ بکرێت:

- لەسەر ئاستی ناوخۆ: یەکخستن و کۆکبوون لەسەر فۆرمی سیاسەتێکی پراگماتیی دیاریکراو لە نێوان پارتە سیاسییەکاندا لە بەرامبەر ئەم دوو هێزە و خۆ بەدوورگرتن لە گوتاری حەماسی و پۆپۆلیستی دژی هەر یەکە لە تورکیا و ئێران.
- لەسەر ئاستی تورکیا و ئێران: پتەوکردنی پێوەندیی ئابووری لەگەڵ هەریەکە لەو دوو هێزە تا ئاستی پێدانی ئیمتیازات لە هەندێک بواردا وەک نەوت و گاز، لەپێناوی بەستنەوەی بەرژەوەندی ئابووریی ئەو دوو وڵاتە بە کوردستانەوە هاوشێوەی ئەوەی هەرێمی کوردستان لەگەڵ تورکیا کردوویەتی.
- لەسەر ئاستی هەرێمی: کارکردن و هەنگاونان بۆ بونیاتنانی پێوەندیی سیاسی و ئابووری لەگەڵ وڵاتانی دیکەی ناوچەکە لە شێوەی میرنشینەکانی کەنداو کە ئێستا خاوەن پرۆژەی وەبەرهێنانی گەورەن لە ناوچەکەدا، وەک قەتەر و ئیمارات و شانشینی سعودیە.

لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی: بونیاتنانی پێوەندیی سیاسی بە تایبەت لەگەڵ ئەمریکا، یەکێتی ئەوروپا، تا دەگاتە ڕووسیا و چین.

بەشبەحاڵی خۆم تا ئاستێک گەیشتوومەتە ڕەشبینی لە سیاسەتی کورد بەرامبەر تورکیا و ئێران کە پێموایە ئازایەتی و خەباتی چەکداری دژی تورکیا و ئێران ئەوە 100 ساڵە هەر فەشەل دێنێ. ئەوەی ئێستاش هەمانە بەناوی هەرێمی کوردستان، بەرهەمی ئەو شەڕە نییە کە پێشمەرگە زیاتر لە 40 ساڵ لەگەڵ ڕژێمە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق کردی، بەڵکو بەرهەمی ئەو دڵنیاییەیە کە هەرێم داویەتی بە تورکیا و ئێران، ئەگەرنا ئێستا هەرێمی کوردستان لە دۆخێکی تردا دەبوو. کورد دەبێت تا ئاستی "ملکەچبوون" پراگماتی بێت. چونکە ئەردۆگان بەو هەموو هەژموونە ناوخۆیی و هەرێمیەی کە هەیەتی، جۆرێک لە ملکەچیی تاکتیکی هەڵبژارد بەرامبەر ڕووسیا و سووریا، پوتینیش بە هەمان شێوە لەپێناوی بەرژەوەندییەکی گەورەتر، بە داخەوە بۆ بەکارهێنانی ئەو زاراوەیە، بەڵام کوردیش دەبێت فێری هونەری سیاسەت و "ملکەچبوونی کاتی" بێت بۆ دەسکەوتێکی گەورەتر.

کرۆکی ئەم بیرۆکەیە ئەوەیە کە مادام ناتوانین ئەم دوو هێزە تێپەڕێنین، کەواتا دەبێت میکانیزمێک بدۆزینەوە بۆ ئەوەی لەگەڵیان ڕێککەوین، ناکرێت ئێمە هەر قوربانی بدەین لە پێناوی پرەنسیپێکی سیاسەتکردنی ڕادیکاڵی کە تائێستا شکستخواردوو بووە. بەرجەستەترین نموونە بۆ ئەو بیرۆکەیەی ئێمە هەرێمی کوردستانە کە هەر لەسەرەتاوە لەژێر کاریگەریی ئێران و تورکیادا بووە، لە هەمانکاتدا توانیویەتی بەڵانسی نێوان ئەو دوو هێزەش ڕابگرێت و سوودیش لە پێوەندییەکانیان ببینێت، تا ئاستێک کە ئێستا بووەتە دیفاکتۆیەکی دەستووری و لە زۆر هەنگاوی سیاسیدا پێچەوانەی بەرژەوەندییەکانی ئێران و تورکیاش مامەڵەی کردووە. تا ئاستێک ئێستا ترسی لەباربردنی ئەو دیفاکتۆیە نەماوە و ناچارن ئەو دوو وڵاتە مامەڵەی لەگەڵ بکەن، بەڵام هەرێمی کوردستان تا ماوەیەکی درێژتریش هەر ناتوانێت لەژێر کاریگەریی تورکیا و ئێران دەربچێت، ئێمە لەدوای 2003 ئەو گەف و گوڕانەی تورکیامان بینی لە هەرێمی کوردستان تا دەگاتە هەڕەشەی دەستتێوەردانی سەربازی، ئەو گوتارە ئاگرینانەی سەرکردایەتی کوردیشمان بینی، بەتایبەت لەلایەن بارزانی لە دژی تورکیا، بەڵام ئەمە هیچ دەسکەوتێکی سیاسی لێ نەکەوتەوە. ئەوەی دەسکەوتی سیاسی بەدواوەبوو ئەو دڵنیاییە سیاسی و ئەو لێکتێگەیشتنە بوو کە حکومەتی هەرێم لەگەڵ تورکیا کردی و دواتریش بووە مایەی سەربەخۆیی دارایی و سەربازی و سیاسی لە بەغدا. ئەم نموونەیەی هەرێمی کوردستان ڕاستە ئاستەنگی زۆری لەبەرە، بەڵام لەڕووی پێوەندیی ئیقلیمی، بەتایبەت لەگەڵ تورکیا و ئێران نموونەیەکی سەرکەوتووە، بەجۆرێک کە ئێستا سەرەڕای ئەو قەیرانە دارایی و سیاسییەی هەیە، بەڵام تاکە کیانی نادەوڵەتییە لە ناوچەکە و جیهاندا کە کاندید بێت بۆ سەربەخۆیی و بوونە دەوڵەت. ئەگەرچی کەیسی هەرێمی کوردستان جۆرێک تایبەتمەندیی خۆی هەیە، بەڵام پرۆسەکە بەو ئاستانەدا ڕۆیشتووە کە باسمان کرد و دەکرێت وەک پرۆسەیەک بۆ پێوەندییە هەرێمیەکانی بەشەکانی تریش سوودی لێ وەربگیرێت بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ تورکیا و ئێران.

ئەم وتارانە گوزارشت لە ڕای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی ڕووداو نین.

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW

Rudaw Media Network

Rudaw readers know more



# عەزیز وەیسی کەف دەکات

19

خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی رووداو

سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net

جێگری سەرنووسەر : ساڵح قادر rodan@rudaw.net

بەڕێوەبەرانی نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net

هیڤیدار ئەحمەد hevidar@rudaw.net

بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی himati@rudaw.net

ئەندامی شانازی ستاف : عەبدوڵلا قڕگەیی

دیزاینەران : هونەر مەرجان ، شاهۆ محەممەد

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی رووداو دەریدەکات | نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی | 07501130997 | ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی رووناکی | Tel: 0750 486 34 12 – 0750 488 56 96 | rudaw@rudaw.net







